# مێژووی گوندی هەرمۆتە

د.هاوژین صلیوە

- ناوی کتێب: مێژووی گوندی هەرمۆتە
- نووسەر: د.هاوژین صلیوە
- چاپی یەکەم: ٢٠١٣
- دیزاینی بەرگ: هێمن ئیلینجاغی
- دەرهێنانی هونەری: ئومێد عەبدولرەحمان
- چاپ: چاپخانەی زانا – سلێمانی
- ژمارەی سپاردن: (          )

**پێشکەشە بەوانەی ڕووناکی چاوەکانیان بەپەڕی**

**کتێبەکان بەخشی.**

**لاپەڕە** **ناوەڕۆك:**

پێشەکی:.......................................................................١٣

**بەشی یەکەم:**

تەوەرەی یەکەم:((ناساندنێك))

١- کورتە ناساندنێکی قەزای کۆیە..........................................٢٠

٢- ناوی هەرمۆتە..............................................................٢٣

٣- کورتەباسێکی گوندی هەرمۆتە............................................٣٤

٤- بنەماڵەکانی گوندی هەرمۆتە...............................................٣٧

ا- بنەماڵەی پەترۆس شمعون...................................................٣٨

ب- بنەماڵەی تۆما نیسان........................................................٤٣

ت- بنەماڵەی ئسوولە..............................................................٤٦

پ- بنەماڵەی عەبداڵی............................................................٤٩

ج- بنەماڵەی کەریمەزەرد.......................................................٥٢

ح- بنەماڵەی مام سبە.............................................................٥٤

٥- مەسیحییەکانی کۆیە..........................................................٥٦

تەوەرەی دووەم:((شوێنەوارو کلیساکان))

١- مەربێنە قەدیشسە..................................................................٥٩

٢- دێرەگچکەلە..........................................................................٧٤

٣- مەربێنەقەدیشەی دارەبەنێ..........................................................٧٧

٤- مەرشمونی...........................................................................٧٨

٥- کلیسای مەریەمەی پاکیزە لەهەرمۆتە...........................................٧٩

٦- کلیسای حەزرەتی یووسف لەکۆیە.................................................٨٩

تەوەرەی سێیەم:((قوتابخانەو فەرمانگەکانی هەرمۆتە))

١- باخچەی ساوایانی هەرمۆتە........................................................٩٤

٢- قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی (بنەرەتی)..................................٩٥

٣- بنکەی تەندروستی شەهید سەلیم...................................................٩٧

٤- سەنتەری لاوانی هەرمۆتە..........................................................٩٨

تەوەرەی چوارەم:((ڕووداوە مێژووییەکان...))

١- هەرمۆتە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا.............................................١٠١

٢-لەکۆندا گوندی هەرمۆتە سەر بە مەزهەبی کاثولیکی نەبووە.........................١٠٥

٣-بەسەرهاتەکەی قەشە عەمانئوئێل........................................................١٠٨

٤- چەند بەسەرهاتێکی مێژوویی........................................................١٠٩

٥-هەرمۆتە لەسەردەمی حەرەس قەومیدا........................................................١١٢

٦- شەهیدە مەسیحییەکانی کۆیە- هەرمۆتە........................................................١١٥

٧- موسڵمانەکانی گوندی هەرمۆتە........................................................١٢٧

٨-کێشەی دروستکردنی مزگەوت........................................................١٣٠

٩- ڕووداوەکەی یاسین جوبرائیل........................................................١٣٣

بەشی دووەم: ((لەبارەی ڕۆشنبیرییەوە))

تەوەرەی یەکەم:

ا- ئەدەبیاتی فۆلکلۆری گوندی هەرمۆتە........................................................١٣٥

ب- بەهرەمەندو کەسایەتییە مەسیحییەکانی کۆیە- هەرمۆتە ........................١٣٨

تەوەرەی دووەم((پێکەوەژیان))

١- پەیوەندی مەسیحییەکانی هەرمۆتە لەگەڵ براموسڵمانەکانیاندا....................١٧٦

٢-سەردانی یەتریکردن و نوێبوونەوەی ڕێزوخۆشەویستی..................................١٧٩

٣- پەیوەندی بندیانەکانی دەشتی هەولێر بەگوندی هەرمۆتە...........................١٨١

٤-پەیوەندی دۆستایەتی و مێژوویی مەسیحییەکانی هەرمۆتەو هەقەکانی کەلکەسماق........................................١٨٥

٥- جولەکەکان لەبیرەوەری بەساڵاچوانی کۆیەدا........................................١٨٨

تەوەرەی سێیەم:((لە ڕەوتی پیشەوکاردا))

١- درەختی زەیتوون........................................١٩٧

أ- چۆنییەتی ڕنین و گرتنەوەی زەیتوون........................................١٩٩

ب- چۆنییەتی دروستکردنی ڕۆنی زەیتوون........................................٢٠١

ت- چۆنییەتی دروستکردنی گەزۆی زەیتوون........................................٢٠٤

٢-چۆنییەتی دروستکردنی مەی........................................٢٠٥

٣- چۆنییەتی دروستکردنی شەراب........................................٢٠٦

٤- مۆمی شمعون ساوا........................................٢٠٧

٥- داودەرمانەکانی قەشە سلێمان شێخۆ........................................٢٠٨

٦- چۆنییەتی دروستکردنی مەشکە، کوندە، هیزە، هەنبانە ........................................٢١٠

٧- چۆنییەتی دروستکردنی کورەو چفکە........................................٢١٠

٨- چۆنییەتی دروستکردنی زەمبیل........................................٢١٢

٩- سۆبەی دار........................................٢١٣

١٠- سارداو.......................................................................٢١٤

١١- پێکۆز ......................................................................٢١٤

١٢- چاڵەبەفر......................................................................٢١٥

١٣- توتن و زاخە..................................................................٢١٦

١٤- قاورمە.......................................................................٢١٧

١٥- سەرتاشین....................................................................٢١٨

١٦- چاڵە دەغڵ .................................................................٢١٩

١٧- عەمباری دەغڵ ..............................................................٢١٩

تەوەرەی چوارەم((چەژن و بۆنەکان))

١-چەژنەکانی ئاینی مەسیحی و چۆنییەتی یادکردنەوەیان لەگوندی هەرمۆتەدا..........................................................................٢٢٠

أ- چەژنی سەری ساڵ..........................................................٢٢١

أ.ب- شەوی یەلدا...............................................................٢٢٣

أ.ت-قطلت یەلوودێ.............................................................٢٢٦

أ.پ-بابانوئێل.....................................................................٢٢٨

أ.ج- درەختی سەری ساڵ.............................................................۲۲۹

أ.ح- ئەشکەوتی بچووك.............................................................۲۳۰

أ.خ- شمعوون ساوا.............................................................۲۳۲

ب- چەژن و یادکردنەوکانی تر:

۱- یادکردنەوەی تەعمیدکردنی عیسا.............................................................۲۳۲

۲- باعوثا.............................................................۲۳۳

۳- یادکردنەوەی هەینی مردووان.............................................................۲۳٤

٤- چەژنی هەڵسانەوە:

أ- بەڕۆژوو بوون.............................................................۲۳٥

ب- پێنج شەمەی فوسح.............................................................۲۳٦

ت- هەینی خەمباری .............................................................۲۳۷

ث- شەمووی ڕووناکی (سبت النور).............................................................۲۳۷

٥- یادکردنەوەی ماریوسف.............................................................۲۳۹

٦- پێنج شەمەی تێپەڕبوون .............................................................۲۳۹

۷- سولاقە(بەرزبوونەوە)-شەڕەئاو.............................................................۲۳۹

٨- چەژنی گەلاوێژ.............................................٢٤١

٩- چەژنی خاچ(ئاگری پاییز) .........................................٢٤١

٢- ڕێ و ڕەسمی تەناول..............................................٢٤٣

٣-ڕێ و ڕەسمی بوك گواستنەوە لەنێو مەسیحییەکانی هەرمۆتەدا.....................٢٤٤

٤-ڕێ و ڕەسمی تەعزییە لەنێو مەسیحییەکانی هەرمۆتەدا...........................٢٤٧

## بەشی سێیەم

**تەوەری یەکەم: ((یارییە فۆلکلۆرییەکان))**

١- کۆسانێ.......................................................٢٥٢

٢- خوێی داخکراو..................................................٢٦١

٣- هێنانی مەیموون و ورچ بۆنمایشکردن...................................٢٦٢

٤- تەڵەو ڕێویانێ...................................................٢٦٣

٥- لاق بەستانێ.....................................................٢٦٣

٦- لینگە شەلە.......................................................٢٦٤

٧- پەلیکانێ........................................................٢٦٤

٨- قایەقایانێ........................................................٢٦٥

٩- هەچارەکەم.............................................................................. ٢٦٦

١٠- پێنجوکانێ.............................................................................. ٢٦٨

١١- نانناناێ.............................................................................. ٢٧٠

١٢- ساپ ساپانێ.............................................................................. ٢٧٠

١٣- مۆریانێ.............................................................................. ٢٧١

١٤- کەلایانێ.............................................................................. ٢٧٢

١٥- گۆلك گۆلکانێ.............................................................................. ٢٧٧

١٦-خۆڵخۆلانێ.............................................................................. ٢٧٨

١٧- مەزراح و خولخولۆکه.............................................................................. ٢٧٩

١٨- دەقدەقانێ.............................................................................. ٢٨٠

١٩- کارەمستانێ.............................................................................. ٢٨١

٢٠- کۆسه.............................................................................. ٢٨٢

٢١- کێل و بەردانی.............................................................................. ٢٨٣

٢٢- حێلانێ.............................................................................. ٢٨٣

٢٣- تەندووره سووره.............................................................................. ٢٨٧

٢٤- گورزە فیتفیتە.......................................... ٢٨٨

٢٥- حوحانێ.......................................... ٢٨٩

٢٦- نانی گاوانی کۆدەکەینەوە.......................................... ٢٩١

تەوەری دووەم: ((چەند بابەتێك))

ا- هێزو پاڵەوانییەتی.......................................... ٢٩٢

ب- کڕین و گۆڕینەوەی شت بەشت .......................................... ٢٩٥

ت- شەوین.......................................... ٢٩٦

تەوەرەی سێیەم: لەجوتکردنەوە هەتا ساوارهاڕین.......................................... ٢٩٨

تەوەرەی چوارەم: شتەیەکەمەکانی گوندی هەرمۆتە .......................................... ٣٠٥

ئەنجام.......................................... ٣٠٨

سەرچاوەکان .......................................... ٣١٠

## پێشەکی:

گوندی هەرمۆتە یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی کوردستان، کەوتۆتە بەشی باشووری قەزای کۆیەی سەربەپارێزگای هەولێر. لەدێرین زەمانەوە مەسیحی نشین بووە. وێڕای ئەوەی کەمەسیحییەکانی کوردستان لەزۆر ڕووەوە کەلتورێکی هاوبەشیان لەگەڵ دەوروبەرهەیە؛ لەزۆر ڕووەوەش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە. منیش هەرلەمنداڵییەوە هەستم بەم تایبەتمەندییە کردووە، بۆیە ساڵانێکە لەهەوڵی کۆکردنەوەی زانیاریم، لەساڵی ٢٠١٠ گۆشەیەکم لەگۆڤاری کەکۆن بەناوی(هەرمۆتە) کردەوە کە بەنۆزدە هەلقە بابەتێکی زۆرم تیایدا بڵاوکردەوە، دواتر هەندێ بابەتی تریشم نووسی؛ ئەم کتێبەی لێپێکهات.

سنووری لێکۆڵینەکەم گوندی هەرمۆتەیە لەهەموو ڕوێکەوە، هەروەها باسی مەسیحییەکانی کۆیەم کردووە لەهەندێ شوێنیشدا بەپێی پێویست لەقەزای کۆیەش دواوم. گیروگرفتی لێکۆڵینەکەم کەمی سەرچاوەبوو لەبارەی ئەم گوندە، بۆیە بەدواگەڕانی زۆری ویستووە، تاوەکو لەکتێبەکاندا شتێکی کەم بدۆزمەوە، پەناشم بۆلێکۆڵینەوەی مەیدانی بردووە، زۆرجار سەفەرم کردووە چاوپێکەوتنی زۆریشم ئەنجامداوە، واتە نووسینەکانم پچڕپچڕبووە، چونکە زانیارییەکەنم بەسەریەکەوە بۆ کۆنەدەکرانەوە، بەڵکو کۆشش و خولیای ساڵانێکی زۆری تەمەنم بووە. میتۆدی زانستی مێژوویم گرتۆتەبەر بەپشت بەستن بەسەرچاوە و چاوپێکەوتن و لێکۆڵینەوەی مەیدانی. ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکەش، لە لەپێشەکی سێ بەش و ئەنجام و ئەو سەرچاوانەی سودیان لێوەرگیراوە، پێکهاتووە:

بەشی یەکەممان کردووە بە چوار تەوەرە کەهەرتەوەرەی چەند لقێکی لێدەبێتەوە: تەوەرەی یەکەم بەناوی(ناساندنێك)ە بەکورتی باسی ناو و مێژووی کۆیەمان کردووە، دواتر چەند نەخشەیەکمان خستۆتەڕوو، گوندی هەرمۆتە لەسەرنەخشەکاندا لەچەند ڕوێکەوە دیاریکراوە. بەوردی باسی ڕەگ و ڕیشەی ناوی هەرمۆتەمان کردووە، پاشان

کورتــە باســێکی هەرمۆتــەمان خــستۆتەڕوو لــەڕووی پێکهاتــەو شــوێن و ژمــارەی دانیشتوانەوە، لەباسێکی تـردا باسـی بنەماڵـەی مەسـیحییەکانی (هەرمۆتـە)مـانکردووە کە لە شەش بنەماڵە پێکهاتوون و ئەوانەن بنەماڵەکانی: پـەترۆس شمعـون، تۆمانیـسان، ئـسوولە، عەبـدالی، کەریمــەزەرد، مــام ســبە. لەدوابابــەتی ئــەم تەوەرەشــدا، باســی سـیحییەکانی کۆیــەمان لــەڕووی دابەشـبوونیان و کـارو پیـشەو مێـژووی کلیـساکەیان، کردووە.

تــەوەری دووەمــی بەشــی یەکــەمیش بەســەر شــەش باســدا دابەشــکراوە، لەبابــەتی یەکەمــدا باســی (مەرِبێنەقەدیــشە)مــانکردووە، مێــژووی نۆژەنکردنــەوەو ئــەو قۆناغەمێژوویانــەی کەبەســەری هــاتوون، کەلەســاڵی ١٩٨٨ تێکــدراوەو لەســاڵی ١٩٩٦ نۆژەنکراوەتــەوە...دواتــر باســی (دێرەگــچکەلە)مـانکردووە، کەناوچـەیەکە دەکەوێتـە بەشــی ڕۆژئــاوای هەرمۆتــەو پاشمــاوەی چــەند کلیــسایەکی کــۆنی لێیــە. لـە(مەربێنەقەدیـشە)ی دارەبـەنێ دواویـن کەلـە دێرەگچەلەوە نزیکـەو چاکێکە خـەڵك سەردانی دەکەن، دواتر لەمەرشمونی دواوین، کە گۆڕستانێکە لـەنزیك هەرمۆتـە، دواتـر باســی کلیــسای مەریەمــەی پاکیزەمــانکردووە لەهەرمۆتــە ســاڵی دروســتبونی و قۆناغــەکانی نۆژەنکردنــەوەی و ئــەو دەستنووســانەی کەتێیداماونەتــەوە، لەگــەڵ باسکردنی کەل و پەلە دێرینـەکانی نێـو کلیـساکەو ئـەو سێ بەردەنووسـانەی کـە لـەناو کلیـساکەدا هـەن. لەدوابابـەتی ئـەم تـەوەرەدا باسـی کلیـسای (حـەزرەتی یوسـف)مـان کــردووە لەکۆیــە ســاڵی دروســتکردن و قۆناغــەکانی نۆژەنکردنــەوەو پێکهاتەکــەیمان خستۆتەڕوو.لەتـەوەری سێیەمی بەشـی یەکەمـدا کەبـەناوی(قوتابخانـەو فەرمانگـەکانی هەرمۆتــە)یــە مێــژووی دروســتبوونی هەریــەك لــە باخــچەی ســاوایانی هەرمۆتــە، قوتابخانــەی ســەرەتایی ناوەنــدی (بنــەڕەتی) هەرمۆتــە، بنکــەی تەندروســتیی شــەهید سەلیم، سەنتەری لاوانی هەرمۆتەمان خستۆتەڕوو.

لەتەوەرەی چوارەمدا باسی ڕووداوە مێژووییەکانمان کردووەو کردوومانە بەچەند باسێك، هەرمۆتە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا، باسی هاتنی لەشکری ئیسلاممان کردووە کە شەڕێکی خوێناوی ڕوویداوە بۆجاری یەکەم لەشکری ئیسلام تێکشکاوە، جاری دووەم بۆماوەی سی و سێ ڕۆژ شەڕکراوە ئینجا توانیویانە ناوچەکە بگرن. لەباسی دووەمدا باسی گوندی هەرمۆتەمان کردووە کەلەکۆندا سەر بەمەزهەبی کاثۆلیکی نەبووە لەساڵی ١٧٨٩ یۆحەنا هورمزد کاریگەری هەبوو لەهێنانی مەزهەبی کاثۆلیکی.لەباسی سێیەمدا باسی (قەشە عەمانئوێل)مان کردووە، کە وەختی خۆی دەستگیرانەکەی جێهێشتووەو چووە بۆدێڕی سەیدە لەموسل و بووە بەڕەبەن.لەبابەتی چوارەمدا باسی چەند بەسەرهاتێکی مێژووییمان کردووە، کوژرانی هەریەك لەمەتێ یوسف، حەنا گۆرگیس، (کەریم شمعون)مان... خستۆتەڕوو. لەبابەتی پێنجەمدا باسی گوندی هەرمۆتەمان کردووە لەسەردەمی حەرەس قەومییەکاندا، کەساڵی ١٩٦٣ هاتوونەتە کۆیەو گوندی هەرمۆتەش تالانکراوەو بەر زەرەرو زیان کەوتووە. لەباسی سێیەمدا باسی شەهیدەکانمان کردووەو لەکۆنەوە بۆ نوێ کورتەی ژیانیانیان خراوەتە ڕوو.

لەبابەتی حەوتەمدا باسی موسڵمانەکانی گوندی هەرمۆتەمانکردووە کەیەکەمماڵی موسڵمان ناوی (حەسەن عەبدوڵلا حەسەن)بووەو ناسراوە بە(حەسەن سوڵتان) لەساڵی ١٨٨٥ لەگوندی (سمایل بەگی)لەناحیەی ڕێدار، کە لەعەشیرەتی شوان بووە هاتۆتە گوندی هەرمۆتە، دواتر باسی ماڵە موسڵمانەکانی ترمان کردووە کەلەدوای ساڵانی ١٩٣٠و دواتریش هەندێ ماڵی تر لەساڵانی ١٩٨٠کانەوە هاتوون. لەبابەتی هەشتەمی ئەم بەشەدا باسی کێشەی دروستکردنی مزگەوتمان خستۆتەڕوو لەساڵی ١٩٩٩بووەو کێشەکەش لەسەر شوێنی دروستکردنی مزگەوتەکەبووە نەك لەسەر خودی مزگەوتەکە.لەبابەتی نۆیەمدا باسی ڕووداوی کوژرانی(یاسین جوبرائیل)مان کردووە، کە لە ٢٦-٨-١٩٦٩ بەتەنها بۆماوەی سێ کاتژمێر شەڕی لەگەڵ دەبابەو جەیش کردووە.بەشی دووەمیش لەژێرناوی(لەبارەی ڕۆشنبیرییەوە)یەو کردوومانە بەچوار

تـەوەرە، تـەوەرەی یەکـەممان کـردووە بەدووبابـەت، بابـەتی یەکـەم باسـی ئـەدەبیاتی فۆلکلــۆری گونــدی هەرمۆتــەمان کــردووە، لەحیکایــەت و شــیعرو گۆرانییــە فۆلکلۆرییــەکان... دواویــن.لەباســی دووەمــدا باســی بەهرەمەنــدو کەســایەتییە مەسیحییەکانی کۆیـەو هەرمۆتـەمان کـردووە، چ ئەوکەسانەی لەهەرمۆتـە دەژیـن یـان خەڵکی هەرمۆتـەو کۆیـە بوونـەو دواتـر ڕوویانکردۆتـە شارەکانی تـر.تـەوەری دووەمـی بەشـی دووەم لـەژێر ناونیـشانی (پێکـەوەژیان)ە، ئەویـشمان کـردووە بـەپێنج بابـەت، بابــەتی یەکــەم لــەژێرناوی پێوەنــدیی مەســیحییەکانی هەرمۆتــە لەگــەڵ براموسڵمانەکانیان، باسـی ڕابـردووی پێکـەوەژیانمان کـردووەو دیـدی مـەلای گـەورەی کۆیەو چەندین کەسی ترمان خستۆتەڕوو کەجەختیان لەسە پێکەوەژیان کردووە.

بابــەتی دووەم کــە لــەژێر نــاوی (ســەردانیی یــەکتر کــردن و نوێبوونــەوەی ڕێــزو خۆشەویستی)یە، باسی تەبایی و پێکەوەژیانی ئاینیمـان کـردووە لەکۆیـەو وتـەی مـەلاو قەشەمان هێناوەتەوە کەلەکاتی بۆنەو جەژنەکاندا سەردانی یەکتریان کردووە.

لەبابــەتی ســێیەمدا باســی پێوەنــدیی گونــدی هەرمۆتــەو بندیانــەکانی دەشــتی هەولێرمان خستۆتە ڕوو، کەوەختی خۆی (یەلدا) ناوێك لەگونـدی هەرمۆتـەوە چۆتە هـەولێرو بۆتـە ئیـسلام و نـەوەی لێکەوتۆتـەوە.لەباسـی چـوارەمدا باسـی پێوەنـدیی دۆسـتایەتی و مێـژوویی مەسـیحییەکانی هەرمۆتـەو هەڤـەکانی (کەلکـەسماق)مـان خستۆتەڕوو. لەبابەتی پێنجەمدا باسی جولەکەکانمان کردووە لـەبیرەوەی بەساڵاچوانی کۆیـەدا، چاوپێکەوتنمان لەگـەڵ ئـەو کەسـانە کـردووە کەلەگـەڵ جولەکەکانـدا ژیـاون، لەچەند گۆشەنیگایەکەوە لێی دواوین، لەوانە: پێوەندیی پێکەوەژیان، لـەڕووی خـواردن و جول و بەرگ، لەڕووی نزیکیی زمانی قسەکردنیان لەگـەڵ مەسـیحییەکان کەهـەردوو زمانەکە عیبرین... تەوەرەی سێیەمیان لـەژێرناوی (لـەڕەوتی پیـشەوکاردا)یـەو حەڤـدە بابـەتمان خـستۆتەڕوو، واکـەمێکیان دەناسـێنین: بابـەتی یەکـەم دەربـارەی درەختـی زەیتونـە لـەم درەختـەو لـەجۆرەکانی و تایبەتمەندییـەکانی دواویـن، دواتـریش سـێ

بابەتی تری لێبۆتەوە، لەوانە چۆنیەتیی ڕنین و گرتنەوەی زەیتون، دواتر چۆنیەتیی دروستکردنی ڕۆنی زەیتون کەلەکۆندا لەگوندی هەرمۆتە ئەم ڕۆنە دەرهێنراوە بۆخواردن و بۆچرای کلیساو سروتە ئاینییەکان بەکارهاتووە، دواتر باسی چۆنیەتیی دروستکردنی گەزۆی زەیتونمان کردووە، واتە ئەم تاڵە سپییانەی کەلەمانگی پێنج زەیتون دەریدەدات و گەزۆی لێ دروستدەکرێ.

لەبابەتی دوومدا لەچۆنیەتیی دروستکردنی مەی دواوین، کەتا ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیش لەهەرمۆتە دروستکراوە. لە بابەتی سێیەمیشدا باسی چۆنیەتیی دروستکردنی شەرابمان کردووە، کەلەگوندی هەرمۆتە زیاتر لەترێی ڕەش دروستکراوە.لەبابەتی چوارەمدا باسی (مۆمی شمعون ساوا)مان کردووە، کەلە مێش مۆم (قەرقەشان)شەمێ، دروستکراوەو پەیوەست کراوەتەوە بەجەژنێکی ئاینی مەسیحی.لەباسی پێنجەمدا باسی داوودەرمانەکانی قەشە (سلێمان شێخۆ)مان کردووە، کەداوودەرمانی زۆری لەگژوگیا دروستکردووە، لەشاتوو مەرەکەبی دروستکردووە...لەبابەتی شەشەمدا باسی چۆنیەتیی دروستکردنی مەشکەو کوندەو هیزەو هەنبانەمان کردووە، لەبابەتی حەوتەمدا باسی چۆنییەتی دروستکردنی کورەوچەفکەمان کردووە. باسی کۆمەڵێ شتی ترمان کردووە، لەوانە: چۆنییەتی دروستکردنی زەمبیل و سۆبەی دار، سارداو، هەروەها باسی پێکۆزمان کردووە کە بۆسەر گۆلی شتڵە توتن بەکارهاتووە. دواتر باسی چاڵەبەفرو توتن و زاخەمان کردووە، قاورمەو سەرتاشین لەکۆنداو چۆنیەتیی لەچاڵ شاردنەوەی دەغڵمان باسکردووە کەلەترسی دزین و هێرشەکانی بێگانە حەشاریاندەدا، دواتر باسی عەمباری دەغڵمان کردووە.تەوەرەی چوارەمیشمان تابیەت کردووە بە(جەژنو بۆنەکان)، هەمووجەژنو بۆنەو یادکراوەئاینییەکانمان خستۆتەڕوو، هەڵبەتە جۆری یادکردنەوەکانیش لەگوندی هەرمۆتە جیاوازبووەو بەوردەکارییەوە خراونەتەڕوو، لەوانە جەژنی سەری ساڵ کەئەویش کۆمەڵێ شت لەخۆدەگرێ لەوانە: شەوی یەلدا، قتلێت یەلودێ، بابانوئێل، درەختی سەری ساڵ، ئەشکەوتی بچووك، شمعون ساوا، دواتر

باسی جەژن و یادکردنەوەکانی ترمان کردووە لەوانە: یادکردنەوەی تەعمیدکردنی عیسا، باعوثا، یادکردنەوەی هەینی مردووان، جەژنی هەڵسانەوە، بەڕۆژوبوونی پەنجاڕۆژ، پێنجشەمەی فوسح، هەینی خەمباری، شەمووی ڕووناکی(سبت النور)، یادکردنەوەی حەزرەتی یوسف، پێنج شەمەی تێپەڕبوون، سولاقە کە لەناوخەڵك بەجەژنی شەڕەئاویش ناوی کردووە، جەژنی گەلاوێژ، جەژنی خاچ(ئاگری پاییز)، کەدەکەوێتە شەوی سێزدەی مانگی نۆ ئێوارەکەی خەڵك ئاگر دەکەنەوەو قوداسی تایبەتیی بۆدەکەن. دواتر باسی ڕێ و ڕەسمی (تەناول)مان کردووە، ئەوخولەی بۆتەمەنی(١٠-١٤)سالان لەڕێگەی کلیساوە بەڕێوەدەچێ .

بابەتی دووەمی تەوەرەی چوارەمی بەشی دووەم باسی ڕێ و ڕەسمی بوك گواستنەوەمان کردووە لەنێو مەسیحییەکانی هەرمۆتە لەکۆنەوەچۆن بووەو ئێستاش چۆنە هەمووومان خستۆتەڕوو، باسی (بگنونێ)مان کردووە کەتا سالانی شەستەکانی سەدەی بیستەم کراوە.لەبابەتی سێیەمی ئەم بەشەدا باسی ڕێ و ڕەسمی تەعزییەمان لەنێومەسیحییەکانی هەرمۆتەدا کردووە.بەشی سێیەمیشمان کردووە بەچوار تەوەرە، تەوەرەی یەکەم لەژێرناوی(یارییە فۆلکلۆرییەکان)ە باسی بیست و شەش یاریی فۆلکلۆریمان کردووە، هەندێ لەم یارییانە تەنها لەگوندی هەرمۆتە کراون و لەشوێنی تر نەکراون، هەندێ یاریش هەیە لەگوندەکانی تری کوردستان کراون، بەلام بەشێکیان بەو وردەکارییەی من باسم کردوون هێشتا کۆنەکراونەتەوە، بۆیە بەپێویستم زانی ئەوانیش بخەمە ناو ئەم پرۆژەیەوە، یارییەکانیش ئەمانەن:کۆسانێ، خوێی داغکراو، هێنانی مەیموون و ورچ بۆنمایشکردن، تەڵەو ڕێویانێ، لاق بەستانێ، لینگە شەلە، پەلیکانێ، قاقایانێ، هەچارەکەم، پێنجوکانێ، نانانانێ، ساپساپانێ، مۆریانێ، کەلایانێ، گۆلك گۆلکانێ، خۆڵخۆلانێ، مەزراح و خولخولۆکە، دەقدەقانێ، کارەمستانێ، کۆسە، کێل و بەردانێ، حێلانێ، تەندوورە سوورە، گورزە فیتفیتە، حوحانێ، نانی گاوانی کۆدەکەینەوە.

تەوەری دووەم لەژێرناوی(چەند بابەتێك)کە، لەوانەش: هێزو پاڵەوانیەتی: باسی بەهێزی و بەتوانایی مرۆڤی کۆنمان کردووەو پاڵەوانییێتی چەند بەسەرهاتێکمان خستۆتە ڕوو. لەبابەتێکی تردا باسی(کڕین و گۆڕینەوەی شتبەشت)مان کردووە. چاوپێکەوتنمان لەگەڵ چەند کەسێك کردووە، کەباسی گۆڕینەوەی جۆری خۆراکەکان، یاخود دانەوێڵە بەمیوەو شتی ترمان خستۆتەڕوو. لەبابەتێکی تردا باسی مەڕداری و (شەوین)مان کردووە. تەوەرەی سێیەم لەژێرناوی (لەجوتکردنەوە هەتا ساوارهاڕین)ە، باسی ئیشوکاری ڕۆژانەی وەرزێرەکانمان خستۆتەڕوو هەرلەجووتکردنی پاییزانەوە تاوەکو دروێنەکردن و خەرمان و جەنجەڕو خەرمانلۆغەو گەنمکێشانەوەو کاکێشانەوەو ساوارکوڵاندن و ساوارهاڕین و...خستۆتەڕوو.

تەوەرەی چوارەم لەژێرناوی (شتە یەکەمەکانی گوندی هەرمۆتە)یە، کەتێیدا باسی هەموو ئەوشتانەمان کردووە کە بۆیەکەم جار هاتونەتە گوندی هەرمۆتە، لەکارەباو ڕادیۆو...، هەروەها پیشەوەرەکان و یەکەم دەرچووی هەربەشێکی پەیمانگاو زانکۆکان و...خستۆتە ڕوو، دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەکەمان بەچەند خاڵێك خستۆتە ڕوو، ئەو سەرچاوەو دیدەنییانەمان خستۆتەڕوو.لەهێندێك شوێنی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا سەرچاوە بەکارنەهاتووە، چونکە یان خۆم بابەتەکەم بینیووەو لەگەڵی ژیاوم، یان بابەتێك بووە لەمنداڵییەوە لەلایەن زۆرکەسەوە بۆم باسکراوەو بووە بە بەشێك لەزانیاری خۆم.

ئەم پڕۆژەیە یەکەم کتێبە لەبارەی هەرمۆتەو مەسیحییەکانی کۆیە، خوازیارم ببێتە سەرچاوەیەکی بەسوود بۆتوێژەران و ببێتە هەوێنی لەدایکبوونی کتێبی تر. بەتەواوبوونی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەست بەئاسودەییەکی بێوێنە دەکەم، چونکە ساڵانێکە ئەم کتێبە لەخەیاڵ و خەون و دڵ و دەروونمدایەو لەگەڵخۆم دەیگێڕم، بەپشتیوانی خودا بەئاکام گەیی.

# بەشی یەکەم

## تەوەرەی یەکەم ((ناساندنێك))

### ١- کورتە ناساندنێکی قەزای کۆیە:



شاری کۆیە یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستان، دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەنێوان هەرسێ پارێزگای هەولێر و کەرکوك و سلێمانی دایە، لەڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە و کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتییەوە[1] سەبارەت بەناوی کۆیەش کۆمەڵێ بیرو ڕای لەسەر گوتراوە، بەڵام زۆربەیان لەیەکتر نزیکن، کۆیە دەشێ ناوەکەی لەکۆبوونەوە هاتبێ، واتە کۆمەڵێ خێزان لەشوێنێك کۆبوونەتەوەو خانوویان دروستکردووە و وردەوردە شارەکە دروستبووە، (کۆه) بەواتەی شاخ دێت، کۆسار(کۆهسار) بەهەمان مانا دێت، شاری کۆیە بەزنجیرە شاخ دەورە دراوە.سەبارەت بە ( کۆی سنجق )یش تاهیر ئەحمەد حەوێزی دەڵێت: هەر شوێنێك چوار بلوك[2] سەربازی لێ بوایە پێیان دەوت ( سنجق ) کۆیەش کۆی ئەم سنجاقانەیە[3] هەرلەوبارەشەوە پێی وایە بەر لەپەیدابوونی ئاینی ئیسلام ناوی کۆهپار بووەو کە وشەیەکی ( زەردەشت )ییە، لەکاتی هاتنی عەرەبە موسڵمانەکانیش هەر ئەم ناوەی هەبووە.

محەمەد ئەمین زەکی لەبارەی (کۆیە)وە ڕای وایە کە لەسەدەی ( ٢٥ )پ.ز لەسەردەمی گوتییەکانەوە هەبووە، واتە مێژووی کۆیە لەچوار هەزار ساڵ پترە [4] د. جەمال فەتحوڵڵا سەبارەت بەناوی کۆیە ڕای وایە: (( ئەم ناوە بۆیەکەم جار

---

[1] د. عەبدوڵڵاغەفور، فەرهەنگی جوگرافی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ٩٢.

[2] مەبەست لەگوتەی بلۆك یەکەیەکی سەربازییە.

[3] تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، ب ٢، چاپخانەی نەمیر، بغداد، ١٩٨٤، ل٢٥.

[4] محمد ئەمین زەکی، خولاسەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل ٥.

لەنووســـینەکانی ســـەردەمی پادشـــای ئاشـــوری ئـــەدەنیراری دووەم ٩١١ — ٨٩١ پ.ز هـاتووە))[٥]، ئەگـەر لـەڕووی زمانەوانییـەوە لێکدانەوەیـەکی بـۆ بکـەین لەسـەربنەمای ناوەکـەی کەزۆربـەی ڕاکـان لەسـەر ئـەوە کـۆکن کەناوەکـە لـە ( کـۆ ) وە هـاتووە، بـۆ ناساندنی ناوەکە چـەند نموونەیـەك دەهێنینـەوە، کاتێـك شـارەکانی ( هـەولێر، دهـۆك، کەرکوك... ) بناسێنین دەڵێین ( ئەوە هـەولێرە ) ( ئـەوە دهۆکـە ) ( ئـەوە کەرکوکـە )، واتــە کـاتێ لەڕسـتەدا دەکەوێتـە ئـەم جـۆرە دەربڕینانــەوە، بزوێنـی ( ە ) وەردەگـرن، بـەڵام ( کـۆ ) خـۆی بـە بزوێنـی ( ۆ ) کۆتـای هـاتووە، کـاتێکیش کەبمانـەوێ وەك ئـەم شارانەی تر ئاماژەی پێبکـەین دەڵێین ( ئەمـە کۆیـە )، چـونکە دوو بـزوێن بەتەنیـشت یەکەوە نایێن کە( ۆ، ە )، بۆیـە پێویـستمان بەناوبەنـدی نـەبزوێنی ( یـ ) هەیـە. ئەگـەر ناوەکـەش لەبنەچـەدا ( کـۆه ) بێـت ئـەوا لەسـەر زاران قورسـە بڵێین ( کۆهیـە ) بۆیـە بووەبە ( کۆیە ).

لەڕووی جوگرافی و بەرزونزمی شاخ و گردۆڵکەو هەندێ لەناوچـەکانی کـەوا بـەرزی ڕووی شارەکە ( ٦٢٥ )م، قـشڵەی کۆیـە بەرزییەکـەی ( ٦٤٧ )م، چـیای بـاواجی ( ١٢٦٠ )م، هەیبەسوڵتان ( ١٠٩٢ )م لەئاستی ڕووی دەریاوە، ئەم ناوچەیە دەکەوێتـە ئـەو هەرێمـەی کە ساڵانە ( ٧٠٠ ) ملم بارانی لێ دەبارێت [٦]

---

[٥] جەمال فەتحوڵڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨ — ١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ٢، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٨، ل ٢٦.

[٦] س. پ. ل ٢٣ — ٢٤.

## ٢- ناوی هەرمۆتە:

ناوێکی ئارامییە، ( الآرامي ) لە گوتەی (أرض الموت) وە هاتووە، ئەمەش شتێکی گونجاوە، چونکە ڕووداو و شەڕی خوێناوی لەم ناوچەیەدا ڕوویداوە بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە،( أرض ) بەواتەی خاك و ( الموت ) بەواتەی مردوو دێت، واتە خاکی مردوان. بۆچونێکی تریش لەنێو خەڵکدا هەیە کەوا ئەڕمۆتە بەواتەی ( هەنار ) دێت بەزمانی سریانی؛ مەسیحییەکانی هەرمۆتە بەهەنار دەڵێن ( ئەڕمۆتە ) والێکدەدرێتەوە کە گوندی هەرمۆتە ڕەزێکی زۆری هەناری لێبووە، بۆیە ئەم ناوەیان لێناوە.دەربارەی هەرچوار فۆرمی ناوی (أرمۆتە، أرموطە، هەرمۆتە، أرمۆتا)ش، یوسف سلێمان لە کتێبی (گنزا) کەبەدەست خەت و زمانی سریانی نووسراوەتەوە وشەی (گنزا) بەواتەی گەنجینە واتە: ( کتێبی گەنجینە )، مێژووی نووسینی کتێبەکە بۆساڵی( ١٨٥٩ )دەگەڕێتەوە، ناوی گوندەکەشی تێدایە کەبە ( أرمۆتە ) نووسراوە.[٧] بەڵام لە کتێبی حوذرا کە تەفسیرەکەی( المدار ) کتێبی نوێژە دووعای فەرزە بۆ درێژایی ساڵ لەم کتێبەدا هەرمۆتەبە ( ط ) ( أرموطە ) نووسراوە ساڵی (١٨٧٣)[٨] لە کتێبی ( کشکول) لەم کتێبەشدا ناوی هەرمۆتە بە (ط ) ( أرموطە ) نووسراوە.[٩] لێکدانەوەکەمان ئەو هەڵدەگرێ ئەگەر وشەکە لە( أرض الموت ) هاتبێت ئەوا کورتکراوەکەشی( أرمۆتە )یە، چونکە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە ( أرض ) ( ض )ی لێ سڕاوەتەوەو ماوتەوە ( أر ) وشەی ( موت ) تەنها ( ە ) بۆ زیادکراوە، چونکە لەکاتی

---

(٧) تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژوی کۆیە، ب٢، مطبعة نمیر، بغداد، ١٩٨٤، ل٦٧.

(٨)س.پ.ل ٦٧.

(٩)س.پ، ل٦٧.

گۆکردندا نـاتوانین بڵێن ( أرمـوت ) بمانـەوێ و نەمانـەوێ دەبێ بڵێن ( أرمۆتـە ) یـان (أرمۆتا)، چونکە لەکاتی گۆکردن خۆی ئـەم ( ە ) ( ا )وەردەگرێـت کـەدەڵێن ( أرمـۆت ) لەگـەڵ وتنەکـەی هەسـت بـە ( ە،ا ) بـزوێن دەکـەین، چـونکە کاتێـك دەڵێن ( أرمـۆت ) لەڕووی فۆنـەتیکی دەربڕینەوە زمان دەکەوێتە نێـوان ددانـی سـەرەوەو خـوارەوە کاتێـك زمانـت دەکێـشیتەوە بـۆ دەربڕینـی وشـەی تـر بزوێنـی( ە ) ( ا ) پەیـدادەبێ، کـەوەك بەسـتنەوەیەك دەبێـت بەوشـەکانی تـرەوە، یـان خـۆی ئـەوە هەڵـدەگرێت( ە ) ( ا ) بخرێتەسەر، لەنووسینە مێژوویەکانیشدا ئەوانەی لەبەردەستە لەساڵی ١٨٥٩ ( أرمۆتـە ) بەکارهاتووە، ئێـستاش مەسیحییەکانی هەرمۆتـە دەڵێن: ( اُرموتـە ) نـەك ( ارموطـە ) ڕەنگـە گـۆڕانی ئـەم ( ت ) بـۆ (ط)دیـاردەی زمانـەوانی بێـت لـە دیـالێکتی کرمـانجی ناوەڕاستی زمانی کوردی هەنێ جار لەبێچووەزاری کۆیە پیتـی ( ت ) دەکـەن بـە ( ط ) بۆ نموونـە کـەدەڵێن ( نـاتوانی ) لەکۆیـە دەڵێن (ناطانی )... واتـە پیتـی ( ط) شـوێنی (ت)ی گرتۆتـەوە، ئەگـەر لـە وشـەی ( ئـەرت مۆتـە ) هـاتبێ کەبەسـریانی واتـە خـاکی مردوان ( ئەرا ) واتە زەوی، (ت) لەزمانی سریانی ئـامرازی پەیوەندییـە وەك لـەکوردی دادەڵێن( خاکی مردووان)(خاك+ی+مـردوو) پەیوەسـتێکە لـەنێوانیان کـە دەڵێن پیتـی (ت)لابـراوە لەبڕگەکـەی تـری ( مۆتـە )، واتـە مـردن وەکـو خـۆی ماوەتـەوە، چـونکە بۆگـۆکردن( ئــەرت مۆتــە) قورســە، بۆیــە پیتــەکان یــەکتریان خــواردووەو بــووە بە(ئەڕمۆتە)، بـەڵام قورساییەکەی کەوتۆتـە سـەر پیتـی ( ر ) بـووە بـە ( ڕ ) لـەزمانی سـریانی ئــەو تایبەتمەندییــە هەیــە کەزۆربــەی ( ر )ە لاوازەکــان بــە ( ڕ )ی قەڵــەو دەخوێندرێنەوە.

هەرسەبارەت بەناوی هەرمۆتە (ئارنۆڵد): کەسەرۆکی بەشی زمانی سامی بووە لەزانکۆی هایدنپك لەئەڵمانیا کەپێی وایە: ((وشەی مۆتا لەزمانی ئارامی کۆندا واتەی البلدة، گوند ناوچە دەگەێنێت، بەڵام بەشی یەکەمی (ئەر- هەر) نازانم مانای چییە))[١٠]خوری[١١] بنیامێن بیث یدکار دەڵێت:((لەزمانی سریانیدا زۆر ناومان هەیە لەدوو شتی لێکدراو دروستبووین، لەوانە: ئورمیە[١٢]، ئور لەزمانی سریانیدا بەواتای خاك دێت، میە بەواتای ئاو، واتە: خاکی ئاودار[١٣]، ئور شەلیم لە (ئورت شلاما)هاتووە، واتەی خاکی سەلام دەگەێنێت، جەند ناوێکی تریشمان هەیە لەوانە:ئور، ئوردن، ئەرادن[١٤]... ))[١٥]سەبارەت بەناوی ( ئەرمۆتە ) (هەرمۆتە ) مەسیحییەکانی هەرمۆتە

---

([١٠])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(د.وشیار زەکی حەسەن)، لەدایکبووی ١٩٧٤، مامۆستای زانکۆی کۆیە، کۆیە، ٢٠١٢/١٢/٢٠.

([١١])خوری پلەیەکی ئاینییە لەنێو مەسیحییەکان، واتە ناوی خۆی (بنیامێن)ە، پلەکانی ئاینی لەکلیسادا ئەمانەن: شەماس، قەشە، خوری، مەتران، پاتریەرك، کاردینالّ، پاپا.

([١٢])زۆرجار بۆیان گێڕاومەتەوە کەگوایە وەختی خۆی لەزەمانی عوسمانییەکاندا بەشێك لەدانیشتوانی گوندی هەرمۆتە ئاوارەی ئورمیە بووین و لەنێو مەسیحییەکان گیرساونەتەوە، گوایە تاوەکو ساڵانی ١٩٨٠ خەبەری یەکتریان زانیووە، منیش لە ١٥-٨-٢٠١٣ گەشتێکم بۆشارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد جومە ئورمیەو هەموو کلێساکانی گەڕام لەقەشەو شەماس و کەسە بەتەمەنەکانم پرسی هیچ زانیارییەکم دەستنەکەوت.مەسیحییەکانی ئورمیە بەشێکیان ئاسورین، بەشێکیشیان کلدانن، بەزمانی سریانی لەگەڵیان دوام، بۆیەش ئەمە باس دەکەم، چونکە شەرت نییە هەموو مەسیحییەکانی تەنانەت عیراقیش زمانی سریانی بزانن، بۆنموونە؛ بەشێك لەمەسیحییەکانی موسل زمانی سریانی نازانن، بەزمانی عەرەبی دەپەیڤن.

([١٣])کەسەیری ئورمیە دەکەین دەوروبەرەکەی دەریاچەی ئاوی لێیەو شوێنێکی کوشتوکاڵی و ئاودارە.

([١٤])ئەم جۆرەتایبەت مەندیانە تەنها لەزمانی سریانی نییە، کەکۆمەڵە ناوجەیەك بە (ئەر)دەست پێدەکەن، لەزمانی تورکیش دیاردەیەکی ترهەیە، ناوی زۆر گوندو ناوجە بەقەرە دەست پێدەکەن

هەموو بە ( ئەرمۆتە) گۆی دەکەن، بەڵام بەزمانی کوردی بە ( هەرمۆتە ) گۆدەکرێت، ئەویش دیاردەیەکی زمانەوانییە، لەزمانی کوردی زۆرجار پیتی( ه ) شوێنی پیتی( أ ) دەگرێتەوە وەك لەوشەی( ئاوارە ) کە بنەچەی وشەکەیە دەگۆڕێت بۆ( هاوارە )، (ئەسپ) دەگۆرێت بۆ ( ئەسپ ) واتە (ه ) شوێنی ( ئـ ) دەگرێتەوە، ئەم دوو پیتە ئاڵوگۆری دەکەن، ( ئەرمۆتە ) گۆڕاوە بە ( هەرمۆتە ) لێکدانەوەیەکی تریش بۆ ئەم وشەیە هەیە ( هەرمۆتە ) بەزمانی سریانی واتە ( هەرمردن )، بەڵام ئەمە لەوەوە نەهاتووە، بەڵکو لەگۆڕانی شوێنی پیتەکان هاتووە وەك ئاماژەمان بۆ کرد.


لەئەنجامی ئەو لێکدانەوەیەدا گەیشتینە ئەوەی بڵێین ( ئەرمۆتە ) ناوە سەرەکییەکەیە، ناوەکانی تر ( ئەرمۆتا ) ( ئەرموطە ) ( هەرمۆتە ) بەدرێژیی مێژوو بەهۆی دیاردەی زمانەوانی دروستبووین، بەڵام ئێستا مەسیحییەك بەزمانی کوردی قسەبکات، یان بنووسێت ( هەرمۆتە )بەکاردەهێنێت، هەمان کەس کەبەزمانی سریانی یان عەرەبی قسەبکات، یان بنووسێت ( ئەرمۆتە ) بەکاردەهێنێ، واتە هەردوو ناوەکە بەکاردێن و چەسپاون گۆڕانەکەش لەپیتی ( ه، أ ) دایە، بەڵام دەتوانین بڵێین بنەچەی ناوەکە ( ئەڕمۆتە )یەو بەواتای خاکی مردوان دێت.

---

وەك: قەرە تەپە، قەرە هەنجیر... لەناوچەی هەولێر، لەڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەبەینی ئورمیەو مهاباد گوندی (قەرەخان)هەیە، کەلە(مهاباد)یش دەردەچیت گوندی قەرە بلاخ هەیە...


([15])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(خوری بنیامێن بیث یدکار)، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئورمیە، ١٥-٨- ٢٠١٣.

## (( پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە پێی گوندەکانی قەزای کۆیە ))





ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە محەمەد زاهیر سدیق، شیکردنەوەیەکی جوگرافی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبیل لەقەزای کۆیە، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨،ل٨٤.

## (( جێگەی گوندی هەرمۆتە بە پێی شارو یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کۆیە ))




سەرچاوەی پێشوو.

(( پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەدابەش بوونی جۆرەکانی خاك لەکۆیە ))





ئامادەکراوە بەپشت بەستن بە١- ڕۆستەم سەلام عەیز، دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکانی قەزای کۆیەو گاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٩. ٢- کامەران تاهیر سەعید، قەزای کۆیە، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی، چاپخانەی تیشك، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨،ل ٧٢.

## ((وێنەی ئاسمانی هەرمۆتە لەچاو شاری کۆیە))





سەرچاوە: وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، بەشی هونەری، وێنەی ئاسمانی شاری کۆیە ساڵی (٢٠٠٦)، بڵاونەکراوەتەوە.

## ((بەرزی ونزمی شاری کۆیە بەگوێرەی هێڵە کەنتۆرییەکان))





جمهورية العراق، مديرية المساحة العامة، خاريطة رقم(٦٧٠/٧٨)لقضاء كويسنجق، مقايس ١/٢٠٠٠٠، بغداد، ١٩٥٦.

## ((گوندی هەرمۆتە لەنەخشەی شاری کۆیە))




وەزارەتی شارەوانی، سەرۆکایەتی شارەوانی کۆیە، بەشی هونەری، نەخشەی شاری کۆیە، ساڵی ١٩٩٢، بەپێوەری ١/٢٥٠٠٠ (بڵاونەکراوەتەوە).

## (( پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەوێنەی ئاسمانی شاری کۆیە ))




Prof.M.K.Omar,Mr.Rostam.S.A.Housing Decay Cause in the old residential neigh borhood in koya town,search author in Planning conference inIraq,October, ٢٠١٠, Scal.١:٥٠٠

## ٣- کورتەباسێکی گوندی هەرمۆتە:




هەرمۆتە گوندێکی دێرینی مەسیحییەکانەو دەکەوێتە باشوری کۆیە. لەکۆندا نزیکەی (٣ کم ) لێیەوە دووربووە، بەڵام ئێستا بەهۆی فراوانبوونی شاری کۆیە کەتەواو لێکنزیك بوونەتەوەو تەنها چەمێك سنورەکەی جیا دەکاتەوە. هەر لەدێرین زەمانەوە دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە بەکشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریك بووین، باغ و باغاتێکی زەیتونی زۆری لێیە، ئەو ئاوەی پشتی پێبەستراوە بۆ کشتوکاڵ لەخۆرئاوای هەرمۆتە بەدوری چەند کیلۆمەترێك هەڵدەقوڵێت سەرچاوەی کۆمەڵێك کانی و ئاوەو هەمووی کۆدەبێتەوەو جۆگەیەکی ئاوی گەورە پێکدەهێنن، هەر لەکۆنەوە کشتوکاڵیان پێکردووە[١٦]،لەنێو گوندی هەرمۆتەشدا کارێزێك هەیە لەشێوەی تونێلێك کەئاوی

---

([١٦])بەپێویستی دەزانین ناوی زۆرینەی زەوییەکوشتوکاڵییەکانی هەرمۆتە بخەینەڕوو: کاولەئاش، گەرچەکان، گۆمت لوڕکە، زویەسپی، ئەرت جەلیل، دارەبەنێ، کارێزان، دۆڵی شکارتە، کانی بەردینە، کانیەشلە، بەردەگڕوو(بەردێکی گەورەی گڕنی گرنی لێیە)، جۆلانێ، شۆڕێ، چوارباغ، قوچەکێ، سێملەکە(سێوملە)، باسکت شێدە، سەماوەتە، جۆخین سوتایی، عیسۆنە، ڕەزی هەوێزان، بانی، گەرچەکان، گردی چادری، پیرەکە، بەلەگین، سەرشاخان، ناوشاخان، سەماوەتە، پشت خانییان،

هەشــت نــۆ بــیری دەچــێتەوە نــاو و بــۆ ڕەزوو باغــداری بــەکارهاتووە، نــاعورێکی ئــاو هــەبووە کــە ئێــستا بــەکاری نایــت، بــەڵام بیرەکــەی مــاوە، لــەنێو ڕەزی هەرمۆتەشــدا بــەهاران و هاوینـــان چـــەند بنـــەوانێك هەڵدەبەســـترێ بـــۆ ئـــاودانی ڕەزی زەیتـــون و کشتوکاڵ لەوانـە: بنـەوانی پـشت نـاعور، بنـەوانی ئاشـی، بنـەوانی پیکـە، لـەخوار ڕەزی هەرمۆتە پاشماوەی دوو ئاش ماوەتـەوە کـەتا سـاڵانی ( ١٩٤٠ ) لـەکاردابوون. بـەڵام دوای ئەوەی حکومەت ژمارەیەکی زۆر بیری لەدەوروبەری سەرچاوە ئاوییـەکان لێـدا ئـەم ئـاو و کـانی و کارێزانــە بەتــەواوی وشــکبوون، بۆیــە ئێــستا دانیــشتوانی هەرمۆتــە کــەمتر بەئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە خەریکن.

ئـەو کەمـە ئـاوەی هـەیبووە لەکۆنـدا بەشـی پێداویـستی ( ٥٠-٧٠ ) خێزانـی کـردووە، بۆیە دیاردەی کۆچکردن لەهەرمۆتە بۆ شوێنەکانی تری کوردستان و عێـراق و وڵاتـانی تــر بــەردەوام بــووە، ئێــستا ژمارەیــەکی زۆر مەســیحی هەرمۆتــە نیــشتەجێی شــاری هەولێرو سلێمانی و موسل و بەغداو کەرکوك و... هتد دوای ڕاپـەڕینیش وەك زۆربـەی خــەڵکی کوردســتان ژمارەیــەکی زۆر گــەنجی هەرمۆتــە ڕوویــان کردۆتــە هەنــدەران و بەوڵاتانی ئەوروپی بڵاوبوونەتەوە. ئەمیر حەنا دەڵێ: (( لەتەمـەنی گەنجیـدا، کەسـێکی بەتەمەنی هەرمۆتە کەناوی یەلدا پەترۆس بوو پێی وتم : ژنێـك بـەناوی کـالۆ گـەورەو کەسـانی تـریش بۆیانگێڕاومەتـەوە کەلەسـاڵی ١٨٣١ بـەهۆی نەخۆشـی تاعەنـەوە زیـاتر

---

پردۆکێ، دێرەگچکەلە، گەری سۆرکێ، شۆڕێ، گێوژە، دەربەندۆکە، هێلانەقەلان، شۆڕیجە، گەرچەکان، جۆمی جاوان، درێژوکە، ئەحمەدوکە...

ناوی ئەوپارچە زەوییانەی ناوڕەزی هەرمۆتە: قۆتەرە، ناوڕەزان، ڕەزی پیکە، عەمۆکە، مزە، پەترۆسە، ئوسنانە، مام سبە، پشت جۆگەی ئاشی، شومان، عەوڵاغا، خواجەکەریم.

لەنیوەی دانیشتوانی هەرمۆتە مردوون))[١٧]کاتێ ساڵی ١٩١٣ سەرژمێری دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە کراوە، نووسراوە گوندی هەرمۆتە لەسەد کەس پێکهاتووە و یەك کلیسا و یەك قەشەیان هەیە[١٨]بەپێی ئەم ژمارەیە بێت پێدەچێت لەساڵی ١٩١٣ گوندی هەرمۆتە بیست بۆ بیست و پێنج ماڵی مەسیحی لێبووبێت.

لەڕۆژی ١٧ / ١٠ / ٢٠١٢ سەرژمێری دانیشتوانی گوندی هەرمۆتەم کرد کە لە( ٩٩ ) ماڵی مەسیحی و ( ٢٧ ) ماڵی ئیسلام پێکهاتووە، ژمارەی مەسیحییەکان ( ٤٣٧ ) کەسە، ژمارەی موسڵمانەکان ( ١٢٧ ) کەسە، تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە بە مەسیحی و موسڵمانەکان( ٥٦٤ ) کەسە.تێکڕایی ماڵەکانی هەرمۆتە ( ١٢٦ ) ماڵە[١٩].

(١٧)دیدەنی لەگەڵ(ئەمیر حەنا سلێمان)، کۆیە-هەرمۆتە، ٦-٧-٢٠١٣.

(١٨) المطران لويس ساكو، المسيحية في كركوك تاريخ وبقاء، كركوك، ٢٠١٠، ص ١٠٦.

(١٩)دابەشکردنێکی جوگرافی هەیە بۆگوندەکان، ئەوگووندەی دووسەد کەسی تێدا بێت بەگوندی بچووك ئەژماردەکرێت. گوندی مامناوەندی تاوەکو چوارسەدوونەوەتو نۆکەس، گوندی گەورە تاوەکو نۆسەتونەوەتو نۆکەس، گوندی زۆر گەورە لەهەزارکەس تێپەڕی کردبێ، هەرمۆتە لەجۆری سێیەمە، واتە بەگوندی گەورە ئەژماردەکرێت.

## ٤- بنەماڵەکانی هەرمۆتە:



(وێنەیەکی زۆرکۆن لەڕاستەوە: کەریم ئیسحاق تۆما قەساب، یوسف تۆما یوسف، موسا حەنا پەترۆس- هەریەکەیان سەربەبنەماڵەیەکن)

مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لەشەش بنەماڵە پێکهاتوون ئەمانەن: (بنەماڵەی پەترۆس شمعون، بنەماڵەی تۆما نیسان، بنەماڵەی ئسولە، بنەماڵەی عەودالە(عەبدالی)، بنەماڵەی کەریمەزەرد، بنەماڵەی مام سبە)[٢٠]. پێنج بنەماڵەیان بەبنەچە خەڵکی هەرمۆتەن، تەنها بنەماڵەی (کەریمەزەرد) نەبێ کەلەلای هیران و نازەنین و شەقڵاوە لەدوای ساڵانی(١٩٠٠)کەریم ناوێك کە بە (کەریمە زەرد) ناسراوە بۆکاروکاسبی هاتۆتە گوندی هەرمۆتەو هەرلەوێش ژنی هێناوەو نەوەی لێکەوتوتەوە، بەنەماڵەکانیش[٢١] ئەمانەن:

---

([٢٠])لەگەڵ باس کردنی هەربنەماڵەیەك کۆنترین وێنەی پیاوی ئەم بنەماڵەیە دەخەینەڕوو.

([٢١])ڕیاز عەزیز پەترۆس (بێدار)، لە ٢٠١٢/٩/١ درەختی هەر شەش بنەماڵەکەی بەهێڵکاری کێشاوەو ناوەکانی لەسەرداناون و لەهۆڵی هەرمۆتە لە ساڵی ٢٠١٢ هەڵیواسیوون، منیش پێداچوونەوەم بۆکردن و کۆمەڵێ ناو بەجێمابوون بۆم زیادکردن.

## ا- بنەماڵەی پەترۆس شمعون:



(موسا حەنا بەترۆس...- ١٩٦٣ )

بەترۆس شمعون، کوڕەکانی: شمعون، حەنا. شمعون پەترۆس شمعون، کوڕەکەی: کەریم، کچەکانی: سارێ، مەریەم، فەریدە، هیلان، کەریم شمعون پەترۆس، کچەکانی: وارینە، وەردێ.حەنا پەترۆس شمعون، کوڕەکانی: پەترۆس، موسا، سلێمان، عیسا. پەترۆس حەنا پەترۆس کەناسراوە بە(کۆرە)، کوڕەکانی: یەلدا، یوسف، عەزیز، کچەکانی: کەترینە، فەریدە. یەلدا پەترۆس حەنا، کوڕەکانی: ئەوڕەها، یۆنان، پۆڵس، وێردە، خەلیل. کچەکانی:مسکۆ، وارینە، فهیمە، نەسرین، نەجات، نەشمیل، ڕەنگین.ئەوڕەها یەلدا پەترس، کوڕەکانی:سامی، سەلام، خەلیل، ڕەعد. ئەوڕەها یەلدا دووئەولادی هەیە: سروە، سیمۆن، سەلام ئەوڕەها یەلدا، کچەکەی: دیانە. خەلیل ئەوڕەها یەلدا، نەوەکانی: سەمیر، سوزان، ڕەعد.یۆنان یەلدا پەترۆس کوڕەکانی:نەبیل، سامر، کچەکانی:پەروین، نەشمیل، نەبیل یۆنان یەلدا نەوەکانی:نور، نارین، لەرین. سامر یۆنان یەلدە، نەوەکانی:پۆلف، هارڤن.پۆلس یەلدا پەترۆس، کوڕەکانی: غەسان،

وسام، کچەکانی:تەغرید، وەردە، ڕیمە، ڕەغد. غەسان پۆڵس یەلدا، کچەکانی: ڕانیا، گابریلێ.وێردە یەلدە پەترۆس کوڕەکەی: میلاد، کچەکەی: کارێز. خەلیل یەلدا پەترۆس کوڕەکانی: یەلدا، فڕانك، فڕانس، کچەکانی: فلۆنە، فەبیۆلە.یوسف پەترۆس حەنا، کوڕەکەی: گەوریل، کچەکانی: جەمیلە، هیلان، لەتیفە، شوکریە.گۆریل یوسف پەترۆس، کوڕەکانی: پەترۆس، فەهد، فەرهاد، یوسف، کچەکانی: شۆنێ، نازەنین، ژیان، نازدار، نیگار. فەهد گۆریل شمعون، کوڕەکانی:لیڤۆن، ڕیکاردۆ، کچەکانی: هولیا، ڕەنا. فەرهاد گۆریل پەترۆس، کوڕەکەی: گۆریل.

عەزیز پەترۆس حەنا کوڕەکانی: مەنسور، کەریم، فەرەج، ڕیاز، مومتاز، کچەکانی:پەرژین، بەفرین، بەهار. مەنسور عەزیز پەترۆس، کوڕەکانی: شێرکۆ، هیمداد(شەهیدبووە)، پیشتیوان، وەعد، کچەکانیشی:حەیات، نەبات. شێرکۆمەنسور عەزیز، کوڕەکەی:هیمداد، کچەکانی:مەریەم، فەڕح، کاترینا، ماریا. پیشتیوان مەنسور عەزیز، کوڕەکانی: ڕامی، مەنسور.وەعد مەنسور عەزیز ئەولادەکەی: ستیڤان.

کەریم عەزیز پەترۆس، کوڕەکانی:لێزان، هۆزان، کچەکانی:سەیران، جاکلین، سوزان، ڕێژنە.فەرەج عەزیز پەترۆس،کوڕەکانی:ڤان، عەزیز، کچەکەی:ڤینا.ڕیاز عەزیز پەترۆس، کوڕەکەی: شوانە، کچەکانی:وەردە، خەندە،ڕەندە، نەدا.ممتاز عەزیز پەترۆس، کوڕەکەی:عەزیز، کچەکەی:سالی.موساحەنا پەترۆس شمعون، کوڕەکانی:مەتێ، جەرجیس، مەرقۆز، داود، ڕوفائیل، یەعقوب، ئیسحاق. مەتێ موسا حەنا، کوڕەکانی: ئەندڕاوس، شمعون، پۆڵس، تۆما، لەتیف، جەمیل، کچەکانی مەرعیە، حەنێ. ئەندراوس مەتێ موسا، کوڕەکانی:جەمال، حەبیب، کامەران، کچەکانی:بەهار، ڕەزیە، نەجات. جەمال ئەندراوس مەتێ موسا،کوڕەکانی: ڕابەر،هاکار، ڕودی،

کچەکانی:ڕۆدە، ڕوەیدا، دیانا، ڕندە، بێهرا. حەبیب ئەندراوس مەتێ، کوڕکانی:کرستیان، ستیف، کچەکەی: کرستینا.کامەران ئەندراوس مەتێ، کوڕەکانی:میرۆن،مارکۆ.شمعون مەتێ موسا،کوڕکانی:سەعید،عەمان، ڕەعد،کچەکانی:پەروین، سوزان.سەعید شمعون مەتێ موسا، کوڕەکانی:فادی، میلاد، کچەکانی:فابیانا، فلۆرا.عەمان شمعون مەتی موسا، کوڕەکەی:ڕامی، کچەکەی:یەناڕ.پۆلس مەتێ موسا، کوڕەکانی:ئەدیب، نەدیم، فایز، ڕامز، کچەکەی:لەیلا.ئەدیب پۆلس مەتێ موسا،کچەکانی: نورا، نەسرین. نەدیم پۆلس مەتێ موسا، کوڕەکانی:فڕانس، ستیڤا، کچەکانی: فلۆڕا، مێرنا.فایز پۆڵس مەتێ موسا:کچەکانی فابیانا.ڕامز پەترۆس مەتێ موسا، کچەکەی: فلیب.تۆما مەتێ موسا، کوڕەکانی:نیاز، یوسف، میلاد، کچەکانی:نەمام، سەوسەن، وەسەن، شەریهان.نیاز تۆما مەتێ موسا، کوڕەکەی:تۆما، کچەکانی: مارینا، مونیا، ڕیتا.یوسف تۆما مەتێ موسا، کوڕەکانی:ڕامی، ڕاندی، کچەکەی:سارا.لەتیف مەتێ موسا، کوڕەکانی:غەدیر، ئاسۆ، زانا، هارڤی، مەتێ، غاندی، کچەکانی:وەرین، زەیتون.غەدیر لەتیف مەتێ موسا، کوڕەکانی:سیڤەر، سانتۆ.ئاسۆ لەتیف مەتێ موسا، کچەکەی:ئەندرا.جەمیل مەتێ موسا، کوڕەکانی:کارلۆ، مەتێ، کچەکانی:کارمین، ڤاندە.

جەرجیس موسا حەنا، کوڕەکانی: ئیبراهیم، ئەنتوان، کچەکانی: سیە، کاترینا.ئیبراهیم جەرجیس موسا حەنا،کوڕەکانی: کامیل، بەرزان، گۆران.کامیل ئیبراهیم جەرجیس موسا، کوڕەکانی:شامل، فادی، ماتیاس، کچەکەی، مانێڵ.بەرزان ئیبراهیم جەرجیس موسا، کوڕەکانی: ئەنتوان، دانی، کچەکانی:ڕوناك، دالی.مەرقۆز موسا حەنا، کوڕەکانی:سخەریا، نیقۆڵ، ئێلیا، عەبدولەسیح، عەبدولحەمید، ئازاد، نەوزاد، کچەکانی:فریدە، بەهیە، سخەریا مەرقۆز موسا حەنا، کوڕەکانی: بەسام، وسام،

زانکۆ، کچەکانی: بەتول، نێرگز، ئەناهید، وسام سخەریا مەرقۆز موسا، ئەولادەکەی: ستافرۆز.ئێلیا مەرقۆز موسا حەنا، کوڕەکانی:کاوە، کاروان، کچەکانی:ئەستێر، ئەلینە، لانە.عەبدولمەسیح مەرقۆز موسا حەنا، کوڕەکانی: ستیڤن، ستیڤان، کچەکەی:مەریەم.عەبدولحەمید مەرقۆز موسا حەنا،کوڕەکانی:ڕودی، ڕۆڤان.

ئازاد مەرقۆز موسا حەنا، کوڕەکانی:ئەلن، ئەیان، کچەکەی: هێلین.نەوزاد مەرقۆز موسا حەنا، کوڕەکانی: مەرقۆز، مارسێل، کچەکانی: ڤیلان، ڤانە، ئەغاتە.داود موسا حەنا،کوڕەکانی: کەمیل، کەمال، نەبیل، کچەکانی: سەوسەن، ڕەوشەن، بێریڤان، ماریا، ئەشیل.ڕوفائیل موسا حەنا، کوڕەکانی:جەمیل، ئەمیر، نازم، نەوزاد، ئازاد، کچەکانی:ماری، مادلێن، ژیان، مێرکان، گەلاوێژ.جەمیل ڕوفائیل موسا حەنا، کوڕەکانی: ڕۆنی، ڕەوەند، ڕاندی. ئەمیر ڕوفائیل موسا حەنا، کوڕەکانی:ئاکۆ، ئاندی، کچەکەی:کانی.نازم ڕوفائیل موسا حەنا، کوڕەکانی:میلاد، میڤان، مارتن، مازن.نەوزاد ڕوفائیل موسا حەنا، کوڕەکەی:سیزار، کچەکانی:سلستی، مارلین، ساندرا، سیە.ئازاد ڕوفائیل موسا حەنا،ئەولادەکەی: ئۆنیل.یەعقوب موسا حەنا، کوڕەکانی:وشیار، وریا، فەوزی، فائیز، نزار، ڕائد، کچەکەی:خاتوون.وشیار یەعقوب موسا، کوڕەکانی:لاڤان، نەشوان، کچەکانی: لیڤیا.وریا یەعقوب موسا، کوڕەکانی:ئیڤان، لاڤی، ڕانی، کچەکانی:لیلیان، لانە.فەوزی یەعقوب موسا حەنا، نەوەکانی: فادی، سان، وان، فڕانس.فایز یەعقوب موسا حەنا، کوڕەکەی:ڕێڤان،کچەکانی:لاڤان، لیدیا، خاتوون، نور.نزار یەعقوب موسا حەنا، کچەکەی:مەریەم.ڕائد یەعقوب موسا حەنا، کوڕەکەی:ڕۆلان، کچەکەی:ڕاما.ئیسحاق موسا حەنا،کوڕەکانی:صلیوە، هورمز، سۆران، سامان، کچەکانی: خوناو، خەرمان، چنار، پەیمان.صلیوە ئیسحاق موسا حەنا،

کوڕەکـــانی:هێـــدی، هەنـــدرێن، کـــچەکەی:هـــێلین.هـــورمز ئیـــسحاق موســـا حـــەنا، کوڕەکانی:جۆن،جۆناس،کچەکەی:سارا.سامان ئیسحاق موسا حەنا، کچەکەی:یارا.

سـۆران ئیـسحاق موسـا حـەنا، کوڕەکـەی:یوناتـان.سـلێمان حـەنا پـەترۆس شمعـون، کوڕەکـــەی:حـــەنا، کـــچەکەی:ئێلـــشوە.حـــەنا شمعـــون پـــەترۆس حـــەنا ســـلێمان، کوڕەکـانی:عـەمان، لۆقـا، عەبدولئـەمیر، عەبدولئەحـەد، کامـل، کـچەکانی:نەعیمـە، نەجیبە، ترێزە، لەتیفە، وەردیە.عەمان سلێمان حەنا، کوڕەکـانی:ئـازاد، ئامـانج، ئـاراس، بێستون، ئارام، ئاری، کچەکانی:گەلاوێـژ، کـەژاڵ.ئـازاد عـەمان سـلێمان، کوڕەکـەی:حـەنا، کچەکانی: سارا، سان، سلڤان، حـەنین، مەریـەم.ئـاراس عـەمان سـلێمان، کوڕەکـەی: ژیـار، ئەلەنـــد، کـــچەکەی: ئـــیلین.بێـــستوون عـــەمان ســـلێمان، کوڕەکـــانی:دلیڤیـــۆ، یـــاد، کچەکەی:دلین.ئارام عـەمان سـلێمان، کوڕەکـەی:عـەمان، کـچەکەی: ئەمانـدا.عیـسا حـەنا پـــەترۆس شمعـــون(ڕەبـــەن)،کوڕەکـــانی: دنحـــا، مـــەڕبێن.دنحـــا عیـــسا حـــەنا پـــەترۆس، کوڕەکانی:جەبار، فەرەج، کچەکەی:شۆنێ.جـەبار دنحـا عیـسا،کوڕەکانی:دیـاریی، هاوکـار، بەشـاڕ، کـچەکانی:جەمیلـە، نـازدار، گوڵاڵـە، سـەوز، دیانـا، لیـزا، لویزانـا، بـەهار.مـەربێن عیـــسا حـــەنا پـــەترۆس،کوڕەکانی:ناســـڕ، عیـــسا، فازیـــل، ئـــازاد، نـــەوزاد، ئاســـۆ، کچەکانی:حەنێ، شوکریە، ڕۆزە، ئەسیەت، شیلان، شنۆ.

**ب- بنەماڵەی توما نیسان:**



(کەریم ئیسحاق تۆما قەساب ٠٠٠-١٩٦٣)

صـلیوە نیـسان، دووکـوڕی هـەبووە بـەناوەکانی، نیـسان، تۆمـا.نیـسان تۆمـا نیـسان، کوڕەکەی، گۆرگیس. گۆرگیس نیسان تۆما نیسان، کوڕەکەی: شمعون، کچەکانی: هـیلان، خـانێ، مینـە.شمعـون گـۆرگیس نیـسان، کوڕەکـانی:گـۆرگیس، دلێـر، دڵـشاد، کـچەکانی: شۆنێ، فکتۆریا، مێرەم، فەریدە.گۆرگیس شمعـون گـۆرگیس نیـسان، کوڕەکـانی:کامـەران، ڕەعـد، کـچەکانی: ژیـان، ئەمـەل، پـەیمان، سـندس، ئـەڤین، ئـەژین.کامـەران گـۆرگیس شمعون، کوڕەکەی:دلۆڤان، کچەکەی: دیـلان.ڕەعـد گـۆرگیس شمعـون، کوڕەکـەی: دڵـشاد، کچەکانی: وارینـە، سـارا، رینـادا، یـارا، دلـین.دلێـر شمعـون گـۆرگیس، کوڕەکـانی:شـڤان، ڕێڤـان، سـۆڤان، کـچەکانی: سـۆنیتا، سـتیڤانی.دڵـشاد شمعـون گۆرگیس،کـچەکەی: سـلڤانا.شـڤان دلێـر شمعـون، کوڕەکـانی: شـانێل، بێهنـام.ڕێڤـان دلێـر شمعـون، کچەکەی:ساندرێس.ئیسحاق تۆما صـلیوە، کوڕەکـانی:کـەریم، ئێلیـا، ئـەوڕەها، کـچەکەی: شۆنێ.کـەریم تۆمـا ئیـسحاق، کوڕەکـانی:یەلـدا، حـەنا، عیـسا، کچەکانی:وەردە، وارینـە، ئامینـا.یەلـدا کـەریم تۆمـا، کوڕەکـانی:مـەرقۆز، ئـەیوب، عـەمان، کـچەکانی: هەنیـسە،

ترێزە، حەنێ.مەرقۆز یەلدا کەریم،کوڕەکانی: دڵدار، عادل، عیماد، ڕەعد، میلاد، کچەکانی:ڕەنا، زینا، ڕەشا، ساندرا.دڵدار مەرقۆز یەلدا،کوڕەکانی:لویس، ولیەم، کچەکەی:لۆنا.عادل مەرقۆز یەلدا، کوڕەکانی: دڵشاد، دانیال، مارسێل.عیماد مەرقۆز یەلدا، کوڕەکەی:فلن، کچەکەی: ڤێرنا.ئەیوب یەلدا کەریم، کوڕەکانی: سالم، سامی، سەمیر، سەعد، وەعد، کچەکانی: بەرنادێت، جولێت.عەمان یەلدا کەریم، کوڕەکانی: سەلام، دڵشاد، کچەکەی: جانێت.سەلام عەمان یەلدا، کوڕەکانی: عەمان، صلیوە، کچەکانی: نەورۆز، نور.حەنا کەریم ئیسحاق، کوڕەکانی:مەربێن، دنحا، سەڵاح، سەباح، سەلیم، نەوزاد، ڕزگار، کچەکانی:لەیلا، جەمیلە، ڕاحێل.مەربێن حەنا کەریم، کوڕەکانی:فەڵاح، سەربەست، نیاز، ئاودێر، کچەکانی: نەشمیل، مەریەم، نەشمیل.فەلاح مەربێن حەنا، کوڕەکانی:ماریۆ، مارك، کچەکانی: مەریەم، مارینا.سەربەست مەربێن حەنا، کچەکەی: ئان.نیاز مەربێن حەنا،کوڕەکانی: مارڤن، ئەندرو، کچەکانی: مونیکا، ئەنیکا.ئاودێر مەڕبێن حەنا، کوڕەکەی: ئونێل.

دنحا حەنا کەریم، کوڕەکانی: زیاد، سافی، ستیف، برۆسلی، کچەکانی: بەیلا، ، سەنا، ،سلڤانا، سالی، سۆنیا.زیاد دنحا حەنا، کوڕەکەی: ئەلیکن.سافی دنحا حەنا:کوڕەکەی: ڕۆبن، کچەکەی: نەعیمە.سەڵاح حەنا کەریم، کوڕەکانی: هانی، هەیسەم، کچەکانی، وەفا، ، ئەسما، ، ڤینۆس.هانی سەڵاح حەنا، کوڕەکەی: هانس، کچەکەی: مەریەم.هەیسەم سەڵاح حەنا، کچەکەی: مەریەم.سەباح حەنا کەریم، کوڕەکانی: سەرکەوت، سەرکیس، زانکۆ، زانست، کچەکانی: بەهار، پەروین، بێتاوان.سەرکەوت سەباح حەنا، کچەکانی: سیسلیا، سەمەنتا.نەوزاد حەنا کەریم، کچەکانی: نیان، نڤین، نادین.ڕزگار حەنا کەریم، کوڕەکەی: حەنا، کچەکانی: زەمەن، خۆشی.سەلیم حەنا کەریم(شەهید سەلیم)، کوڕەکانی: کوردۆ، نەهرۆ، هەلۆ، کچەکەی، بێتاوان.کوردۆ

سـەلیم حـەنا، کوڕەکـەی: سـەلیم، کـچەکەی: داریـن. عیـسا کـەریم کوڕەکـانی: صـلیوە، سخەریا، جەمیل، هورمز، کچەکانی: نەجیبـە، باسـیمە، نێـرگس، بـەتول، هـیلان.صـلیوە عیـسا کـەریم، کوڕەکـانی: سـەفین، هـاوژین، کـچەکانی: هێـرۆ، دەلال، هـەوار، بنـار، سالینا.سەفین صلیوە عیسا، کوڕەکانی: دۆمەنیك، داریان، داریۆ.

هاوژین صلیوە عیسا، کچەکانی: ڕیـن، ژیـن.سـخەریا عیـسا کـەریم، کوڕەکـانی: ڕێبـوار، نینـۆس، کـچەکانی: جنێڤـەر، ڕەنـا.ڕێبـوار سـەخەریا عیـسا، کوڕەکـانی: تۆمـاس، تابرۆس.جەمیل عیـسا کـەریم، کـچەکەی: ماریـسابێل.هـورمز عیـسا کـەریم، کوڕەکـانی: مـیلاد، هێـدی، کـچەکەی: مەریـەم.ئێلیـا ئیـسحاق تۆمـا، کوڕەکـانی: پـەتڕۆس، فەرەنسی.پەتڕۆس ئێلیا ئیسحاق، کچەکانی:ناجیە، فەریـدە.فەڕەنـسی ئێلیـا، کوڕەکـانی: ئێلیـا، یـەعقوب، صـلیوە، کـچەکانی: لۆسـیە، بـەرباره، هەنیـسە.ئێلیـا ئیـسحاق تۆمـا، کوڕەکانی: نـەبیل، سـەمیر، کچەکەی: نەبیلـە.نـەبیل ئێلیـا کوڕەکـەی: لیڤـار، کچەکەی: لۆڤیانـا.سـەمیر ئێلیـا، کوڕەکـانی: ڕیڤـان، ڕینـان، ڕانێـل.یـەعقوب فەڕەنـسی ئێلیـا، کوڕەکـانی: شـوان، نەشـوان، کـچەکانی: بوشـڕا، ئەشـواق، لینـدا.صـلیوە فەڕەنـسی ئێلیـا، کوڕەکانی: کامەران، کاروان، سـەلام، سـەروەت، سـیروان، کـچەکانی: جـوان، سلڤانا.سـەلام صـلیوە فەرەنـسی، کوڕەکـەی: مانوێـل، کـچەکەی: مارتینـا.سـەروەت صـلیوە فەرەنـسی، کوڕەکــەی: جــەمال، کــچەکەی:جولیــا.ئــەورەها ئیــسحاق تۆما،کوڕەکــانی: یوســف، مەتێ.یوسف ئەوڕەها ئیـسحاق، کوڕەکـەی: سـولاق، کـچەکانی: مەریـەم، ترێـزە، شـومان، وارینـە، مـەڕۆ.سـولاق یوسـف ئـەوڕەها، کوڕەکـانی: مـەربێن، هیمـداد، یوسـف، عـامر، کـچەکانی: شـلێر، کنێـر، جەمیلـە.مـەربێن سـولاق یوسـف، کوڕەکـانی: سـامان، سـیڤان، سەلام، کچەکانی: ئیڤان، بان.هیمداد سولاق یوسف، کوڕەکـانی: دیـلان، دیڤـد، کـچەکەی: دیلن.هورمز سولاق یوسف، کوڕەکەی: زەکا، کچەکانی: ئیزابێل، مارسێل، ئـەنابێل.عـامر

سولاق یوسف، کچەکەی: بیلە. ئەورەها مەتێ...کوڕەکانی: مەتێ، حەنا، شۆڕش، کامەران، نازم، کچەکانی:کەترینە، پەروین.مەتێ ئەوڕەها مەتێ، کوڕەکانی: ڕیمۆن، ڕۆبەرد، کچەکانی: ڕیما، تەلار، ڕەنا، ڕیڤا.نازم ئەوڕەها مەتێ، کوڕەکەی:نەوار، کچەکانی: نورا، نوهارا.

**ت- بنەماڵەی ئسولە:**



(سلێمان مەتێ یوسف ...- ١٩٨٤ )

یوسف میخا، کوڕەکانی: مەتێ، ئێلیا، کەریم، میخا.مەتێ یوسف میخا،کوڕەکانی: کاکل، حەنا، عەزیز، عەبد، ئیبڕاهیم، گەوریل، کچەکانی:هیلان، زەکیە.کاکل مەتێ یوسف میخا،کوڕەکەی:دڵپاك، کچەکانی:فەریدە، شوکریە، بەهیە.دڵپاك کاکل مەتێ یوسف میخا، کوڕەکەی:سەنگەر، کچەکانی:یادگار، ساکار، ئۆریانا، ئۆرنێلا.حەنا مەتێ یوسف میخا، کوڕەکانی: فەرەج، ڕیاز.فەرەج حەنا مەتێ یوسف میخا، کوڕەکانی: سەلام، سەرمەد، سرود، کچەکانی: سەنئ ، سوها، ساکار، سان.سەلام فەرەج حەنا، کوڕەکەی:مانوێل، کچەکەی:مانێلا.سەرمەد فەرەج حەنا، کوڕەکەی: ئەدریان.عەزیز

سلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی: شمعـون، فوئـاد، ئلیـاس، کـچەکانی:وارینـە، بـەفرین.شمعـون عــەزیز ســلێمان، کوڕەکــانی: زوهێــر، موئەیــەد، صــەفا، ، موهەنــەد، ســتیف، ستیڤان.کچەکانی: شەدا، فەرەح، نەدا.فوئـاد عـەزیز سلێمان،کوڕەکانی: ئـەیاد، هەیـسەم، ئەسیر، کچەکانی:میسون، مەها، هنـدە.ئـەیاد فوئـاد عەزیز،کوڕەکـەی: فرانـد، کـچەکانی: کـەترینا، فـەبیانا،کاتیا.هەیـسەم فوئـاد عـەزیز، کوڕەکـەی: عـەزیز، کـچەکانی: ڤیـۆلا، ڤالانتینــا.ئلیــاس عــەزیز ســلێمان، کوەکــانی: مــانیوس، مــاریۆ، مــیرۆن، کــچەکەی: مێرنـا.عەبـد سـلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی:ڕەعـد، سـامان، فـەوزی، کـچەکانی:پرشـەنگ، سوهەیلە، لـەیلا.سـامان عەبـد سـلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی: ڕوودی، ڕۆنـی.فـەوزی عەبـد سـلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی: کرسـتیان، سـۆڤان، کـچەکانی: کرسـتینا، مەریـەم.ئیـبراهیم سلێمان مەتێ، کوڕەکانی: ممتاز، کاوە، نیهـاد، بەرخـەوان، کامـەران، کچەکانی: پـەرژین، نەجیبـە، ڕوونـاك، ڕەنگـین.ممتـاز ئیـبراهیم سـلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی: جـان، جـۆن، کچەکەی:جاکلین.کـاوە ئیـبراهیم سـلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی: ڤەلـەنتین، سـەمیر، سـیزار، کــچەکانی: ڤینـــا، ڤانیـــا.نیهـــاد ئیـــبراهیم ســـلێمان مـــەتێ، کوڕەکـــانی: ئیـــسۆس، لیــۆن.بەرخــەوان ئیــبراهیم ســلێمان مــەتێ، کوڕکــانی: ڕانــدل، ڤــیرۆن، کــچەکەی: ڕۆندە.کامەران ئیبراهیم سلێمان مـەتێ، کوڕەکـەی: ڕیڤـۆن، کچەکانی: مـیران، ماریانـا، ڕیهام، مێرنا، ڕاکێلە.گۆریل سلێمان مەتێ، کوڕەکانی: شێرکۆ، شێروان، کچەکانی:جـوان، سندس، بێخاڵ، بێگەرد، بـەناز.شـێرکۆ گۆریـل سلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی:ئـالان، بێهنـام، کچەکانی: ئالانا، ئیڤانـا.شـێروان گۆریـل سلێمان مـەتێ، کوڕەکـانی:سـۆلیڤان، سـامۆئیل، کــچەکانی: ئامینــە، هــێلین.ئێلیایوســف میخــا، کوڕکــانی:گــۆرگیس، عیــسا، عــەمان، یوسف.گۆرگیس ئێلیا یوسف میخا، کوڕەکانی: ئـازاد، تۆمـاس، ئومێـد، سـەلام.کـچەکانی:

نەجیبە، نەعیمە، زەکیە،گوڵشەن، ماری.ئومێد گۆرگیس ئێلیا،کچەکەی: کاترینا.سەلام گۆرگیس ئێلیا،کوڕەکەی: ئازاد.

عیسا ئێلیا یوسف میخا، کوڕەکانی:شاکر، هیمداد، سالم، کچەکانی:مەریەم، ڕەمزیە.شاکر عیسا ئێلیا، کوڕەکانی:ئالاّ، توانا، کچەکانی:نارین، گەلاّ، تارا، فریا، هانا.هیمداد عیسا ئێلیا، کوڕەکەی:سان، کچەکانی:لاڤان، سارا، ئان.سالم عیسا ئێلیا، کوڕەکانی: دانی، داریۆ، کچەکەی: دیانا.عەمان ئێلیا یوسف میخا، کوڕەکانی: موسا، عەدولمەسیح، ئەندریا، ئاراس، کچەکانی: فائیزە، بەهار، نیهایەت، نەورۆز، برێجیتە.موسا عەمان ئێلیا، کوڕەکانی: ئارام، ئالان، ڕۆڤان، ڕاندی، کچەکانی: ئاریان، ساندی.عەبدولمەسیح عەمان ئێلیا، کوڕەکانی: باڤل، ئیڤل، لاڤین، کچەکانی:ئیڤین، ئیڤۆن، نڤین، لاڤا.ئەندریا عەمان ئێلیا،کوڕەکانی:برزۆ، سینان،کچەکانی: ئارەزو،مەیسەم،ساندی.ئاراس عەمان ئێلیا، کوڕەکانی: بینان، ڕەنین، کچەکەی: ڕەند.یوسف ئێلیا یوسف،کوڕەکانی: چاپوك(شەهید بووە)، یەعقوب، ڕیاز، نیاز، زیاد، کچەکانی: بەیان، سەیران، ئیخلاس، ئیلهام.نیاز یوسف ئێلیا، کچەکانی:نەتالیا، میلانیا، میرۆنیا.زیاد یوسف ئێلیا، کوڕەکەی:یوسف،کچەکەی:ماریا.میخا یوسف میخا، کوەکانی: ئیسحاق، ئیبراهیم.ئیسحاق میخا یوسف میخا،کوڕەکانی: ئازاد، نەوزاد، بەهزاد،کچەکانی:ڕەوشەن، ئەمەل، ڕووخۆش.ئیبراهیم میخا یوسف میخا، کوڕەکانی: یەعقوب، گۆریل، ئاری، دیاریی.یەعقوب ئیبراهیم میخا، کوڕەکانی: داستان، بێستان، کچەکانی: ساوێن، شاهێن.گۆریل ئیبراهیم میخا یوسف، کوڕەکانی: سەرکەوت، ڕێکەوت،کچەکەی: هێلین.کەریم یوسف میخا، کوڕەکەی: عەبدولئەحەد، کچەکانی: کەترینە، شیرین، برێجیتە.عەبدولئەحەد یوسف کەریم میخا، کوڕەکانی: عامر،

عەمار،کچەکانی: بان، ئیڤان، سەحەر.عامر عەبدولئەحەد یوسف کەریم،کوڕەکەی: تۆنی، کچەکانی: برێجیتە، فیرونا.

### ث- بنەماڵەی عەبدالّی:



(عەودیش سلێمان ئێلیا – عەبدالّی- ١٩٠٤-١٩٨٠)

عەمانئوئیل شمعون ئێلیا شمعون، کوڕەکانی:یوسف، عەمان.یوسف شمعون، کوڕەکانی:یەعقوب، ئیسحاق، فەرەنسی، شمعون.یەعقوب یوسف شمعون،کوڕەکەی:لوئەی، کچەکەی:لیقا .ئیسحاق یوسف شمعون،کوڕەکانی،نەشوان، بلّند.فەرەنسی یوسف شمعون:کوڕەکانی: مازن، سەمیر، کچەکانی: سەمیرە، نەسیرە، ئەمیرە، جەنان.شمعون یوسف شمعون، کوڕەکانی،ئیبراهیم، حیکمەت.ئیبراهم شمعون یوسف شمعون، کوڕەکەی:سەعد.حیکمەت شمعون یوسف شمعون، کوڕەکەی: ڕامز.عەمان شمعون، کوڕەکەی:مەربێن،کچەکانی:هیلان، مەریەم.مەربێن عەمان شمعون، کوڕەکانی:مەسعود،عەمانئوئیل، سەعید،کچەکانی: نەجیبە، نەعیمە،ڕەمزیە،

فەوزیـە، خەیریـە، حەسـیبە.عـەمانئوئیل مـەربێن عـەمان شمعون،کوڕەکـانی: مـیلاد، ڕانـدی، کـچەکانی:ڕەفا، ،ڕەوەنـد.ئێلیـاشمعون، کوڕەکـانی: شـابیل، سـلێمان.شـابیل ئێلیـا شمعـون، کوڕەکـەی: عیـسا.عیـسا شـابیل ئێلیـا شمعون،کوڕکـانی: شـابیل، گـورگیس، کچەکانی: سیە، لەیلا.شابیل عیسا شابیل ئێلیا شمعون،کوڕەکـانی: شمعون،کامیـل، مـنیر، سەمیر،کـچەکانی:گورە،نـەجات،وەفا ،هـەیفا ، ڤیـان، هـودا.شمعـون شـابیل عیـسا شـابیل، کوڕەکـانی: سـەرهەد، سـەرمەد، کـچەکانی: هـێڤین، دلڤـین.کامـل شـابیل عیـسا شـابیل، کوڕکەی: وسام، کچەکانی: سارا، سـەمەر.سـەمیر شـابیل عیـسا شـابیل، نـەوەکانی: سـامی، ساندی، مارلین.گۆرگیس عیـسا شـابیل ئێلیـا، کوڕەکـانی: هـورمز، ئـەنوەر، حـەنا،پۆلس، ئەدوەر،فەهمی، کچەکانی: لەتیفە، حەنێ، گەوهـەر.حـەنا گۆرگیس عیـسا شـابیل ئێلیـا، کوڕەکـانی: هانا،نیهـاد، ناهـل، فریـاد، سـەرکەوت، کـچەکەی:نەهلـە.هـورمز گـۆرگیس عیـــسا،کوڕەکانی: ئـــالان، هەنـــدرێن، هیبە،کـــچەکەی: هبـــە.ئـــەنوەر گـــۆرگیس عیــسا،کوڕەکانی: هــەدیر، گــۆرگیس، کــچەکانی: هالــە، تــارا، فەریــدە، تــەمارا.پــۆلس گـۆرگیس عیـسا شـابیل،کوڕەکانی:سەلوان،عیسا،کـچەکانی:لیدیا،سـانا.ئـەدوارد گـۆرگیس عیسا شـابیل، کوڕەکـانی: ڕامـی، گۆرگیس، فـادی، کـچەکەی:ریتـا.سـلێمان ئێلیـا شمعـون، کوڕەکانی: ئێلیا، عەودیش، ئوغز، کچەکانی:وارینە، ئامینە.

ئێلیــا ســلێمان ئێلیــا شمعــون، کوڕەکــەی: دنحــا، کــچەکانی: فەهیمــە، هەنیــسە، شـــوکریە.دنحـــا ئێلیـــا ســـلێمان، کوڕەکـــانی:ئـــەمیر، نـــەبیل، ســـەمیر، ســـامی، کــچەکانی:ئــەمیرە.ئــەمیر دنحــا ئێلیــا ســلێمان:کوڕەکــەی: دانی،کــچەکانی: مەریــەم، دیانا.نەبیل دنحا ئێلیا سلێمان،کوڕەکانی: عەمانوئیل، ڕێڤان، کچەکەی: مەریەم.

سەمیر دنحا ئێلیا سلێمان، کوڕەکەی: یوسف، کچەکانی: سارا،کرستینا، شۆنێ.سامی دنحا ئێلیا سلێمان، کوڕەکانی: مۆریس، میرۆن.عەودیش سلێمان ئێلیا شمعون،کوڕەکەی: مەرقۆز،کچەکانی:ترێزە،شۆنێ، ئێلشوە.مەرقۆز عەودیش سلێمان ئێلیا شمعون،کوڕەکانی: سۆران، بۆتان، عیماد، کرستیان، کچەکانی:سوزان، ڕێزان، جوان، سازان، ڤیان، هێلن، دیلێن.سۆران مەرقۆز عەودیش، کوڕەکانی: فێدی، فیدڵ، کچەکانی:میرۆنیا، ئاریانا.بۆتان مەرقۆز عەودیش، کوڕەکانی: ستیڤان، ساڤیۆ، کچەکانی: ساڤانا، ساڤینا.عیماد مەرقۆز عەودیش، کچەکەی: ڤیان.ئوغز سلێمان ئێلیا شمعون، کوڕەکانی: سلێمان، قەرەداغ، عەبدە، سیروان، نەجیب، حەبیب، کچەکەی: بوشرا.سلێمان ئوغز سلێمان، کوڕەکانی: ساندی، ساندۆ، کچەکانی: ساندرا، سولاف.قەرەداغ ئۆغز سلێمان، کوڕەکانی:سیمۆن، فادی، کچەکانی: سالی، ڤالی، لاری، مەریەم.عەبدە ئۆغز سلێمان، کوڕەکانی:هیڤان، نیڤان.کچەکانی: نیڤین، ئەڤین، لیلیان.سیروان ئۆغز سلێمان،کوڕەکەی: ڕیکاردۆ، کچەکەی: ڕیتا.نەجیب ئۆغز سلێمان، نەوەکانی: ساری، ساجیان.حەبیب ئۆغز سلێمان، کوڕەکەی: دانی.

**ج- بنەماڵەی کەریمە زەرد:**



**(یەلدا کەریم بویا زەرد ١٩١٤- ١-١٠- ١٩٩٦)**

**کەریمە زەرد، کوڕەکانی: یەلدا، بویا، فەڕەنسی، کچەکەی: وەردێ.یەلدا کەریمە زەرد،کوڕەکانی:کەریم، عەبدلئەحەد، مەڕبێن، سبە،لازار، پۆڵس.کەریم یەلدا کەریمە زەرد،کوڕەکانی:نازم، ئاسۆ، ئارام، عەودیش، کچەکانی:خەرمان، پەیمان، نیشتیمان، ڕووناك.**

**نازم کەریم یەلدا زەرد،کوڕەکانی:عەودیش،نینف،کچەکەی:نینا.ئاسو کەریم یەلدا کەریمە زەرد، کوڕەکەی:کەریم، کچەکەی:ئەلیسا.ئارام کەریم یەلدا کەریمە زەرد، کوڕەکەی: دڵپێرۆ، کچەکانی: کەساندڕا، کارینا.عەبدولئەحەد یەلدا کەریمە زەرد، کوڕەکەی: ڕەمزی، کچەکانی:بوشڕا، ذکرا، ئەحلام، لینا.ڕەمزی عەبدولئەحەد یەلدا،کوڕکەی:مارڤن، کچەکەی: مارتینا.مەربێن یەلدا کەریمە زەرد،کوڕەکەی: ریاز، کچەکانی:شیرین، نازدار، نازەنین. ڕیاز مەڕبێن یەلدا، کوڕکانی:ڕودی،ستیڤان،**

ئیڤان،کچەکەی:ئیڤا.سبە یەلدا کەریمە زەرد، کوڕەکانی:لەیس، لوئەی، لەبیب، لەبید، کچەکەی: لەمیا.لەیس سبە یەلدە کەریمە زەرد،کوڕەکەی:مانوێل، کچەکەی: مەریەم.لوئەی سبە یەلدا کەریمەزەرد، کوڕەکەی:یەلدا، کچەکانی:سانتیا، ساڤیۆلا. لازار یەلدا کەریمەزەرد، کوڕەکانی:عودەی، سینان، سامان، کچەکەی:مەی.عودەی لازار یەلدە کەریمە زەرد، کوڕەکانی:یوسف، ڕۆژی.پۆڵس یەلدا کەریمەزەرد، کوڕەکانی:بەسام، وسام،کچەکەی: بسمە.بویە کەریمەزەرد، کوڕەکانی: جەمیل، گۆرگیس، فائق، ممتاز، هەژار،کچەکانی:زەکیە، فەخریە.جەمیل بویا کەریمەزەرد،کوڕەکانی:سەرهەد، سامان،کچەکانی:خەندە، لیندە.سەرهەد جەمیل بویا کەریمە زەرد،وەچەکانی:دارین، ئیڤان، دیلان، ئاندی.گۆرگیس بویا کەریمە زەرد، کوڕەکانی:وسام، باسل، بەسام، غەسان، کچەکانی:ڤیان، ئیفتیتان.فائق بویە کەریمە زەرد،کوڕەکانی:ساڤیۆ، ماریوس،کچەکانی: ڕیتا، ڕەوا، ڕیڤا.ممتاز بویا کەریمە زەرد، کچەکانی: وارینە، مێرنە، ماردینا.هەژار بویا کەریمەزەرد، کوڕەکەی:دانا، کچەکەی:دینا.

فەڕەنسی کەریمەزەرد، کوڕەکانی:مەجید، عەزیز، ئازاد، کچەکانی:جەمیلە، شوکریە، گەلاوێژ، گولیزار، نەجات، شیرین، شلێر.عەزیز فەڕەنسی کەریمەزەرد، کوڕەکانی:ڕێڤان، ڕەیان، ڕاکان، ڕیدان، چەکەی:ڕەنین.ئازاد فەڕەنسی کەریمەزەرد:کوڕەکانی:زینۆ، مازین، کچەکانی:شلێر، ماریانا، مالینا.

## ح- بنەماڵەی مام سبە:[٢٢]



(یوسف تۆما یوسف ١٩٠٠-١٩٦٧)

یوسف تۆما شمعون، کوڕەکانی:حەنا(شەهید بووە)، تۆما، گۆرگیس، شمعون، کچەکانی:مەریەم، خاتوون.حەنا یوسف تۆما، کوڕەکانی:صلیوە، حیکمەت، عەبدولمەسیح، حەنا، کچەکانی: نەعیمە، نازەنین.صلیوە حەنا یوسف تۆما، کوڕەکانی:هێمن، ڕیمۆن، ئیدمۆن، ڕۆمیۆ، کچەکەی:کارۆلین. ئەدمۆن صلیوە حەنا یوسف، کچەکەی: کارۆلین.حیکمەت حەنا یوسف تۆما،کوڕەکانی: ڕامسی، یوسی،کچەکەی:نانسی.عەبدولمەسیح حەنا یوسف تۆما، کچەکانی:تارا، لارا، سارا،

(٢٢)لە زۆرکەسم بیستووە کە ئەم بنەماڵەیە درەختێکی سەربەخۆنین سەربەبنەماڵەی تۆما نیسانن، بەڵام ناوی چەند پشتێکی بەرلەئێستای ئەو بنەماڵەمان دەست نەکەوت تاوەکو لەگەڵ بنەماڵەی تۆما نیسان ئاوێتەیان بکەین.

کلارا.حەنا حەنا یوسف تۆما،کوڕەکەی:مۆریس، کچەکانی: میکاڵ، مۆرین، گوڵێ.تۆما یوسف تۆما، کوڕەکانی: شابا، ئازاد، یوسف، قەشە دنحا، کچەکانی:ئاشتی، سەمیرە.شابا تۆما یوسف تۆما، ئەوڵدەکانی: ستیڤان، ساڤیۆ، ڕیڤان، تۆما.ئازاد تۆما یوسف تۆمە، نەوەکانی:ئەکای، بەشار، ئەمیل. یوسف تۆما یوسف تۆما، کچەکەی: مەریەم.گۆرگیس یوسف تۆما، کوڕەکەی:کامەران، کچەکانی:نیگار، نازدار. کامەران گۆرگیس یوسف تۆما،کوڕەکانی: لینارد، لیۆن، گۆرگیس، کچەکانی:لیدیا، ڕانیا.شمعون یوسف تۆما، کوڕەکەی:مەڕبێن، کچەکانی: فەریدە، شیرین.مەربێن شمعون یوسف تۆما، کچەکەی:غەمگین.

## ٥- مەسیحییەکانی کۆیە:




( گەڕەکی دیانان لەکۆیە)

کۆیە شارێکی دێرینی کوردستانە، بەدرێژایی مێژوو ئیسلام و مەسیحی و جولەکەی تیاژیاوە، جولەکەکان لەدوایی ساڵانی (١٩٤٨)ەوە لەکوردستانیان وەدەرنران، بەڵام مەسیحییەکان بەدرێژایی مێژوو لەم خاکەدا ژیاون و لەگەڵ خوشك و براموسڵمانەکانیان ژیانیان بەسەر بردووەو بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانی ڕۆژگاریان کردووە.لەناوشاری کۆیە هەرلەکۆنەوە گەڕەکێك بەناوی گەڕەکی دیانان هەبووە، ئەم گەڕەکە ژمارەیەکی زۆرماڵی مەسیحی تیاژیاوە، (فەهیمە سەلمان) یەکێکە لەمەسیحییەکانی کۆیە دەڵێت: ((لەبیرم دێت لەگەڕەکی دیانان زیاتر لە چل ماڵەمەسیحی دەژیا، دواتر بوون بەسی و حەوت ماڵ، بەڵام ئێستا سێ ماڵی مەسیحی

تیاماوە)).[٢٣] بێگومـان بەشـێکی ئەومالانـە، لەگەڕەکـەکانی تـری شـاری کۆیـە خانوویـان دروسـتکردووە، لەبەرئـەوەی گـەڕەکی دیانـان، بەرتەسـکەو هـەمووماڵێك ناتوانێـت گەراجی ئۆتۆمۆبیلی هەبێت و خانووەکانیش زۆر کۆنن، بەشێکیش لەمەسیحییەکانی ئەم گەڕەکە ڕویان کردۆتە هەولێرو لە عەنکاوە گیرساونەتەوە.

ئەو ماڵە مەسیحییانەی تـاوەکو ٢٠١٣ لەگـەڕەکی دیانـان ماونەتـەوە ئەمانـەن (یوسـف ئێلیـا یوسـف، یعقـوب ئیـبراهیم میخـا، گۆرگیس یوسـف)، ئێسـتا مەسـیحییەکانی کۆیـە جگە لەوسێ ماڵەی گەڕەکی (دیانان)و مەسیحییەکانی گوندی (هەرمۆتە)، بـەم شـێوەیە بڵاو بوونەتەوە، لەگەڕەکی جەمعیە (پازدە) ماڵ و لە گـەڕەکی هەیبەسـوڵتان (دە) مـاڵ و (سـی و شـەش) مـاڵی تـریش لەشـوقەکانی نزیـك زانکـۆ ژیـان بەسـەردەبەن، واتـە بەهەمووی (پەنجاوحەوت) خێزانی مەسیحی لەناو مەرکەزی شاری کۆیەهـەن. ژمـارەی مەسـیحییەکان لەسـنوری شـاری کۆیـە تاسـاڵی (٢٠٠٤) کـەم بـوو، بـەڵام دوای ڕوخـانی ڕژێمی بـەعس ژمارەیـەکی زۆر لەمەسیحییەکانی بەغـدا کەبەرەچـەڵەك خـەڵکی کۆیـە بـوون گەڕانـەوە شـارەکەی خۆیـان، تـا ٢٠١٣/٤/١ ژمـارەی مەسـیحییەکانی کۆیە(٢٦٦)کەسبووە[٢٤]. مەسیحییەکانی کۆیـە لـەپاڵ پیـشەکانی تـر لەکۆنـەوە خـەریکی مووڕێسی بـوون، مووڕێـسی (خـەڕەك) مێژوویـەکی دێرینـی هەیـە لـەم شـارەدا زیـاتر پیشەی مەسیحییەکان بووە، بەتایبـەتی هاوینـان لـەناوڕەزی کۆیـە و لەحەوشـەی مـاڵان

---

([٢٣])چاوپێکەوتن لەکەڵ فەیمە سەلمان،٢٠١١/٩/٢٠.

([٢٤])ژمارەی مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە (٤٣٧) کەسە؛ هی کۆیەش (٢٦٦)کەسە، تێکڕای مەسیحییەکانی سنوری کۆیەلەساڵی ٢٠١٣، (٧٠٣) کەس بووە، گوندی هەرمۆتە (٩٩)ماڵی مەسیحی لێیە، ناوشاری کۆیەش (٥٧)خێزانی مەسیحی تیایدادەژیێ، تێکڕای خێزانەمەسیحییەکان تاساڵی ٢٠١٣، (١٥٦)ماڵ بووە.

و لەشوێنەسێبەرەکان سەرقاڵی ئەم پیشەیە بوون، لەگەڕەکی دیانان گۆڕەپانێك هەبوو ئەویش یەکێك بوو لەوشوێنانەی ئەم پیشەیەی لێ ئەنجام دەدرا، ئەم پیشەیە تاساڵی (٢٠٠٠) لەکۆیەمابوو، بەڵام بەڕێژەیەکی بەرچاو کەم بووبووەوە، چونکە باروگوزەرانی خەڵك گۆڕاو زۆربەیان پیشەی تریان هەڵبژاردو کارەکەش برەوی نەما، تاساڵی (٢٠٠٠) ئەمانەی بەم پیشەوەخەریك بوون ئەمانەبوون:(نیاز یوسف، زیاد یوسف، ئاراس ئیبراهیم، عیماد گورگیس، شاخەوان سەباح، ساکار جەمال)، ئیتر لەم مێژووە بەدواوە ئەم پیشەیە بەتەواوەتی لەناوچوو. هەتا دەزگاوکەل و پەلەکانی پیشەکەشیان نەماو کردیانە دیاریی مۆزەخانەکانی کوردستان.




مەسیحییەکانی کۆیە لەدێرین زەمانەوە لەگەڵ گوندی هەرمۆتە پێوەندییەکی پتەویان هەبووەو ژن و ژن خوازیەکی زۆریان لەنێوان هەبووە، بەشێکیش لەمەسیحییەکانی کۆیە لەگوندی هەرمۆتەوە چووینەتە شار و لەوێ ژیاون، مردووەکانیشیان لەدێرین زەمانەوە لەگۆڕستانی هەرمۆتە ناشتووە.

# شوێنەوارو کلیساکان

## ١- شوێنەواری مەڕبێنە قەدیشە:




(دەروازەی مەربێنە قەدیشە ١٩٨١)




(دوای ساڵانی ١٩٨٨ خەڵك دەچوونە زیارەتی)

مەڕبێنە قەدیشە یەکێکە لەشوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان، هەر لەدێر زەمانەوە مەسیحییەکانی کۆیەو هەرمۆتەو شوێنەکانی تری کوردستان و عێراق ڕویانتێکردوە، لەنێو موسڵمانەکانیش بەناوی (شێخ محەمەد)یان(شێخ محەمەدی دێرێ) ناوبراوە. سەبارەت بەمێژووی دروستکردنەکەشی سەرەتا دەبێ لەوەوە دەستپێبکەین کەئاینی مەسیحییەت کەی لەکوردستاندا بڵاو بۆتەوە. ئاینی مەسیحی لەوناوچانەدا بڵاوبۆوە کەلەژێر ڕکێفی فەرمانڕەوایی ساسانییەکاندا بوو، هەر لەسەدەی یەکەمدا ئاینی مەسیحی لەناوچەکانی خۆرهەڵاتدا بڵاو بوەتەوە بەتایبەتی لەناوچەکانی ئاقاری ڕەها ( ئورفەی ئێستا ) و ناوچەکانی خوارووی تورکیاو عێراق و ناوچەکانی هاوسنور لێیەوە، سەرەتاکانی ئەم نووسراوانەی مەسیحی لەو وڵاتانەدا دەگەڕێتەوە بۆ مزگێنیدەر( تۆما ) یەکێك لەقوتابیانی مەسیح بوو، لەساڵی ( ٥٢ )ز گەشتێکی بۆ هیندستان کردووەو لەو گەشتەیدا بەکوردستاندا تێپەڕیوەو دانیشتوانی ئەو ناوچانەشی بۆسەر ئاینی مەسیحی بانگهێشت کردووە، هەروەها نێردراوەکانی تری وەکو ( ئەدی، ئەجی، ماری، ئەحەی [٢٥] ژمارەیەکی تریان بۆ بڵاو کردنەوەی ئەم ئاینە هاتوونەتە کوردستان.

وەك ئەرکێکی ئاینی هەرئاینێك لەهەرشوێنێك بڵاوبێتەوە پەرستگای لێ دروستکراوە، دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیش لەکوردستاندا کلیساو دێر دروستکراوە، کلیسا زیاتر بۆ نوێژکردن و کۆبوونەوەی خەڵك و خواپەرستی بووە، (دێر)یش زیاتر بۆ پەروەردەکردنی ڕەبەنەکان بووە؛ ئەوکەسانەی کەژیانیان بۆ

---

([٢٥])ڕزگار جەمال، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحی لەکوردستاندا، ڕ.کاکێشان ژ(٢) بڵاوکراوەیەکی پاشکۆی کوردستانی نوێیە، ساڵی نۆزدەهەم، ژ( ٥٢٧١ )، چوارشەم، ١ / ٩ ٢٠١٠، ل ١٠.

دونیایـەکی تـر هـەڵگرتووەو تـەرکی دونیایـان کـردووەو ژنیـان نـەهێناوە خـەریکی خواپەرستی بوون. ئەگەر سەرنج بدەینە سەرجەم دێرەکان دەبینین لەشوێنی بەرز دروستکراون بۆ نموونـە؛ دێـری (ڕەبـەن هورمز) لەموسڵ کەلەشوێنێکی بـەرزی سـەر ترۆپکە شاخێکی نزیك موسڵ دروستکراوە، هەروەها دێری ( شێخ مـەتێ ) دەکەوێتـە ناوچـەی موسڵ و لەشوێنێکی بـەرز دروستکراوە، دێـری (ڕەبـەن بویـا )لەقـەد چـیای سـەفین دروستکراوە، زۆری تـریش لـەم دێرانـە لەشوێنی چۆڵ و عاسێ دروستکراون، هۆکارەکەشی ئەوەیـە: یەکـەم ڕەبەنـەکان حـەزیان بەگۆشـەگیری و تـەنیایی کـردووەو ژنیـان نـەهێناوەو بـەردەوام خـەریکی خوێندنـەوەی ئینجیـل و کتێبـە ئاینیـەکانی تـرو لێکۆڵینـەوەی ئـاینی و خـەریکی نوێـژکردن بـوون؛ پێیـان وابـووە وەك چـۆن کـاتی حـەزرەتی مەسـیح ویـستویەتی بیربکاتـەوە شـوێنی چـۆڵی هەڵبـژاردووە، ئـەوانیش حەزیان بەتێکەڵ بوون نەبووە، لەگەڵ سروشت ئاشنا بـوون، سروشـت بـەو جوانییـەی هەیەتی، ئەو سروشتەی کـەدەنگی جۆرەهـا باڵنـدە و هـاژەی ئـاو و ئاسمـانێکی بێگـەردو ساف، سروشتێك دوور لەدەنگە دەنگ و جەنجاڵی، ئەوان حەزیان بەتێکـەڵی نـەکردووە، وەك زۆر لەسـۆفییەکانی ئاینـەکانی تـر کـاتێ دەچـنە خەڵوەتـەوە بـۆ بیرکردنـەوە، بۆنموونە لەئاینی ئیسلامدا بـۆ زیکری خـواو توانـەوە لەعەشقی خـودا، ئـەو سروشـتە جوانەیان هەڵبژادووە کەخودا دروستیکردووە.

وەك بابە تاهیری هەمەدانی دەڵێت:

بەدەریا بنگەرم دەریا توویىنم

بەسەحرا بنگەرم سەحرا توویىنم

بەهەرجا بنگەرم كەهو دەرو دەشت

مەگەر ئان ڕووی زیبای توویىنم

بابا تاهیر وەك خوا ناسێك و سۆفییەكی سەربەیارسان ئەوەتا خودا لەهەموو گۆشەیەكی سروشت دەبینێت لەنێو دەریاو لەنێو سەحراو لەنێو دەرو دەشت و هەموو شوێنەكانی تر. كەواتە ئەو تێروانینە هاوبەشەی نێوان سۆفییەكان و ئەوانەن كەوا لەنێو عیشقی خودا دەتوێنەوە، جا سەربەهەر ئاینێك بن ( حەلاج ) كەلەسەر ئاینی ئیسلامەو بابا تاهیر یارسانە، ڕەبەنە مەسیحیەكانیش هەمان تێروانینیان هەیە بۆ گەیشتن بەخوداو بۆ توانەوەو گەیشتن بە(فەنا) و نزیكبوونەوە لەعیشقی خودایی.

هۆی دووەم:- ئەو (دێرانە) لەشوێنی بەرز و عاسێ دروستكراون، مژدەدەرانی ئەم ئاینە لەترسی كوشتن و لەناو بردنیان ڕوویان كردۆتە ئەو شوێنانە، چونكە كاتێ ئاینی مەسیحی لەكوردستان بڵاوبوەوە لەلایەن ئاین و ئاین زاكانی ترەوە بەربەرەكانی كراوە.دێری مەربێنە قەدیشە كەلەشوێنێكی بەرز دروستكراوە و سەرچاوەی ئاوەكەشی ڕووبارە ئاوێك بووە و كانی و كانیاوی زۆر لەسنورەكەدا هەیە، لەساڵی ( ١٩٧٠ )كان بەردەنووسێك لەنێو دیوارەكەی دۆزراوەتەوە بەئەلف و بێی ( سریانی ) نووسراوەو تیایدا ئاماژە بۆئەوە كراوە كە ( ٧٠٠ ) حەوت سەد ساڵ بەر لەئێستا ئەم دێرە لەلایەن (كێخوائۆغان) كە كێخوای گوندی هەرمۆتە بووە نۆژەن كراوەتەوە، ئەم

بەردە نوسەش قەشە ( مەتی کۆسا )دۆزیویەتەوە کەلە سالآنی حەفتاکان قەشەی هەرمۆتەو کۆیە بووە، سەرەتا یەك دوو پیتی سریانی دۆزیوەتەوە لەسەر بەردەکە دواتر( گەچی ) سەربەردەکەی هەڵکەندووەو نووسراوەکە بەتەواوەتی دەرکەوتووە، خەڵکی زۆر ئەم نووسینانەیان بینیوەو خوێندویانەتەوە، بەداخەوە کاتی ساڵی (١٩٨٨) لەلایەن ڕژێمی بەعس لە ئەنفالەکان تەقێندرایەوەو کاول کراو بەردە نووسەکەی ناو دیوارەکەش لەگەڵ ئەو تەقاندنەوەیەو فەوتا، هەر لەزەمانی کۆنەوە خەڵك ڕوویان لەو مەزارە کردووە بەتایبەتی مەسیحییەکان هەفتەیەك دوای جەژنی ( قیامە ) کەدەکەوێتە وەرزی بەهار جەژنی مەڕبێنە قەدیشە کراوەو خەڵك هەم بۆ سەیران هەم بۆ مەراسیمی ئاینی ڕویانتێکردووە.

سالآنەش لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی هەرمۆتە لەوەرزی پاییزدا بەقور سەربانەکەیان سواغ دەکرد تا سالآنی ( ١٩٨٠ )ئەم کارە بەردەوام بوو، پاشان سەری چیمەنتۆ کرا، لەو بارەیەوە مامۆستا یوسف شمعون وتی: (( پارەیەکی باشمان لەمەسیحییەکانی کۆیەو هەرمۆتە و بەغدا بۆ کۆکردەوە، بۆئەوەی سەری بکەین بەچیمەنتۆ ئەو ڕۆژەی کەکردمانە چیمەنتۆ (عەقید محمەد) هات زۆر توڕە بوو وتی:(( بعد لتجون تریدون تسوها مقر للمخربین ))[٢٦]، چونکە ئەوکاتی دوای سالآنی هەشتاکان کاتێ پێشمەرگە لەچیاوە دەهاتنە خوارێ لەنێو مەڕبێنە قەدیشە دەمانەوەو ئاگریان دەکردەوەو خۆیان گەرم دەکردەوەو تیایدا دەنووستن، حکومەتی بەعس هەستی بەمەکردبوو، مامۆستا یوسف شمعون وتی:(( ئێمەش ڕۆیشتین و خەمی ئەوەمان بوو ئەو دێرەمان چیمەنتۆ کردوەو ئەگەر ئاوی نەدەین کەڵکی نابێت،

---

([٢٦])دیدەنی توێژەر لەگەڵ( یوسف شمعون)، چوار شەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٠/٩/٢٢.

بۆیە لەڕێگا دوو جاشم بینی دیاربوو یەکێکیان منی ناسیەوە کاتی خۆی مامۆستای بووم، چاك و خۆشی لەگەڵ کردم و ڕجام لێکرد هەرچۆنێك بێ سبەینێ یەکجار چەمەنتۆکە ئاوبدات، چونکە ئێمە لەلایەن (عەقید محمد) تەهدید کراین، ئەوەبوو جارێك لەلایەن کەسی ناوبراو ئاو دراو بۆ ڕۆژی دوایی خواکردی بوو بە باران و ئیتر پێویستی بەئاودان نەما ))[٢٧].

دوای تەقاندیەوەی بەکەلاوەیی مایەوە، بەڵام خەڵك هەر سەردانیان دەکردو لەشوێن گۆڕەکەی مۆمیان دادەگیرساند، لەساڵی ١٩٩٦ لەلایەن ( عەمان یەعقوب باسل ) کە لەمانگی شەش تاکو مانگی دوانزە، لەماوەی شەش مانگ لەسەر بناغەی خۆی بەهەمان شێوەی جاران دروستکرایەوە، لەکاتی هەڵکۆڵینی بناغەکان و پاکردنیان بۆ مەبەستی دروستکردنەوەیان چەند پارچە پیتێکی سریانی لەسەر پارچە بەرد دۆزرایەوە بەداخەوە هەرچەندە پارچە بەردەکان دەخرانە تەنیشت یەك نووسراوەکە بەدەرنەدەکەوت، جا نازانم هەر ئەو بەردەی قەدی دیوارەکە بووە دوای تەقاندنەوەی وردو خاش ببوو، یان بەردی تربوو. لەئەنجامی هەڵکۆڵین چەند بناغەیەکی تر دۆزرایەوە کەبەتەنیشت بناغەکانی تر بوو لەگەڵ کونێك کەبەبەرد چنرابووەوە، بەڵام ئەو کەسەی کەدەستی بەدروستکردنەوەی ئەو دێرە کرد تەنها ئەو بناغەی دروستکردەوە کەلەساڵانی هەشتاکان هەبوون و ئەوانی تری وازلێهێنان، بەتەنیشت بناغەکانیشەوە ئیسك و پروسکێکی زۆری ئادەمیزاد هەبوون کەئەوەش دەلیلی بوونی قەبرستانێکی زۆرە لەو ناوچەیەدا. دەوروپشتی مەربێنە قەدیشە هەمووی گۆرستان بووە، بوونی کێلە قەبرەکان بەڵگەی ئەمەن.

---

([٢٧])س.پ.




(٢٠٠٦ لەکاتی نۆژەن کردنەوەدا)

کاتێ ساڵی ( ٢٠٠٦ – ٢٠٠٩ ) فراوانکراو نۆژەن کرایەوە. بەهۆی ئیشکردنی شوفڵ تیایدا تێکدراو زۆر گۆزەو تەنورو چاوان و ئیسك وپروسکی ئادەمیزاد دۆزرایەوە، فەرمانگەی شوێنەوار نەدەبوایە ڕێگای بدابایە ئەم شوێنە دێرینە بەم شێوەیە ئەتك بکرێت، دەبوایە تیمی بۆ دابنرێ پسپۆری تایبەت بێت و بەشێوەیەکی زانستی کنەوپشکنینی بۆبکرایە بۆئەوەی ئەو کەل و پەلانە نەشکێن و لەناونەچن، لەو ساڵەشدا بەردێك و جەند شتێکی تر دۆزرایەوە، بەردەکە خاچێکی لەسەر هەڵکۆڵدراوە، ئێستا لەلایەن (کاوە ئیبراهیم )ە.




(ئەم بەردە خاچ لەسەرهەڵکۆڵدراوە لە ساڵی٢٠٠٦ دۆزراوەتەوە)




(لەکاتی نۆژەنکردنەوەی لەساڵی ٢٠٠٦ لەژێرزەوی مەربێنەقەدیشە دۆزراونەتەوە)



( لەکاتی نۆژەنکردنەوە لەمەربێنە قەدیشە دۆزراوەتەوە)



(گۆڕێکی لەشاخ تاشراو )

بێگومان شوێنەوار بەهێزکردنی مێژووە و بەڵگەی پێدەدات، دەبوایە شورەیەکی بە گەچ یان کەرپووچ بۆدروست بکرابایەو بینایەکەو گۆڕستانەکە لەنێو ئەم شورەیە بوایە دەرەوەی شورەکەش بکرابایە بەپارك باشتربوو، بەداخەوە زۆر شت لەبن زەوی ئەو ناوچەیە هەبوو شکاو لەناوچوو زۆر شتی تریش ماوە کنەو پشکنینی بۆنەکراوە، چونکە زۆر شت هەیە لەقوڵایی چەند مەترێکە، لەدەروازەی چوونە ژوورەوەی مەربێنە قەدیشە بەلای دەستە ڕاست تونێڵێك هەبوو کەکەسێك دەیتوانی بەزگە خشکە (زحف) بچێتە ناوی، کەدوای چەند مەترێك تەپیبوو، دەبوایە کنەو پشکنین بۆ ئەم تونێڵە بکرێ بۆئەوەی بزانرێ بۆ کوێ دەچێت، ئایە کۆگا بووە لەبن زەوی؟ یان چی بووە؟ هەڵکەوتەی شوێنەکە ئەوە هەڵناگرێ بڵێین بۆ ئاو دروستکرابێ، چونکە ڕووبارو ئاوەکان دەکەونە پشتەوەی بیناکە نەك لای پێشەوەی.



(دوای نۆژەنکردنەوە)

ئەرکیۆلۆجیا ( شوینەوارناسی ) لەچەند ڕوییێکەوە لەشوێنێکی دێرین دەکۆڵێتەوە.

١.ڕێگەی جیۆلۆجی:- بۆ زانینی تەمەنی بەردەکان و پاشماوەی مرۆڤەکان و.....

٢. زیندەوەر زانی:- ڕوەك

١. سەیری پێکهاتەی بیناکە بکەن هەر لەکۆنەوە بەبەردو گەچ دروستکراوە ئەوەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێستاش لەنێو شاخ و داخ و گردو تەپۆلکەکانی کۆیە کانگەی گەچی زۆر هەیە، هەموو شوێنەوارەکانی کۆیەش بەقسڵ و گەچ و بەردەو سەقفەکانیشیان شێوەی گومبەت دروستکراوە، بۆ نموونە: خانی کۆیە، قەیسەری کۆیە، قەیسەری گوندی قەیسەریان، قشڵەی کۆیەو ئاشەکان و...، واتە ئێمە سەیری قەڵای هەولێر بکەین بە کەرپوچ ( طابوق ) دروستکراوە، دەتوانین بڵێین زیاتر لە چەند هەزار ساڵە گەچ لەکۆیە بەکارهاتووە بەڵگەشمان ئەو شوێنەوارو ئەو خانووە کۆنانەی ئاغاو دەوڵەمەندەکانی شارەکەیە کەبەقسرو گەچ دروستکراون.لەنزیك مەربێنە قەدیشە دو ئاشی ئاو هەیە کە کەوتوونەتە دۆڵێکەوە تا ئێستاش پاشماوەیان ماوەو بەگەچ و بەرد دروستکراون.

٢. بوونی بنە زەیتونێکی کۆن لەنێو حەوشەی مەربێنە قەدیشەدا، پرسیاریی بەساڵاچوانی زەین ڕوونم کردووە کە ئەو زەیتونە کەی چێنراوە ئەوانیش لەباپیرەی خۆیان پرسیوە باپیرەشیان لەپێش خۆیان پرسیوە نەیانزانیوە مێژووەکەی بۆکەی دەگەڕێتەوە، واتە تەعقیبی ( ٤٠٠ ) ساڵم بۆ کردووە. من لەو بڕوایەدام لەوەتەی ئەم دێرە دروستکراوە ئەو زەیتونەش هەیە، چونکە زەیتون یەکێکە لەو درەختانەی تەمەنی زۆر درێژە بەهەزاران ساڵ دەمێنێتەوە، کاتێ لقێکی پیر دەبێت و دەشکێت چەندان نەمامی تر لەکۆلکەکەیەوە سەر دەردێنن، کەواتە درەختێکی بەتەمەنە، لەزۆربەی کلیساو دێرەکان درەختی زەیتون دەچێنرێت لەبەر چەند هۆیەك:-

١. وەك درەختێك لە ئینجیل باسكراوە كە زەیتون درەختێكی پیرۆزە، لەقورئانیش ناوی هاتووە.

٢. ساڵانە یادی جەژنێك دەكرێتەوە لەكلیسا بەناوی ( عۆشانا )[٢٨]، چونكە حەزرەتی مەسیح كاتێ چووەتە ئۆرشەلیم خەڵك بە چڵە زەیتون پێشوازیان لێكردووە.



(وێنەی ڕێ و ڕەسمی عۆشانا)

لەڕووداوەكەی تۆفانی نوحیشدا كاتێ كۆترەكە گەڕاوەتەوە چڵێ زەیتونی بەدەنوكەوە بووە، كە نیشانەی ئاشتی و ئاوەدانی و نیشتنەوەی لافاو بوو، واتە ساڵانە دوای ئەوەی چەند باوەشتێك چلە زەیتون دەبەن بۆ كلیساو نوێژی جەماعی لەسەر دەكەن دەپارێنەوە چڵە زەیتونەكان تەقدیس دەكرێن و هەر كەسەو چەند دانەیەك لەچڵە زەیتونەكە دەباتەوەماڵەوە؛ كەنیشانەی بەرەكەتە خەڵك پێیان خۆشە لەماڵەوە هەیان بێت، یان لەنێو دەغڵ ودان دەیچەقێنن بۆ ئەوەی خودا بەرەكەتی زیادبكات.

---

([٢٨]) عۆشانا، عوسانا: وشەیەكی ئارامییە بەواتەی، گەورەكردن، ڕێزلێنان دێت.

٣. پێویستە ڕۆنی زەیتون بەبەردەوامی لەکلیساو دێڕەکاندا هەبێت، ئەم ڕۆنەش پیرۆز دەکرێت و لەسێ شوشەی جیا هەڵدەگیرێت، هەر شوشە ڕۆنێك بەجیا تەقدیس دەکرێت ئەم ڕۆنەش بۆ (تەعمیدکردن) بەکاردێت پێی دەڵێن ( مشخت میرۆن ) کەمێك لەڕۆنەکە دەخرێتە ناو ئەو ئاوەی کەمنداڵەکەی پێ تەعمید دەکرێت، کاتێ کەمنداڵەکە شوراو تەعمیدکرا ( قەشە ) بەپەنجەی نەختێ ڕۆن لەنێوچەوانی منالەکە دەدات، ئەم ڕۆنە زەیتونەش مانای ڕۆح دەبەخشێت.

٤. کاتێ کەسێ لەسەرە مەرگ دەبێت یاخود نەخۆش دەکەوێت قەشە دوای ئەوەی چەند ئایەتێك لەسەر نەخۆشەکە دەخوێنێت کەمێك لەم ڕۆنە زەیتونە لەنێوچەوانی نەخۆشەکە دەدات بۆئەوەی بۆی ببێتە شیفا یاخود لەدوارۆژ خودا پاداشتی بداتەوە.

کەواتە لەبەر ئەو هۆیانە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان درەختی زەیتون و کلیسا و دێرەکان هەر لەبەر ئەوەشە ئەو بنە زەیتونە لەو دێرە چێنراوە ڕەنگە لەکۆندا زۆر زەیتون چێنرابێت لەدەرەوەی ئەم دێرە، بەلام سوتاون و لەناوچوون و ئەوبنە ماوەتەوە، زەیتونیش بەدێمی دەبێت و وشك نابێت.

لەبارەی میتۆلۆجیاو خەیاڵەوە:

میتۆلۆجیا چووەتە ناو هەموو بوارەکانی ژیان، مێژوو ئەدەب ئاین زانست... هتدبۆیە چەند بۆچونێکی خەیاڵاوی لەبارەی مەربێنە قەدیشە هەیە باسیان دەکەین:

١-لەناو خەڵك واباوە کە ئەفسانەی دروستکردنی ئەم دێڕە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مەربێنەقەدیشە خوشکەکەی ناوی ( سارا ) بووە، تونێڵێك هەبووە لەبن زەوی خوشکەکەی لەتونێڵکەوە ئاوی بۆ براکەی ( مەربێن )هێناوەو دروستیانکردووە، ئاوەکەشی ناوی ( دەرماناو)ەو دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی مەربێنە قەدیشەو نزیکەی دوو کیلۆمەتر لێیەوە دوورە، خەڵك کەسەردانی مەربێنە قەدیشە دەکەن زۆر کەس هەیە

سەردانی دەرمانـاویٚ دەکـات و لـەوێش دوعـا دەکـەن و کـەمێك لەئاوەکـە دەخۆنـەوەو زۆرجاریش بۆماڵەوەی دەهێننەوەو دەیدەن بەنەخۆشەکان.

٢- لـەزۆر کەسـم بیـستووە کـەدەڵێن ئێمـە شـەبەحی(تارمـایی) مەربێنـە قەدیـشەمان بینیـوە، کەسـێك گێڕایـەوە وتـی ئێمـە چـوار کـەس بـووین لـەبن دار زەیتونەکـە بەبـەرگێکی سـپی بینیمـان لـەپڕ لەبـەر چاومان ونبـوو.چـەند کەسێکی تـر بـەجودا بینیویانـە، عـەباس ئەحمـەد مـەحمود، ئیـسلامەو ساڵی ٢٠٠٧ لـەناو مەربێنـە قەدیـشە پاسـەوان بـوو دەڵێ: ((شـەوێ بینـیم بەبـەرگێکی سپی درەوشـاوە لەبیناکـە هاتـە دەرێ سـەیرم کـرد سـەراپای جلـەکانی سـپی بـوون و ڕیـشی سـپی سـەری سـپی و سـپیەکی درەوشاوە منیش ترسام تا ئەوکاتە باوەڕم پێی نەبوو، بەڵام کەبینیم زۆر ترسـام بـانگم کرد (یاسین یاسین) یاسینی بـرام نوسـتبوو لەوسـاتە مـن هەرتەماشـام دەکـرد بێئـەوەی ڕابکات هەنگاو بهاوێت لەپڕ ون بوو))[٢٩].

شەماشـە عـەممان ڕۆژێـك گوێی لەدەنگـە دەنگێـك دەبـێ وەك خوێندنـەوەی کتێـب و نووسراوێك کاتێ لەدەروازەی یەکەم دەرگای مەربێنە قەدیـشە داخیـل دەبێـت کەسێکی ڕیـش سـپی و سەرسـپی و کەتـەواو جلـەکانی سـپی بـوون و نـاو دێرەکەشـی ڕوونـاك کردبــووە، ســەلامی لێکردبــوو وردە وردە بــەدوای داچــووبوو تاگەیــشتبووە نزیــك مەرقەدەکـە کـە ژورێکـی داخـراوە لـەو ژورە داخـراوەدا لەبـەر چـاوی ون دەبـێ، کـاتێ کەدێتەوە ماڵەوە تاولەرز دایـدەیگرێ و زۆر دەترسـێ دەڵـێ: مـن دەمـرم کـەمردم لـەبن دارزەیتونەکەی مەربێنـە قەدیـشە بمنێـژن، دوای سـێ ڕۆژ دەمرێـت و لـەوێ دەینێـژن!، ئەم ڕووداوە لەساڵانی ١٩٦٠تەکانەوە ڕوویداوە، کەسم بینیوە دەڵێ لـەبن دار زەیتونەکـە مـەربێن قەدیـشە دانیـشتوەو بـەجلکی سـپی کتێبـی دەخوێنـدەوە... هتـد. ئەمـەش ڕای ئەوکەسـانەیە کـەدەڵێن بینیومانـە، واتـە مەسـیحی و ئیـسلام پێیـان وتـوم بینیومانـە،

---

([٢٩])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(عەباس ئەحمەد مەحموود)،کۆیە،٢٠٠٧.

منیش بۆ ئەوەی لەهەموو بوارەکانەوە لەسەر مەربێنە قەدیشە بنووسم حەزم نەکرد ئەم بوارەش فەرامۆش کەم، ڕەنگە هەندێ کەس باوەڕی بەو خەیاڵاتانە نەبێت، بەڵام زۆر کەس باوەڕی بەجن و بەدەرکەوتنی ئەو شتانە هەیە.

## لەڕووی پێوانەیی بیناکە:

پانی بیناکە(١٣) م، درێژی(١٣ )م، واتە شێوەی چوارگۆشەیی وەرگرتووە هەموو بیناکە (١٦٩)م چوارگۆشەیە، بەرزی(٣,٥ )سێ مەتر ونیوە، پانترین دیواری (٢٨٠) دوومەترو هەشتا سانتیمەترە، بەرتەسکترین دیوار (٩٥) سەنتیمەترە.

## ٢- دێرە گچکەلە:




دێرە گچکەلە دەکەوێتە زەویەکی فراوانی باکوری ڕۆژئاوای گوندی هەرمۆتەو چەند هەنگاوێك لە هەرمۆتەوە دوورەو ئاسەوارو بناغەی چەند کلیسایەکی لێماوە، بۆیەش هەر لەکۆنەوە بەدێرە گچکەلە ناوی دەرکردووە، چونکە دێرو کلیسای لێبووە، پێکهاتەی زەویەکەی بەزۆری غەرەبەردوو کوچەك و کەڵەکە، واپێدەچێت لەکۆندا هەموو خانوو بووبێت دوای شەڕو کوشتارو تێپەڕبوونی زەمان دارو دیوارەکان بەسەریەك دارماون؛ بەڵام ئەوەی بەئاشکرا دیاربێت ئاسەواری بناغەی دوو کلیسا بەدی دەکرێت کەبە قسل و گەچ دروستکراون، یەکێکیان شێوەی چاڵێکی وەرگرتووەو تەپیوەتە ناویەك تەنانەت تا ئێستاش لەناو خەڵك ناوی ئەم دوو کلیسایە پشتاوپشت ماوەتەوەو بەناوی ( مار میخائیل )و (ماریۆسب). ئاسەواری ئەم دوو کلیسایەش تا ئێستا کنەو پشکنینیان بۆ نەکراوە، هەر لەدەورو بەری دێرە گچکەلە لەساڵی ١٩٩٤ گۆسکەیەك دراو دۆزراوەتەوە، بەدەرکەوت ئەو دراوانە مێژووەکەیان بۆ سەردەمی حوکمڕانی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە.




(ئەم پارچە ئاسەوارانە لەدێرەگچکەلە دۆزراونەتەوە)



(ئەم وێنەیە لەسەر پارچە گۆزەیەك نەشاوە- لەدیرە گچکەلە دۆزراوەتەوە)

((مێژووی دەوڵەتی ساسانییەکان بۆ ٢٢٦ پ.ز تا ٦٥١ ز دەگەڕێتەوە، لەسەر دەستی ئەردەشێری یەکەم دامەزراوەو حوکمڕانی ئێران و ئەو ناوچانەی کوردستانی کردووە))[٣٠]




(پارەی سەردەمی ساسانییەکان لەدێرەگچکەلە دۆزراونەتەوە)

تا ئەو کاتیش ئەو دراوە لەو ناوچەیە بەکارهاتووە، جگە لەدۆزینەوەی نەختێ کەل و پەلی دێرین کە زۆربەی شکابوون وەك گۆسکەو قەننەو سبیل، چەند پارچە گۆسکەیەکی نەخشکراو کە وێنەی ئەسپیان لەسەر کێشراون.

(٣٠)مجموعة من الؤلفين، المنجد في اللغة واللآعلام، دار مشرق، بيروت، ١٩٨٦، ص٣٤٤

## ٣- مەڕبێنە قەدیشەی دارەبەنێ:




(بن ئەم درەختانە چاکی دارەبەنێیە)

ئەم چاکە نزیکەی یەك کیلۆمەتر لە دێرە گچکەلە دوورەو دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای گوندی هەرمۆتە. بەوەش ناوەکەی لە( مەربێنە قەدیشە) جیادەبێتەوە کە ئەمەیان بە( مەربێنە قەدیشەی دارەبەنێ)ناوی دەرکردووە، هەر لەکۆنەوە مەسیحییەکانی هەرمۆتە سەردانیان کردووە، هەرچەندە بینایەو خانووی نییە تەنها چەند قەبرێك لەم ناوچەیە هەیەو لەگەڵ درەختێکی زەیتون و دوو درەختی توو، خەڵك دەچن دوعاو نوێژی لەسەر دەکەن و مۆمی لەسەر پێدەکەن.

## ٤- مەرشموونی ( مارت شمونی ):




ئەمەیان دەکەوێتە باکوری ڕۆهەڵاتی هەرمۆتە نزیکەی چارەگە کیلۆمەترێك لێیەوە دوورە، بەتەنشتییەوە گۆرستانی لێیە بەگۆرستانی مەرشمونی ناسراوە، ئەمەشیان خەڵك سەردانی دەکەن و مۆمی لەسەر پێدەکەن شوێنەکەش هەمووی جێگای قەبری کۆنە.

## ٥- كليساى مەريەمەى پاكيزە لەهەرمۆتە:




(كليساى مەريەمەى پاكيزە لەهەرمۆتە)

ئـەم كليـسايە لـە سـالّى (١٨٦٨ ) لـە گونـدى هەرمۆتـە دروسـتكراوە, درێـژى يەكـەى (١٨,٥٠) سـتم, پانيەكەشـى (٧,٤٠) سـتم, بـەرزى ديوارەكـانى لـە ديـوى ژوورەوە (٣,٩٨) ستم, پانى ديوارى كليـساكە (١١٠)سـم, بـچووكترين دينگـەى (٤٧)سـتم, پـانترين دينگـەى (١٤٥)سـتم, ئـەم كليـسايە لـەكاتى خـۆى بـە بـەردو گـەچ دروسـتكراوە, سەرەكەشـى بەگومبەت هاتۆتـەوە, حەوشـەى كليـساكەش گۆڕسـتان بـووە, بـەلاّم لـە سـالّى (١٩٧٩) لـە سـەر دەسـتى قەشـە(مـەتێ كۆسـە ڕەبـان) نـۆژەن كراوەتـەوە و گومبەتەكـەى سـەرى تێكدراوە و چيمەنتۆ كراوە. گۆڕەكانيش چيمەنتۆ كراون و كێلە قـەبرەكان ئاسـەواريان نـەماوە و لابـراون. لەسـالّى (٢٠٠٩) ديـسان نـۆژەن كراوەتـەوە و لـەڕووى ديزاينيـشەوە ناوەوەى بيناكە هەندێ دەستكارى كراوە.

**ئەو قەشانەی کە خزمەتیان تیا کردووە و ناویان تۆمار کراوە:**

ئـەو ناوانـەی لـە دەفتـەری (تەعمیـد )داهـەن کـە دەفتـەرێکی کۆنـەو بـۆ سـاڵی (١٩١٩) دەگەڕێتـەوە، ژمارەیـەك لەقەشـەکان ماوەیـەکی کـەم و ژمارەیەکیـشیان، ماوەیـەکی زۆر ماونەتەوەو ئەمانەن: قەشە (ئەنتوان تۆمـا ) لـە سـاڵی (١٩١٩ - ١٩٤١ ) خزمـەتی کلیـسای هەرمۆتەی کردووە، ساڵی (١٨٧٩ ) لـە هەرمۆتـە لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی (١٩١٧) بـووە بـە قەشـە, لـە سـاڵی (١٩٤١) کۆچـی دوایـی کـردووە و گۆڕەکـەی لـە نێـو حەوشـەی کلیـسای هەرمۆتەیـە.قەشـە (صـلیوە ڕەسـام ) لەساڵی(١٩١٩) بـۆ ماوەیـەك هاتۆتـە هەرمۆتـە زۆر نەماوەتەوە. قەشە (گۆرگیس مـەتیّ) (١٩٤١- ١٩٤٣ ). قەشـە (ئێلیـا مرقـوس) کـە خـەڵکی تـسقۆب بـووە، سـاڵی (١٩٤٣) هـاتووە و زۆر نـەماوە تـەوە. قەشـە (ئلیـاس دێڕایـا ) سـاڵی (١٩٤٤- ١٩٤٦). قەشـە (پـەولۆس عەبـدۆکا) لـە (١٩٤٧/١/١- ١٩٤٧/٣/٢٦)، بـۆ جـاری دووەم قەشـە (گـۆرگیس مـەتیّ) هاتۆتـەوە هەرمۆتـە لـە (١٩٤٧/٦/٢٩- ١٩٥٤/٣/٢٣) ماوەتـەوە. قەشە (سلێمان شێخۆ دیڕایا ) لـە(١٩٥٤/٣/١٧- ١٩٦٨/٨/١١). قەشـە (خـوری ڕوفائیـل)، لـە( ١٩٦٨/٧/١٤- ١٩٦٩/١١/١١ ). قەشـــە (ئـــەورەها یوســـب ئلیـــاس دێڕایـــا )لـــە (١٩٦٩/٤/٢٥- ١٩٦٩/١٢/٢٧). قەشــە ( یوســف سـلێمان پــەری ) لــە (١٩٦٩/١١/٦) هــاتووەو ماوەیــەك ماوەتـەوە. قەشـە (ئیـسحاق پـەترۆس ) لـە (١٩٦٩/١٢/١٣- ١٩٧٥/٥/٣)، قەشـە (ڕوفائیـل بنیـامین ) لـە (١٩٧١/٦/٥- بـۆ ماوەیـەك خزمـەتی کـردووە. قەشـە (سـەلیم برادۆسـتی ) (١٩٧١/٩/١٤). قەشە (پەولۆس ڕەبان) (١٩٧٢/٨/١٥- ١٩٧٢/١١/١٢). قەشە (فەڕەنـسی شـێر ) لـە (١٩٧١/١٠/١٠) بـۆ ماوەیـەك ماوەتـەوە. دواتـر ڕۆیـشتووە و لـە(١٩٧٢/٢/٢٠)جـارێکی ترهاتۆتـــەوە و تـــا (١٩٧٢/٤/٥) بـــەردەوام بـــووە.قەشـــە (خـــوری روفائیـــل بنیـــامین )بەڕەجەلـەك خـەڵکی هەرمۆتەیـە خـۆی لەعـەنکاوە لـەدایکبووە، بـەڵام بـاوکی خـەڵکی هەرمۆتەبووە (١٩٧٢/٦/١٨).

قەشــە (فەڕەنــسی شــێر ) (١٩٧٣/٢/١٠). قەشــە (یوحــەنا شــێر ) لــە (١٩٧٣/٣/٢٦-١٩٧٣/١٠/١٠). خوری (ڕوفائیل بنیامین ) (١٩٧٣/١١/١٨). قەشە (توما شۆریز) (١٩٧٤/٣/٥-١٩٧٤/٣/١٧). قەشــە (متــی کۆسـا ) خــەڵکی شــەقڵاوە بــووە لــە (١٩٧٤/٨/١- ١٩٧٧/١٠/٢٩) قەشــە (ســەلیم برادۆســتی ) بــۆ جـارێکی تــر هاتۆتــەوە هەرمۆتــە (١٩٧٧/١/١). خـوری ڕوفائیل (١٩٧٨/١١/٦). قەشە (سەلیم برادۆستی ) (١٩٧٨/١٢/١) ناو بە نـاو هـاتووە. قەشـە (قریاقۆز میخائیل رەبانا ) (١٩٧٩/٢/٧). قەشە (شەربیل جبرائیـل ) (١٩٧٩/٣/١٨). قەشـە (ئیلیا حەننا ) خەڵکی شەقڵاوە بووە لە ( ١٩٧٩/٤/١٧ — ١٩٨٤/١/١٥). قەشە (مـەتیٚ کۆسـا دیرایـا ) بــۆ جـاری دووەم هاتــەوە هەرمۆتــە لــە (١٩٨٤/٥/٢٠- ١٩٩٤/٤/٨),ســاڵی (١٩٩٥) کۆچـی دوایـی کـردووەو گۆڕەکەی لـە دێـری (سـەیدە) یـە لـە موسڵ. خـوری (ڕوفائیـل بنیـامین ) (١٩٩٤/١١/٢١)ناوبـەناو ڕۆژانـی یەکـشەمان لەعـەنکاوە هـاتووەو گەڕاوەتـەوە. قەشـە (دنحـا حـەنا دێڕایـا ) ( ١٩٩٤/١٢/٢٦ - ١٩٩٥/١/٦ ). خـوری (روفائیـل بنیـامین ) (١٩٩٥/١٢/٢٥- ١٩٩٥/٥/١١). چەند جارێك هاتۆتەوە.

قەشــە (ســەلیم برادۆســتی ) (١٩٩٥/٧/٧). چــەند جارێــك هاتۆتەوەتــە هەرمۆتــەو قوداسی کردووەو گەڕاوەتەوە عەنکاوە. خوری ڕوفائیل (١٩٩٥/٨/٨) ( بۆ قوداسـی ئـاینی هـاتووە و نەماوەتـەوە )، قەشـە (لـویس قـاقۆز بنیـامین ) (١٩٩٥/١١/٢٧) ( بـۆ قوداسـی ئـاینی هـاتووە و نەماوەتــەوە ) قەشــە (وەحیـد تومـا عیــسا عەسـکەر) (١٩٩٦/٤/٢٢-٢٠٠٢/٧/١). قەشـە زیـا شـابا(٢٠٠٣/٤/٤- ٢٠٠٤/٥/٢١). نـاو بـە نـاو هـاتووەو لـە هەرمۆتـە جێنشین نەبووە. قەشە (دنحا تۆمـا یوسـف )خـەڵکی گونـدی هەرمۆتەیـەو (٢٠٠٤/٨/١٤) تاکوساڵی ٢٠١٢ قەشەی کلیسای کۆیە و هەرمۆتەبووە، سـاڵی ٢٠١٣ قەشـە زەیـا بویـا شـابە کە خەڵکی شەقڵاوەیە خزمەتی کلیسای کۆیەو هەرمۆتە دەکات.

کتێب و دەست نووسەکانی نێو کلیسای هەرمۆتە:




(ئەم دەست نووسە مێژووەکەی ساڵی ١٤٠٠ بەرگەکەی پێستەیە)

له نێو ( کلیسای مەریەمەی پاکیزە)دا ژمارەیەکی زۆر کتێبی کۆن و دەستنووسی تیا بوو, بەڵام کاتێ ساڵی (١٩٦٣) حەرس قەومی ڕوویان کردۆتە کوردستان بۆ تاڵانکردن و هاتوونەتە هەرمۆتەو دەرگای کلیسایان شکاندووە و چ پارەو پول و دەستنووس و کتێبی تیا بووە بردوویانە، لەناومزگەوتەکانیشدا گەڕاون و شتیان بردووە د.خدر مەعسوم دەڵێت: (( لەساڵی ١٩٦٣ کتێبەکانیان تاڵان کردین، کتێبی وای تێدابوو حەوسەت ساڵ بەرلەئێستا بوو، تەنها مفەکەرەکەی باوکم مایەوە))(٣١) سەبارەت بەکتێبەکانی نێو کلیسای هەرمۆتەش، تەنها چەند دانەیەك ماوەتەوە کە بەردەستیان نەکەوتووە و لە وانە دوو دەستنووس یەکەمیان مێژووەکەی بۆ ساڵی

(٣١)دیدەنی توێژەر لەگەڵ(د.خدر مەعسوم هەورامی)، کۆیە، ٢٠١٣/٣/١٠.

(١٤٠٠)ی لەدایکبوون دەگەڕێتەوە؛ دووەمیان بۆ ساڵی (١٩٥٧) لەدایکبوون دەگەڕێتەوە, دەستنووسی یەکەم بەشێك لە ئینجیلی تیا نووسراوەتەوە, دەستنووسی دووەم هەندێك تەراتیلی ئاینی تیا نووسراوەتەوە. دەفتەری یەکەم بەرگەکەی لە پێستی ئاژەڵ دروستکراوە.

وەك کتێبیش کۆمەڵێك ماوەتەوە کۆنترینیان ساڵی (١٨٢٠) چاپکراوە ئەوانی تریش ساڵانی (١٩٣٥ , ١٩٤٢, ١٩٤٧.....) کەچەند دانەیەکیان بەرگەکانیان لە پێستی ئاژەڵ دروستکراون.

**نووسراوەکانی سەر بەرد :**

لەنێو کلیسای هەرمۆتە پێنج بەردەنووس هەیە، سیانیان لە دیواری دیوی حەوشەی کلیسایەو بەهۆی باران و پرژانی چیمەنتۆ بەسەریان دوانیان نووسینەکانیان شێواون ناتوانرێت بخوێندرێتەوە؛ تەنها لە سەرنجداندا هەست دەکەی بە پیتی سریانی نووسراونەتەوە, بەڵام سێ بەردەنووسەکەی تر کە بە تەواوی دەخوێندرێنەوە دووانیان دەکەونە ناو بینای کلیساکە و یەکێکیشیان لە دەرەوەی کلیساکەیە:

## یەکەم :- بەردەنووسەکەی حەوشەی کلیسا :



بە ئەلف و بێی سریانی نووسراوەتەوە وەرگێرانەکەی ئەوەیە: ((ئەم کلیسایە لەسەر نەفەقەی چەند کەسێك دروستکراوە، خوالێخۆش بوو شەماس (یوسف)ی خانەوادەی شێخ خۆیوو براکانی لەوانە قەشەشمعون, تاکۆتایی هاتووە مەسرەفی چواردە کارگەریان داوە, کەسێکی دیکە بەناوی (شمونی) ئەویش پێنج سەد قرانی پێشکەش کردووە بۆ تەواو کردنی ئەم کلیسایە, خودا پاداشتیان بداتەوە یەك بەسی, یەك بە شێست، یەك بە سەد, بە بەهەشتی ئاسمان بگەن, ئامین. سالّی (١٨٦٨)ی لە دایکبوون)).

## بەردەنووسی یەکەمی ناوکلیساکە:-




بەم شێوەیە نووسراوە:((ئەم کلیسایە لە ساڵی (١٨٦٨)ی لە دایکبوون بەناوی حەزرەتی مەریەم دایکی حەزرەتی عیسا لەگوندی هەرمۆتە بنیاتنراوە, لە ڕۆژانی مار پیۆزی نۆیەم ))واتە ئەوکاتە ناوی پاپای ڕۆما (مار پیۆز) بووە .یوسف ۆدۆ (پەترەك یۆحەنان تەمرەس ) مەترانی کەرکوك، ئەو شتە لە نەعمەتی خوداییە کەسێکی دیکە خوای لێخۆش بێت ناوی ( خواجە یوسف سەرف ) لە وڵاتی توقت[٣٢]هاتووە یوسف سەرەفیان کوڕی کریکۆر, خودا پاداشتی بداتەوە لە بەهەشتی ئاسمان لە بەر ئەوەی هەر قەشەیەك لەو کلیسایە خزمەت بکات پێویستە ساڵێ یەك جار نوێژێکی بۆ بکات, لە پاداشتی ئەم کارە لەبری (ئەو)و خێزانەکەی کەناوی (مەریەم کچی موسا

(٣٢) تۆقت ناوچەیەکە لە باشوری تورکیا.

هیندی سلۆك)ە، خوا گوناهیان بسڕێتەوە و خێرەکەیان قبوڵ بکات لە ڕۆژانی قیامەتدا ئامین)).

### بەردەنووسی دووەمی نێو کلیسا:



به ئەلف و بێی سریانی نووسراوە: (( ئەنتوان عەمانوئیل کوڕی قەشە ئەنتوان ساڵی ١٩٢٨ لە ئەلقوس لەدێڕی (سەیدە) خوێندویەتی و بووە بە ڕەبەن، لە کۆتاییەکانی ساڵی خوێندن لە ١/ شوباتی ساڵی ١٩٤١ کۆچی دوایی دەکات و لە ناو کلیسای هەرمۆتە نێژراوە)).ئەم گۆڕە لەنێو حەوشەی کلیساکە بوو, بەڵام قەشە مەتێ کۆسا کاتێ کە ساڵی ١٩٧٩ کلیساکەی نۆژەن کردەوە گۆڕەکەی گواستەوە لەنێو کلیساکەو بەردە نووسەکەشی هێندرایە ناو کلیسا بەدیوار لکێندرا، لە خوار بەردەنووسەکەش گۆڕەکەیەتی، وەك دەگێڕنەوە کاتی خۆی تووشی نەخۆشی سیل بووە لەبەر چاوی قەرەوێڵەکەیان سوتاندووەو پێیان وتووە تۆ ئەم نەخۆشییەت هەیە بچۆوە هەرمۆتە لەوێ بەناو دەشت و گژوگیادا بسوڕێوە یاخود چارەسەری خۆت بکە تا چاك دەبیتەوە،

بۆیـە زۆر بەدڵـشکاوی دێـری (سـەیدە) بـەجێ دەهێڵێـت و لـە هەرمۆتـە کۆچـی دوایـی دەکات.

## سجلی تۆماری ناوی تەعمید کراوەکان:

له هەموو کلیسایەك سجلێك هەیە کە تایبەتە بە تەعمیدکردن لە نێو ئەو سجلەدا ناوی منالەکەو ڕۆژی تەعمیدکردن دەنووسرێت و ئەو قەشەی کە تەعمیدیشی کردووە دەنووسرێت ئەو سجلەی لە کلیسای هەرمۆتە ماوەتەوە کە ساڵی (١٩١٩) دروستکراوە تا وەکو ساڵی ٢٠١٣ ناوی لە دایکبووانی تیا تۆمارکراوە، کە درێژیەکەی (٤٠سم )ەو پانییەکەی (٢٨سم) لەم تۆمارگەیەدا ناوی لەدایکبوونی سەرجەم دانیشتوانی گوندی هەرمۆتەی تیانووسراوە, پێشتریش سجلی کۆنتر هەبووە کەناوی خەڵکانی تری تیا تۆمار کراوە، بەڵام نەماون و فەوتاون, لەم سجلەدا ناوی سیانی دەنووسرێ لەگەڵ ناوێکی تر کە تایبەتە بەکلیسا، واتە ئەو کەسە جگە لەناوی خۆی ناوێکی تریشی هەیە, یەکەم ناوی تۆمارکراو لە ٧-١٠- ١٩١٩(ئەغاتەی کچی قەشە ئەنتوان تۆما )یە بۆیە لەدایکبوانی مەسیحی هیچ گومانێکیان نییە لەساڵی لە دایکبونیان، چونکە لە کلیسا تۆمار دەکرێت. دواناو لە١-٤-٢٠١٣تۆمارکراوە بەناوی شوکریە نەوزاد مەربێن عیسا، لەساڵی ١٩١٩ تا ٢٠١٣، ناوی ١٥٩٧ منداڵ تۆمارکراوە.واتە لەماوەی نەوەدو چوارساڵدا هەزارو پێنج سەدو نەوەتو حەوت منداڵی مەسیحی لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووین، هەرچەندە لەکۆنیش وارێکەوتووە منالی مەسیحییەکانی شاری کۆیەش هەندێکیان لەهەرمۆتە تەعمیدکراون.

ئەگەر سجلی تۆمار کردنی ناوی مەسیحییەکانی کۆیـە و هەرمۆتـەی کـۆنیش بمابایـە، جگـە لـەو سـجلەی کەئیـستا ماوەتـەوە کەمێـژووی تۆمـار کراوەکـانی بـۆ سـاڵی (١٩١٩) دەگەڕێتـەوە, ئـەو کاتـە بێگومـان نـاوی بنەماڵـەی کـەریمی ئەلەکەوچـەندان کەسـی تردەدۆزرایـەوەو دەبـووە بەڵگـە یـەکی زۆر بـاش. هەنـدێ جـل و بـەرگی دێرینـی نێـو

کلیسای مەریەمەی پاکیزە: قەشە و شەماسەکان کاتێ کە مەراسیمی ئاینی بەڕێوەدەبن لە نێو کلیسا جل و بەرگی تایبەت لەبەر دەکەن جیا لەو جلکەی کە قەشە بۆ دەرەوەی کلیسا لەبەری دەکات, ئەو جلکەی کە قەشە لەبەری دەکات لەشێوەی عەبایەکی ڕازاوە بە نەخش و نیگاری جوانە و نیشانەی خاچ لەنێو شان و شوێنەکانی تری کراوە دەسرازەش کە لەشێوەی ملپێچێکە، ئەم جل و بەرگانەی ماونەتەوە هەمووی هی ئەو قەشانە بووین کە خزمەتیان کردووە لەو کلیسایە و لە دوایی مردنیان جلەکانیان هەلگرتوون بەشێوەی دیزاینەکانیان هی هەر سەردەمە و شێوەکەی جیاوازە، بۆیە شێوە دیزاینی وای تیادایە کە مێژووەکەی کۆنە و یەخەو قۆپچەکانی هەمووی لە زیوو دروستکراون؛ هی واشی تێدایە کە نەخش و چنینی دەستی لە سەرکراوە.

**لەڕووی ئاوازەوە:**

بێگومان لەنێو هەموو کلیسایەك تەڕاتیلی ئاینی دەگوترێتەوە ئەو تەراتیلانەی لە کلیسای هەرمۆتە دەگوترێن زۆریان لە کلێسەکانی تریش دەگوترێن, بەلام هەندێ تەراتیل کەلە کلیسای هەرمۆتە دەگوترێ ئاوازێکی زۆر تایبەتیان هەیە کە لە کلیسای عەنکاوەو شوێنەکانی تر نا گوترێن, بێگومان سێوەی هونەرمەندیش لە هەندێك لەم ئاوازانە بەهرەمەند بووە و لەمەقامەکانی بەکاری هێناون.

## ٦- کلیسای ماریوسف لەکۆیە:



(کلیسای ماریوسف)



(ئەم نووسینە بەدیواری ناوەوەی لکاوە کورتەیەکی مێژووی کلیساکەی خستۆتەڕوو)

کلیسای ماریوسف دەکەوێتە ناوەڕاستی گەڕەکی دیانان لەشاری کۆیە، ئەم کلیسایە سەرەتا بەقوڕ دروستکرابوو، بەڵام (( پێش ساڵانی (١٩١٣) بەردیان کێشابووە بۆئەوەی کلیسای پێدروستبکەن، دەڵێن حکومەتی عوسمانی کە ویستی بناغەی قوتابخانە دروستبکات، بەردەکەی کلیساکەشیان برد))[٣٣] بۆیە دروستکردنی کلیسا بۆماوەیەك دواکەوت کێشەیەکی تریش تووشی مەسیحییەکان بوو(( لەبەرئەوەی مزگەوتی گەرمووك لەکلیساکەنزیك بوو، نەدەبوایە کلیساکە ئەوەندە بڵندبێ، بەسەر مزگەوتەکە بنوارێ)) [٣٤]بۆیە وازیان لێهێنا تاساڵی (١٩٢٢) دەستیان بەنۆژەن کردنەوەی کرد، بەڵام بەنیوەچڵی بەجێماوەو تەواونەکرا. حاجی ساڵح ئەحمد دەڵێ: ((من و مام مراد سابلاغی بەردمان بۆقەشە دەکێشاوە، عەلەکەچەڵ و عەبدوڵڵا کەچەڵی شیرینی و کەریمی فەقێ ئەحمەدی بەردیان بۆماڵی (جمیل ئاغا)دەکێشاوە، کوورەیەکی گەچمان بەشریکی لەودیوی ماڵی (جمیل ئاغا) دانابوو(٥٠٠-٦٠٠) عەلبە گێچی دەکرد، لەبۆکۆشکی (جمیل ئاغا)و (کلیسا)ی دیانان، ئێمە بۆبەردان دەچووینە هەوراز (زرێبار ))[٣٥] ئیتر لەوساڵە بوو کەرەسەیان بۆ کلیسا داناو لەساڵی (١٩٢٣) بەگەچ و بەردو دارەڕێ تەواویان کرد، لەسەرحیسابی ئەهالی و مەتران و هەندێ پارەشیان لەکەرکوکەوە بۆهاتبوو))[٣٦]، چونکە ئەوکاتی کلیسای کۆیەو هەرمۆتە سەر بەئەسقەفییەی کەرکوك بوون، کەچی ئێستا سەر بەمەترانیەی (هەولێر-

(٣٣)تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم،مطبعة نمیر، بغداد، ١٩٨٤، ل٧٥

(٣٤)س.پ.ل ٧٥

(٣٥)س.پ.ل ٧٥.

(٣٦)س.پ. ل٧٥.

عەنكاوە)ن.((لەساڵی (١٩١١) قەشەیۆحنای موسڵی لەكۆیەئەمری خوای دەكا، وەسیەت دەكا كەخانووەكەی پێشكەشی كلیسای بكرێ، جێگای كلیسا ماڵێك بووە، بەرانبەری ماڵی حاجی ساڵحەسووری قەساب، لەپاشان لەگەڵ ماڵی (ئێلیا) ی سەلمانە سوور دەیگۆڕنەوە، ماڵی ئەو دیانە دەچێتە جێی كۆنە كلیساكەی بەرانبەر ماڵی (حاجی ساڵح) ))[٣٧]، بەڵام ساڵی (١٩٢٢-١٩٢٣) بەگەچ و بەرد دروستیان كردوو گومبەتیان بۆدروستكرد، دواتر ((جێی ماڵی قەشە یۆحناشیان كردە قۆناغەكە، كەپێشان قۆناغی كلیسا ماڵی (ئێلیای) سەلمانەسوور بووە كەنزیك بوولەكلیسا))[٣٨]كە تاساڵی (١٩٧٥) سەری دار بوو دواتر نۆژەنیان كردەوە.

ئەم كلیسایە لە ساڵی (١٩٩٦) لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان، زۆربەباشی نۆژەن كرایەوەو حەوشەو ناوەوەی كلیساكە هەرچیمەنتۆ بوو هەمووی كرا بەكاشی و قۆناغەكەیان گەورەكردوو هەندێ دیزاینی ناوەوەشیان گۆڕی و سەكۆیەكی بڵندیان لەدیوی پشتەوە، بۆخوێندنەوەی تەڕایلی دینی دروستكرد، (ئەبوسەنا) نزیكەی (٢٠٠-٣٠٠)م زەوی هەبوو بەخشییەكلیساكە، لەپێناوفراوان كردن و گەورەكردنی حەوشەكەی، ئێستا ئەم كلیسایە دووقۆناغی هەیە قۆناغی پێشەوە تاكو ساڵی (٢٠١٠) بەكاردەهات بۆ تەعزیە، بەڵام دواتر لە هەیبەسوڵتان نزیك شوقەی مەسیحییەكان هۆڵێكیان بۆتەعزیەو بۆنەكان دروستكرد، ئیترئەم قۆناغە تەنها وەك میوانخانە مایەوە، قۆناغە بچوكەكەش بووە ژووری قەشە. درێژی كلیساكە (١٦,٥) شازدەمەترونیوە، پانیەكەی (٧) حەوت مەترە، پانی دیوارەكانی كەبەگەچ و بەرد

---

([٣٧])س.پ. ل٧٦.

([٣٨])س.پ.ل٧٦.

کـراون (١,٢٤) مـەترێك و بیـست وچـوار سـانتیمە، بـەرزی بیناکـە (٥)م پێـنج مـەترە، دینگەیـەکی گـەورە لـەنێو کلیـساکەدا هەیـە ئەسـتوری(١,٨٥) مـەترێك و هەشـتاو پێـنج سـانتیمەترە. لەناوکلیـسای کۆیـە بەردەنووسـێك هەیـە کەلەنێودیوارەکـە چەسـپکراوە، ئـــەم بەردەنووســـە بەئـــەلف و بێـــی ســـریانی چـــەند دێڕێکـــی لەسەرنووســـراوە وەرگێڕانەکەی ئەوەیە ((ئەم کلیسایە لەساڵی (١٩٢٣)بـەناوی (ماریوسـف)، لەسەردەسـتی قەشــە( پــۆلس عەجمایــە) عــەنکاوەیی دروســتکراوە، ئەوکاتــە ســەردەمی (مــەتران ئیستیفان) بووە کەسەرۆکی ئەساقیفەی کـەرکوك بـوو...)) لـەناو کلیـساکە کـەل و پـەلی دێرینی تێدایـە، ئـەو کـەل و پەلانـەی لـەکاتی سرووتی ئـاینی بـەکاردێن کـە زۆربـەیان لەمسی زەرد دروستکراون، لەوانە:(مۆم دان، فنجان، زەنگوڵە، سڕنوجێ،..) جگـە لـەجل و بــەرگی کــۆنی قەشــە. هەنــدێ کتێبــی کــۆنی دانــسقەش کەهەنــدێکیان مێــژووی چـاپکردنیان نووســراوەو هەندێکیـشیان نەنووسـراوە.کـەمێك لـەبارەی ئـەم کتێبانــە دەدوێین:

کتێبی یەکەم: زۆر کۆنەو بەرگەکەی لەپێستەی ئاژەڵ دروستکراوە کۆمـەڵێ تـەراتیلی ئـاینی تێدایـە، سـاڵی چـاپکردنی دیارنییـە. کتێبـی دووەم: سـاڵی (١٩٠٧) لەموسـڵ چـاپ کراوە لەسـەر سـروتی ژن مارەکردنـە. کتێبـی سـێیەم:ساڵی (١٨٧١) چـاپکراوە، سـەبارەت بەنوێژکردنی عەسرانە. کتێبی چوارەم قەبارەی گەورەیـە بەرگەکـەی تەختەیـە، بـەڵام پـەڕەکانی شـێواون و کتێبێکـی زۆر کۆنــەو پـەڕپوت بـووەو نووسـینەکانی تێکـچووین، کۆمەڵە کتێبێکی تریشی تیایە کەمێژوویان بۆساڵی (١٨٠٠) دەگەڕێتەوە.

کتێبـــی پێنجـــەم: ئینجیلـــی پـــیرۆزە کتێبێکـــی گەورەیـــەو ســـاڵی چـــاپکردنی لەسەرنەنووســـراوە، بـــەڵام پێدەچـــێت زۆرکـــۆن بێـــت بەرگەکـــەی لەپێـــستەی ئـــاژەڵ

دروســـتکراوە بەدەزووبـــەن پـــەڕەکانی پێوەلکێنـــدراوەو پـــەڕی یەکـــەمی شـــێوە زەخرەفەیـەکی جـوانی هەیـەو بەدەسـت دروسـتکراوەو شـتەکانی لەسـەر نووسـراوە، لـە هـەموو کتێبـەکان سـەرەنج ڕاکێـشترەو شـێوەی دەزوبـەن و پێـستەی بەرگەکـەو پـەڕاوە زەردوو کۆنەکانی جێی سەرنجێکی زۆرە.



(وێنەی ئیجیلێکی کۆن کە بەرگەکەی لەپێستەی ئاژەڵ دروستکراوە)

## بەشی یەکەم:   تەوەرەی سێیەم: ((قوتابخانەو فەرمانگەکانی هەرمۆتە))

### ١- باخچەی ساوایانی هەرمۆتە:



(وێنەی باخچەی ساوایانی هەرمۆتە)



(یەکەم دەستەی دەرچووی باخچەی ساوایانی هەرمۆتە ٢٠٠٣)

باخـچەی سـاوایانی هەرمۆتـە لەسـاڵی( ٢٠٠٣ )دامـەزراوە، یەکـەم بەڕێوەبـەری نـاوی ( پەروین ئەورەها مەتیَ ) بوو، تا ساڵی(٢٠١٠)بەردەوام بوو، لەدوای ئەم ساڵەوە( پـەرژین مـربێن حـەنا)بووەتـە بەڕێوەبـەری ئـەم باخـچەیە، سـەرەتا لەگـەڵ قوتابخانـەی سـەرەتایدابوو دانـی بـەیانی تایبـەت بـوو بـە باخـچەی سـاوایان، دانـی ئێـوارانیش قوتابخانەی سەرەتایی بوو، دواتر قوتابخانـەی سـەرەتایی گواسـتراویەوە بـۆ خوێنـدنگای ناوەندی کەدواتر بوو بە بنەڕەتی لەیـەکی سـەرەتاییەوە تـا سـێی ناوەنـدی دەگرێتـەوە، ئێـستا بیناکـەی سـەربەخۆیە، سـەرەتا تـەنها منـاڵانی کـوردانی ئـاوارەی ڕۆژهـەڵات و گونـدی هەرمۆتـەیان وەرگرتبـوو، دواتـر منـاڵانی گەڕەکـەکانی تـری کۆیەشـی بـۆ هـات، یەکەم خولی دەرچوونیان لەساڵی ( ٢٠٠٣ )بوو.

## ٢- قوتابخانەی هەرمۆتەی سەرەتایی و ناوەندی(بنەڕەتی):




لەسـاڵی ١٩٤٧ لەگونـدی هەرمۆتـە قوتابخانـە کراوەتـەوەو یەکـەم مامۆسـتای قەتابخانەکەش(قاقوز بنیامین)ی خەڵکی ناحیەی عـەنکاوە بـووە. سـەرەتا قوتابخانەکە بینای بۆ دروست نەکرابوو، بەڵکو لە ژورێکی کلیسا دانراو دەست بەخوێندن کـرا، کۆی

قوتابییەکانی( ٣٥ ) بوون، زۆربەیان تەمەنیان گەورەبوو و دەگەیشتە ( ١٤ — ١٥ )ساڵ تەنیا دوو قەتابی کچ هاتنە قوتابخانە ئەوانیش (تریزیا عودیش و فریدە گورگیس)بوون، قوتابخانەکە یەك بەردەستی هەبوو ئەویش شەهید حەنا یوسف بوو، مامۆستا قاقوز بەتنهاخۆی وانەی دەگوتەوەو بەڕێوەبەر بوو تاکو پۆلی چوارەم ئینجا مامۆستایەکی تر هات بەناوی مامۆستا (جەبار کەریم) تاکو پۆلی شەشەم ژمارەی قوتابییان حەوت بوو، سێ قوتابی بۆ قوتابخانەی ئولا ( کویسنجق الأولی ) و چوارەکەی تریش بۆ قوتابخانەی ( زانست )چوون، بەس ئەو سەردەمە ئەو دوو قوتابخانە هەبوو لەکۆیە ئەوکات هاتوچۆ بەپێ دەکرا، ((ڕۆژێ دوو دەوام بوو دوو قوتابی ئیسلامی تێدابوو ئەویش ( ئیبراهیم ئەحمد و قادر عبدللّا ) بوون ئەوانی تر مەسیحی بووین ساڵ بەساڵ کلیسا هۆدەی بۆ دروستدەکرد، تاکو ساڵ ١٩٧٢ قوتابخانەیەکی بچووکیان بۆ دروستکردو لەساڵی ١٩٧٨ مامۆستا (شەفیق سابیر)موشریف بوو سەردانی قوتابخانەی کردوەو هەوڵی بۆداو وتبووی دەبێ قوتابخانەی ناوەندی ( تکمیلي ) بکەنەوە و ئەوکاتیش چوار مامۆستای سەرەتایی هەبوو ناوەندیەکەیان کردەوە تاکو میلاکی بۆ دانرا))[٣٩].مامۆستا ئەمیر حەنا لەم بارەیەوە دەڵێت:(( بۆ کردنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی ( کەریم ئیسحاق قەساب ) ١٩٤٧موختاری هەرمۆتە بوو هەوڵێکی زۆری بۆدا، ئەگەرئەو نەبوایە ئێمە نەخوێندەوار دەردەچووین ))[٤٠]

---

([٣٩])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (مەرقۆس عەودیش سلێمان)، شەممە، ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/٢٣.

([٤٠])دیدەنی توێژەر لەگەڵ مامۆستا ( ئەمیر حەنا )، کۆیە-هەرمۆتە، ئەیلولی ٢٠٠٩.

## ٣- بنکەی تەندروستیی شەهید سەلیم حەنا:



(بەڕێز مام جەلال لەگەڵ بەرپرس و فەرمانبەرانی بنکەی تەندروستی شەهید سەلیم ٢٨-٨-١٩٩٩)

ئەم بنکەیە لەساڵی ( ١٩٩٦ ) لەهەرمۆتە دامەزرا، سەرەتا بینای نەبوو بۆ ماوەی ( ٤ ) ساڵ لە ژورێکی بچووك بوو دواتر لەساڵی ( ١٩٩٩ ) بینایەکی بۆ دروستکراو کەل و پەل و پێداویستی بۆ دابین کرا، ئەم بنکەیە لەلایەن بەڕێز(مام جەلال)ەوە لە (١٩٩٩/٨/٢٨)، کرایەوە، هەڵبەتە بۆ یەکەم جاریش بوو بەڕێزمام جەلال سەردانی گوندی هەرمۆتە بکات، لەگەڵ چەند بەڕێزێکی تر هاتنە هۆڵی هەرمۆتە و بۆ ماوەی زیاتر لەنیو کاتژمێر باسی پێکەوەژیانی مەسیحی و ئیسلامەکانی کرد، ئەوەبوو لەلایەن دانیشتوانی هەرمۆتە پێشوازیەکی گەرمی لێکرا. یەکەم بەرپرسی ئەم بنکەیە ( ئەکرەم فەتاح حمەدەمین مستەفا )یەو کە تا ساڵی ٢٠١٣ش هەر بەردەوامە.

## ٢- سەنتەری لاوانی هەرمۆتە:



(ئاهەنگی ڕۆژی کردنەوەی سەنتەر ١٧- ٤- ٢٠٠٦)

ئەم سەنتەرە لە ( ٣١/ ٥/ ٢٠٠٦ ) مۆڵەتی یاسایی پێدراوە، لەسەرەتای دامەزراندنی ستافی سەنتەر لەمانە پێکهاتبوون: ( هاوژین صلیوە عیسا ) لێپرسراوی سەنتەر، ریاز عەزیز پەترۆس، کوردۆ سەلیم حەنا، کەمیل داود، بەفرین عزیز، هورمز ئیسحاق، سەروەت صلیوە، ئەمانە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردن بووین و هاوکاربووین بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکان، دواتر ئەندامی دەستە ساندی ریاز و هێدی هورمز و ڕامسی حیکمەت هاتنە نێو دەستەی بەڕێوەبردنەوە.

ئەم سەنتەرە لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا، کۆمەڵێ چالاکی زۆر جوانی نوواندووە، هەر لەکردنەوەی خولی کۆمپیوتەر و مۆسیقا و وێنەکێشان و دروستکردنی تیپی

وەرزشی و کردنــەوەی پێـشەنگاو گرنگی دان بــە بۆنــەکان و یادکردنــەوەیان، ڕۆژانــەش گەنجێکی زۆر سەردانی دەکەن.



(وێنەی خولێکی کۆمپیوتەر)



(وێنەی خولێکی وێنەکێشان)

ئـەم سـەنتەرە سـەرەتا بـەبێ منحـە بـوو، دواتـر منحـەی بـۆدابین کـرا[٤١]، سـەرەتای دامەزرانـدن مامۆسـتا (جـەمیل عیـسا کـەریم) زۆر هاوکـار بـووە، بـەرێز ( شـێخ عـەلی حەمـە ساڵح )کـە ئـەوکات لێپرسـراوی مەڵبەنـدی چواردەی ڕێکخستنی کۆیـە بـوو بـۆ ماوەی چەند مانگێك برێك یارمـەتی تـەرخان کـرد بـۆ بـەڕێوەبردنی ئـیش و کارەکـان، ئێستاش دەستەیەك لەلاوانی هەرمۆتە بەڕێوەی دەبەن.

([٤١])مانگانە شەش سەدهەزار دیناری بۆدابین کرا، تاکو ئێستاش بینای خۆی نییە و لەخانووێکی کرێ دایە.

# تەوەرەی چوارەم( ( ڕووداوە مێژووییەکان ) )

## ١- هەرمۆتە لەسەردەمی هاتنی ئیسلامدا:

بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام کۆمەڵە ئاینێك لە کوردستاندا هەبون، ئاینی زەردەشت و ئاینی مەسیحی و ئاینی جوولەکە... هتد ((کاتێکیش ئاینی ئیسلام لە نیمچەدورگەی عەرەبی سەری هەڵدا، بەرە بەرە هەنگاوی بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی نا، تا سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب پرۆسەی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لەعێراق و کوردستان دا دەستی پێکرد))[٤٢]کاتێ کە لەشکری ئیسلام هەولێری گرت لەشکرێکی زۆری بەرەو گوندی هەرمۆتە بەرێخست و شەڕێکی زۆر ڕوویدا، لەئاکامدا سەرکردەی ئیسلام کەناوی ( عەبدوڵڵای جندلی ) بوو کوژرا،[٤٣]زۆر نارەحەت بوون بۆیە دیسانەوە بەلەشکرێکی زۆرەوە بەرەو گوندی هەرمۆتە هاتن لەماوەی شەو ڕۆژێك گەیشتن لە دەوروپشتی هەرمۆتە خێوەتیان هەڵدا[٤٤]لەوکاتەدا گوندی هەرمۆتە شار بووە، مەترانی هەبووە، کە سەرپەرشتی ئەساقیفییەیەکی کردووە و کۆمەڵێ قەشە لەژێر چەتری فرمانی ئەو کاریانکردووە، وەها وەسفی دەکرێ کە جلکی سوری لەبەربووە بەسواری ئەسپێك هاتۆتە نێو لەشکری ئیسلام،

---

(٤٢) جەمال فەتحوڵ تەیب، کۆیە ١٩١٨ – ١٩٥٨ لێکۆلینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ٢، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨ ل ٣٥.

(٤٣)هەرچەندە لەکتێبەکەی مەلا سەلیم رەئوف حەوێزی باس لەوەدەکات کەخالیدی کوڕی وەلید هەولێری گرتووە، بەڵام سەرچاوەی تر ئەمەڕەت دەکەنەوە کەخالید هاتبێت.

(٤٤)مەلارەئوف سەلیم حەوێزی، کوردستان و ئاینی ئیسلام، هاتنی سوپای عمری کوڕی خەتاب و گرتنی کوردستان، چاپخانەی جامعە، بغداد، ١٩٧٠.

دیـــارە جلکـــی ســـور مـــەتران لەبـــەری دەکـــات بـــە عارەبییـــەکی پـــاراویش قـــسەی کـردووە،[٤٥]مەترانەکـە بەلەشـکری ئیـسلامی گوتـووە:(( هـەتا ئـەمڕۆ هـیچ پادشـایەك نەیوێرایە پێ بنێتە خاکی ئێمەو جەنگمان لەگـەڵ بکات تـۆ فکرکـەوە ئێمـە نەبووینـە شام و عێراق ڕۆم و میسر... ئێوە هەرگیز ناتوانن شەڕ و جەنگ لەگـەڵ ئێمـەدا بکـەن، بەڵام لەبەر ئـەوەی زۆر مانـدوون بـۆ خـاتری خـوداو حـەزرەتی عیـسای کـوڕی مەریـەم شتێکتان دەدەینێ ئەگەر بێت و وازیش نـەهێنن لەدەسـت ئێمـەدا تووشـی سـەدمەیەکی زۆر خراپ دەبن )).[٤٦] پادشای ئەم وڵاتە ناوی ( پەتروسـی کـوڕی کربـاش ) بـوو، کاتـێ کە زانی لەشکری ئیسلام خۆیان ئامادەکردووە بۆ شـەڕو ناگەڕێنـەوە، ئـەویش لەشـکری ئامـادەکرد، شـەڕو پێکـدادان دەسـتی پێکـرد و ئـەو ڕۆژە هـەر لەبەیانییـەوە تـا ئێـوارە هەرشیرلێدان و کوشتن و بڕین بوو لەم شـەڕەدا پەترۆسـی کـوڕی کربـاش کـوژرا، بـەڵام ئـەمڕۆژە شـەڕێکی وەهـا کـرا نەبـەزمان دەگێڕدرێتـەوە! نەبەقەڵـەم دەنووسـرێتەوە!، دیلێکـی زۆریـش لەلایـەن موسـڵمانەکانەوە کـوژران، دواتـر مەسـیحییەکان چـونە نێـو قەڵایەك و خۆیان قایم کرد[٤٧]، لەبەشی باکوری گونـدی هەرمۆتـەش قەڵایـەك هەیـە کەبەقـەڵای شـیلە ناودەبرێـت، پاشمـاوەی قەڵایـەکی گەورەیـە و لـە شـوێنێکی بـەرز دروستکراوە.

---

([٤٥])س.پ.ل ٨٤.

([٤٦])س.پ. ل٨٤.

([٤٧])س.پ.ل ٨٥-٨٦.



(ئاسەواری بەشێکی قەڵای شیلە)

ئەو کاتە گوندی هەرمۆتە زۆر فراوان بووە سنوورەکەی لەگەڵ گوندی شیلە تێکەڵ بووە، ئاقاری هەرمۆتە بەسەر گوندی (شیلە)یە، وای بۆ دەچم ئەم قەڵایە بووبێت، چونکە پاشماوەی هیچ قەڵایەکی لەمە گەورەترمان نەبینیووە لە دەوروبەری هەرمۆتە، چونکە بۆ ماوەی یەك مانگ بەرگری لەنێو قەڵایەك بکرێ دژی لەشکرێکی زۆری ئیسلام دەبێ قەڵاکە گەورە بێت[٤٨].

---

([٤٨])لە نزیك هەرمۆتە لەکۆیە (قشڵەی کۆیە) هەیە، بەڵام ئەمە مێژووەکەی نوێیەو لەساڵی ١٨١٠ لەزەمانی حکومەتی (محەمەد بەگی ڕۆمی) دروستکراوە، کەچی قەڵای شیلە مێژووەکەی کۆنەو لەکاتی هاتنی ئیسلام هەبووە.



(نموونەی سەرەڕم و سەرەتیر کەلەهەرمۆتە دۆزراونەتەوە)

لەوقەلآیـەدا تـاوەکو یـەك مـانگ شـەڕو پێکـدادان بـووەو لەشـکری ئیـسلام بـەهیچ شێوەیەك نەیاندەتوانی بیگرن، هەتا لەشەوێکدا کەسێك بەناوی ( کولاوە کون ) چووە لای لەشـکری ئیـسلام بـە سـەرکردەکەی گـوت: ئێـوە نـاتوانن زەفـەر بـەم قەلآیـە ببـەن هەرچەندە پادشاتان کوشتووە، چونکە کەسێکی قارەمـانتر لـەم قەلآیەیەدایـە کـەناوی ( جاروس )ە، پالەوانی وەك خۆی لەڕووی زەمین نییە، بەلآم من تـەکبیرێکتان بـۆ دەکـەم ئـەم قەلآیـە لـەژێر زەوییـەوە ئـاوی بـۆ دەچێت ئەگـەر ئێـوە ئاوەکـەیان لێبـڕن ئـەوا دەتـوانن بەسـەریان زالّ بـبن، کۆمـەلێك چـوون ئاوەکـەیان لێـبڕین و هەتاسێ ڕۆژی تـر شەڕ هـەر بـەردەوام بـوو؛ ڕۆژی چـوارەم ( جـاروس ) ئـەمری کـرد کـە هێـرش بـەرن و بووە شەڕ و پێکدادان ئـەو ڕۆژە هـەتا ئێـوارە شـەربوو، دواتـر شـەڕەکە گواسـترایەوە بـۆ

خوار هەرمۆتە و داگیریان کردوو بەهەزارەها کەس گوژران.[٤٩] بەشێکی کران بەئیسلام بەشێکیش قبولّی ئیسلامیان نەکرد بۆیە سەرانە (جەزیە )یان لەسەردانرا.هەر سەبارەت بەهاتنی لەشکری ئیسلام تاهیر ئەحمەد حەوێزی لەچەند ڕستەیەکدا دەڵێت:((عەرەبەکان لەدەوروبەری ساڵی(٢١ھ)وردە وردە دێنەپێش، (میتای کوڕی سەنعا) گەورەی شاری هەرمۆتە دەبێ بەرانبەر موسڵمانان دەست کەرییەکی باش دەکا، بەڵام لەئەنجامدا دەکوژرێ و (هەرمۆتە)ش دەگرن، کەشارێکی بێ شوورەو پڕلەکۆشك و باڵاخانەو پەنجەرەی شوشەداربووە، شارەکە لەگەڵ خاك یەکسان دەکەن، ئەوجا بەشەڕەشێر شاری (کۆهسار)یش دەگرن، دوور نییە کۆیەی ئێستا (کۆهسار)ی ئەوسەردەمە بووبێ)).[٥٠]

## ٢- لەکۆندا گوندی هەرمۆتە سەر بە مەزهەبی کاثولیکی نەبووە:

دانیشتوانی گوندی هەرمۆتە لەکۆندا سەر بە پاپای ڕۆما نەبووین و لەسەر مەزهەبی کاثولیکی نەبوین، بەڵام کاتێ (( ساڵی ١٧٨٩ یوحەننا هورمزد هەڵمەتێکی مژدە بەخشی لەناوچەکانی هەولێر دەست پێکرد، بەتایبەتی لەشارۆچکەی عەنکاوە، شەقڵاوە، ئەرمۆتە( هەرمۆتە )، کەرکوك، سلێمانی، قەشە ( ئیبراهیم یادالّها ) لەڕێ و

---

([٤٩])س.پ.ل ٨٦-٨٧

([٥٠])تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان،٢٠٠٧. تاهیر ئەحمەد حەوێزی ئاماژە بەوەدەکات کە ئەم زانیارییانەی لەکتێبی (الفتوحات الاسلامیة)وەرگرتووە، وە دەڵێت ئەم کتێبە لای (مەلا سەمەدی مەرگی) یە، ئاماژەی بەناوی نووسەرو ژمارەی لاپەڕەی کتێبەکە نەکردووە؟

ڕەسمێکدا کردی بە مەتران و لەکەرکوك جێنشین بوو، ئەوکات کلیسای کاثولیکی تاقە کلیسا بوو لەناو کلیساکانی تر کەوا مەترانی هەبێت ))[٥١] لەم کتێبەدا لەگەڵ ئەم شوێنانەدا ناوی هەرمۆتە هاتووە، واتە خەڵکی گوندی هەرمۆتە پێشتر کاثولیکی نەبوون.

د.عزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت: ((تۆما تۆماس[٥٢] زۆر جار دەیگوت ئێمە لەئەرسۆدۆکسییەوە کراوین بەکاسۆلیکی))[٥٣] کەواتە جگە لەگوندی هەرمۆتە شوێنی تریش کراون بەکاثولیکی. کلیسای ڕۆژهەڵات سەرەتا سەربەخۆیی خۆی هەبوو، یەك پەترەك هەبووەو سەربە پاپای فاتیکان نەبووە، بەڵام دوای ئەوەی موبەشیری کاثولیکەکان هاتن هەندێك لەم کەسانە و کلیسانە ئیشتیقاقیان کرد بوونە سەر بەپاپا، بەڵام لەسەر بنەمای داب و نەریتی خۆیان مانەوەو هەمووشیان نەچوونە ژێر چەتری پاپا، پاپا ئەو کات وتبووی لەبەر ئەوەی ئێوە لەخاکی باپیرە گەورەمان ( ئیبراهیم ) دەژین ئێوە ناو دەبرێن بەکلدان.

کلیسای ڕۆژ هەڵات ئینشقاقی کرد کلیسای مەشریقی ئاشوری کۆن سەربە پاتریەك ( مار ئەدای ) بوون لەبەغدا، کلیسای مەشریقی ئاشووری سەربە ( مار دنخا ) بوون.چەند زاراوەیەك هەیە بەم شێوەیە جیایان دەکەینەوە لەوانە ( سریانی

---

(٥١) بطرس نصري، ذخيرة الذهات، ق ١، ١٩٠٥، ص ٣٧٦.

(٥٢) د.عزەدین مستەفا ڕەسوول دەڵێت: تۆماتۆماس: شۆڕشگێڕێك و قیادییەکی ئازابوو لەشەڕەکاندا، لە سەردەمی مەلامستەفادا لەساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ دا لە ئەلقۆش کلیسا جێی پێشمەرگەبوو.

(٥٣)دیدەنی توێژەر لەگەڵ (د.عزەدین مستەفا ڕەسووڵ)، سلێمانی،١٥/٣/٢٠١٣.


کاثولیك، ئەقبات کاثولیك، ڕۆم کاثولیك، مەوارینەی کاثولیك )[٥٤]ئەمانە هەمووی سەر بە پاپای فاتیکانن، واتە هەموو کاثولیکێك، سەر بەپاپان، بەڵام ( سریانی ئەرثودوکس، ئەقبات ئەرثودوکس، ڕۆم ئەرثودوکس، ئاشوورییەکان، ئەمانە سەر ( پاپا )ی فاتیکان نین، تەنها پەتریکی خۆیان هەیە، هەروەها هەموو کاثولیکەکان لەگەڵ مەوارینە ئەمانە ئەرثودوکسیان نییە.

گوندی هەرمۆتە لەسەر مەزهەبی ( کلدان کاثولیکن )، بەڵام ئەم زمانە کەمەسیحییەکانی عێراق و ئێران تورکیاو سوریاو هیندو.... هتد پێی دەدوێن بە زمانی ( سریانی ) ناوبراوە، سریانی بە واتەی ( سورەت )، واتە ئەو زمانەی کە مەسیحییەکانی ( هەرمۆتە ) پێی دەدوێن، لەگەڵ ئەو زمانەی مەسیحییەکانی ئێران و عێراق و...هتد هەریەك زمانە، بەڵام لەڕووی شێوە زارەوە هەندێك جیاوازەی تێدەکەوێت، زمانی سریانی بەواتای ئەو مەزهەبە نایەت کە ( سریان ئەرثودوکس )ن، بەڵکو بەواتەی ئەوە دێت، ئەم زمانە( سریانی )یە، زمانێکی ئارامییەو یەکێکە لەزمانە زۆر کۆنەکان و سەربە خێزانی ( سامی )یە و ئەلف و بێی تایبەتی هەیە بۆ نووسین کە لە بیست و دوو تیپ پێکهاتووە، بەڵام بەتێکەڵابوون بەنەتەوەو زمانەکانی تر هەندێ تیپی تری بۆ زیاد کراوە، هەروەها ئەم زمانە بەدرێژایی مێژوو کاریگەرییەکی زۆری بەسەر زمانی عەرەبییەوە هەبووە.

---

([٥٤])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (نائل حەنا)ی شەماسی کلیسای عەنکاوە، ٢٠١٢/١٠/١.

## ٣- بەسەرهاتەکەی قەشە عەمانئیل:




(قەشە عەمانئیل)

قەشە عەمانئیل لەدوای ساڵانی (١٨٠٠) لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، لەتەمەنی گەنجی دابووە ژنیان بۆخواستووە، پێنج شەش ڕۆژ مابووە بۆگواستنەوەو ئاهەنگ گێڕان، بیرۆکەیەك بەخەیاڵیدادێت و بڕیاردەدات ژن نەهێنێت و بچێت بخوێنێت و ببێت بەڕەبەن، بوخچەیەك لەو نانە دەپێچێتەوە کە بۆڕۆژی شایی و ئاهەنگی ژن هێنانەکەی دروستکراوە، بێئەوەی بەهیچ کەسێك بڵێت دەستگیرانەکەی بەجێدێڵێت و بەرەو هەولێر ملی ڕێگا دەگرێت، لەوێشەوە هەر بەپێیان دەڕوات تادەگاتە ئەلقوش لەدێڕی (سەیدە) دەبێت بەقوتابی، گوندی هەرمۆتە بەبزر بوونی عەمانئیل زۆر دەپەشۆکێن و بەدوای دادەگەڕێن لەڕێی هەولێرو لەچەند گوندێکدا سۆراغی دەکەن و وەسفی (عەمانئێل)یان بۆدەکەن، ئەوانیش دەڵێن کەسێکی لەو شێوەیەمان بینیووە بوخچەیەکی پێبوو شەوێك لەلامان مایەوەو بەیانی ڕۆیی، لەوەزیاتر هیچ زانیارییەکی تریان دەست ناکەوێت، پاشماوەیەك هەواڵی خۆی بۆگوندی هەرمۆتە

دەنێرێت لەڕێگای چەند کاروانچییەك، ئەوکات کاروانچییەکانی کۆیە دەچوونە موسڵ کەل و پەلیان بۆکۆیەو دەوروبەری دەهێنا و بازرگانییان دەکردوو کەل و پەلیشیان بۆموسڵ دەبرد، ڕۆژێك چەند کاوانچییەك لەنزیك دێری سەیدە توشی کێشە دەبن، عەمانوئێل دەچێتەناوبژی بۆحەلکردنی کێشەکە، کەچاوی پێیان دەکەوێت دەیانناسێتەوە خەڵکی کۆیەن زۆر دڵخۆش و شاگەشکە دەبێت و کێشەکەیان چارەسەر دەکات و بەرلەوەی بەڕێیان بکات پێیان دەڵێت: کە چوونەوە کۆیە بچونە ماڵی باوکم بڵێن عەمانوئیل سەلامەتەو لەژیاندا ماوەو زۆر لەهەوالتان دەپرسێت و ئێستا قوتابییە لەدێری سەیدە لەموسڵ، پاشان کاروانچییەکان بەڕێ دەکات، دوای ئەوەی عەمانوئیل لەودێرە دەخوێنت و پلەکانی خوێندن تەواودەکات و دەبێت بە( ڕەبەن) لەسالی (١٨٤٢-١٨٤٩)، دەبێتە سەرۆکی دێری سەیدە، لەوێ ژیان بەسەردەبات و هەرلەوێش کۆچی دوایی دەکات، ئێستا گۆڕەکەی لەدێری (سەیدە)یە لەئەلقوش.

## ٤- چەند بەسەرهاتێکی مێژوویی:

کۆیە ئەو شارە خنجیلانەی بەدرێژایی مێژوو شوێنی پێکەوە ژیانی ئاینەکان بووە، هەر لە دێرین زەمانەوە جولەکەو مەسیحی و ئیسلامی تیاژیاوە، دیارە نیو سەدە زیاترە جولەکەکان کۆچی بەزۆرەملێیان پێکرا بۆ فەلەستین، بەڵام مەسیحییەکان لەم شارە ماونەتەوە و بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ خەڵکانی سەربەئاینەکانی تر هاوخەم هاوکاری یەکتر بوون، لەسەرجەم شۆڕشەکانی کورد مەسیحیەکانی کۆیە و هەرمۆتە بەشداربوون و شەهیدیان داوە.

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، مەسیحییەکان لەگەڵ خوشك و برا موسڵمانەکانیان زۆر تەبا بووین، ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەی لەنێوان موسڵمانەکان و مەسیحییەکاندا

هەیە لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستی و تەبایی بووە. لەڕووی ئایینیەوە:کۆیە هەر لەدێرین زەمانەوە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووە، هەڵکەوتنی چەندین مەلای ڕۆشنبیر لەم شارە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەڕاگرتنی تەبایی و خۆشەویستی، لەسەرووی هەمووشیانەوە جەنابی مەلای گەورە بووە.(مەربێنە قەدیشە)ش کەلەنێو ئیسلامەکان بە(شێخ محەمەد) ناسراوە، هەردوولا سەردانی دەکەن و باوەڕیان پێیەتی، ئەمەش بەلگەی تێکەڵاوی و فروسمانی کەلتوورەکەمانە. لەڕووی داب و نەریت و جل و بەرگیشەوە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە جل و بەرگێکی تایبەتی خۆیان نییە، بەڵکو پیاوەکان ڕانك و چۆغەیان لەبەرکردووە و ژنەکانیش جلی کوردییان پۆشیوە[٥٥].



(١٢-١٢-٢٠١٢ ئەم وێنەیە گیراوە ئەم پێنج جەمەدانی بەسەرە مەسیحییە لەگوندی هەرمۆتە ماون، لەڕاستەوە: ئەیوب یەلدا، ئەورەها مەتێ، ئیبراهیم جەرجیس، حەنا سلێمان، داود موسا)

---

([٥٥])هەڵبەتە لەکۆندا هەموو دانیشتوانی هەرمۆتەو گوندەکانی تری کوردستان جلی کوردیان پۆشیوە، بەڵام ئێستا ڕۆژبەڕۆژ جلی کوردی کەم دەبێتەوەو تایبەت کراون بەبۆنەکان، لە ڕێکەوتی ١٢-١٢- ٢٠١٢ سەرژمێرێکم کرد کە پێنج جەمەدانی بەسەری مەسیحی ماوە، هەروەها حەڤدە ئافرەتیش ماوە کەبەردەوامی جلی کوردی دەپۆشن.

لە ڕووی زمانەوە، بەزمانی سریانی دەدوێن، بەڵام زمانی کوردیشیان زۆر خۆش ویستووە و زۆربەی کاتەکان قسەی پێ دەکەن، کاتێ مەسیحییەکی کۆیە بەزمانی کوردی قسەبکات لە هیچ شوینێك هەست بەوە ناکرێ کە لەنگییەك لەزمانەکەیان و قسەکردنەکەیان هەبێت.لەڕووی داب و نەریتەوە: مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ئاوێتەن بەکلتووری کوردەواری و کاریگەری دەوروبەر بەسەریانەوە هەیە هەر لەڕێوڕەسمی ژن خواستن و سێ ڕۆژانەو تەعزیە و چلەی مردوو... لەگەڵ شتی تر هاوبەشن. لەڕووی هونەری یەوە:چەندان کەسایەتی هونەری لەم شارە هەڵکەوتوون گۆرانیان چڕیووە لەوانە: مەڕبێن، پوتێ، سێوە...

هەرچەندە مەسیحییەکان و ئیسلامەکان بەشێوەیەکی گشتی بەتەبایی ژیاون, بەڵام لەملاوئەولاش جاروبار وردە غەدرلێکردنێك هەبووە, بۆیە وەك ڕاستییەکی مێژوویی لێرەدا چەند نموونەیەك دەخەمەڕوو.ئەوەی من بیستوومەو ئەوکەسانەی بەغەدرکوژراون لەهەرمۆتە ئەوانەن:١ـ(مەتێ یوسف) بەسەرهاتی کوشتنەکەی بەم شێوەیەیە, درەختێك لەڕەزەکەی دەبڕنەوەو دەیدزن, ئەویش لەلای عەولاغا شکات دەکات، عەولاغاش پشتی دەگرێ و (مەتێ) دەچێت دارەکە بهێنێتەوە دەبینێت کردویانە بەنیرگەی خانویێك، لەنێومالەکە دەیهێنێتەدەرێ لەوێش تووشی شەڕدەبێت پێی دەلێن شەرت بێ نابێ لەسەرت بچێت, دارەکە دەهێنێتەوە ماڵەوە پاش ماوەیەك لەکەندێکی نزیك هەرمۆتە بۆسەی بۆدادەنێنەوەو دەیکوژن, ئێستا ئەوکەندە بەناوی(مەتێ کوژراو)ڕۆیشتووە, ئەم ڕوداوە لە ساڵانی ١٩١٠-١٩١٥ ڕویداوە.

٢ـ (حەنا پەترۆس):. ئەوەیان نازانرێ هۆکاری کوشتنەکەی چی بووە, هاوین دەبێ لەسەربان خۆیی و ژنەکەی نووستوون و دووکوڕیشیان لەناولانك دەبێ بەناوەکانی

(عیسا و موسا)، خەنجەرێکی لەسەر دڵی دەدەن و دەمرێت، ئەم ڕووداوە لەساڵی ١٩٠٥ ڕوویداوە، هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە.

٣ـ کەریم شمعون (کەرۆ): تفەنگێکی باشی دەبێ, کاتێ دەچێتە سەر بێستان کەسێك بەناوی (حەسەن)تەماح لە تفەنگەکەی دەکات, بەکەریم دەڵێ دەبرۆ کاڵەکمان بۆبێنە، ئەویش لەپەنا کەپرەکە تفەنگەکەی سوار دەکات و تەقەی لێ دەکات, کەریم گەرمە برین دەبێت و دەست دەکاتەوەو تەقەی لێدەکاتەوە، بەڵام بەرناکەوێت, (کەرۆ) لەسەر بێستان بەکوژراوی بەجێ دەمێنێت و کابراش تفەنگەکەی هەڵدەگرێت و ڕادەکات, کەسێك لەنزیکیان دەبێت و ڕووداوەکە دەبینێت و بەم شێوەیەی کەباسم کرد بۆخەڵکەکەی گێڕاوەتەوە، ئەم ڕووداوەش لەساڵی ١٩٠٠-١٩١٠ ڕوویداوە, ئەوەی من بیستومەو بۆیان گێڕاومەتەوە ئەوسێ کەسە بەغەدر کوژراون.[٥٦]

## ٥- هەرمۆتە لەسەردەمی حەرەس قەومیدا:

لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ حەرەس قەومی کە دەستەیەك چەکداری عەرەب بوون ڕوویان کردە شارەکانی کوردستان بۆ کوشتن و تاڵانکردن، لەوانەش شاری کۆیەشی گرتەوە و تاڵانێکی زۆر کرا، لەم تاڵان و کوشتن و دزین و بردنەش گوندی هەرمۆتەشی گرتەوە، ئێمەش زانیارییەکان لەسەر زاری کۆمەڵێ کەس دەخەینە ڕوو کە لەو ساڵەدا ئاگاداری ڕوداوەکان بوون، یەعقوب موسا بەم شێوەیە دوا: (( لەترسی حەرەس قەومیان بەشێك لەدانیشتوانی هەرمۆتە چوونە کەونەپرد، لەوێوەش بۆ کۆیە ( ١٩٦٣ ) ئەو کات مام شمون وتی ئەم گەنجانە بانەچنە شار، ڕەنگە لەپڕ ببێتە

---

([٥٦])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (یەعقوب موسا)، هەرمۆتە, ڕۆژی سێشەم، ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/١٧.

مەنعەتەجەول و دەسگیربکرێن، بەڵام خەڵکەکە بەقسەیان نەکرد))[٥٧] بەشێك ماڵاتی هەرمۆتە بردرانە شەوگێڕ، بەیانی کە لەخەو هەڵساین لەڕێگاحەرس قەومی بەسەرمان وەربوون، دەغڵ و دانیان هەموو ئاگر تێبەردا، دواتر چوینە مام قلینج، لە بەردەگڕوو کەناوی زەوییەکی گوندی هەرمۆتەیە گوتیان ڕاوەستە( کاك وگف )ئەوەبوو جزدانیان لێوەرگرتم سێزدە درهەمی تێدابوو ئینجا وتیان ( روح )، یەکێکی تر لەسەر شاخان باگی کردم[٥٨] بەڵام من ڕانەوەستام و ڕامکردو فیشەکیان پێوەنام، کەهاتمە هەرمۆتە سەیرم کرد حەرس قەومی بەئاوایی وەربووین، هەمووی دسداشەیان لەبەر بوو و پێپەتی بوون، لەو کاتەدا بینیم کلاشی مام یەلدەیان وەرگرت و لەبەریان کرد خارە فەرەنسی-م دیت دە فلسی پێبوو لێیان وەرگرت، مێگەلی مراد و خالم سێوەیان هەموو برد، زۆربەی مانگاو مەڕوماڵاتی خەڵکیان برد، ئەم کەسانەش زۆربەیان لە حەویجە هاتبوون و حکومەت پێیگوتبون ماڵ بۆ ئێوە سەر بۆ من، (فەیزە جەلال) ناوێك خەڵکی گوندی یارەمیش بوو بەرگری کرد،( ئەسعەد ) ناوێکیش دووحەرەس قەومی کوشت، هی گوندی کونەگورگیش کوڕەکانی خورشیدی شێخەو ئەحمەد دەستیان کردەوەو حەرەس قەومییەکانیان ڕاوناو ماڵەکەیان نەجاتدا)).[٥٩]

عەمانئوئیل مەربێن وتی: ((ئێمە مانگاکانی خۆمان بۆ گوندی داربەسەر برد چووینەماڵی ( مام هەژار )کە دۆست و برادەرمان بوو لای ئەوانماینەوە، پاش

---

[٥٧] دیدەنی توێژەر لەگەڵ( یەعقوب موستا)، هەرمۆتە-کۆیە، ڕۆژی سێشەم، ڕێکەوتی١٧ / ٨ / ٢٠١١.

([٥٨])کەلی سۆرکێ، سەرشاخان، ناوی دووشوێنن لەئاقاری هەرمۆتە.

([٥٩])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (یەعقوب موسا)، هەرمۆتە – کۆیە، ڕۆژی سێشەم ڕێکەوتی ١٧ / ٨ / ٢٠١١.

چەندڕۆژێك خەبەری ئەوەمان بۆ هات کە باوکمان گیراوە، مانگاکانمان پێش خۆمان داو گەڕاینەوە گوندی هەرمۆتە، پاش تێپەڕ بوونی یازدە ڕۆژ ئارامییەك پەیدا بوو، پاش ئەوەی کەباوکم بریندار ببوو گرتبوویان و لەگەڵ دەستەیەکی تر بردبویانن بۆ هەولێر مانگێك لەوێ مابوونەوە، پاشان بردبویانن بۆ کەرکوك لەوێشەوە گواسترابوونەوە بۆ موسەیەب، سەرمان لێشێوابوو، تەنانەت چاوپێکەوتنیش قەدەغەبوو، دواتر بردبویانن بۆ نوگرەسەلمان کەلە باشوری بەغدایە، دیانێکی تریشی لەگەڵ گیرابوو بەناوی (شەعیا )دوای نۆمانگ لە گەڵ عبدالرەحمان یوسف، پارەیەکی زۆرمانداو واستەمان دەکرد، تاوەکو باوکم بەربدرێ، هەر بەر نەبوو، پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر باوکم لەپڕ هاتەماڵەوە ))[٦٠](( سەبارەت بەدایکیشم ڕۆژی هەراو هۆریاکە، چووبووە بازاری کۆیە سکیشی هەبوو دوای ئەوەی ژانی هاتبو مەنعەتەجەولیش بوو کەس بۆی نەبوو بێتە دەرێ، دایکیشم نەیدەزانی بچێتە کوێ، دواتر چووبووە ماڵی ناسیاوێکمان کەناوی( ئەحمەد بەگ )بوو لەوێ کوڕێکی بوو ناومان لێنا ( سەعدوڵڵا ) پاش ئەوەی چەند ڕۆژێك لەوێ مایەوە چووین دایکمان هێنایەوە بۆ هەرمۆتە ))[٦١] .


---

[٦٠]دیدەنی توێژەر لەگەڵ( عەمانئوئێل مەربێن عەمان)،لەدایکبووی١٩٤٨،کۆیە-هەرمۆتە، ٨/ ٩/ ٢٠٠٩.

[٦١]س.پ.

## ٦- شەهیدە مەسیحییەکانی کۆیەو گوندی هەرمۆتە:

### ١-شەهید (بەشیر جەرجیس یوسف):



لەساڵی (١٩٣٢) لەگەڕەکی بەفری قەندی لەکۆیە لەدایکبووە، لەساڵی (١٩٥٨) لەگەڵ حیزبی شیوعی کاریکردووە و ڕۆژنامەکانی ئەوانی بڵاودەکردەوە و ڕۆژنامەی تریشی دەفرۆشت، لەساڵی (١٩٦١) لەشاری کەرکوك لەکاتی بڵاو کردنەوەی ڕۆژنامەی حیزبی شیوعی، شەهیدیان کرد.

### ٢-شەهید (فەرەنسیس عیسا):



لەساڵی (١٩٠٤) لەکۆیە لەدایکبووە، بەموریسی ژیانی خۆیی و خێزانی مەیسەر کردووە، لە ( ٢/٨/شوباتی ١٩٦٣) کاتێ کە حەرەس قەومی هاتنە ئەو ناوچەیە زوڵمیان لەخەڵك دەکرد، لەمانگی شەشی ١٩٦٣خەڵك ماڵی خۆیان چۆڵ دەکرد، بەخاو و خێزانەوە ڕوودەکەنە گوندی شیواشۆك لەڕۆژی ( ١٩٦٣/٦/٢١) هێرشیان بۆسەر گوندەکە هێنا لە نیوەڕۆی ئەم ڕۆژەدا شەهید بوو، هەر لەو گوندەش نێژرا، لەبەر ئاڵۆزی بارو دۆخ لەدوای تێپەڕبوونی نۆمانگ لە ناشتنەکەی تەرمەکەیان گواستەوە بۆ گۆڕستانی گوندی هەرمۆتە.

**٣-شەهید (یوسف حەنا عەبدولکەیم):**



لەساڵی (١٩٣٣) لەگەڕەکی دیانانی شاری کۆیە لەدایکبووە، بە پیشەی بەرگدروییەوە خەریکبوو و جل و بەرگی بۆ پێشمەرگە درویوە، لەساڵی (١٩٦٣) لەلایەن ڕژێمی بەعس دەگیرێت و لە (١٩٦٣/٧/٧)، لەگەڵ دەستەیەك لە دینگەکانی نێو بازاڕی کۆیە دەیان بەستن و لە پێش چاوی خەڵك گوللەبارانیان دەکەن.

## ٤- تۆپباران و بنچاڵکەوتنی خێزانی(دنحاعیساحەنا):

خێزانـــی (دنحاعیـــساحەنا) لەترســـی تۆپبـــارانکردن و کوشـــتن و بـــڕین چـــاڵێکیان لەگونـدی هەرمۆتـە لێـدابوو، کـەوتبووە سـەر ڕێیـی کـارێزان، واتـە بەشـی ڕۆژ ئـاوای هەرمۆتــە، بــەهۆی شــەڕو تۆپبــاران کردنــەوە لەڕێکــەوتی (١٩٦٣/٦/٧)ئــەم چــاڵەیان بەسەرداتەپی، کەبووە هۆی شـەهید بـوونی نـۆ کـەس لـەم خێزانـە، ناوەکانیـان ئەمانـە بوون: (نەسرین عیسا حەنا): خوشکی دنحا عیسا حـەنا، (وەردێ عیـسا شـابیلە): دایکی دنحـا عیـسا حـەنا، حـەوت منـداڵی (دنحـا عیـسا حـەنا)ش شـەهید بـوون بـەناوەکانی: (مەجید دنحا عیسا)، (بنیامین دنحا عیسا)، (جەمیل دنحا عیسا)، (بـارزان دنحـا عیـسا)، (وارینە دنحا عیسا)، (ئەدیبە دنحا عیسا)، (زەکی دنحـا عیـسا)، بەداخـەوە تـەنها وێنـەی (مەجید دنحـا عیـسا)مـان دەسـتکەوت، ئـەوانی تـر وێنـەیان نـەمابوو، وێنـەی (مەجیـد دنحا عیسا)ش لە وەسیقەی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لێکراوەتەوە.



**٥- شەهید (حەنا یوسف تۆما):**



لەساڵی (١٩٢٠) لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٤٨ بووە بە کارگوزار لە قوتابخانەی سەرەتایی گوندی هەرمۆتە، لەبەر ئەوەی لایەنگری پێشمەرگە بووەو لەماڵی ماونەتەوەو خزمەتی کردوون، بۆیە لە (١٩٦٣/٧/١) لەلایەن ڕژێمی بەعس دەگیرێت، لە (١٩٦٣/٧/٧) لەگەڵ شەش کەسی تر کەبەناوەکانی: حوسێن شەریف ئیبراهیم، حەسەن شەریف ئیبراهیم، محەمەد عبدالوەهاب حوێزی، ڕەحیم کوێخا عەلی، یوسف حەنا عبدلکەریم، سلێمان محەمەد قاوەچی، گوللە باران دەکرێن و شەهید دەکرێن. سەبارەت بە شەهیدبونیشی ئەوا (صلیوە حەنایوسف) گوڕی گەورەکەی بەم شێوەیە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە:((کاتێ گوێم لەتەقەکان بوو لە ئاشی کۆیە بووم، دڵم داخورپاو گریام و ڕامکرد، کەچووم بینیم باوکم و کۆمەڵەخەڵکێکی تر شەهید کراوون، بێگومان لەپێنا و خاك و کوردستانەکەیان لەکاتی شۆڕشی ئەیلول شەهیدکران، ئێمە هەمووومان سەرمان پێیان بەرزە، لەکاتی گوللە باران کردنیشیاندا باوکم بەئازایەتی و سەر بەرزانە هاواری کردبوو:( بژی

پارتی دیموکراتی کوردستان، بژی مەلامستەفای بارزان) ))[٦٢]لەساڵی ٢٠١٠ وەك و ڕێزو وەفایێك ژیاننامەو وێنەی ئەم شەهیدانەیان لەسەر هەمان ئەودینگانەی ناوبازاڕی کۆیە چەسپکرد کەگولەباران کرابوون.



(وێنەی ئەودینگانەی کەژیاننامەی شەهیدەکانی لەسەرنووسراوە)

## ٦- شەهید بوونی خێزان و منداڵەکانی (ئیبراهیم گورگیسی موسا):

لەڕێکەوتی(١٣/١٠/١٩٧٤) کاتێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ڕژێمی بەعس ڕووبەڕوودەبنەوە، شەڕو پێکدادان لەنێوان هێزی پێشمەرگە و ڕژێمدا ڕودەدات، ڕژێمی بەعس دڕندانە دەستدەکات بە تۆپبارانکردنی پێشمەرگە و هاوڵاتیان، لەمشەوەدا تۆپ بەر ماڵی( ئیبراهیم گورگیسی موسا) دەکەوێت و دایکی کەناوی (ئامینە کەریم ئیسحاق)بوو شەهید دەبێت، لەگەڵ سێ منداڵی ئیبراهیم گورگیسی

---

([٦٢])دیدەنی توێژەر لەگەڵ کوڕی شەهید(صلیوە حەنا یوسف)، کۆیە- هەرمۆتە، هەینی ٦/٧/٢٠١٢.

بەناوەکانی: (خێرییە ئیبراهیم گورگیس)، (ڕووناك ئیبراهیم گورگیس)، (شامل ئیبراهیم گورگیس).



شامل لەدایکبووی (١٩٦٩)



خێرییە ئیبراهیم گورگیس لەدایکبووی (١/٧/١٩٦٨)



ڕووناك ئیبراهیم گورگیسی لەدایكبووی (١٩٦٣)

ئامینە كەریم ئیسحاق لەدایكبووی(١٩٠٨/٧/١) بووە،وێنەی نەماوە.

## ٧- شەهید (سەلیم حەنا كەریم ئیسحاق):[٦٣]



---

(٦٣)سەباح حەناكەریم: لە ساڵی(١٩٤٩)لەگوندی هەرمۆتە لەدایكبووە، لەساڵی (١٩٨٢) لە ڕیزی شۆڕشگێڕانی كوردستان بووە، لە (١٩٨٦/١١/٢٣)لەگەڵ براكەی (شەهید سەلیم)گیرا، لەدادگای سەورە حوكم درا بەبەند كردنی هەتاهەتایە، وە بەگوێرەی یاسای تایبەت لەبەرواری (١٩٩٥/٨/٥)دوای ئەوەی نۆساڵ و حەوت مانگ زنیدانی، بەهۆی لێبوردنی گشتی ئازادكرا.

لەڕێکــەوتی (١٩٥٠/٧/١) لەگونــدی هەرمۆتــەی لــەدایکبووە، خوێنــدنی ســەرەتایی لەهەرمۆتە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٨ - ١٩٦٣ ناوەندی لەکۆیە خوێندوە، لەساڵی ١٩٦٧ لـە (دارالمعلمـین) لـە هـەولێر وەرگـیراوەو تـا سـاڵی ١٩٦٩ تـەواوی کـردووە، بـووە بەمامۆسـتا لەگوندی (بۆگد)و بەگرێ بەست وانـەی وتوتـەوە، لەسـاڵی (١٩٧٠ - ١٩٧٢) بـۆ مـاوەی دوو ساڵ لەو گوندە ماوەتەوە، لەساڵی (١٩٧٢) فەرمانی دامەزراندنی دەرچـوو بـووە مامۆسـتا لەگوندی (کونە فلوسە)ی سەربەناحیەی هـیران، تـا سـاڵی (١٩٧٤) لـەم گونـدە ماوەتـەوە، ئەوکاتــە شــەڕی شۆڕشــی ئــەیلوول دەســتیپێکردبوو، لەبــەر نالــەباری دۆخــی سیاســی ناوچــەکە گونــدی کونەفلوســەی بەجێهێــشت و چــووە دەشــتی هــەولێرو لەگونــدی (مەهانە)بە مامۆستا تەنسیب بوو.(٦٤)


لەساڵی (١٩٨٢)چۆتە نـاو ڕیـزی یـەکێتی شۆڕشـگێڕانی کوردسـتان، کـەباڵێکی یـەکێتی نیشتیمانی کوردستان بوو لەپلەی پێشمەرگایەتیدا گەیشتۆتە پلـەی فەرمانـدەی تیـپ، لــە (١٩٨٦/١١/٢٣) گــیراو فــەرمانی لەســێدارەدانی درا، بــەگوێرەی ئــەحکام خاصــە لــە (١٩٨٧/٢/٩) لە ڕێکەوتی (١٩٨٧/١٢/٣٠) شەهیدکرا، لـە(١٩٨٨/٢/١٤) جەنازەکـەیان دایـەوە دەست کەس و کاری.

لەو هەموو لێدانەی لێیدرا ئەو قارەمانە نـەیگوت ئـاخو نـەیگوت ئـۆف، لـەو عەزابـە قورسـانەی کەبەسـەری داهـات نینـۆکی دەسـت و پێیـان هـەموو دەرهێنـابوو...کەچـی نهێنییـەکانی ئاشـکرانەکردو نـاوی هـیچ کـام لـەهاوڕێکانی نەدرکانـد، داسـتانی ئـەم شەهیدە تەنها لای هاوڕێکانییەتی  کە ئەوانیش وەکو مامۆستا سـەلیم بـوون، تـا ڕۆژی لەسێدارەدانی مەقامەکانی (سـێوە)ی هونەرمەنـدی دەگوتـەوە، ئەوەنـدە شـاری کۆیـەی

(٦٤)دیدەنی توێژەر لەگەڵ(نەهرۆ سەلیم حەنا)- کوڕی شەهید، کەیە-هەرمۆتە، ٣-٢-٢٠١٢.

خۆش دەویست دواجار بەهاوڕێکانی گوت: خۆزگەم بەخۆتان جارێکی تر کۆیە دەبیننەوە[٦٥]


**٨- شەهید(هیمداد مەنصور پەترۆس):**



لەساڵی (١٩٦٥) لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، تا قۆناغی یەکی ناوەندی خوێندووە، لە (١٩٨٨/٩/٥) لەلایەن ڕژێمی بەعس دەسگیرکرا، بەتۆمەتی ئەوەی ئیش لەگەڵ حیزبی شیوعی دەکات، چونکە باوکیشی هەر لەگەڵ حیزبی شیوعی بووە، بۆ ماوەیەك لە لە هەولێر لە گرتوخانە ماوەتەوە و ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆریان دابوو، لە (١٩٨٩/٤/٢٦) فەرمانی لەسێدارەدانی دەرچوو شەهیدیان کرد.

(٦٥)ئەکرەم عەبدولواحێد مستەفا، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەناوسەنگەری شاربوون، گۆڤاری کەکۆن، ژ(١٠)، ٢٠١٢، ل١٨-١٩.

### ٩- شەهید چاپووك یوسف ئێلیا:



لەساڵی ١٩٦٠ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای مامۆستایانەو لەساڵی ١٩٨٢ بەشداری شۆڕشی نوێی کردووەو لەشانەی (شەهید سەلیم حەنا)وەك ڕێکخستنی نهێنی نێوشار کاری کردووە، دواتر بوەتە پێشمەرگەو چەند مانگێك پێش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ لە ڕێگای نێوان ڕانیەو جوارقوڕنە بریندارەدەبێت و ماوەیەك لەخەستەخانەو ماوەیەکیش لەماڵەوە دەمێنێتەوە، لە ٢١-٩- ١٩٩١ گیانی سپاردووە.



(وێنەی شەهید چاپووك لەکاتی پێشمەرگایەتی لەڕووباری کرۆژ)

**١٠- شەهید (حیکمەت حەنا یوسف) :**



**لەساڵی (١٩٥٦) لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، لەساڵی (١٩٧٧) ئامادەیی کشتوکاڵی لە ئەسکی کەڵەك-هەولێر تەواوکردووە، لەساڵی (١٩٨١) پەیوەندی کردووە بەهاوڕێیانی لەوانە: فاروقی عەلی مەولود و هاوڕێ کاوە مەخموری لەدەشتی هەولێر و لە تیپی(هەشتاو پێنج)ی دەشتی هەولێر بۆتە پێشمەرگە، لەساڵی (١٩٨٧) لەدۆڵی جافایەتی لە بەرگەڵۆ کاتێ حکومەتی بەعس ئەو ناوچەیە کیمیاباران دەکات، بەرکیمیایی دەکەوێت و لێی دەکاتە نەخۆشی سەرەتان دوای ململانێیەکی زۆر لەگەڵ مەرگدا لە(١٩٩٦/٧/١٣)لە بەغدا شەهید دەبێت.**

**١١- شەهید (هاوکار جەبار دنحا):**



**لە(١٩٨٠/١١/١) لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، لەشاری کۆیە پۆلیس بووە بەپلەی عەریف، لە (٢٠٠٧/١٢/١٢) لە بەغدا تیرۆرکرا، بەتەلەفۆن پەیوەندیان بەماڵی دایکی کردو ئەوەیان پێڕاگەیاندن کە کوڕەکەیان لەلایەن ئیرهابییەکانەوە تیرۆرکراوە، زۆر هەوڵیاندا تەرمەکەیان دەسبکەوێتەوە، بەڵام بێ سوودبوو.**

## ٧- موسڵمانەکانی گوندی هەرمۆتە:

گونـدی هەرمۆتـە بەدرێـژایی مێـژوو مەسـیحی نـشین بـووە، یەکـەم کـەس لـەبرا موسڵمانەکانمان کە هاتۆتە گوندی هەرمۆتە ناوی ( حەسەن عەبدوڵلاحەسـەن )بـوو، بـە ( حەسـەن سـوڵتان ) ناسـراوە، چـونکە بـاوکی مـردووەو بـەناوی دایکـی بـانگکراوە، کـە دایکـی نـاوی ( سـوڵتان )بـووە، خـۆی لـەدایکبووی سـاڵی( ١٨٦٠ )ز، بـەڵام لەسـاڵی ١٨٨٥ هاتۆتە گونـدی هەرمۆتـە، لەعەشیرەتی شوانەو لەگونـدی ( سمایل بـەگی ) لەناحیـەی ڕێدار کە سەر بەپارێزگای کەرکوکە، لەسـەر ڕەزوبـاغی عـەولاغای کـوڕی ئـەمین ئاغـای کۆیـە جـێگیر بـووە، خێزانەکـەی نـاوی ( هـەمین پـیرۆت )بـووە خـەڵکی شـاری کۆیـە بـووە[٦٦]،لـەدوای سـاڵانی سی و چلەکانی سـەدەی بیـستەم چـەند مـاڵێکی تـری ئیـسلام هاتوونەتـە گونـدی هەرمۆتـە، هەنـدێکیان ماوەیـەك ماونەتـەوەو بـەکارو کاسـبییەوە خـەریك بـووین، هەندێکیـشیان ڕۆیـشتوون لـەدوای سـاڵانی هەشـتاکانی سـەدەی بیستەمیش چەند ماڵێکی تر هاتوون و لەم گونـدە گیرساونەتەوە. ئەمانـەی هـاتوون و لێرەگیرسـاونەتەوە لەچـەند شـوێنێکی جیـاواز هـاتوون ( ڕەسـوڵ حەمـە ڕەسـوڵ ) لەگونـدی شـەوگێڕی کۆیـە هـاتوون ئێـستا هەنـدێك لـە کوڕەکـانی لەهەرمۆتـە دەژیـن.( تـاهیری خـەزاریّ ) لەگونـدی تاڵـەبانی گـەورەی کۆیـە هاتوونەتـە گونـدی هەرمۆتـە، ( ئەحمەد ڕەسوڵ مەروان ) لەگوندی کێلەخوارەی کۆیەوە هاتوونەتـە گونـدی هەرمۆتـەو نەوەکانی لەگوندە ماونەتەوە.


---

([٦٦])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (قاسم حوسین عەبدەڵلا)، لەدایکبووی ١٩٦٢، مامۆستا، کۆیە-گوندی هەرمۆتە، ڕۆژی دووشەم، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٣٠.

(عەبدوڵڵا شەریف) لەدوای شەستەکانی سەدەی بیستەم هاتۆتە گوندی هەرمۆتە کەخۆی خەڵکی گوندی (حاجی قەلا)ی کۆیە بووە، (ڕەشەلەك) خەڵکی قەشقە بووە لەگوندی هەرمۆتە گیرساوەتەوە، جگە لەم پێنج ماڵەی کەهاتوون، دیارە کۆنترین ماڵیان( حەسەن عەبدڵڵا حەسەن سوڵتان ) بووە زیاتر لەسەدەیەك دەبێت لەم گوندە ژیاوەو نەوەیەکی زۆری لەدوای خۆی بەجێ هێشتووەو یەکەم ماڵە موسڵمانیش بووە کە هاتووتە ئەم گوندە، ئێمەش بەپێویستی دەزانین درەختی ئەم بنەماڵەیە بخەینەڕوو:



((مەحمود عەبدوڵڵا حەسەن (خولەی مامە عەدە) ))


حەسەن عبدالله حەسەن ( حەسەن سوڵتان)
عبداللە (مامەعەدە
١٨٨٧)
سمایل ١٨٨٩
زینەب
حوسێن
حەسەن
خانە
پەیان
برهان
عەزیمە
ساڵح
قاسم
رۆستەم
چەتۆ
بەهیە
رێبین
شۆخان
پەیوەند
پەیام
سانا
کۆچەر
رەوەز
دیاریی
ئاری
خجیجە
حوسێن
پەیڕەو
پەیوست
سیڤا
رامی
بنار
عایشە
زەکیە
گلێنە
سایە
سارا
نسار
ڤیان
ژیان
رەشاد
ئەژین
ئەڤین
ڕزاق
فەرهاد
خلیل
ئەحمەد
سمایل
محەمەد
بڵند
لەیلێ
دیمەن
سروان
شوان
سروە
سۆما
ئالێن
ئەحمەد
فریال
عەمار
سیما
سەیران
تایدن
جوان
لیدە
قەدریە
لەیلێ
سەعدیە
گوڵێ
ویجدان
شلێر
سەدریە
شادیە
کافیە
قادر
ئەحمەد
ئاشتی
شوان
ئازاد
نەوزاد
شێرزاد
بەرزان
دلزار
ئاسك
ئاسك
بەفرین
فاتمە
گولیزار
دەشتی
پشتیوان
دەرباز
دلسۆز
سەفین
سەرکەوت
رەیان
رەوا
ئاوارە
ئاوات
محەمەد
بوشرا
دنیا
نور
دینا
رازان
زبیدە
محمود
ستار
یوسف
عائیشە
سلتان
هەمین
فاتیمە

## ٨- کێشەی دروستکردنی مزگەوت:

له ساڵی ١٩٩٩هەندێك لە موسڵمانەکانی هەرمۆتە کۆبوونەوەیەکیان بەدزی کردبوو بێ ئاگاداری و زانیاریی مەسیحییەکان و بەشەو دەستیان کردبوو بەبناغە هەڵکەندن، بەمەبەستی دروستکردنی مزگەوت بۆبەیانی ئامادە کرابوو، قوم و چەو و چیمەنتۆو...سەرچەم پێداوستییەکان هێنرابوو، بۆئەوەی دەست بکەن بە دروستکردنی، ناڕەزایی مەسیحییەکان لەوە بوو کەئەوان ئاگاداری هیچ شتێك نەبوون و شتەکە زۆر لەناکاوبوو، ئەو شوێنەی ئەوانیش هەڵیانبژاردبوو کەوتبووە ناو ماڵی مەسیحییەکان و شوێنی سەرەکی ژن و پیاو و کوڕو کچانی مەسیحی بوو و تیای کۆدەبونەوە، سێ دوکانی مەشرۆبیش بەرانبەر ئەم شوێنەبوو کەدەیانویست بیکەن بەمزگەوت، مەسیحییەکانیش داوایان کرد مزگەوتەکە لەگەڕەکی خۆیان دروستبکرێت، چونکە مەسیحییەکان دەیانزانی لەداهاتوو بەهۆی دوکانی مەی فرۆشان و تێکەڵی خەڵکە مەسیحییەکان و کوڕو کچانی مەسیحی بەم جل و بەرگەوە لەبەردەرگای مزگەوت دابنیشن کێشە پەیدادەبێت، مەسەلەیەکی کوردی هەیە دەڵێت:( شەڕ لەشۆ نەك لەتۆ)، بۆیە مەسیحییەکان بڕیاریاندا ئەم مزگەوتە لەشوێنێکی شیاو دروست بکرێ، کەچی بەشێك لە ئیسلامەکانی هەرمۆتە ناڕەزاییيان دەربڕی و هاواریان لێهەستاو هەندێکیان دەیان وت دەبێ منارەی زۆربەرزکەین شەش حەوت مکرۆفۆنی پێوەخەین گوندەکەتان پێچۆڵ بکەین.....هتد

بارو دۆخ ئاڵۆزبوو هەندێ لەمەلاکانی شاری کۆیە و بەرپرسانیش مداخەلەیانکرد، بۆماوەیەك بارگرژی کەوتە نێوان مەسیحی و موسڵمانەکان تاگەیشتەئەوەی قسە

لەگەڵ یەتری نەکەن و بەشداری خۆشی وناخۆشی یەکتر نەکەن، بەشەو چەند کەسێك لەئیسلامەکانی گوندی هەرمۆتە دیواری کلیسایان تێکدا، بۆئەم ئاژاوەنانەوەیە دەستێکی پیس و ڕەشی لەپیشت بوو بۆتێکدانی باری ئاسایی ئەم گوندە کەچەندین ساڵە وەك براپێکەوە ژیاون، ماوەیەك وابوو دواتر وردە وردە لێکدی نزیك بوونەوەو دواتر مزگەوتیان لەگەڕەکەی خۆیان بۆ دروستکرا کە لەشوێنێکی بەرز بەرانبەر ڕەزوو باخێکی خۆش، مزگەوتێکی گەورە کەتەنها ژوورو بیناکەی (٢٠٠)مەترە، گەر لەداهاتوو ببن بە(٢٠٠) ماڵیش بەشیان دەکات، ئەمەش وێنەکەیەتی:



داواکاری مەسیحییەکانیش ئەوەبووە کە لەگەڕەکی خۆیان دروستی بکەن کەشوێنێکی شایەستەیە تەنانەت دروستکردنی کلیسایەکیش لەتەنیشت بارێك و دوکانی مەشروبات ڕەوانییە، بۆیە ئەو شوێنەی هەندێك لە برائیسلامەکانی هەرمۆتە هەڵیانبژاردبوو بۆکلیساش ناگونجێت بۆیەناڕەزایی مەسیحییەکان لەسەر خودی مزگەو تەکە نەبوو، بەڵکو لەسەر شوێنی مزگەوتەکەبوو، دیارە بۆنانەوەی ئاژاوەش دەست نیشان کردنی ئەم شوێنەو بناغەلێدانی بەشەوو هەربەشەویش هێنانی قوم وچەو پێداویستی دروستکردن دەستێکی پیس و ڕەش لەپشت ئەمەوەبوو، چونکە

خۆشیان دەیانزانی دروستکردنی مزگەوت لەم شوێنە شتێکی هەڵەیە، بۆیە بەشەو بەدزییەوە بناغەیان لێدا، مەسیحییەکانیش ئەم شتەیان قبووڵنەکردو بەزوڵمیان زانی و هاواریان لێ هەستا، کە گوندی هەرمۆتە تاقە گوندێکی مەسیحی دەڤەری کۆیەیەو بەدێژایی مێژوو خۆی پاراستووە.

مەسیحییەکانیش هەرگیز جیاوازییان نەکردووە لەڕووی ئاینەوە هەرپڕۆژەیەك کرابێ بۆهەرمۆتە لەبەرژەوەندی هەردوولابووە لەڕێگای کلیساوە بیری ئیرتیوازی لێدراوە لەناو زەوی مەسیحییەکان، بەڵام ئاوەکەی بێجیاوازی جوتیاریی ئیسلام و مەسیحی بەکاری دەهێنن، تەنانەت ئەو قەبرستانەی ئیسلامەکانی هەرمۆتە مردووی تیادەنێژن مەسیحییەکان زەوییان بێ بەرانبەر پێداون لەموڵکی کلیسای هەرمۆتە، لەئەنفالەکانیشماڵێکی زۆر لێیان قەوماو لەسەر ئیش و کاردامەزران و خانوویان داونەتێ و لەکەڵیان ژیاون، لەگەڵ ئەم شتانەشدا ئێستا ئیسلامەکانی هەرمۆتەش لەگەڵ مەسیحییەکان گونجاون، ماوەتەوە بڵێین ئێمە براین براش لەگەڵ برا ناکۆکی هەردەبێت ئیستا لەبۆنەی خۆشی وناخۆشی یەکتر بەسەردەکەنەوەو مناڵ و گەنجەکان بەیەکەوە لەقوتابخانە دەخوێنن...وەکو جاران یەکتریان خۆش دەوێ هیچ کێشەیەکیان نییەو زۆر تەبان.

## ٩- ڕووداوەکەی یاسین جوبرائیل:

یاسین جوبرایل خەڵکی گوندی مورتکەیەو پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ژنێکی لەگوندی هەرمۆتە هێنابوو بەناوی (خانم ئەحمەد)، کاتێ لە ٢٦-٨-١٩٦٩ بەسەردان هاتبووە گوندی هەرمۆتە، ئەوکات پارتی ببون بەدووباڵ: باڵی مەکتەبی سیاسی و باڵی سەرکردایەتی، ناکۆکی و ململانێ لەنێو هەردووباڵەکەدا هەبوو[٦٧]، یاسین لەباڵی سەرکردایەتی بوو، ژمارەیەك لەباڵی مەکتەبی سیاسی هێرشیان بۆهێنا تەقەوشەر دەستی پێکرد، کەسێکی تر لەگەڵ یاسین بوو ناوی (حەوێز) بوو، سەمینۆفەکەی دابووە یاسین و خۆی تەسلیم کرد، یاسین ئەوبان و ئەوبانی دەکرد نەیاندەتوانی بیکوژن، دواتر ناوبراو خۆی خستەناو کادین پێیان نەدەکوژرا داوایان لەموختاری گوندی کرد بەپێشیان کەوێ تاوەکو لەکادین دەریبهێنن، (یاسین)یش بە (شمعون گورگیس)ی موخاری هەرمۆتە دەڵێ:( دوورکەوەو مەیەپێش نمەکم کردووی بانەکوژرێی)، لەو قسانە دادەبێ تەقەی لەچەکدارەکەکردو کوشتی و لەم شەرو پێکدادانە دووکەسی تریش دەکوژێ و سود لەجەك وتەقەمەنی کوژراوەکانیش وەردەگرێ، دواتر نۆزیلی پڕلەسەربازو دووسەدجەکدار و دەبابە هاتن لەهەموو لایەك تۆب باران و گولەبارانیان کرد دوای ئەوەی سێ کاتژمێر شەڕێکی بێوێنەی کرد کوژرا.[٦٨]

---

([٦٧])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (جەواد حەمەدبەگ)،مامۆستا، کۆیە، ٢٠-٤-٢٠١٣.

([٦٨])دیدەنی لەگەڵ (بەفرین عەزیز پەترۆس)، کۆیە-هەرمۆتە،١٨-٣-٢٠١٣.

یەعقوب موسا دەڵێ: (( (یاسین جوبرائیل)یان لە پشت کلیسای هەرمۆتە فرێدا، تەرمەکەم بینی قۆڵی هەڵکردبوو کورتەك و شەرواڵی ئەفسەری لەبەربوو و کەسەیریشم کرد هیچ خوێنێکی لێ نەهاتبوو دیاربوو بەفشاری هەوای تۆپەکان پسابوو[٦٩] دوای مردنی کەسێك تەقەی لێ کردوو سەربازەکانیش جنێویان پێدەدا، کەسێك لەسەربازەکان هاتە وەڵام و وتی نامرن بۆخۆتان لەمردوو دەدەن ئەگەرپیاوبوون تازیندووبوو بچوباینەتە سەری، حەیف بوو ئەوەکوژرا چەکی ئەو چی بوو کلاسینکۆفێکی بەسیت بوو))[٧٠] دواتر تەرمەکەیان لەشاری کۆیە ناشت.

---

([٦٩])(جەواد حەمەد بەگ) لەکۆپلە شیعرێکدا بەمشێوەیە باسی دەکا:

- لەوشوێنەی یاسین شەڕی لێدەکرد

ئاگر مەشخەڵی بۆئاسمان دەبرد،

- وروژمی دوژمن تەلقەی ستەمکار

دەچوو بەڕێژنەی تەرزەیی بەهار...

([٧٠])دیدەنی لەگەڵ (یەعقوب موسا)، کۆیە-هەرمۆتە، ٥-٤-٢٠١٣.

# بەشی دووەم:

## ((لەبارەی ڕۆشنبیرییەوە))

### ١- ئەدەبیاتی فۆلکلۆری گوندی هەرمۆتە:

گوندی هەرمۆتە لەکۆندا زۆر فۆلکۆرزان و مەقام زان و چیرۆکخوانی لێ بووە، کە بەزمانی کوردی و سریانی گوتوویانە، لەبارەی حیکایەتەوە ( ئێلیا فەرەنسی) حیکایەتی زۆر زانیووە شەوانی زستان خزم و کەس چوونەتە مالّی بەهەلقە بۆی گێڕاونەتەوە، حیکایەتی وا دووروودرێژ کە بە دووسێ شەو تەواوبووە، جگە لەناوبراو گۆرگیس ئێلیا، ئیبراهیم سلێمان مەتێ، تۆما یوسف تۆما، لۆسیا فەرەنسی ئێلیا، ئەمانەش حیکایەتی فۆلکلۆرییان زانیوە، بەلاّم تۆمار نەکران و هەمووشیان کۆچی دواییان کردووە، ئەگەرچی هێندێ لەوحیکایەتانەیان بۆ نەوەکانیان بەجێ ماوە، (بەفرین عەزیز پەترۆس) کۆمەلّێ حیکایەتی فۆلکلۆری سریانی دەزانێت، حیکایەتەکانی تۆمارکراون و لەلایەن ( د.هاوژین صلیوە ) وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی، کە نۆ حیکایەت لە خۆی دەگرێ، لە دوو تویی کتێبێك لەلایەن ئێنستیوتی کەلەپوری کورد، لەسالّی ٢٠١٢بەچاپ گەیشتوە، نزیکەی بیست حیکایەتی تریش کە هێشتا چاپ نەکراون لەلایەن ( بەندە) پارێزراون، حیکایەتەکانیش لەم بەڕێزانە وەرگیراون: ئازاد تۆما، هیلان عیسا کەریم، شاکر عیسا ئێلیا، یوسف تۆما یوسف، صلیوە حەنا یوسف، شابا تۆما یوسف، سالم عیسا ئێلیا.

سـەبارەت بـە پەنـدی پێـشینان لەگونـدی هەرمۆتـە زۆر پەنـدی سـریانی هەیـە کـە لـەزمانی کوردیـدا نییـە، شـیعرو گـۆرانی سـریانیش هەیـە، بـەڵام گـۆرانی سـریانی لەهەرمۆتە زۆر کەمە، لەچەند بڕگەیـەك نـەبێت، زۆر لەبەسـتە کوردییـەکان کاتـێ کـە مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە دەیڵێن لەچەند وێستگەیەکیدا بڕگـە بڕگـەی سـریانی دەبیستین، بەڵام سەبارەت بە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی ئەوا ( ئێلیا فەڕەنسی ) گۆرانی فۆلکلۆری کوردی زۆر زانیووە بەشێکی ئەم گۆرانیانە لەلایەن نووسـەری ئـەم بەرهەمـە پارێزراون، (سەخەریا عیسا کـەریم) شارەزاییەکی زۆری هەیـە لـە فۆلکلـۆری کـوردی و ژمارەیـەکی یەکـچار زۆر گـۆرانی دروێنـە و سـاوار کوتانـەوە... دەزانـێ بەشـێکیانی لای بەنـدە پـارێزراون، بێگومـان حەنیلـە خـڕە و سـێوەو بـاکوری و مـەڕبێن. ئـەمانیش خزمـەتێکی گـەورەی بەرچـاوی گـۆرانی و میـوزیکی کوردییـان کـردووە کـە بـەجودا لەوانیش دواوین.

سەبارەت بەشانۆش ئەوا ساڵانە لەنێو کلیسا چەندین نمایـشی ئـاینی هەیـە، سـەبارەت بەنوانـدن و شـانۆگەریش ئـەوا لـەنێوئاینی مەسـیحی کۆمـەڵێ نوانـدن هەیـە کەسـاڵانە لەنێوکلیـسادا نمـایش دەکـرێن، بـەڵام دیارترینیـان، نوانـدنی ((گەیاسـە))یـە، بیرۆکەکـە لـەوەوە هـاتووە دووکەسـیان لەگـەڵ عیـسا لەخاچـدابوو، یـەکییان دانیپیانـا کەعیـسا پێغەببەری خودایە، عیسا پێی گوت تۆلەمەلـەکوت لەگەڵمـدا دەبی، نمایـشەکە ئەوەیـە دووکـەس جلکـی تایبـەت دەپۆشـن کەسـە دزەکـە ڤیناعێـك لەسـەری خـۆی دەکـات یـان ماکیـاژێکی سەیروسـەمەرە دەکـات، هەوڵـدەدا بـچێتە بەشـی سـەرەوەی کلیـسا، بـەڵام کەسێکی تـری ئیمانـدار پارچـە دارێکـی پێـدەبێت و ڕێگـا نـادات کەسـە دزوشـەیتانەکە بگاتە بەشی سەرەوی کلیساکە، پاش ئەوەی نزیکەی هەشت نۆدەقیقـە ململانـێ دەکـەن، خـەڵکیش بـەم جـۆرە نمایـشە پێدەکـەنن و شـێوەیەکی کۆمیـدی وەردەگرێـت، دواتـر

ئەوكەسەی ڕۆڵی كەسە دزەكە دەبێت سەلیبێك بەرزدەكاتەوە، ئینجا كەسە ئیماندارەكە ڕێگای پێدەدات بچێتەبەشی سەرەوەی كلیساكەو پێكەوە سەلیبەكە بەررزدەكەنەوەو نمایشەكە كۆتایی دێت.



(وێنەی نمایشی گەیاسە)

هەرلەسالآنی كۆتایی هەشتاكانەوە لەبۆنەو مناسەبەكان شانۆگەری بەشێوەسەرەتاییەكەی پێشكەش كراوە، واتە تەنها ماكیاژوونمایش بووەو ئایتمەكانی تری شانۆ بەشداری تێدانەكردووە.

لەدوای سالآنی ٢٠١٠لەڕێی سەنتەری لاوانی هەرمۆتە بەهاوكاری تیپی شانۆی كۆیە شانۆگەری منالآن كەبەناوی شانۆگەری (تاوانی ئەسپەكە) پێشكەشكراوە.لەسالّی ١٩٩٤ بۆیەكەم جار فیلمی (برۆنەسوكرا) كەواتەیی(كوڕی ونبوو)وە بەزمانی سریانی بەرهەم هێنراوە، جوامێر جەلال وسو دەهێنەربوو، ئەكتەری سەرەكی كەڕۆڵی

پاڵەوانییەتەکەی بینیبوو (دنحا تۆما یوسف) بووە، بیرۆکەی فیلمەکەش لە ئینجیل وەرگیراوە، کاری مۆنتاج و دەرهێنانیش لەلایەن دلێر جونەید هیرانی ئەنجامدرابوو، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی کۆیە لەهەمان ساڵدا چەندجارێك نمایشیکرد.

## ب- بەهرەمەندو کەسایەتییە مەسیحییەکانی کۆیەو هەرمۆتە:

### ١- ئالان ئیسحاق پەری (ئالان پەری):



لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٧ چەندین بەرهەم و نووسینی لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٩٩ لەتاراوگە دەژی ئەندامی کۆمەڵێ ڕێکخراوە، نووسین وسیناریۆی بۆکورتە فیلمی (تاراوگەی حەزەکان)ئامادەکردووە، بەزمانی کوردی و عەرەبی و دانیمارکی شیعر دەنووسێت، سێ کۆمەڵە شیعری بەزمانی عەرەبی بەچاپ گەیاندووە.


## ٢- ئیڤان عەزیز میخە:




لە ١٩٨٣/١/٥ لەدایکبووە، دیبلۆمی لە هونەری شانۆگەری بەدەست هێناوە، بەکالۆریۆسی لە هونەری سینەما لە بەشی دەرهێنان وەرگرتووە، ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانە و ئەندامی تیپی( شمشە )یە بۆ شانۆگەری، ئەندامی دامەزرێنەری مونتەدای عەنکاوەیە، وێنەگرو دەرهێنەر بووە لەزۆرکاری هونەریدا، یاریدەدەری هونەری بووە لەفیلمی مارینا لەدەرهێنانی(ڕەفیق نوری)،

یاریدەدەری وێنەگری فیلمی ( بێکەس )بووە لەدەرهێنانی کارزان قادر، بەڕێوەبەری وێنەگرتنی زنجیرەی(خانەکەی حاجی ئاغا)بووە لەدەرهێنانی (سالار سوڵتان) و نووسینی فوئادی مەجیدمیسری، ئەکتەر بووە لە زۆر لەزنجیرە دراماکان، کاری ڕوناکی بۆ زۆر فیلم کردووە، نووسەرو دەرهێنەری فیلمی (المرأه) بووە.دەرهێنەری شانۆگەری ( جەنەرال ) بووە.دەرهێنەری شانۆگەری ( حەجی دوگلانە ) بووە کەبەزمانی سریانی نمایش کراوە.

**٢- باکوری:**



**باکوری ناوی ( ئەندرێوس ئیسرائیل خەمۆ )یەو لە ٥-١٠- ١٩٢٨ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، لەسجلی تەعمیدی کلیسەی مەریەمەی پاکیزە لەهەرمۆتە ناوی نووسراوەو لە ٨-١١-١٩٢٨ لەلایەن قەشە ئەنتوان تۆما تەعمید کراوە، ئەوکەسەی کەباکوری لەباوەش گرتووە، ناوی عیسا شابیلە بووە، لەم سجلەدا ناوی دایکی باکوری (ئیمرانیر لازار)تومارکراوە.**



**(سجلی تەعمید: ئەو پەڕاوەی کە بەسریانی ناوی باکوری و ئەوزانیاریانەی لەسەر تۆمارکراوە)**

لەساڵی ١٩٤٥ لە قوتابخانەی سەرەتایی بووە هەستی بە بەهرەی خۆی کردووەو گۆرانی گوتووە، لەنێو کلیساشدا زۆر بەوردی گوێبیستی تەراتیلی ئاینی بووەو چێژی لێوەرگرتوون.باکوری بەم شێوەیە دەدوێ: (( من لەساڵی ١٩٥٠ لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئاشوری ئیشم دەکرد، کە تیپێکی ئەهلی ئاشوری بەناوی( قوتابخانەی ئاشوری ) بووە، دواتر لەپەیمانگەیەکی ئەهلی بەشی عودم خوێند، لەساڵی ١٩٥٢ چوومە ئێستیگەی کوردی لەبەغدا و بوومە گۆرانی بێژ، خۆم ئاوازم دادەناو شیعرم هەڵدەبژارد، یان خۆم داوام لەشاعیران دەکرد شیعرم بدەنێ لەوانە مەجید ئاسنگەر، کەریم شارەزا، شێخ بورهان، لەگۆڤارەکانیش شیعرم هەڵدەبژارد لەوانە: لە گۆڤاری گەلاوێژ شیعرەکانی: گۆران، شێخ سەلام، ئەو کات شێخ سەلام چوارینەکانی خەیامی کردبووە کوردی، جگە لەوانەش هەندێ گۆرانی خۆمم هەیە، ئەوکاتە شەش حەوت گۆرانی بێژ و حەیران بێژ هەبوون هەر ڕۆژێ یەکێك ئاهەنگی بڵاو دەکردەوە، لەوانە خوالێخۆشبووان: مامۆستا علی مەردان، تاهیر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی کەحەیرانی دەگوت، حەسەن جەزراوی و نەسرین شێروان و ئەڵماس محەمەد و فەوزییە محەمەد لاوك و بەستەی بادینیان دەگوت.

لەساڵی ١٩٥٧ بەشی ئینگلیزیم لەزانکۆی بەغدا تەواو کرد، کاتێکیش لەهەمان ساڵ دامەزرام بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لەقوتابخانەی ناوەندی کوڕان، لەم قوتابیانە ژمارەیەکم هەڵبژارد، هەر کەسەی ئامێرێك یان بەدوو کەس ئامێرێکیان هەبوو، بەم شێوەیە ئامێرەکانم دابەش کردبوو کەمانجەکەم دابووە ئیبراهیم فەرەجوڵڵا و زاهیرمحەمەد، ( عود )ەکەشم دابووە دەست وریا و ئەکرەم باقی، ڕۆژانە واجبم دەدانێ دەیانخوێندەوەو تەمرینیان دەکرد و پرۆڤەم پێدەکردن، پاشان لەسەرداوای مامۆستا (شەفیق سابیر) بەڕێوەبەرایەتی تەربیەی هەولێر هەندێ ئامێریان بۆ ناردین، ئیتر

دوای ئەوە هەر یەکەو ئامێرێکم دانێ ئەو کات حەوت تا دەکەس دەبوون تیپێکمان بەناوی ( تیپی مۆسیقای باواجی ) دروستکرد، دواتر من چوومە هەولێر ناوبەناو بۆ ئاهەنگەکان دەهاتمە کۆیە، لەساڵی ۱۹٦۱ چوومە لەقوتابخانەی ( ناوەندی زازا )لەهەولێر بوومە مامۆستا لە دوای ڕاپەڕینەوە لەساڵی ۱۹۹۳ لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکان مامەوە، تاوەکو ساڵی ۱۹۹٦ خانەنشین کرام، تاکو ۲۰۱۳ هەر ئەم پەیوەندیم لەگەڵ تیپی باواجی کۆیە ماوە.[۷۱]

**ئەو کتێبانەی کەتاکو ئێستا بەچاپی گەیاندون ئەمانەن:**

١- چۆنییەتی گۆرانی گوتن، وەرگێڕانی لەزمانی ئینگلیزییەوە، ۲۰۰۱.
٢- بەشی یەکەمی گۆرانی بێژە نەمرەکان، ۲۰۰۲.
٣- بەشی یەکەمی تەمەنێك، بیرەوەری، ۲۰۰۳.
٤- بەشی دووەمی گۆرانی بێژە نەمرەکان، ۲۰۰٤.
٥- بەشی دووەمی بیرەوەرییەکانم ۲۰۰٥ — ۲۰۰٦.
٦- بەشی سێیەمی گۆرانی بێژە نەمرەکان،
٧- چیرۆکی هەندێ گۆرانی ڕەسەنی کوردی، ۲۰۰۸.
٨- بەشی دووەمی تەمەنێك.
٩- ئێزگە، ۲۰۰۹.
١٠- نەتەوایەتی و زمان لەکوردستاندا، وەرگێڕانی لەئینگلیزییەوە، ۲۰۱۰.
١١- بەبۆنەی یوبیلی زێڕینی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی، ۲۰۰۲.

دەست نووسی ( بەشی سێیەمی تەمەنێك ) ئامادەی چاپە، لەگەڵ چەند کتێبێکی تر.

---

[۷۱] دیدەنی توێژەر لەگەڵ ( باکوری )، هەولێر ٤ / ۱۱ / ۲۰۱۲.

داواکاری باکوری: ((داوام وایە هەموو خەڵکی کۆیە پاڵپشتی تیپی مۆسیقای کۆیە بکەن مادی و مەعنەوی، چونکە ئەم تیپە لەساڵی ١٩٥٧ تاکو ئێستا ماوەتەوە، پەنجا ساڵ زیاترە خزمەت دەکات، ئەندامەکانی هەموویان شایەستەی ئەوەن لەلایەن حکومەتی هەرێم ڕێزیان بگیرێ، ئەندامان ساڵ دوازدەی مانگ ماندونەو خزمەتی هونەری کوردی دەکەن، کەسێك ناتوانێ بەربرسییەتی ئیش بکات، بەڵام کەسێك کێشەی نەبێ ئیبداع دەکات، هەرچەندە کەم زۆر درێغییان نەکردووە ئیشیان بۆکراوە، بەڵام نابێ کەم تەرخەم بن لە ئاستیاندا))[٧٢].

**٣- تەلان موسا عەمان:**



لە ٢٧ / ٤ / ١٩٨٦ لەدایکبووە، دەرچووی دواناوەندی پیشەسازی کارەبایە، ئەندامە لە (تیپی نواندنی شمشا ) لەعەنکاوە، بەشداری لە دوازدە شانۆگەری و یەك فیلمی سینەمایی و پێنج کورتە فیلمدا کردووە.ناوی هەندێ لەو شانۆگەریانە دەهێنین کە بەشداری تیادا کردووە لەوانە: الجلَد، الَبن الضال، الملك الفلَح، میزان الحکم، قبلك یاملك الزمان...

(٧٢)س.پ.

## ٤- جان توماس جانۆ:



لـە ٤ / ٤ / ١٩٤٧ لەکۆیـە لـەدایکبووە، دیپلـۆمی بەدەسـت هێنـاوە، ئـامێری کـەمان دەژەنێت، دەسـتەی یەکـەمی تیپـی مۆسـیقای بـاواجی کۆیـە بـووە، ئەنـدامی دەسـتەی بەڕێوەبـەردنی تیپـی هونـەری هـەولێربووە، وەك موزیـك ژەن بەشـداری ئامـادەکردنی چەند بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی کـردووە، لەسـاڵی ١٩٧٤ بەشـداری لـە یەکـەم میهرەجـانی هونەری کوردی کردووە، لەتیپی مۆسیقای خانزادیش کـاری کـردووە.چـەندین نووسـنی دەربـارەی هونـەری مۆسـیقا لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـە کوردییەکانـدا بڵاوکردۆتـەوە، لـە ٢٠/ ١٠/ ١٩٩٩ بڕوانامـــەی ڕێزلێنـــانی لـــەوەزارەتی ڕۆســـنبیری و ئۆکـــسترای کوردســـتان وەرگرتووە. لەسـاڵی ٢٠٠١ بۆتـە( نـەقیبی ) سـەندیکای هونەرمەنـدانی کوردستانی لقی هەولێر.لەئەیلولی ٢٠٠٥ بڕوانامەی ( ڕێزلێنان )ی لەوەزارەتی ڕۆشـنبیری وەرگرتـووە.لـە ٣١ / ٣ / ٢٠٠٦ بڕوانامـەی ڕێزلێنـانی لەلایـەن ( پارێزگـاری هـەولێر ) پێـدراوە.لەسـاڵی ٢٠٠٦ ( خـەڵاتی ڕێزلێنـان )ی لـە ئەنجومـەنی سـەندیکای هونەرمەنـدانی کوردسـتان

پێــدراوە. کتێبێکــی لەســاڵی ١٩٩٨لــەژێرناوی ڕەزمــەکانی مۆســیقای کــوردی بەچــاپ گەیاندووە. لە ٣١ / ١ / ٢٠١١ خانە نشین کراوە[٧٣].

## ٥- جەمیل عیسا کەریم ئیسحاق:



ناسـراو بـە ( مامۆسـتا جـەمیل عیـسا ) لەسـاڵی ١٩٥٠ لەگونـدی هەرمۆتـە لـەدایکبووە، لەساڵی ١٩٧١ بڕوانامەی بەکالۆریۆسـی لـە جوگرافیـا لـەزانکۆی بەغـدا بەدەسـت هێنـاوە، بەشداری شۆڕشی ئـەیلول و شۆڕشـی نـوێی کـردووە، چـەند جار ڕۆڵـی بەرپرسـیاریەتی وەرگرتـوە، لەوانــە بــوو بــە بەڕێوەبــەری گـشتی پــەروەردەی کۆیــە، کـارگێڕی ماڵبەنـد، نوێنەری بەڕێز مام جەلال بۆ کاروباری مەسیحییەکان، ئەندامی ئەنجومـەنی ناوەنـد... هتد.بواری نووسینەکانی لەبارەی ( جوگرافیاو مێژوو سیاسەت... ) هتد

بــەدەیان وتــاری لەڕۆژنامــەو گۆڤارەکــان بڵاوکردۆتــەوە، ئەوکتێبانــەی کــە بەچــاپی گەیانــدوون ئەوانــەن: کــوردو جیهــانگیری ٢٠٠١، مێــژووی کلیــسای کلــدانی-وەرگێــڕان، مێژووی مەسیحییەت لە کەرکوك- وەرگێڕان.

---

(٧٣)دیدەنی توێژەر لەگەڵ (جان تۆماس جانۆ)، هەولێر،٢٠١٢.

**٦- حەنا تۆما ( حەنیل ):**

مەقامبێـژێکی دەنـگ خـۆش بـووە، شـاگردی مـەربێن بـووە، سـێوەی هونەرمەنـد بـۆ مـاوەی سـاڵێك لـەلای حـەنیل دەخوێنـێ و زۆر مـەقامی لێ فێردەبـێ، حـەنیل سـاڵی لەدایکبوون و مردنی تەواو دیار نییە، بەڵام هاوڕێی عەبەی چایەچی و پوتـێ و مینـای مەربێن و مەلائەسعەد بووە.[٧٤] کەریم شـارەزا دەڵێـت: ((تاسـاڵانی چلەکانیش حەنیلـە خڕەم بینیوە کەسێکی سورەی چاوقاوەیی و کورتیلەو قەڵەو بـوو، دەم وچـاوێکی جـوان و گونجاوی هەبوو کەواوسەڵتەی لەبـەردەکرد، جامانەکـەی لەشـێوەی دیانـەکانی قـەدیم دەبەست، واتە جامانـەی لەشـێوەی جامانەکـەی سـێوەی هوونـەرمەنـد بـوو، بـەڵام سـاڵی مردنەکەی نازانم و تۆمار نەکراوە )).[٧٥]

---

[٧٤] کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتیدا، أمانة عامة، بغدا ١٩٨٢، ل ١٥ - ١٦.

[٧٥] چاوپێکەوتن لەگەڵ کەریم شارەزا، ( لێکۆڵەر ) ١٠ / ٨ / ٢٠١٢.

### ٧- حەننا ئەنتوان توماشێت:



لــە ١٥ / ١٢ / ١٩٢٤ لەکۆیــە- هەرمۆتــە لــەدایکبووە، دەرچــووی (دارالمعلمــین الريفــي العــالي) بەغدایــە.لەســاڵی ١٩٣٥ بەهانــدان و پاڵپــشتی کردنــی مامۆســتا زەکــی ئەحمــەد هەناری چۆتە بەر خوێنــدنی ســەرەتایی لەکۆیــە، پــێش ئــەوەش شــارەزاییەکی زۆرباشــی هەبوو لە زمان و نووسینی سریانی لەساڵی ١٩٤٠ – ١٩٤١ لـە (دارالمعلمـین الريفـی العـالی) لەبەغـدا وەرگـیراوە، لەسـاڵی ١٩٤٢ چـۆتە ڕیـزی ( حـزب التحـرر الـوطنی )، لەژیانیـدا دووجـا گـیراوە، بـەهۆی بەشـداری کردنـی لـەخۆ پیـشاندانەکانی دژی ڕژێمـی ئەوکاتـە لەساڵی ١٩٤٦ خوێندنی تەواو کردووە، دواتر گەڕاوەتـەوە بـۆ شـاری کۆیـە لەگـەڵ یـونس ڕئووف (دڵدار)ی شاعیر و چەندین لاوی تری شاری کۆیە یەکەم شاندی ( حزب التحـرر الوطنی )دامەزراندوە. لەساڵی ١٩٤٧ چۆتە ڕیزی ( حزبـی شـیوعی عێراقـی ) لەهـەولێر، لەهــەمان ســاڵدا بــە مامۆســتای گونــدی عەوێنــە دامــەزراوە.زۆرجــار ڕاســپێردراوە بــۆ هێنانی پۆستەی حـزب لەبەغـدا بـۆ هـەولێر. لەسـاڵی ١٩٤٩ گواسـتراوەتەوە بـۆ ناحیـەی تــەق تــەق، لەســاڵی ١٩٥٠ گـیراوە و دوور خراوتــەوە بــۆ گونــدی ( چــەبایش ) ســەر بــە

پارێزگـای ناسـریە.لەسـاڵی ١٩٥٢ گەڕاوەتـەوە بـۆ شـاری کۆیـە لەقوتابخانـەی ( أولى ) و (زانـست) بـووە بەمامۆسـتای زمـانی عـەرەبی، لەسـاڵی ١٩٥٥ مامۆسـتای قوتابخانــەی (هەرمۆتە) بووە.



(لەڕاستەوە سێیەم کەس (حەنا ئەنتوان)ە لەساڵی پەنجاکانی سەدەی بیستەم لەنێو ڕەزی هەرمۆتە)

١٩٥٨ بوە بەمامۆستای لە قوتابخانەی( حاجی قادر ) لەکۆیـە لـەو سـەردەمەدا ئەنـدامی لێژنــەی حزبــی شــیوعی عێراقــی و لێژنــەی ئاشــتی خــوازان و لیژنــەی ڕێکخــراوی مامۆسـتایانی پیـشەیی بـووە لـە شـاری کۆیـە.لەسـاڵی ١٩٦١ دوورخـراوە بـۆ شارۆچـکەی (قەلعەسکر) سـەربە پارێزگـای ناسـریە لەباشـوری عێـراق.لەسـاڵی ١٩٦٣ لەلایـەن ڕژێمـی بەعسی دەست گیرکراوە، پـاش ئـەوەی ( ١٠ ) سـاڵ حـوکمی زینـدانی بۆبڕاوەتـەوە، دوای ئـەوەی عەبدولـسەلام عـارف لەناوچـوو بریـاریی زیندانییەکـەی کـراوە بـە ( ٤ ) سـاڵ. لەساڵی ١٩٦٦ – ١٩٦٧ لە ڕۆژنامـەی ( التـأخي ) لەبەغـدا کـاری کـردووەو بـەدەیان وتـاری لەم ڕۆژنامەیـەو لەشـوێنی تـریش بڵاوکردۆتـەوە. لەسـاڵی ١٩٦٨ گەڕاوەتـەوە بـۆ پیـشەی

مامۆستایەتی لەشاری هەولێر دواتر بووە بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ( کامەران ). لەساڵی ١٩٧٩ خانەنشین کراوە. لەبەرواری ٢١ / ١١ / ٢٠٠٤ کۆچی دوایی کردووە(٧٦).

**٨- دەلال صلیوە عیسا:**



لە ١٥ / ١٢ / ١٩٧٦لە کۆیە- هەرمۆتە لەدایکبووە، لەساڵی ٢٠٠٠ مامۆستایە، شیعرو پەخشان و وتاری نووسیووەو لەهەندێك گۆڤارو ڕۆژنامەدا گۆشەی هەبووە، بابەتەکانیشی بەتایبەتی لەم ڕۆژنامەو گۆڤارانە بڵاو کردۆتەوە ( ردیا کلدایا، علیموثا، قالادعلمیێ، قالا دمرعیثا، دیانا، بانیبال، ڕاوێژ، پەیامی مامۆستا، بیث عنکاوا، نوێ، ئایندە...)، چەندین جارێك ڕێزی لێنراوە، لەوانە: ڕێزلێنانی لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدان و هەروەها یەکێتی مامۆستایان کوردستان.

---

(٧٦)دیدەنی توێژەر لەگەڵ (عەبدولمەسیح سەلمان)، هەولێر، ٢٠١٢.

## ٩- ریاز عەزیز پەترۆس(بێدار):



لەساڵی ١٩٦٥ لەگوندی هەرمۆتە - کۆیە لەدایکبووە، خوێندنی ناوەندی لەشاری کۆیە تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٧٦ ئامادەیی کشتوکاڵی تەواو کردووە، لە ١ / ١٢ / ١٩٩٢ هاوسەرگیری کردووە، ساڵی ١٩٩٣ بۆ کەسابەت ماڵی بردۆتە بەغدا، لەمانگی حەوتی (٢٠٠٢) گەڕاوەتەوە گوندی هەرمۆتە، ١ / ١٢ / ٢٠٠٢ بووە مامۆستا لە گوندی نازەنین، دواتر بووە مامۆستا لە زەویە سپی لەناو حیزبی دیموکراتی ئێران، بەزمانی کوردی و عەرەبی و سریانی شیعر دەنووسێت، بەڵام زیاتر گرنگی بەشیعری کوردی داوە.

**١٠- ڕۆکان گوریل شەعیا:**



لـە٢٧/٣/ ١٩٨١ لەشـاری کۆیـە لـەدایکبووە، لەسـاڵی ٢٠٠٥ بەکالۆریۆسـی لـە کۆلێـژی پـەروەردەی زانکـۆی سـلێمانی بەدەسـت هێنـاوە، لەسـاڵی ٢٠١٢ خوێنکـاری ماسـتەرە لـەزانکۆی سـلێمانی، نـاوبراو شـیعر دەنووسـێت تاکوئێـستا لەچـەند ڕۆژنامەیـەك شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە.

**١١- ڕاستی بولص شمعون:**



له ١/٢/ ١٩٨٤ لەکۆیە لەدایکبووە، دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی هەولێری بەشی شانۆیە.بەشداری لەزۆر شانۆگەری کردووە لەوانە ( ئۆدیب پاشا ) کە لەدەرهێنانی هونەرمەند ( کامەران حاجی ئەلیاس )بووە، شانۆگەری ( شێتەکە ) کە

لەدەرهێنانی هونەرمەند ( ژیلوان تاهیر )بووە، وەك ئەكتەر بەشداربووە، شانۆگەری (پیاوێك سەری خۆی بەبارمتە دانا) كە لەدەرهێنانی هونەرمەند ( ڕاكان جەبار) بوو، وەك ئەكتەر دەوری سەرەكی بینیوە، شانۆگەری ( جنرال ) كە دەوری سەرەكی تیا بینیوە لەدەرهێنانی هونەرمەند ( ڕاكان جبار ) بوو.ئەندامەلە( تیپی نواندنی شمشا ) لەعەنكاوە، دوای ماوەیەك بووە بەسەرۆكی تیپ كە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەم پۆستە مامەوەو بەشداری لەهەندێ كاری هونەری كردووە لەمانە: شانۆگەری ( ورچ ) كە لەنووسینی ( ئەنتوان چیخۆف )ە لە ( ١٤ / ٩ / ٢٠٠٤ ) لەیانەی لاوانی كۆمەڵایەتی عەنكاوە نمایش كراو وەك بەڕێوەبەری شانۆ بەشداری تیا كردووە.شانۆگەری ( نهێنی گوڵ ) كە لەنووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ( لەتیف نعمان )ە لە ( ١/ ٢٠٠٦/٩) لەیانەی لاوانی كۆمەڵایەتی عەنكاوە نمایش كرا وەك ئەكتەر بەشداری تیا كردووە. شانۆگەری ( تەنها بۆ تاقیكردنەوە ) لەدەرهێنانی هونەرمەند ( دنحا بویا ) لە ( ١ / ٤ / ٢٠٠٧ ) لە یانەی لاوانی كۆمەڵایەتی عەنكاوە نمایش كراوە، وەك ئەكتەر بەشداری تیا كردووە.شانۆگەری ( میزان الحكم ) كە لە ( ٢ / ١١ / ٢٠٠٧ ) لە هۆڵی كۆمەڵەی ڕۆشنبیری كلدان نمایش كراوە، كاری دەرهێنانی بۆكردووە.شانۆگەری ( الفیل یاملك الزمان ) كە لە نووسینی (سعدالله وندی )ە لەهۆڵی كۆمەڵەی ڕۆشنبیری كلدان نمایش كرا، كاری دەرهێنی بۆكردووە.شانۆگەری ( كورسی ) كە لەنووسینی خاتوو ( دەلال صلیوە )یە لەهۆڵی كۆمەڵەی ڕۆشنبیری كلدان نمایش كرا، لەلایەن ناوبراوەوە كاری دەرهێنانی بۆكراوە.

**١٢- ڕۆڤان موسا عەمان:**



له ١٤ /١١ / ١٩٨٧ لەدایکبووە، تا سێی ناوەندی خوێندووە، سالآنێکە بەکاری شانۆوە سەرقالە، لە زۆر شانۆگەری بەشداری کردووە گرنگترینیان: گواستنەوە بۆ سالی دوو هەزار و بیست و یەك.لەپێش تۆمە ئەی شاهانەی جیهان.

**١٣- سێوە:**



سێوە یەکێکە لە مەقام بێژە بەناوبانگەکانی میللەتەکەمان خاوەنی دەنگێکی خوش و پڕ جۆش و خرۆش بووە، مەقامەکانی لەبارەی دڵداری سروشتی جوانی کوردستان دەدوێن، تا ئێستاش گوێگر و شەیدایانی دەنگی سێوە لە برەودان.سێوە ناوی (صلیوە یەلدا صلیوە)یەو بە سێوە ناسراوە، چونکە پیتی (ص) تارادەیەك بەزمانی کوردی نامۆیەو بۆیە زۆرجار ناوی صلیوە بە سلێوە گۆدەکرێت، (سێوە)ش لەسەر ئاوازی صلیوە یە، جا بەهەڵە بەم ناوەیان بانگ کردبێت، یان وەك کەریم شارەزا دەڵێت: لە خۆشەویستی بە سێوەیان بانگکردووە. لەساڵی ١٨٩١ لە کۆیە لەدایکبووە لەساڵی ١٩٠٢ لە تەمەنی ١٢ ساڵی بۆ یەکەم جار لەلای (قەشە حەننا) خراوەتە بەر خوێندن لەساڵی ١٩٠٣ - ١٩٠٤ لای قەشە گۆرگیس دەرسی زمانی کلدانی و بنچینەکانی ئاینی مەسیحی فێربووەو خوێندنی تەواو کردووە. لەبەر زیرەکی و زەین ڕوونی بۆ ماوەی پێنج ساڵ بە چاکی زمانی سریانی و سەرەتایەك لەزمانی فەرەنسی فێردەبێ و لە خوێندنەکەیدا دەگاتە پلەی (شەماس)بەهەوڵی خۆی فێرە خوێندنەوەی کوردی و

عەرەبی و فارسی دەبێت و ئاگاداری باشی هەرسێ زمانی ناوبراو دەبێت و بەدەیان چامەو هۆنراوەی کوردی و فارسی لەبەر بووەو بەمەقام و بەستەش دەیگوتن لەوانەش شیعرەکانی قاسد، ئەختەر، حاجی قادری کۆیی، عەبدوڵلا بەگی مصباح، صافی، دڵدار... هتد. لەتەمەنی هەرزەکاری عاشقی کچێك دەبێت بەناوی (وارێ)، بەڵام پێی نادەن و بەنابەدڵی ژنێکی تر دەهێنێ[٧٧] حوسێن حاجی قادر دەڵێ:((لەسالآنی ١٩٥٥ سەرپەرشتی گانینۆی لاوانم دەکرد خاڵە سێوەش دەهات و گوێی لەگۆرانی دەگرت...ڕۆژێکیان گوێی لەگۆرانی محەمەد عەبدولوەهاب گرتبوو گۆرانییەکە بەناوی (الیها الراقدون تحت التراب)... فرمێسك بەچاوی خاڵەسێوە هاتەخوارێ، پرسیارم لێ کرد ئەو فرمێسك و دڵتەنگییە لەچییە؟ ئەویش گوتی کاکەبرا، ئەمن بۆگۆرانییەکەی محەمەد عەبدولوەهابی دەنگ خۆش ناگریم، بەڵکو بۆهێنەکەی خۆم دەگریم کەلەدەستم چوو، پاشان زانیم کەهێنەکەی خۆی مەبەستی وارێ بوو))[٧٨]لەتەمەنی منداڵییەوە کە دەبێت بە شەماس بواری بۆ دەرەخسێ و بۆ ئەوەی لە کلیسا وەك نەریتی شەماس تەراتیلی ئاینی بڵێتەوە، ئەم تاقیکردنەوەیە و چوونە ناو ئاواز چڕینە دواتر سەردەکێشێ بۆ وەرگرتنی شیعری شاعیران و بەمەقام و گۆرانی و بەستە دەریان دەبڕێت[٧٩].

---

([٧٧])کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتیدا، ئەمینداری گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٨٠، ل ١٧ - ٢٠.

([٧٨])حوسێن حاجی قادر(ئاری)، کوردستان خاڵێکی گەرمە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،٢٠١٢، ل١٥٨-١٥٩.

([٧٩])کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتیدا، ل ١٧ - ٢٠.

ئاوازی مەقامەکانی سێوە، ڕەنگ و بۆی ئاوازەکانی تەڕاتیلی کلیسایان وەرگرتووە، ئەم خۆ تاقیکردنەوەیە سەرەتای لە کلیسا فێربوونە، بووە هاندەرێك و بناغەدانەرێك و دۆزینەوەی سەرەداوێك و بەردەوام بوون، سوودی لەمەقامەکانی نەشئەتی ڕەشید ئاغای حەوێزی و حەننا تۆماس ناسراوە بە حەنیل بینیوە، لەگەڵ گۆرانی بێژەکانی ئەو سەردەمەی کۆیە ئاشنایەتی پەیدا کردووە لەوانە: عەبەی چایەچی، پووتێ، مەڕبێنی قەشە گۆرگیس، مەلا ئەسعەد، ئەحمەدی حەمە مەلا[٨٠]. مستەفای کوڕی مەلای گەورەی[٨١] کۆیە گوتی:(( باوکم و کاکیشم[٨٢]بۆیان گێڕاومەتەوە، وەختی خۆی کەمزگەوتی گەورە گومبەتی هاتۆتەوە، سێوە مقامێکی زۆر خۆشی گوتووە، چونکە کاتی خۆی کە گومبەتی مزگەوت هاتبێتەوە مقامێك تەرتیلەیەکی دینی گوتراوە، ئەم مەقامەی سێوە گوتوویەتی پێشتر کەس گوێی لێنەبووە، کەسی تریش گوێی لێنابێتەوە، مەقامێکی زۆر خۆش و سەرنج ڕاکێش بووە))[٨٣]

---

(٨٠)سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧ - ٢٠.

(٨١)مەلای گەورەکۆیە ناوی (مەلا محەمەدی حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلیزادە)یە، لەساڵی ١٨٧٦ لەکۆیە لەدایکبووە، لە١٢- ١٠- ١٩٤٣ کۆچی دوای کردووە، یەکەم کەسە لەکوردستان کچی خۆی کەناوی(نەجیبە)یەو لەساڵی ١٩٢٤ ناردوتیە قوتابخانەو لەگەڵ کوڕان خوێندوویەتی، نەجیبەخانی جەلی زادە لە٨-٩- ١٩١٧- ١٩٩٩ لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٩٩ کۆچی دوایی کردووە.

(٨٢)کاکی مەبەست لە (مەسعود محەمەد)ی بیرمەندە، لە ١- ٧- ١٩١٩ لەدایکبووە، لە١- ٤- ٢٠٠٢ کۆچی دوایی کردووە.

(٨٣)دیدەنی توێژەر لەگەڵ( مستەفا محەمەد عەبدڵلا-کوڕی مەلای گەورەی کۆیە)لەدایکبووی ١٩٣٣،کۆیە-هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/١٠.

سێوە لەساڵی ١٩٥٢ پێنج مەقامی لە ئیستگەی ڕادیۆی عێراق بەشی کوردی تۆمار کردووە، لەمەقامەکانی (بەهار، شەنگ مێرەم، سەحەر، گورێ، عەیشەگوڵ). لەساڵی ١٩٥٨ کە کۆمەڵەی بوژاندنەوەی هونەرە جوانەکان لە کۆیە دامەزرا سێوە بەئەندامی فەخری ئەو کۆمەڵەیە وەرگیراوە، بەژداری زۆر لەئاهەنگ و بۆنەکانی کردووە جگە لەشاری کۆیە لەشارەکانی هەولێر و سلێمانیش.کەریم شارەزا لە لێکۆڵینەوەکەی چواردە مەقامی سێوە دیاریی دەکات، لەوانە مەقامەکانی (گورێ، عایشە گور، سەحەر، بەهار، پایز، شەنگ مێرەم، نیوەشەو، لەبەرنازی چاوبازان، حەریفی ئاگری دووریم، لەباغان ئاهو ناڵین دێ، بەقامەت خەرامان، بەستەی زولف و ئەگریجەی یار، گۆرانی شلەو خانان، گۆرانی جەبارە و جەبارە) سێوە بەدەیان مەقام و گۆرانی و بەستەی چڕیوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی تۆمارەوە زۆریان فەوتاون ئەوەی ماوەتەوە چەند دانەیەکن. سێوە لەمانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٦٤ داو لەتەمەنی ٧٣ ساڵیدا ماڵئاوایی لێکردین و لە کۆیە بەشان و بازووی دڵسۆزان و خۆشەویستان سێوەیان بەرەو گۆڕستانی هەرمۆتە بردوو بووە دوا مەنزڵگاو ئارامگەی هونەرمەند [٨٤].

---

[٨٤] کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتیدا، ل ١٧ - ٢٠.

**١٤-سەمەر یوسف کۆیی:-**



ناوی (سەمەر یوسف سلێمان)ە لە ٢٧ / ٧ / ١٩٧٩ لەدایکبووە، باوکی مەسیحی شاری کۆیێیە و دایکی خەڵکی گوندی هەرمۆتەیە، دەرچووی کۆلێژی وەرزشی هەولێرە لەساڵی ٢٠٠١، لە ساڵی ٢٠٠٠ نامیلکەیەکی شیعری بەزمانی کوردی بەناوی( هانا )بڵاوکردۆتەوە، لەساڵی ٢٠٠٤ شوی کردووەو چۆتە هەندەران و لەوڵاتی (هۆڵەندا) دەژی، شیعر بەزمانی کوردی عەرەبی و هۆڵەندی نووسیووە، کۆمەڵێ شیعری لەزمانی کوردییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

**١٥- سەخەریا عیسا کەریم:**



لەساڵی ١٩٤٩ لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، لەساڵی ( ١٩٦٩ ) خانەی مامۆستایانی لەهەولێر تەواو کردووە، لەکاتی دروێنەو شایی گۆرانییەکی زۆر فێربووە، مامۆستا وەك کەسێکی پاك هەڵوێستی نیشتمانی هەبووە، لەساڵی ١٩٦١ ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لەساڵی ١٩٦٦ – ١٩٦٩ لەگەڵ عەبدوڵلا پەشێو و جەمیل ڕەنجبەر و چەتۆ حەوێزی و چەند هاوڕێیەکی ترکاری ڕێکخستنی سیاسی کردووە، لەزۆر کەناڵی تەلەفزیۆنی گۆرانی فۆلکلۆری گوتووە، لەساڵی(١٩٩٢) بەهاوکارە (ئەسعەد عەدۆ) کاسێتێکی یەك کاتژمێری تۆمارکردووە. لەساڵی ١٩٩٧ چۆتە وڵاتی سوید و لەوێش لەزۆربەی خۆپیشاندانەکانی کورد هەڵوێستی هەبووە و بەشدار بووە.

**١٦-شاکر عیسا ئێلیا:**



لەساڵی ١٩٥٢ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، دەرچووی (ئامادەیی کوشتوکاڵ)ە، سەرەتای نووسینی شیعری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٧٠، شیعر بەزمانی کوردی و سریانی دەنووسێت، چەند دانەیەکی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە. شیعرەکانی بەدەست نووسی ماونەتەوە.

**١٧- شابا تۆما یوسف:**



لە ٢/ ١/ ١٩٦٦ لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هەرمۆتە تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٨٨ ئامادەیی کشتوکاڵی لە کەلەکی یاسیناغا تەواوکردووە، شیعر بەزمانی کوردی و سریانی دەنووسێت، بۆ ماوەی ساڵ و نیوێك واتە لەساڵی ( ٢٠٠٧ -٢٠٠٩ ) بەرنامەیەکی بەناوی (قالت سوایێ ) واتا(دەنگی مەسیحییان) لە ئێزگەی ڕادیۆی ئازادی لەکۆیە هەبووە.

**١٧-عەبدولکەریم ئەلیاس پۆلس ئیبراهیم ئەلەکە(کەریمی ئەلەکە):**



عبدالكريم علكه پۆلس ابراهيم
١٨٦٧ - ١٩٤٨

لەساڵی١٨٦٧ لەسلێمانی لەدایکبووە، لەم بارەیەوە کەریم زەنـد دەڵێـت: (( بەڕەچـەڵەك وەك زۆربـەی دیانـەکانی سـلێمانی بـۆ ئـەو خێزانـە دیانانـە دەگەڕێتـەوە، کـە لەکۆیـە و گوندی هەرمۆتەی کۆیە هاتوون ))[٨٥]کەسێکی ڕوناکبیر و دڵسۆز بـوو بـۆ میللەتەکـەی، خێرخواز بوو بۆ هەژار و لێقـەوماوان، بەتایبـەتی لەسـەردەمی گرانییەکـەی سـاڵی ١٩١٨ هەموو ئێوارەیەك خواردنی بۆ هـەژاران ئامـادە کـردووە، لەبـەر لێهـاتووی لەسـاڵی ١٩٢٢ بۆتە وەزیری دارایی لەسەردەمی شێخ مەحمودی حەفید، کەسێکی لێهاتوو بـوو، زمـانی کوردی و عەرەبی و فارسی و کلدانی بەچاکی زانیووە.

---

[٨٥]دیانێکی کۆیە وەزیری دارایی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمر بوو، کەریم زەند، گۆڤاری کەکۆن، ژ ١، ٢٠٠٨، ل ١٣.

د.عزەدین مستەفا ڕەسوول دەڵێ: ((کەریمی ئەلەکە[٨٦] لەبنەچەدا خەڵکی گوندی هەرمۆتەیە، لە سلێمانیدا ناوبانگێکی گەورەی هەیە، خەڵکی سلێمانی بە باوکیان گوتووە خواجە کەریم، یەکێك بووین لەدەوڵەمەندەکانی سلێمانی، لەجەنگی یەکەمی جیهاندا برسیەتی بووە، دەڵێن چی پارەی هەبووە داویەتی بەئاردوبرنج و... ناردوویەتی بۆماڵە هەژارەکان و بەسەریانی دابەشکردووە))[٨٧] لەساڵی ١٩٢٣ دەست بەسەر کراو بردویانەتە کەرکوك لەساڵی ١٩٤٨ لەبەغدا کۆچی دوای کردووە [٨٨]

## ١٨- عەبدولەسیح سەلمان یەلدا سوور:



لە ١/ ٧ / ١٩٤٢لەکۆیە لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لەبەشی دارستان بەدەست هێناوە، لە حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەنووسێت، چەندین وتاری لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە بەتایبەتی لەڕۆژنامەی، ( کوردستانی نوێ ) و ( نوێ )، صوت القوش،

---

([٨٦])د. نووری فەتوحی، کوڕی کەریمی ئەلەکەبووە، لەسویسرا توبی تەواوکردووە،د.عزەدین دەڵێ: من لەمناڵیدا چومەتەلای لەشارع ڕەشید عیادەی هەبوو، بەکوردێکی دڵسۆز ناسرابوو، بەدەرمان و پێداویستی یارمەتی زۆری جمهوریەتی کوردستانی دابوو.

([٨٧])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(د.عزەدین مستەفا ڕەسوول)، سلێمانی، ٢٠١٢/١٢/١.

[٨٨]س. پ. ل ١٣

لەگۆڤاری ردیا کلدایا... هتد.، لە ڕۆژنامەی( بیث عنکاوا)ش ستونێکی تایبەتی هەبووە لەژێرناوی( حدیث الناس).

**١٩- لوئەی متی دەرمان کۆیی:**



لەساڵی١٩٦٦ لەکۆیە لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لەبەشی ئەندازیاریی نەوت تەواوکردووە،یەکەم پێشانگای کاریکاتێری لە ساڵی ١٩٩٨لەبەغدا کردۆتەوە، دووم پێشانگای کاریکاتێری تایبەتی لەهۆڵی ئەندازیارانی بەغدا ١٩٩٩ کردۆتەوە، سێیەم پێشانگای کاریکاتێری تایبەتی لەساڵی ٢٠٠٤ لە عەنکاوە-هەولێرکردۆتەوە، بەشداربووە لەگۆڤاری( مەلا مەشهور )و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عێراق و کوردستان و کاریکاتێری تیا بڵاو کردۆتنەوەو هێڵکاری و نەخشەسازی بەرگی بۆزۆر کتێب و دیوانە شیعر کردووە[٨٩].

---

([٨٩])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(لوئەی مەتیٚ کۆیی)،هەولێر، ڕێکەوتی ٢٧-٢-٢٠١٢.

**٢٠- مەربێن صلیوە حەنا ئیبراهیم:**



لـە ٧/ ٩/ ١٩٥٣ لەگـەرکی دیانـان لەشـاری کۆیـە لـەدایکبووە، تـا دووی ناوەنـدی خوێندووە، کاری هونەری ( مەقام بێژ )بووە.لەساڵی ١٩٧٥ ڕووی کردۆتـە شـاری بەغـداو لە ئۆرزدی بەفەرمانبـەر دامـەزراوە، هەرلـەو دەمـەوە پێوەنـدیی کـردووە بـە ( جالخی بەغـدادی ) کـە لـەو هونەرمەندانـە پێکهـاتبوون: عەبـدولڕەحمان عـەزاوی، عەبـدولڕەحیم شـەهاب الئـەعزەمی، ئـەبو عەبـد بەغـدادی، عـەلی ڕەزوقـی، محەمـەد عاشق، عەبدولمەجید عانی، نـەجم ئـەبو ئـەعزەمی، ئیـبراهیم خەشابی، لەوێ گەشـەی بەهونەرەکـەی خـۆی داوە، سـوودێکی زۆری لـە ( ئیـبراهیم خەشـابی ) وەرگرتـووە، هـاوڕێی یوسـف عومـەر بـووە، هـەموو ڕۆژانـێ هـەینی سـەردانی مەتحـەفی بەغـدای کردووە، لە قاوەخانەی زەهاوی و قاوەخانـەی جابر ڕوبێجی مـەقامی گوتـووە، لەسـەر دەستی ئیـبراهیم خەشابی فێـری شێوازی ئـەداکردنی مـەقامی عێراقـی بـووە، لـەدوای ئەویش سوودێکی زۆری لە (یوسف عومـەر) بینیـوە، مـەربێن صـلیوە لـەم قاوەخانەیـە جگە لەمەقامی عەرەبی مەقامە ڕەسەنەکانی شاری کۆیەشی گوتـووە.( مـەربێن صـلیوە ) و (فـازل بەغـدادی ) لـە ٧ / ٨ / ٢٠٠٦ لەناوچـەی عـوزێم لەلایـەن ئیرهابییـەکان دەگیرێـن، دوای ئـازاردانێکی زۆر پـاش ماوەیـەك ئـازاد دەبێـت، کـاتێکیش کـە دەگیرێـن

ئەلبومی وێنەکانی لەسندوقی ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبێت کە زیاتر لەچوار سەد وێنەی تێدا دەبێت لەگەڵ ئۆتۆمۆبیلەکەی دەبردرێن و ئەرشیفە بەبەهاکەی لەدەست دەچێت.

لەساڵی ٢٠١٠ لەلایەن کۆمەڵەی ڕۆشنبیری سریانی سی و پێنج تەراتیلی ئاینی، لەلایەن ( د. سەعدی مالح ) بۆ تۆمار کراوەو بەوێنە و دەنگ پارێزراون[٩٠]، ئەم تەراتیلانەش هەمووی لەکلیسای کۆیەو هەرمۆتە فێربووە، لەسەردەستی مامە سێوە، خواجە ئەورەها، شەعیا مەربێن، کاکە ڕەش، ئیبراهیم میخا، واتە لەسەرەتای منداڵییەوە کاتێ مەربێن صلیوە سەردانی کلیسای کردووە لەوێوە تەراتیلی ئاینی گوتووە و ئەم تەراتیلە ئاینیانە حەزو خولیای بەردەوام بوونیان پێبەخشیوە، وایان لێکردووە بچێتە جیهانی مەقامات و خۆی پەروەردە بکات.تاساڵی ٢٠١٣ش(مەربێن صلیوە ) لەپارێزگای هەولێر-لە عەنکاوە ژیاوە.

---

([٩٠])دیدەنی توێژەر لەگەڵ( مەربێن صلیوە)، هەولێر- عەنکاوە، ٢٠١٢/١٢/٥.

**٢١- مەریەم یوسف قاقۆز(سستەرمەریەم):**



لەساڵی ١٩٣٦لە عەنکاوە لەدایکبووە، بەشێکی زۆری ژیانی لەشاری کۆیە بەسەربردووەو هەمووخزمەتەکەی بۆشاری کۆیە بووە، لەڕۆژگارێکی وا دکتۆر زۆر کەم بووە، تەنانەت لەشەوی واتووش و ناخۆش بەهانای خەڵك هاتووەو دەیان ژنی لەمردن ڕزگارکردووە. باوکی سستەرمەریەم پۆلیس بووە، بۆیە تەنها شەش ساڵ لەعەنکاوە ژیاوە، لەقەشقەو قوشتەپەو دیانەو کۆیەو هەریەك لەم شوێنانەش ساڵێك تێیداژیاوە، دواتر چوونەتە کەرکوك و بۆماوەی ساڵێك و دوومانگ بەشداری خولی تەمریزبووە، لەخوولەکەش دووەم بووە، لەسەرپێشنیاریی خۆی لە ١٩٥٣/٥/١ لەکۆیە دامەزراوە، لە١٩٦٢/٦/٣شووی بە مامۆستا ئیسحاق جەرجیس یوسف کردووە، پاش ئەوەی شێست ساڵ لەنەخۆشخانەی کۆیە خزمەتی کردووە لەساڵی ٢٠١٣ خانەنشین کراوە.

**٢٢- مەیسەم ئەندریا عەمان:**



لە١٩٨٩/١١/١٢ لەشاری کۆیەی ئەدیب و هونەرمەندان و شاعیران لەدایکبووە، لەساڵی ٢٠١١پەیمانگای هونەرەجوانوانەکانی شەهیدجەعفەری لەکۆیە تەواوکردووە، بەشداری زۆربەی بێشانگاو کارو چالاکییەکانی پەیمانگای کردووە، چەندان تابلۆی کێشاوە.

**٢٣- مەربێن قەشە شابیل:**

والێکدراوەتەوە کە مەربێن هاوتەمەنی ئەمین ئاغای ئەختەری شاعیرو مەقام زانی کورد بووە، لەدەوروبەری ساڵی ١٨٣٥ ی زاینی لە کۆیە هاتۆتە دنیاوەو لەدەوروبەری ساڵی ١٨٩٥ دا کۆچی دوای کردووەو لە گۆرستانی هەرمۆتە نێژراوە، مەربێن مەقامەکانی ( نیوە شەو، سەحەر، بەهار، پاییز، عایشە گوڵ، گوڵێ، شەنگ مێرەم، مەکەن مەنعی عاشقان و جەبارە، شلە و خانان، لەدوای ئەویش لەلایەن گۆرانیبێژان لەوانەش( نەشئەتی ڕەشید ئاغا ) و ( حەنیل ) و ( عەبەی چایەچی ) و ( بووتێ ) و

( سێوە ) و ( مەلا ئەسعەد ) دەگوترانەوە، [٩١] مەربێن برایەکی لەتافی لاویدا جوانەمەرگ دەبێ، خەڵکی کۆیە بەدوکانداروە دەست لەکار هەڵدەگرن و دوکانەکانیان دادەخەن و لەدوای تەرمی ئەو جوانەمەرگە دەڕۆن تاوەکو گۆڕستانی گوندی هەرمۆتە، مەربێنی کۆست کەوتووش هەموو جل و بەرگی خۆی لەخوم هەڵدەکێشێ و بەپێش تەرمەکەی دەکەوێ کە دەنێژرێ ڕوودەکاتە خەڵکەکەو پێیان دەڵێ: ((خەڵکینە من ئەمڕۆ بۆ دواجار لە ژیانمدا گۆرانی دەڵێم، چونکە لەمڕۆ زیاتر گوێتان لەدەنگی من نابێ، لە دوای جوانەمەرگ بوونی برای شیرینم دڵم ناپشکوێ تا جارێکی دیکە گۆرانی بڵێم، جا تکایە لەمڕۆ بەدەر نەئێوەو نەئەمین ئاغای ( ئەختەر)یش ئەم داوایەم لێ نەکەن )) [٩٢]

## ٢٤-میلاد عبدالمسیح سلمان سور:



لە/ ٢٧ / ١١ / ١٩٨٤ لەدایکبووە، لەساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی بەشی شوێنەوار لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە، بەشداری لەخولی فێربوونی وێنەگرتن و دەرهێنانی سینەمایی کردووە. چەندین وتاری بەزمانی عەرەبی لە

[٩١] کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتی دا، ل ١١ – ١٢.
[٩٢] س. پ. ل ١٣.

ڕۆژنامــەی (بیــث عنکــاوا) و گۆڤــاری( ردیاکلــدایا ) و( علیموثــا )... بــڵاو کردۆتــەوە. بەشــداری لەچــەندین شــانۆگەری کــردووە کــاری ســیناریۆودەرهێنانی بــۆ شــانۆگەری (خەونێکی بچوك) و (ڕاستی لەتاریکیدا) کردووە.جێگەی باسە کورتە فیلمی ( ڕاستی لەتاریکیــدا ) پلــەی هەشــتەمی هێنــاوە لەســەر ئاســتی عێــراق کــە بەشــداری پێکــراوە لەڤیستیڤاڵی کورتە فیلم لە بەغدا.

٢٥- د.هاوژین صلیوە عیسا:



لەساڵی (١-٥- ١٩٧٩) لەگونــدی هەرمۆتــەی ســەر بەقــەزای کۆیــە لــەدایکبووە، ساڵانێکە بەکاری توێژینەوەی ئەدەبییــەوە خەریکــەو تــا ئێــستا بــەدەیان لێکۆڵینــەوەی ئــەدەبی و فیکــری لــە ڕۆژنامــەو گۆڤارەکــان بڵاوکردۆتــەوە.ســاڵی (٢٠٠٤) بڕوانامــەی بەکالۆریۆســی لەزمان و ئەدەبی کــوردی بەدەســت هێنــاوە. ســاڵی (٢٠٠٨) بڕوانامــەی ماســتەرو لەســاڵی ٢٠١٢ دکتــۆرای لەئــەدەبی کــوردی بەدەســت هێنــاوە.لەســاڵی ٢٠١٠ خــەڵاتی یەکــەمی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەفێستیڤاڵی گەلاوێژ بەدەست هێنــاوە، لەســاڵی ٢٠١٢ لەسەرئاســتی هــەرێمی کوردســتان لــەبارەی لێکۆڵینــەوەی ئــەدەبی خــەڵاتی لاوی ســاڵی بەدەســتهێناوە. ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردو (ســەندیکای ڕۆژنامەنووســانی کوردســتان)و(بنکــەی

ڕوناکبیری گەلاوێژ)و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی هەنگاوی نوێ بووە، تاساڵی ٢٠١٣ش ئەندامی دەستەی نووسەرانی( گۆڤاری کەکۆن)ە، مامۆستاشە لەزانکۆی کۆیە.

**لەکتێبە چاپ کراوەکانی نووسەر:**

١- لەپایزەوە بۆ بەهار، شیعر، ٢٠٠٧.

٢- وێنەی هونەری لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، توێژینەوەی ئەدەبی، ٢٠٠٩.

٣- خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕان، ٢٠١٢.

٤- مۆسیقای نامۆیی، شیعر، ٢٠١٣.

٥- ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، توێژینەوەی ئەدەبی، ٢٠١٣.

٦- خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەدەبی، ٢٠١٣.

٧-مێژووی گوندی هەرمۆتە، ٢٠١٣.

**٢٦- هۆگر ئەندراوس یەلدا:**



بەکالۆریۆسی لەبەشی ماتماتیك بەدەست هێناوە، بەڕێوەبەروئەکتەر بووە لە شانۆگەری (نهێنی گوڵ)کە ٢٠٠٦ نمایشکراوە، لەشانۆگەری تەنها بۆ تاقیکردنەوە ڕۆڵی ڕێکخستنی دیکۆرو ئەکتەری بینیووە کە ساڵی ٢٠٠٧ نمایشکردووە، هەروەها لەشانۆگەری تەرازووی فەرمان ڕەوایی وەك ئەکتەر بەشدار بووەو لەساڵی ٢٠٠٨ نمایش کراوە.جگەلەمانە بەڕێوەبەری بەرهەمیش بووە لەکورتە فیلمی (خەونێکی بچووك) کەساڵی ٢٠٠٨بەرهەم هێنراوە.

نووسەرو دەرهێنەری کورتە فیلمی (پۆستی خێرا) بووە کەساڵی ٢٠٠٨ بەرهەم هێنراوە. یاریدەدەری دەرهێنەر بووە لە کورتە فیلمی (مۆرفین) کەساڵی ٢٠٠٨ بەرهەم هێنراوە.

وێنەگری کورتە فیلمی ( فقاعة ثقافية )بووە کەساڵی ٢٠٠٨ بەرهەم هێنراوە. بەڕێوەبەری بەرهەمی شانۆگەری (مردوە زندووەکە) بووە کەساڵی ٢٠٠٩ بەرهەم هێنراوە.

وەکو ئەکتەر بەشداری لەچەند کورتە فیلم کردوە لەکەناڵی ئاسمانی ( العراقیة٢ ) لەساڵی ٢٠٠٧ پەخش کراون.بەشداری لە یەکەمین ڤیستیڤاڵی کورتە فیلمی کردووە کە لە ساڵی ٢٠٠٨ لەعەنکاوە سازکراوە. لەساڵی ٢٠٠٩بەشداری لەفێستیڤاڵی کورتە فیلمەکانی عێراقی کردووە.

٢٧- وسام جەمال یوسف:



لە ٩/ ٩/ ١٩٨٨ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، بەکالۆریۆسی لە مۆسیقادا هەیە، لەچەندین شانۆگەریدا وەك ئەندازیاری دەنگ بەشداری کردووە.کاری مۆنتاژی بۆ هەشت فلم کردووە، کاری کلیپشی ئەنجام داوە، گرنگترین ئەو فیلیمانەی کە مۆنتاژی بۆ کردوون، (مولود في سفارة الفرنسیة)، meror، (أیقونە السریانیة)، مصطوطە، سعانین...هتد، بەشداری زۆر کۆنسێرتی کردووە، چەند کلیپێکیشی بۆهوونەرمەندان کردووە.

## ٢٨- یەعقوب فەرەنسی ئێلیا قەساب:



لەساڵی ١٩٤٠ لەگوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٤٧ چۆتە قوتابخانەی هەرمۆتە قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە، ناوەندی و دواناوەندی لەشاری کۆیە خوێندووە. لەساڵی ١٩٦١ پەیمانگای تەواوکردووە، لەساڵی ١٩٦٢ بەمامۆستا دامەزراوە، لە ٥/ ٥/ ١٩٦٣ ژنی هێناوە، لەساڵی ١٩٦٣ لەسەر کاری سیاسی لەلایەن ڕژێمی بەعس بۆ ماوەیەك بەند کراوە[٩٣]، وتارێکی زۆری بەزمانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە، لە ١٩٩٦/٣/١٢ کۆچی دوای کردووە، کتێبێکی چاپکراوی هەیە بەناوی(لە پێناوی پەروەردەی منداڵدا)، کەبابەتێکی دەروونییە، کتێبێکی دەست نووسیشی هەیە بەناوی( مەملەکەتی حەدیاب ).

---

([٩٣])دیدەنی توێژەر لەگەڵ( صلیوە فەرەنسی ئێلیا)-مامۆستای خانەنشین، کۆیە، ١١-٧-٢٠١١.

**٢٩-یوسف شمعون یوسف:**

لـە ١٩٤٨/١١/٢١ لـە گـەڕەكی بەفریقەنـدی كۆیـە لـەدایكبووە، خوێنـدنی سـەرەتایی و دواناوەنـدی لەسـاڵی١٩٦٧لـە كۆیـە تـەواوكردووە، پاشـان چۆتە زانكـۆی بەغـدا، كـۆلێجی پەروەردە بەشی جوگرافیا. لەساڵی ١٩٧١ تـەواوكردووە, مامۆسـتابووە لـە دیبگـەو كۆیـەو هەرمۆتــە و عــەنكاوە. شــیعری بــەزمانی كــوردی و ســریانی نووســیوە. یــەك لــە هەڵبەستەكانی بەناوی (دەیتامن یالێ زۆرێ لۆشـەخوە چولت ئێـدە)واتـە كوردییەكـەی ئەوەیە(وەرن مناڵە بجكۆڵەكان با جلی جەژن لەبەربكەین)، كراوەتە گـۆرانی و لەلایـەن كۆمـەڵێك قوتـابی كـوڕو كـچی هەرمۆتــە گـوتراوەو ئاوازەكەشـی مامۆسـتا ورياقـادر داینـاوە.ئێستاش خانەنشینە لە عەنكاوە نیشتەجێیە.

**٣٠-یوسف پەری:**



لە ١/ ١٩٣٧/٧ لەشاری کۆیە لەدایکبووە، کاری سیاسی کردووەو نوێنەری کورد بووە لەفەرەنسا، کەسێکی بەئاگاو ڕۆشنبیر بووەو زمانی (کوردی و سریانی و عەرەبی و فەرەنسی و ئیتاڵی و ئینگلیزی)زانیووە، جگە لەکاری سیاسی کاری نووسین و وەرگێڕانیشی ئەنجامداوە لەگەڵ مامۆستا کەریم زەند ئینجیلیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، د.عزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێت:(( قەشە یوسف هاوڕێم بوو زۆر دۆستی کاك مەحمودی مامی ملازم عومەربوو، لەگەڵ شۆڕشی کوردبووەو کەسێکی دڵسۆزو ماندووبوو بۆگەلەکەی))[٩٤] لە ١٢/٦/ ٢٠٠٣ لە وڵاتی فەرەنسا گیانی سپاردووە، لە ٢٠٠٣/١٢/١٢، تەرمەکەیان هێناوەتەوە سلێمانی و لەگردی سەیوان ناشتوویانە، لەکاتی هێنانەوەکەی و ناشتنشی و لە تەعزییەکەشی خەڵکێکی زۆر بەشدارییان کردووە لەلایەن برا موسڵمانەکانیشمان کەسێکی خۆشەویست بووە.

---

([٩٤])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(د.عزەدین مستەفا ڕەسوڵ)، سلێمانی، ٢٠١٢/١٢/١.

## بەشی دووەم: تەوەرەی دووەم (( پێکەوەژیان )):


### ١- پەیوەندی مەسیحییەکانی هەرمۆتە لەگەڵ براموسڵمانەکانیاندا:

لەشۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێش چەندین کەس لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بوون بەپێشمەرگە و ژمارەیەکیشیان لێ شەهیدبووە.لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە: مەسیحییەکان لەگەڵ برا موسڵمانەکانیاندا زۆر تەبا بووین، ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی لەنێوان موسڵمانەکان و مەسیحییەکاندا هەیە لەسەر بنەمای ڕێزو خۆشەویستی و تەبایی بووە.لەم بارەیەوە مستەفای کوڕی مەلای گەورەی کۆیە وتی: ((باوکم زۆر ڕێزی لە برا مەسیحییەکان و جولەکەکانیش دەگرت، کاتێك کە دەهاتنە مەجلیس لەسەری مەجلیسی دایدەنان، کەدەڕۆیشتنیش هەتا بەرقاپی بەڕێی دەکردن، سەردەمێکیش هەندێ کەس کەمانای دین نازانن هێرش دەکەنە سەرماڵی فەرەجەجوو، باوکم خێرا پێراگەیی و جوابی بۆکاکەزیادو مەلاحەوێز نارد، کە دیفاعیان لێبکەن، باوکم دیفاعی لێدەکردن و ڕێزی لێدەنان و بەچاوێکی بەڕێزەوە سەیری دەکردن، دەشیگوت هیچ فەرق نییە ئەوانە هەمووی دینی سەماوین، پێغەمبەری خۆیان هەیەو خودا دەناسن، زۆریش لەگەڵ قەشە دادەنیشتن و لەهەموو بۆنەو چێژنەکانیش دەهاتنە لامان و بەسەریان دەکردینەوە[٩٥]، کاتی خۆی مەلای گەورە دەچێتە لای(لاین) کە بەرپرسێکی ئینگلیز بوو، تەماشادەکا بازرگانێکی کۆیی لەوێیە، ڕۆژێکی پیاوێکی مەسیحی سەردانی باوکم

---

([٩٥]) ئێستاش لەیادمە دەهاتنە لامان و لە جەژنان هێلکەی کەسك و سوریان بۆ دەهێنایین.

دەکات باوکیشم زۆر ڕێزی لێدەنێت و لەسەری مەجلیسی دادەنێت، کابرای تاجیر دێتەلای باوکم پێی ئەستەم دەبێت لەخوارەوە دابنیشێ و پیاوە مەسیحییەکەش لەسەرەوە بێت، دەچێ لەشوێنی کەسە مەسیحییەکە دادەنیشێ و پیاوە مەسیحییەکەش ڕەوانەی لای خوارێی دەکات، مەلای گەورە زۆر تووڕەدەبێت و بازرگانەکە دەردەکاو پێی دەڵێت: ((هەتا دوێنێ وەك حەقیڕان ڕاوەستابووی لەلای(لاین)، ئەدی ئەویش وەکو وان مەسیحی نەبوو، کەچی چاوەڕوانت دەکرد ببینی و دەست بەسینگەوە بگری و کڕنۆشی بۆ ببەی، ئەدی بۆجی پێت زووڵمە ئەو برامەسیحییە لەسەرەوەدابنیشێ، دەری دەکاو پێی دەڵێت چارێکی تر ڕوونەکەیتە ماڵەکەم)).[٩٦]



((وێنەی مەلای گەورەی کۆیە(مەلا محەمەدی حاجی مەلا عەبدوڵلا) ))

---

([٩٦])دیدەنی توێژەر لەگەڵ( مستەفا محەمەد عەبدوڵلا)،کوڕی مەلای گەورەی کۆیە، لەدایکبووی ١٩٣٣، کۆیە-هەرمۆتە، ٢٠١٢/٦/١٠.

د. عزەدین مستەفا ڕەسووڵ دەڵێ: ((جارێکیان مام جەلال گوتی جێی داخە مەسیحی لەکوردستاندا کەم دەبێتەوە، بوونی مەسیحی لەکوردستان دیمەنی ئەوبرایەتییەیە کەلێرە هەیەو کەڕەنگە لەشوێنەکانی تر وەهانەبێت))(٩٧)لەڕووی ئایینیەوە:کۆیە هەر لەدێرین زەمانەوە مەڵبەندی ڕۆشنبیری بووە، هەڵکەوتنی مەلای ڕۆشنبیر لەم شارە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەڕاگرتنی تەبایی و خۆشەویستی، لەسەرووی هەمووشیانەوە جەنابی مەلای گەورە بووە.لەڕووی هونەرییەوە:چەندین کەسایەتی هونەری لەم شارە هەڵکەوتوون گۆرانیان چڕیووە لەوانە: مەڕبێن ( ١٨٣٥-١٨٩)، هەروەها(پوتێ) کەمامی سێوە بووە، سێوەی هونەرمەند کەمەقامە خۆشەکانی بەناوەڕۆکێکی جوان و هەستەکانی دەربڕیوەو ئاوێتەی بوون بەکلتووری ئیسلامی لەگوتەی ( جومعەیە لەگەڵ فەقێیان دەخوێنین)، (حەسرەتی ئیسڕافیل) و (کێوی تور) و...هتد، چەندین زاراوەی تری ئیسلامی، توانیویەتی سوود لەئاوازەکانی کلیساش وەربگرێت و ئاوێتەی بکات بەمەقامەکانی.( سێوە ) شەماسی کلیسا بووە، پەیوەست بووە بەکلیساو مەسیحییەت، کەچی لە دیوەخاناندا لەگەڵ (مەلا ئەسعەد) پێکەوە دانیشتوون و گۆرانی و مەقامیان گوتووە و زۆر ڕێزی یەکتریشیان گرتووە و زۆر تەبابوون.

---

(٩٧)دیدەنی توێژەر لەگەڵ(د.عزەدین مستەفا ڕەسووڵ)، سلێمانی، ٢٠١٢/١٢/١.

## ٢- سەردانی یەکترکرن لەجەژنەو بۆنەکان و نوێبوونەوەی ڕێزوخۆشەویستی:



ڕۆژی یەك شەممە ڕێکەوتی (٢٠١١/١٢/٢٥) کەڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیحە، وەك نەریتێك لەشاری کۆیە مەسیحی و ئیسلامەکان بەتەبایی پێکەوە ژیاون، لەخۆشی و ناخۆشی سەردانی یەکتریان کردووە، پیاوانی ئاینی هەردوولاش سەردانی یەکتریان کردووە، بۆیە بەپێویستم زانی وتەی چەند کەسێکی موسڵمان و مەسیحی تۆماربکەم کەباسی پێوەندیی پێکەوەژیانی ئاینی دەکەن.یەك لەو بەڕێزانە (مامۆستا مەلا هێمن محەمەد) بوو کەبەشێك لەگوتەکانی دەخەینە ڕوو:((ئاینی مەسیحییەت خاوەن کتوبی سەماوییە و بەرنامەو پڕۆگرام و یاسایەکە ئینسان تاقیامەت شانازی پێوە دەکات. من دەڵێم یادکرنەوەی حەزرەتی مەسیح بەشێوەیەکی زۆرجوان پێویستە لەلایەن ئێمەی موسڵمان، پێم خۆشە لەپێش تۆوە یادی بکەمەوە، کە خۆم باوەڕم پێیەتی، قەناعەتم پێیەتی کە پێغەمبەرێکی خودایە، حەزرەتی مەسیح سەلامی خوای لێبێت چی لەسەر باس بکرێت قابیلیەتی، هەتا یەکێ لە نموونانەکان کابرایەك زلەیەکی لەولایەی حەزرەتی مەسیحدا زۆرئازاری پێگەویشت هەتالەوفەرموودەیەی

پێغەمبەر (علیە سلام ) دەیگێڕێتەوە فرمێسك لەچاوی هاتەخوارەوەو زۆرئازاری پێگەیشت، بەڵام لەتاو برایەتی و خۆشەویستی ئەولایەشی پێدا، زۆرگەورەیە کەئینسان هەست بەومەسئولیەتە بکات، ئەگەرمن بێم هەڵەیەکیش بەرانبەر تۆ بکەم، تۆئامادەباشیت تیابێت لەبەرخاتری پێغەمبەرەکەت، لەبەرخاتری ئەوکەسەی کەشانازی پێوەدەکەی، ئێمەیەکترمان خۆش دەوێ هاوبیری یەکترین دۆستی یەکین خۆشەویستی یەکین)).

( مامۆستاجمیل عیسا) بەم شێوەیە دوا: (( ئەمەجێگای شانازییە کە ئێمە بەهەمووما‌ن پێکهاتەکان مەسیحی و موسڵمان بەڕەچەڵەك یەك نەتەوەین جا ئێستا لەڕووی ئاینییەوە چەند ئاینێکین، بەڵام هەموو محەببەت و خۆشەویستییەکەمان بۆخودا دەگەڕێتەوە، هەموومان یەك خودا دەپەرستین، ئەم کۆیە نموونەیەکی زیندووبووە لەناو هەموو کوردستاندا...)).

قەشە دنحا تۆما گوتی:(( حەزرەتی مەسیح دەڵێ: (المجد لله في العلى و على الارضي السلام وبينا الناس المسرة) هەمووپێغەمبەران باسی ئاشتی و تەبایی دەکەن، لەسەرئەم زەمینە، زۆرگرنگە ئەم تەباییەو پێکەوەژیانە لەنێوانمان بمێنێ، بێگومان کەس ناتوانێ ئەو درزەبخاتەبەینمان بێگومان کاتی خۆی پێغەمبەر نامەی بۆمەتران وپیاوانی ئاینی ناردووە باسی تەبایی کردووە، تیایداباسی ئەوەش کراوە، دەبێ جەژنەپیرۆزە لەیەکتربکەین. باسی پارێزگاری کلیساو دێرەکانیش کراوە)).مامۆستا مەلا هێمن محەمەد گوتی: ((ئەمڕۆ کە سەردانی مامەقەشەمان کرد لەهەرمۆتە زۆر زۆر خۆشحاڵین بەوەی کەبرایەتی و پێکەوە ژیان و ئاشتی و خۆشەویستی لەگەڵ یەکا تەنسیق بکەین، هەست بەوەبکەین کەئێمە یەك نەتەوەین، کەخوای پەروەردگار

دەفەرمێ ( واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا ) دەست بەحەبلی خواوەبگرین هەموومان، هەموومان باوەڕمان بەخوایە، باوەڕمان بەدین هەیە، باوەڕمان بەو ئەدیانانە هەیە کەخوای پەروەردگار بۆی ڕەوانەکردووین، بۆیە دەستی پێوەبگرین بۆئەوەی تەفرەقە نەبێت بۆئەوەی ناکۆك نەبین، بۆئەوەی کێشەمان بۆدروست نەبێت، یەك خودا دروستی کردوین...)).

## ٣- پەیوەندی بندیانەکانی هەولێر بەگوندی هەرمۆتە:

زاراوەی (بندیان ) بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە لەبنەچەوە دیان بووین دواتر بووین بە ئیسلام؛. ئێستا بندیانەکان عەشیرەتێکی گەورەن لە هەولێر بەشوێنەکانی تریش بلاو بوونەتەوە، بەشێك لەو گوندانەی کە بندیانەکانی تیا دەژین ئەوانەن (ئازی کەند, خدریجە, لاوەر, دێمەکار, قورشاغلو, قەلاتە سۆران، کاریتان) هەندێ گوندی تریش کەوەختی خۆی بندیانی زۆر لێبووین ئەوانەن ( بیرەبات, دووکەرە, ئاودەلۆك ) بەشێکیش لەخەلکی ئەوگوندانە چوین بۆشەقلاوە.لە زۆر بەسالاچووانی گوندی هەرمۆتەم بیستووە کە بندیانەکانی هەولێر پێوەندیان بەگوندی هەرمۆتەوە هەیە, هەموو ئەو کەسانەی کە بەسەرهاتەکەیان بۆ گێڕاومەتەوە لەگوندی هەرمۆتە وەکو یەك بووە: هەر بۆ نموونە (ئەندراوس مەتێ موسا) دەلێت: (( دەگێڕنەوە و دەلێن (٣٥٠ -٤٥٠ ) سال بەر لەئێستا کەسێك ناوی (یەلدە )بووەوخەلکی گوندی هەرمۆتە بووە بۆ ئیش و کارو دروێنەو سەپانی چۆتە دەشتی هەولێرو حەزی لەکچی ئاغای گوندی کردووە و حەزلێکردنەکەشی ئاشکرابووەو هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە, ئەمیش گوتوویەتی دەبمە ئیسلام, بووەتە ئیسلام و ژنیان پێداوە لەو گوندە ژیاوە، دواتر ژنێکی تریش دەهێنێت ناوچەیەك دادەبڕێت و خۆی و کوڕو کچ و ژنەکانی

تێدا دەژین وردە وردە زۆر دەبن. نەسیحەتی منداڵەکانی دەکات و پێیان دەڵێت لەناویەکتر یەگرتووبن و پشتی یەکتر بەرمەدەن و ژن و ژن خوازی تەنها لەنێوان خۆتاندا بکەن؛ بۆ ئەوەی پەرت نەبنەوەو بەرەو کەمی نەچن هەمووتان خزمی یەکتربن، سەبارەت بەیەکگرتووی بندیانەکان لەناوخۆیان, بندیانەکان لەگەڵ یەکدی تەبان و لەکێشەو ناخۆشییەکان پشتی یەکتر دەگرن و عەشیرەتێکی جەربەزەو ئازاو ناسراون ))[٩٨] شتێکی ئاشکرایە کە لەکۆندا بندیانەکان ژن و ژنخوازیان تەنها لەنێو یەکتریدا دەکردوو نەیاندەدا بەوانەی کەبندیان نەبوون، تەنانەت تاکو ئێستاش کەم و زۆر ئەو نەریتە ماوەتەوە، بەڵام گێرانەوەی بەسەرهاتی (یەلدا ) لە ناو بندیانەکان هەندێك جیاوازترە (بەشدار یونس ) کەلەدایکبوویی ساڵی (١٩٧٥ ) دەرچووی کۆلێژی ئادابی بەشی مێژووە و لەعەشیرەتی بندیانانە ناوی خۆی و باب و باپیری بۆ ژماردین بە چەندپشت دەگاتەوە (یەلدا) ناوەکانیش بەم شێوەیەن:((بەشدار یونس عەبدولعەزیز تەها پیرداود حاجی خدر حوسێن ڕەشە خدر سۆفی بەکر ئاودەل یەلدا ))، وە چیرۆکی باپیرە گەورەی (یەلدا ) ی بەم شێوەیە گێڕایەوە ئەم بەسەر هاتەشی لەکەسانی دەورو بەری خۆی بیستووە: ((یەلدا لەگوندی هەرمۆتە هاتۆتەدەشتی هەولێرو بووەتە ئیسلام، ژنێکی لەبنەماڵەی بۆریان هێناوەو چوار کوڕی لێ هەبووە بەناوی بەکر کە برا گەورەکە بووە حەسەن و فەقێ و یەکێکی تر, دواتر کوڕەکانی گەورە بوون و یەکەم جار هاتوون گوندی (دووکەرە)یان ئاوەدان کردۆتەوەو کوڕەکانی ژنیان هێناوە و منداڵیان زۆر بووە گوندی ئازیکەندو خدریجەو لاوەریان ئاوەدان

---

([٩٨])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (ئەندراوس مەتێ، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٧-نەخوێندەوار)، هەرمۆتە، ٢٠٠٤.

کردۆتەوە ))[99]هەر لەوبارەیەوە ( بەشدار یونس ) دەڵێت: ((ئەو گێڕانەوەو بەسەر هاتە لایەنی ڕاستی تێدایە, بەلاَم من بیرو ڕایەکی ترم هەیە کە دەوڵەتی عوسمانی دوای سالآنی (١٥٠٠) بەشێك لە دانیشتوەکانی ئەو ناوچەیەو ناوچەی شەقلاوە لەترسی کوشتن و وەرگرتنی موڵك و ماڵیان بوون بە ئیسلام، بۆیە دەشێ هەندێ لەبندیانەکان بنەچەیان بۆ ئەو مەسیحییانە بگەڕێتەوە کە بوون بە ئیسلام ))[100]هەرسەبارەت بە(یەلدا) پیرداود قادر دەڵێت: ((یەلدا لەساڵی ١٦٣٩ ناوی خۆی دەگۆڕێ بە شێخ ئاودەل ژنێکی ناو خانزادی هێناوە لەعەشیرەتی مامەسێنی بووەو چووەتە گوندی بەرەکەی شەقلاوە لەوێ دانیشتووە چوار کوڕی بووە، کچێکی بووە زوو مردووە کوڕە گەورەی ناوی وەسمان، ئەوانی تریش ناویان: فەقێ، حەسەن، ناسر بوون، بندیانەکان لەو چوار کەسە پەیدا بووین))[101]بەشدار یونس دەڵێت: ((تاکو ئێستا دایکم کە هەویر دەشێلێت و تەواو دەبێت لە شێلانی سەلیبێك لەناو هەویرەکە دروست دەکات بۆ ئەوەی بەرەکەتی تێبکەوێ, یاخود کاتێ مریشکە کورکیان دادەناوە لەسەر هێلکەکان سەلیبیان دروستدەکرد ))[102]بێگومان ڕەنگە کاتێ لەناو هەویرەکە سەلیبێك

---

[99]دیدەنی توێژەر لەگەڵ (بەشدار یونس عبدولعەزیز ) هەولێر، ڕۆژی یەك شەممە، ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/١٧.

[100]دیدەنی توێژەر لەگەڵ (بەشدار یونس عبدولعەزیز )، ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/١٧.

[101]دیدەنی توێژەر لەگەڵ(پیرداود قادر- نووسەر )هەولێر، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١١.

([102])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (بەشدار یونس عبدولعەزیز )، ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/١٧.

دروستدەکەن نەزانن خاچە، بەڵام ئەم شتە لە دایك و داپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە, چونکە ئێستاش زۆر لەمەسیحییەکان کاتێ هەویر دەشێلن بەدەست سەلیبێکی لەناو دروستدەکەن بۆ ئەوەی بەرەکەت بکەوێتە ناو نانەکە.لە زۆر بەساڵاچوانی گوندی هەرمۆتەم بیستووە کە ئەو پارچە زەوی و ئەو ئاشەی خوار ڕەزی هەرمۆتە هی (یەلدا) بووەو دوای ئەوەی چووەتە هەولێر و بووە بەئیسلام و نەگەڕاوەتەوە و بەجێی هێشتوون.



(وێنەی کۆنە ئاشەکەی یەلدا لەهەرمۆتە)



((وێنەی گوندی قورشاغلوی بندیانان لەدەشتی هەولێر))

هەرچەندە بیروڕاکان هەندێك لەیەکتر جیاوازن، بەڵام سەرجەم گێڕانەوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە کەسێك هەبوو بەناوی (یەلدا)و خەڵکی گوندی هەرمۆتە بووەو چووەتە دەشتی هەولێرو بووەتە ئیسلام و نەوەی لێکەوتۆتەوە.

## ٤- پەیوەندی دۆستایەتی و مێژووی لەنێوان مەسیحییەکانی هەرمۆتەو هەقەکانی کەلکەسماق:[١٠٣]



(کۆیە- کەلکەسماق- شێخ هاوڕێ لەپێشوازی مەسیحییەکانی هەرمۆتەدا)

خەڵکی گوندی هەرمۆتە وەك گوندێکی مەسیحی ناوچەی کۆیە، سەدان ساڵە لەوناوچەیە ژیاون پەیوەندیەکی پتەوی مێژوویان لەگەڵ دەوروبەری خۆیان پەیداکردووە، هەرلەدێرزەمانەوە هاتوچۆو دۆستایەتی لەنێوان مەسیحییەکانی هەرمۆتەو مامەڕەزا و شێخ عبدولکەریمی شەدەڵە هەبووە، بۆ نوێکردنەوەو زیندوکردنەوەی ئەم ئاشنایەتی و پێکەوەژیانە ڕۆژی یەکشەم ڕێکەوتی ( ٢٠١١/٦/١١) کاتژمێر سێ پاش نیوەڕۆ، شێخ هاوڕێ کەشێخی تەریقەتی هەقەیەو ژمارەیەك لەدۆست و هەوادارانی بەمیوانداری هاتنە گوندی هەرمۆتەو لەلایەن دانیشتوانی

(١٠٣)گفتوگۆیەکی زۆرکراوە، بەڵام ئێمە چەندچارچەیەکمان لێهەڵبژاردووە.

گونــدی هەرمۆتــە پێــشوازیان لێکــرا، نزیکــەی کاتــژمێرێك پێکەوەدانیــشتن و (مــام ئەبرهامــەتێ) کەدۆســتی دێرینــی مامەڕەزاییيــەکان بــەناوی گونــدی هەرمۆتــە بـەخێرهاتنی کـردوون و باسـی کـاتی پێشمەرگایەتی و ڕۆڵی هەقـەکانی لەشۆڕشـەکانی کورد بەرز نـرخانـد. شـێخ هـاوڕێ زۆرپێخـۆش حـاڵبوو بەوسـەردانە، پێکەوەدانیـشتن و باسـی مێـژووی پێکـەوەژیان کـرد جـەختی لەسـەرئەوەکردەوە کەهـەمووومان خوشـك و بــراین و پێویــستە بەتــەبایی پێکەوەبــژین و ڕێــزی یــەکتربگرین، هەنــدێ پرسیارئاڕاسـتەی شـێخ هـاوڕێ کـرا سـەبارەت بەتەریقـەی هەقـەو جـۆری کـارکردن و پەیوەنــدی دۆســتایەتی لــەنێوان هەقــەکانی کەلکــەسماق و مەســیحییەکانی گونــدی هەرمۆتە.

(٢٠٠١١/٤/٧) ڕۆژی دووشــەم کــات (١٠)ی بــەیانی ژمارەیــەك لەمەســیحییەکانی هەرمۆتـە سـەردانی کەلکـەسماقیان کـردو واڕێکـەوتبوو دووەم ڕۆژی جـەژنی قوربـان بـوو.. قەشـەدنحاتۆما بـەناوی سـەرجەم دانیـشتوانی گونـدی هەرمۆتـە ڕێزوسـڵاوی خۆیانی پێگەیانـدن و پێخۆشـحاڵی خـۆی پیـشاندا بۆئـەم دۆسـتایەتییەو هەماهەنگییـە، ئەوانیش زۆر دڵخۆش بوون و پێشوازییەکی گەرمیان لەبرامەسیحیەکانیان کـرد. دواتـر (شێخ هاوڕێ) وتی: (( ئەم خانەقایە مـاڵی هەمووولاێکە بۆئەوەیەپێـشوازی لەودۆسـت و برادەرانەبکەین کەسەردانمان دەکـەن، ئێـوەش بەشـتان تێدایـە، چـونکە ئێمـە باوەڕمـان زۆرزۆرە بەحــەزرەتی (عیــسا)وەك تەریقــەت و ڕێبــازی هەقــە باوەڕمــان بەحــەزرەتی عیــسا زۆرەو دەشــڵێن تــا ئــەو نەگەڕێتــەوە ســەرئەرز ئیــسلاحی ســەرئەرزبەکەس ناکرێت...، ئێمە موسڵمانین بـەڵام باوەڕمـان بەپێغەمبـەرەکانی تـریش هەیـە کـە خـودا ناردویـەتی، لـەدوای محەمـەد باوەڕمـان بـە حـەزرەتی عیـسا هەیـە، ئاواتـە خـوازی ئـەو ڕۆژەیـن کەبگەڕێتـەوە سـەر ئـەرز و ئیـسلاحی کۆمـەڵگا بکـا، بەتـەنها هـیچ کەسـێك


نـاتوانێ هـەموو شـتێك بكـا دەبـێ بـەهاوكاری و برایـەتی و تـەبایی پێكـەوە ژیـانێكی ئاشتییانە بژین، بەداخەوە ئەمڕۆ وایلێهاتووە نـاتوانین بـە ئاشـتی و برایـەتی و تـەبایی پێكـەوە بـژین، بـەڵام دیـارە خـودا قەڵـەمی والێـداوە بڕیارەكـانی وایـە كەئێمـەی دروستكردووە پێگەیەكمان هەبێ لەسەر ئـەم ئـەرزە، دیـارە شـەڕو ئـاژاوەش هـەر دەبـێ، بەڵام لەبەر خودا دەپارێینەوە كەهەموو لایەكمان بكـا بـەبرای یـەكتری دڵودەرونیـشمان پاك بێت و ئاشتی خوازبین لەگەڵ یەكتردا... دواترماموٚستا (جمیـل عیـسا كـەریم) بـەم شـــێوەیە دوا: ((...موســـڵمان و مەســـیحی و ئێزیـــدی و كاكـــەیی و مەزهـــەبی شیعەوسونە...هەیەجۆرەهامەزهەب و ئـەقوام و هەیـە، بـەڵام گـرنگ ئەوەیـە ئێمـەوەكو مرۆڤ بژین و لەهەوڵی پاراستنی ئـەم كیانـە مرۆڤایەتییـەو ئینـسانییەتەبین، كـە ئێمـە خودایەكمان هەبێ گرنگ خوایەكەیـەو مـن خـۆش حـاڵم كەئـەم دۆسـتایەتییە دروسـت دەكەینەوەو شوێنی دەكەوینەوە، ئێمەهەمیـشە لەناویـەك دادەژیـن...)).(شـێخ هـاوڕێ): (( ئێمـەدەبێ دایـم چـاومان لـەوەبێ هـەردەم بەتـەبایی بـژین بەبرایـەتی بـژین وەكـو جـەنابت فـەرمووت ئێمـەوەكو هەقـە وەكـو(مامـەڕەزایی) كەلەسەردەسـتی ئـەوان دروستبووە مامەڕەزا پیاوێك بووە كەئاشتی خوازی جیهـانی بـووە دوای شـەڕی جیهـانی كەئاشـتی خـوازانی جیهـانی یاداشـتیان نووسـیووە بۆنەتـەوە یـەكگرتووەكان یـەكێك لەوانـــە كەلەعێراقـــدا ئیمـــزای كـــردووە لـــەكورددا (مامـــەڕەزا) بـــووە، كەئاشـــتی لەهەمووجیهانـــدا بەرقـــەراربێ، لێـــرەدا ســـەیردەكەین كـــە(مامـــەڕەزا) بیروبۆچـــونی ئاشتیانەبووە بۆیەگەیشتۆتە ئەوەی ئاشـتی جیهـانی ئیمزابكـات، ئێمـە لـەم ڕوانگەیـەوە سـەیری عێـراق و جیهـان و وڵاتەكـەی خۆمـان دەكـەین، ئێمـە بـەلای ئاشـتی خوازیـدا دەڕۆین، لەگەڵ ئاشتی خوازین...)).

(شـــێخ هـــاوڕێ): ((یـــەکێك لەفـــەرموودەکانی مامـــەڕەزا کەفەرموویـــەتی نـــابێ ئازاربەخـەڵك بگـەیێنن، کەسـێك کەلێتانبـدات داوای لێبـوردنی لێبکـەن بلێن ئەزیـەتت نـەبوو کەلێتـدام، کەئەمەنیـشانەی ئاشـتییە... ئینـسان وادروسـت بـووە لەتـەڵێك گیـاوە لەگوڵێکـەوە تادەگاتـە هـەموو کـەون پێوەنـدیی بەیەکەوەهەیـە، ئێمەدەبینەوەبـەخۆڵ سەیردەکەین لەبەری میوەیەك دەخۆین ئەوبەری میوەیـە لەچیەوە دروسـتبووە لـەئاو ئەو وخاکە دروست بۆتەوە باشە ئێمـە دەیخـۆین و دەبینـەوە بەوخاکـە بەشـێکمان کـرم دەیخـوا ئەوکرمـــە ئەبێتـــەوە بـــەخاك، هەواهەڵدەمـــژین ئۆکـــسجین پەیوەنـــدی زۆری بەئێمەوەهەیە ئێمەدەبێ لـەم ڕوانگەیەوەسـەیری ژیـانی مرۆڤـەکان بکـەین لەسـەرئەرز برایەتی نەبێ هیچ شـتێك دادی ئێمـە نـادا بۆئـەم میللەتـە بۆهـەمووجیهان لەبەرئـەوە ئێمە لەیەك خاکدا دادەژین، دەبێ دڵسۆزبین بۆیـەکتر ئیلاقـەمان بەوەنـەبێ مـن دینـم چییە ئەومەزهەبی چییە هەموومان لەیەك خاك دادەژین لەیەك شوێن دادەژین...))

## ٥- جولەکەکان لەبیرەوەری بە ساڵاچوانی کۆیە:

جوولەکـەکان بەشـێوەیەکی پـەرت و بـڵاو بەسـەر زۆربـەی وڵاتـانی جیهـان دابـەش ببـــوون، بـــەڵام لەســـاڵی ( ١٩٤٨ ) بـــیری ئـــەوەیان کـــردەوە کـــە هـــەمووان لەفەلەســـتین کۆبکەنەوە. بۆیە دەستکرا بەڕاگواسـتنی جوولەکـەکانی جیهـان بـۆ فەلەسـتین، کۆیـەش یـەکێك لـەو شارانەی کوردسـتان بـووە، کـە جوولەکـەی تیـا ژیـاوە، ئێمـەش دیـدەنیمان لەگەڵ چەند بەساڵاچووێکی کۆیەو دەوروبەری کـردووە، بەتایبـەتی ئـەو کەسـانەی کـە لەگەڵ جوولەکەکاندا ژیاون، هـەر کەسێکیـشمان دوانـدبێ لایـەنێکی بـۆ بـاس کـردووین بەهـەموو کەسـەکان زانیارییـەکی گـشتیمان لەزۆربـەی ڕووەکـانی ژیـانی جوولەکـەکان پێدەبەخشن.

**محەمەد ئەحمەد عەبدلقادر:**




لەدایکبووی ساڵی ١٨٩١ خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورەیەو تەمەنی ( ١١٧ ) سەدو حەڤدە ساڵەو[١٠٤] بەم شێوەیە بۆمان دوا: ((من شوانی فەرەجەجوو بووم، کە مەڕو ماڵاتێکی زۆری هەبوو، جوولەکەکان ژیانیان باش بوو و زیرەك بوون، دوکاندار بوون و شتمان لێدەکڕین، زۆر گرانجان نەبوون، بەقەردیش شتیان دەدا، بەڵام دەیانگوت قەردی کۆن بێنەو نوێ ببە، ئێمە زۆر لەگەڵیان تێکەڵبووین، دەهاتنە لامان و دەچووینە لایان، جلك و بەرگیان وەك هی ئێمەبوو))[١٠٥].

(١٠٤)هەرچەندە چەند کەناڵێکی تەلەفزیۆنی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردووە، واناویان دەبرد کەتەمەنی سەدو حەڤدەساڵە، بەڵام من خۆم بینیم بەساڵاچووە، بەڵام نازانم ئەوندە دەبێت یانا.

(١٠٥)دیدەنی لەگەڵ (محەمەد ئەحمەد عەبدولقادر)، لەدایکبووی ١٨٩١، نەخوێندەوار- خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورە، کۆیە، ڕێکەوتی ١٥-٧-٢٠٠٨.

مامز حەسەن میکائیل لەدایکبووی ١٩٠٩ بەم شێوەیە بۆمان دوا:((جوولەکەکان ئینسانی باش بوون و چاویان لەماڵی خەڵك نەبوو، کاسب بوون، ئەوان زێرنگر و دوکاندار بوون، بەتەمەنەکانیان کەواو سەڵتەیان لەبەردەکرد، بەڵام گەنجەکانیان وەکو دەستوری مەیان لەبەردەکرد، جێژنێکی دیاریان هەبوو بەناوی کەپرە شینە))[١٠٦]. وارینە کەریم تۆما لەدیکبووی ساڵی ١٩٢١، بەم شێوەیە بۆمان دوا: ((جوولەکەکان ڕۆژی شەموان ئیشیان نەدەکرد دەیانگوت حەرامە، تەنانەت ڕۆژی پێشتریٚ چێشتیان لێنەدەنا، ڕۆژی هەینیماڵیان پاکدەکردەوەو خۆیان ئامادە دەکرد))[١٠٧]. کاکل سلێمان مەتیٚ لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٢ گوندی هەرمۆتەیە، بەم شێوەیە لەبارەی کەپرە شینە دوا:((کەپرە شینە جێژنێکی جوولەکەکان بوو لەپاییزان کەپریان دەکرد بەچوار دار قیتیان دەکردەوە، هەرچی میوەجات هەبوو پێوەیان هەڵدەواسی لە ( هەنار، هەرمیٚ، تریٚ، خۆخ...هتد ) ئەم کەپرە شینەیان دەهێشتەوە هەتا بارانی پاییز، کەبارانی لێدەدا ئینجا میوەجاتەکەیان لێدەکردەوەو دەیانخواردو بۆ دۆست و هاوڕێیەکانیشیان دەنارد))[١٠٨]. برایم قادر سەعید(برایمی گەراج)، لەدایك بوو ١٩١٨بەم شێوەیە دوا:((کاتیٚ کە جولەکەیەك حەیوانی سەردەبڕی، خێرا سییەکانی دەهێنایەدەریٚ فووی دەدا ئەگەر پاك و باش بووایە دەیگوت: (منو)واتە حەڵاڵە، ئەگەی سییەکانی پفکەی بکردایەو خراپ بوایە دەیگوت:(تەڕیفە)یەو نەیان

---

([١٠٦])دیدەنی لەگەڵ(مامز حەسەن میکائیل)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٠٩، کۆیە، هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٧.

([١٠٧])دیدەنی لەگەڵ (وارینە کەریم تۆما)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢١، هەرمۆتە-کۆیە، ڕێکەوتی ٨-٢٠/٦/٢٣.

([١٠٨])دیدەنی لەگەڵ (کاکل سلێمان مەتیٚ)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢٢، هەرمۆتە-کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٢.

دەخوارد))[١٠٩] ئەم زاراوەیە ئێستاش لەنێو قەسابەکان ماوەتەوە، حەیوانێك سییەکانی تێکچووبێت پێی دەڵێن تەڕیفە. عیسا کەریم ناسراوە بە(مام عیسۆن) لەدایکبووی ساڵی ١٩١٥ لەگوندی هەرمۆتە، بەم شێوەیە بۆمان دوا:(( جوولەکەکان شتیان هەرزان دەفرۆشت، ڕۆژەکی لە جوولەکەیەکیان پرسی بۆچی ئەوها هەرزان شت دەفرۆشی؟ وتی هەتا دوکاندارەکانی دی یەك فەردە دەفرۆشن ئەمن دەفەردە دەفرۆشم، لەهەر فەردەیەکیش شتێکی کەمم پێ بڕێ هێشتا سێ ئەوەندەی ئەو دوکاندارەم پێدەبڕێ کەیەك فەردەی فرۆشتووە!، تەنانەت ئەگەر بەس گونییەکەم پێ بڕێ من قازانجمە))[١١٠]. فەیمە سەلمان یەلدا لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٩ لە کۆیە ئەم دێڕە شیعرە فۆلکلۆرەی جولەکەکانی بۆ گوتین:

تەیارەن یەلە بارەو سموقتێلە

جەماعەتت ئیرێس ئێنوو ئورخێلە[١١١]

واتەی ئەم دێڕە ئەوەیە:(( تەیارە هات باڵەکانی سورەو جەماعەتی ئێمەش چاو لەڕێگان)) لەسەین و بەینی کۆچکردنیان وتوویانە.بەفرین عەزیز لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ لەگوندی هەرمۆتە ئەم دێڕە فۆلکلۆرییەی بۆگوتین لەکەسانی پێش خۆی وەرگرتووە:-

---

([١٠٩])دیدەنی لەگەڵ (برایم قادر سەعید- برایمی گەراج)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩١٨، کۆیە، ١٢-٧-٢٠١٣.

([١١٠])دیدەنی لەگەڵ(عیسا کەریم تۆما)، خوێندەوار، لەدایکبووی ١٩١٥، کۆیە-هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٦/٢٣/ ٢٠٠٨.

([١١١])دیدەنی لەگەڵ( فەیمە سلێمان یەلدا)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢٩، کۆیە، ڕێکەوتی ٧/٦/ ٢٠٠٨.

سورایێ میلوو

ماستت ئادار لەیخیلوو[112]

واتــه ((مەسـیحییەکان چـنە ماسـتی ئاداریـان نـەخوارد))، چـونکە لـەمانگی ئـادار مەسیحییەکان بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ بەڕۆژوو دەبوون هەرچی شتێك لـە خـوێن دروسـت بووبێـت بەرهــەمی ئـاژەڵی بێـت نـایخۆن، تــەنها شـتی ڕووەکـی دەخـۆن، ئەمەشـیان بەشێوەی سوعبەت و دەمەتەقێ بەمەسیحییەکانی کۆیـەو هەرمۆتـەیان گووە. ڕوفائیـل موسا حنـا لـەدایکبووی سـاڵی ١٩٢٨ گوونـدی هەرمۆتەیـە بـەم شـێوەیە چـەند پـەیڤێکی دەربــڕی:((جولەکــەکان گوندنــشین نــەبوون لەشــار دەژیــان، بــەڵام لەبێتواتــەش جولەکەیەکی زۆری لێبوو لەگەڵ ئەمەشدا پەیوەندییان لەگـەڵ گونـدەکانی دەوروبـەری خۆیان هەبوو، لە زۆر گوندەکانیش مەڕو ماڵاتیان هەبوو...هەندێ لەو ناوانـەش کـەمن لـەبیرم مـاون بـۆ نموونـە:(سـەلمان حاتـە، فەرەجـە جـوو، حـایووم، حەسـقێل، عەبـدە، بنیامێن...هتـد). لـەنێو جولەکەکانیـشدا (فەرەجـەجوو) زۆر دەوڵەمەنـد بـوو زەوی لـە ئیلنجاغ و مەرزان و تاڵەبان هەبوو، هـەروەها مـەڕو مـاڵتێکی زۆری هـەبوو.گـەورەترین زێڕنگری کۆیە ناوی (شەلکە) بوو، یەکێکی خڕپلەی کورتەباڵا بوو، بەباشـترین زێڕنگـر نـاودەبرا.( داودۆك) گـەورەترین قەساب بـوو لەکۆیـە.هـەروەها لـەو گیـاو گۆڵانـەی کـە جولەکـەکان دەیـانخوارد گیـای (( بەندەکـە)) بـوو دەیـان کـردە چێـشت، ئـەم گیایـەش

(112)دیدەنی لەگەڵ( بەفرین عەزیز پەترۆس)، خوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٥٤، کۆیە-هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٨.

لەشـــێوەی کـــەرەوز وایـــە، ئەمـــە تـــەنها جولەکـــەکان دەیـــانخوارد خـــەڵکی تـــر نەیاندەخوارد)).[113]

ئاخـاوتنی جولەکـەکان لـەئاخاوتنی زمـانی سـریانی زۆر نزیکـە، چـونکە هـەردوو زمانەکە دەچـنەوە سـەر زمـانی عیـبری، بۆیـە مەسـیحییەکانی کۆیـەو هەرمۆتـە تـەواو لـەزمانی جولەکـەکان تێدەگەیـشتن و ئاخـاوتن و گفتوگۆیـان لەگـەڵ یـەکتری کـردووە، ئەگەرچی وشەکان تاڕادەیەك لێکجیاواز بووین.مەریەم ئێلیا عـەمان ناسـراو بـە( مـسکە سـۆریٚ) لـەدایکبووی سـاڵی ١٩٣٤ لەکۆیـە لـەبارەی زمـانی جولەکـەکان بۆمـان دوا: ((جولەکـەکان زمانیـان زۆر لـەزمانی مەسـیحییەکان نـزیکبـوو، ئێمـە پێکـەوە دەدوایـن ئەگەر چی هەندێ وشەیان جیاوازبوو، بەڵام ئەم جیاوازییە کارینەدەکردە سـەر ئـەوەی لێکتێنەگەیـشتن ڕووبـدات، ئـەوان لـەڕووی ژماردنـەوە لەهـەر ژمارەیەکـەوە تـا چ ژمارەیـەك دەیلێـی وەکـو هـی مەسـیحییەکان بـوو، لەسـاڵی ٢٠٠١ چـەند کەسـێك لەبنەماڵەی فەرەجەجوو هاتبوونە کۆیەو قسەم لەگـەڵ کـردن، لەسـاڵی ٢٠٠٧ پیاوێـك و ژنێـك و دووکـچ لەفەلەسـتینەوە هـاتبوون بۆئـەوەی شـوێنی بـاب و باپیرانیـان ببیـنن قسەمان پێکـەوە کـرد و لـە هـەموو شـتێکیش لێکتێدەگەیـشتین))[114]( مـسکە سـوریٚ) چـەند وشـەیەکی پێـداین ئێمـەش کردمـان بـەدوو خـشتە ئـەو وشـانەی کـە لـەزمانی سـریانی و جولەکـەکان وەك یـەك بـوون بـەجودا دەیانخەینـە ڕوو ئـەو وشـانەش کـە کەمێك جیاوازن، یان جیاوازن بەجوودا دەیانخەینەڕوو.

---

([113])دیدەنی لەگەڵ (ڕوفائیل موسا)، نەخوێندەوار، لەدایکبوی ١٩٢٨، کۆیە - هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٨.

([114])دیدەنی لەگەڵ(مەریەم ئێلیا عەمان- مسکە سۆریٚ)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٣٤، کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٩.

**وشە هاوبەشەکانی نێوان زمانی سریانی و زمانی جولەکەکان:-**

| کوردی | سریانی | جولەکە |
|---|---|---|
| خاك | ئەرە | ئەرە |
| ئاگر | نورە | نورە |
| دەست | ئیدە | ئیدە |
| قاچ | ئەقلە | ئەقلە |
| کچ | براتە | براتە |
| کوڕ | برۆنە | برۆنە |
| خانوو | بێتە | بێتە |
| بەرد | کێپە | کێپە |
| ئاو | مۆیێ | مۆیێ |
| چێشت | پشالە | پشالە... |

**وشە کەمێك لێکجیاوازو جیاوازەکان:-**

| کوردی | سریانی | جولەکە |
|---|---|---|
| کوپە | حوبانە | خابیە |
| بەخێربێی | پشێنە یتێلۆخ(بۆیەك کوڕ)<br>پشێنە یتێلەخ(بۆیەك کچ) | شالۆمیلیۆخ(بۆیەك پیاو)<br>شالۆمتیەلەخ(بۆیەك کچ) |
| چۆنی | ماتویەت-ماتویت | سێراح |
| قەبرستان | قۆڕەواتێ | بێت ئاخێ(بەسریانی واتە ماڵی زیندووان بەو واتەیەی کە جەستە دەمرێت، بەڵام ڕوح نەمرە). |
| وەرە | ئیتا | ئیلێ |
| بڕۆ | پسی | ڕخۆش |

ئیسماعیل مستەفا ئیبراهیم لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦ لەکۆیە، بەم شێوەیە باسی ئەو ڕۆژەی بۆ کردین کە جولەکەکان چۆن باریانکردوو خاکی باب و باپرانیان بۆ یەکجاری بەجێ هێشت:((هەموو جولەکەکان لەپشت قشڵەی کۆیە کۆبوونەوەو بەشێکی زۆری خەڵکی کۆیەش لەنزیکیانەوە وەستابوون و دۆست و برادەران بۆ یەکتری دەگریان و

دەستیان هاویشتبووە ملی یەکتر، ئەوان زۆریان پێناخۆش بوو بڕۆن، بەڵام ئەمرەکە وابوو هیچ چارەیەکییان نەبوو، ئەو کاتە (١٠-١٥) پاسی گەورەیان هێناو هەر پاسەو زیاتر لە (٥٠) کەسی دەگرت، لەو پاسانەدا بارکران و بەرەو هەولێریان بردن، تابزربوون و لەچاو ونبوون هەر ئاوڕیان لەخاك و شارەکەی خۆیان دەدایەوەو دەگریان، ئیتر بەرەو هەولێر بەڕێکران، نەدەبوایە هیچ شتێك لەگەڵ خۆیان ببەن بۆیە زۆریان زێڕەکانیان خستبووە ناو کفتە لەجێی قیمە زێڕیان دانابوو بۆئەوەی لەگەڵ خۆیانی ببەن. ئێمە زۆرمان پێناخۆش بوو کە ڕۆیشتن، چونکە لەباب و باپیرانمانەوە پێکەوە ژیابووین ئاشنایەتیمان لەگەڵ پەیدا کردبوون، ئەوان کورد بوون کوردە جولەکەبوون))[١١٥].

---

([١١٥])دیدەنی لەگەڵ( ئیسماعیل مستەفا ئیبراهیم)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٣٦، کۆیە، ڕێکەوتی ١٠/ ٧/ ٢٠٠٨.

## بەشی دووەم: تەوەرەی سێیەم(( لەڕەوتی پیشەوکاردا ))

### ١- درەختی زەیتون:



ئەودرەختـــەجوان و هەمیـــشە ســـەوزەیە کەبەرگـــەی وشـــکە ســـاڵی و بـــێ ئـــاویش دەگرێت[١١٦]و خاسیەتێکی هەیە هەمیشە نەمامی تازەو نوێ لەسەر کولکەکان و لەقـەدو باڵا پیرەکانی خەلفی نـوێ دەردەکـات و بەگـەورەبوونی دارزەیـتون و پیربـوونی نەمامـە تازەکان دەکەونە سەر پێ و باڵا دەکەن و شوێنی نەمامـە پیرەکـان دەگرنـەوە. سـەبارەت بەمێـــژووی ڕەزە زەیتـــونی هەرمۆتـــە لەبەتەمـــەنترین کەســـم پرســـیووە ســـەبارەت بەمێژووی ئەم زەیتونانە نەزاندراوە کەی ئەم دارزەیتونانە چێنراون, ڕەنگە لەوەتـەی مەسـیحییەت لـەم ناوچـەیە هـەبووە, ئـەم ڕەزەزەیتونانـەش چـێندرابن, هـەروەها پەیوەنـدی یـەکیش هەیـە بـەپیرۆزی داری زەیتـون بەئاینـەوە, جگـە لـەم ڕەزەزەیتونـە

---

([١١٦])لەبەر ئەوەی درەختی زەیتون گەڵاکانی باریك و بچووکن، هەروەها ڕۆنیشیان تێدایە، بۆیە کرداری بەهەڵمبوونی تێدا کەم ڕوودەداو پارێزگاری لەوبڕە ئاوەدەکات کەلەجەستەو گەڵاکانی کۆی کردۆتەوە.

بەشێوەیەکی پەرش و بڵاو لەدەورو بەری هەرمۆتە کۆلکە زەیتونی زۆر بەتەمەنی لێیە.تێبینی کراوە لەهەر شوێنێك مەسیحی تیا بژییێت یاخود مەسیحی تیا ژیابێت دارزەیتونی لێبووە, چونکە دارزەیتون بەدارێکی پیرۆز وەسف کراوە، لەئاینی مەسیحی لەهەندێ بۆنەو سروتی ئاینی بەکار دەهێنرێت.

ڕوداوی کەشتییەکەی نوح کاتێ کۆترێکی نارد چڵە زەیتونێکی سەوزی لەگەڵ خۆی هێنایەوە، هێمای ئەوە بوو کەئاو کەم بۆتەوەو ژیانیش بەردەوام دەبێتەوە. زۆر جاریش کە پێغەمبەر عیسا بەناو خەڵك دەگەڕا چڵە زەیتونیان دەخستە بەر ڕێگای و زەیتونی سەوزیان بەدەست دەگرت وەك ڕەمزی ئاشتی و هەمیشە سەوزی، ساڵانەش هەفتەیەك بەر لە جێژنی قیامە لەناو کلیسا چڵەزەیتون دەهێندرێت و پاش ئەوەی نوێژی جەماعی لەسەر دەکرێت و تەقدیس دەبێت و هەرکەسەو یان هەر ماڵە چڵە زەیتونێك دەباتەوە, وەك ڕەمزی بەرەکەت زۆر جاریش ئەو چڵەزەیتونە دەبەن لەناو دەغڵ و دان دەیچەقێنن بۆئەوەی خودا دەغڵ و دانیان جوان و بەبرشت بکات، ئەم ڕۆژەش بەجەژنی (عوشعنا) ناو دەبرێت.

**چەندین جۆری زەیتون هەیە, بەڵام لەگوندی هەرمۆتە بەزۆری ئەم سێ چەشنەی لێیە:**

١ـ زەیتونی خڕ: ئەم زەیتونە بەرەکەی خڕە.

٢ـ زەیتونی حۆڵە: بەری ئەم زەیتونە لەشێوەی بەڕوویەکی بچووکە.

٣ـ زەیتونی مورتکی: ئەم جۆرە زەیتونە بەرەکەی لەمابەینی زەیتونی خڕەو زەیتونی حۆڵەدایە.

زەیتـــونی خـــڕە: لەهـــەموویان باشـــترو پەســـندترە، چـــونکە ناوکەکـــەی بـــچووکەو دەنکەکانی خڕو گۆشتنن, باشی زەیتـونی هەرمۆتـە لەوەدایـە بۆمـاوەی سـێ سـاڵ لـەناو خوێ دەمێنێتەوەو تێکناچێت ئەم خاسیەتە لـەزەیتونی شـوێنەکانی تـر بـەدی ناکرێـت زۆر جار زەیتونی شوێنی تریان کڕیووە, بەڵام پـاش ماوەیـەك تێکچووە, هەنـدێ کـەس دەیگەڕێننــەوە بۆئــەوەی جــۆری ئــاو هــەواو خاکەکــەی هەرمۆتــە بۆزەیتــون زۆر باشــە، هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ باشی ڕەگەزی زەیتونەکە.

## أ-چۆنییەتی ڕنین و گرتنەوەی زەیتون:

بەری زەیتون لەناوەڕاستی مانگی ئەیلوولدا زەرد دەبێت و ئەوکاتە بۆ ڕنـین گونجاوە, لەکۆندا بەهەرەوەزی زەیتون دەڕندرا، چەند خزم و کەسێك کۆدەبوونـەوە بـەیانی زوو گاجل و سەبەتەو چەرەگەو قادرمەو کەل و پـەل و خۆراکیـان لەگـەڵ خۆیانـدا دەبـردە نـاو ڕەزان, زەیتونیـان دەڕنـی ئەولکانـەی کـە نـەوی بـوون بەدەسـتی لێیـان دەکـردەوە, بـەڵام ئـەو لقانــەی کەبــەرزبوون و دەســتیان نەدەگەیــشتێ پەیــژەیان بۆدادەنــا, ئــەو ســەرەلقانەی کەدەســتی نەدەگەیــشتێ بەپارچــە دارێکــی درێــژ دایــان دەتەکانــد بــەم دارەشـیان دەگـوت (چـەرەگە) لەناچـاری ئـەم دارەیـان بـەکار دەهێنـا ئـەو دارزەیتونـەی کەبەچەرەگە زۆری لێبدرێت ئەوا بۆساڵی دوایی کەمتر بەر دەگرێت.

نیوەڕۆ لەنێو ڕەزان خواردنیان ساز دەکرد لەنێو وردەگیا سـەوزەی پـاییز دادەنیـشتن و خواردنیــان دەخــوارد ســەیرانێکی خــۆش بــوو, بــەڵام ئێــستا ئــامێری زەیتــون ڕنــین پەیـدابووە یەکـەم ئـامێریش کەهاتـە کۆیـە لەهەرمۆتـە لەسـاڵی (٢٠١١) لەلایـەن (ئـازاد فەرەنسی کەریم) بەکار هاتووە. سەبارەت بەزەیتونی(ڕەش)یش ئەوا هـەر ئـەو زەیتونـە سەوزەیە کەبەدرەختەکەوە دەمێنێتەوە لەمانگی (دوازدە) تـەواو ڕەش دەبێـت, تێبینـی

زەیتـونی سـەوز هـیچ پەلـەوەرێك نـایخوا لـە نێـو ئـاژەلانیش بـزن ومـەڕو...، بـەلام زەیتونی ڕەش هەندێ پەلەوەر دەیخۆن لەوانە ڕیشۆلە, تۆقەڕەشەو تۆقەبازە...هتد

**چۆنییەتی سازدان و ئامادەکردنی بۆخواردن:**

**١ـــ زەیتـونی سـەوز:-** دوایـی ڕنینـی بەچـەند شـێوەیەك دەتوانرێـت لـەئاو و خـوێ بگیرێتەوە, ئەگەر بمانەوێ زەیتونەکە بۆدووسالْ بمێنێتـەوە ئـەوا بـەخڕی لـەنێو دەبـە بـەئاو و خـوێ دەگیرێتـەوە, مـەرجی گرتنـەوەی ئەوەیـە دەبـێ خـوێێکی بۆبـەکاربێت کەیۆدی تێدانەبێت، واتە خوێی درشتە بێت، لەهـەمان کاتیـشدا دەبـێ ئـەو ئـاوەی بـۆی بەکاردێت کلۆری تێدانەبێت ئاوی بیر بێـت، چـونکە کـاتێ بـەخوێی چێشت زەیتونەکـە بگیرێتەوە، واتە ئەوخوێییەی یۆدی تێدابێت، ئـەوا زوو تێکدەچێت، بەهـەمان شـێوەش ئەگەر بەئاوی مەشروع واتە ئاوێك کە کلۆری تێدابێت بگیرێتـەوە ئـەوا زووتێکدەچێت و سودێکی زۆر لەزەیتونەکە نابینرێـت. ئەگـەر بمانـەوێ پـاش چـەند مانگێـك پێبگـات، ئەوا دەتوانرێت بەچەقۆ هەردانە زەیتونێك دووسێ قاشی تیابکرێـت, ئەگـەر بمانـەوێت لـەماوەی یـەك دووهەفتـە پێبگـات ئـەوا بەبـەرد دەشـکێنرێت و دەخرێتـە نـاو ئـاو و تـاپێنج ڕۆژان ئاوەکـەی لێـدەڕژێنرێت ئـاوێکی تـالْی زەرد بـاوی دەبێـت، پاشـی ئـەوە تاوەکو سێ چوار ڕۆژ بەئاو و خوێ دەگیرێتـەوەو ئاوەکـەی دەگۆڕدرێـت، پاشـان بـەئاو و خوێ دەگیرێتەوەو لێیدەگەڕێین تـاوەکو پێـدەگات، دەتوانـرێـت هەنـدێ سیرو لیمـۆ یـان چـەند دانـە قەسـپێك بخرێتـەناو زەیتونەکـە بۆئـەوەی تـامی تـرش و خـۆش بێـت، دەتوانرێت بەسرکەو خەل و ترشیات و....هتدزۆر جۆر شێوەی تر ئامادەبکرێت.

**٢ـــ زەیتـونی ڕەش:-** زۆر جاربیـستوومە بەهەلـە گـۆتراوە. دووجـۆرە زەیتـون هەیـە دارزەیتونێـك کەبـەری سـەوز دەگرێـت, دارزەیتـونێکی تـر کەبـەری ڕەش دەگرێـت,

لەڕاســـتیدا ئەمـــە وانییـــە، چـــونکە هـــەر زەیتونـــە ســـەوزەکەیە بەدرەختەکـــەوە دەمێنێتـــەوەو لـــەمانگی دوازدە ڕەش دەبێـــت, زەیتـــونی ڕەش بەچـــەندین شـــێوە دەگیرێتەوە, بەئاو وخویّ، یان دەکرێتە ناو سەبەتەی گەورەوەو خـوێی بەسـەردادەکریّ و پـووش و پەڵاشـی بەسـەردادەکریّ و لەبـەر بـاران دادەنرێـت، یـاخود ناوبـەناو ئـاوی بەسەردادەکرێت و نەختێ خوێی لەسـەر ڕۆدەکـریّ تـاوەکو ماوەیـەك تاڵییەکـەی تـەواو نامێنێت و بۆخواردن دەست دەدات.

## ب- چۆنییەتی دروستکردنی ڕۆنی زەیتون:



(وێنەی کۆلی ڕۆنی زەیتون)

مرۆڤی کۆن هەمیشە پشتی بـەخۆی بەسـتووە لەزۆربـەی کاروبارەکانی لەسازکردن و دروســـتکردنی خـــۆراك، چـــونکە وەکـــو ئێـــستا بازرگـــانی نـــەبووەو هۆیـــەکانی هاتووچۆکردنیش بەم شێوەیە نەبووە، ژیانێکی سادەو پڕتەندروسـتیان بەسـەربردووەو زیاتر پشتیان بـەخۆراك و ڕۆنـی خۆمـاڵی بەسـتووە. لـەمانگی (١٢- ١) دەسـت دەکـرا بـە ڕەنینـــی زەیتـــونی ڕەش، بەکەڵەکـــە بـــەرد(وشـــکە کەڵـــەك) لەشـــێوەی چوارگۆشـــە حـەوزێکیان دروسـت دەکـرد پـوش و پەڵاشـیان لـەبن ڕادەخـست و ئـیتر چـی زەیتـون

هەبوو دەیانخستە ناو ئەو حەوزەوە، دواتر هەندێ پوش و پەڵاشیان بەسەر دادەدا، واتە زیتونەکە لەشوێنێك کۆدەکرێتەوە تاوەکو چین بەچین و پێ بە پێ لەزەیتونەکە وەربگرن، ئەم ڕێگایە بۆئەوەشە تۆزێك زەیتونەکە سیس ببێت، بۆئەوەی بەئاسانی داتروخێت لەکاتی ڕۆن دەرهێناندا، (بەردەکۆل)ی زەیتون کەپانییەکەی مەترێك و درێژیەکەشی مەترو نیوێك دەبوو کۆلی بچووك و گەورەی هەبووە، ناوەکەی هەڵدەکۆڵدراو بەقولی (٢٠-٣٠) ستم کونێکی بچوکیشیان لەگۆشەیەکی دەکرد، لەگوندی هەرمۆتە زیاتر ئێلیا یوسف میخا ناسرابوو بە (ئێلیا کەچەڵ)کاری داتاشین و هەڵکۆڵین و دروستکردنی ئەم کۆلە بەردانەو دەستاڕو کرێژنەی دەرگاو دینگەی بەردی دروست دەکرد.

ئەم بەردەکۆلە لەنزیك عەمباری زەیتونەکە دادەنرێت و مەنجەڵە ئاوێك گەرم دەکرێت، یەك دوو ستڵ زەیتون دەخرێتە ناو (گونییە) گوشێکی لەخوری دروست کراو کەپێیدەڵێن (ڕاوکە) زەیتونەکەی تیا پەرت دەکرێتەوە، یەك دوو جام ئاوی گەرم بەسەر زەیتونەکە دادەکرێت و هەڵدەشێلدرێت، مەنجەڵێکی بەتاڵیش لەبن ئەو دەرچەیەی کەلە کۆلەکە کراوە دادەندرێت و ڕۆنەکە دەچێتە ناو مەنجەڵەکە، پاش هەڵشێلانێکی زۆر سەری ڕاوکە(گونییە)کەیان یەك دوو جار هەڵدەتەکاند بۆئەوەی کونییەکە سەراو بن ببێت، دووبارە یەك دوو جام ئاوی گەرمی بەسەر دادەکرێتەوەو زەیتونەکە دەتلوخاوەو پاش هەڵشێلان و داشێلانێکی زۆر تەنها دەنك و توێکڵ دەمێنێتەوەو ڕۆنەکە دادەچۆڕێت و دەچێتە ناومەنجەڵەکە، ئیتر سەری (ڕاوکە)کەیان دەکردەوە لەگۆشەیەك پاشەڕۆی زەیتونەکە فڕێ دەدرا، بەم جۆرە دیسان هەندێکی تر زەیتون دەهێنن و بەهەمان شێوە و بەهەمان ڕێگا لەگەڵی خەرێك دەبن، ئەو زەیتونەش تالەناو کەڵەکە بەردەکە بمێنێتەوە سیستر دەبێت و باشتر دادەتلوخێت و

خۆشـتر ڕۆنەکـەی لێدێتـە دەرێ، ئـەو مەنجەڵـەی ڕۆنەکـەی چۆتە نـاوی ڕۆن و ئـاو تێکـەڵ بـووەو بۆجیاکردنـەوەی ڕۆن لەئاوەکـەش شـتێکی سـانایە، چـونکە ڕۆنەکـە دەکەوێتـە سـەرەوەی ئاوەکـە بەکەوچـکێك وەردەگیرێـت و دەخرێتـە نـاو گـۆزەوە، بـەم شێوەیە ڕەنجی لەگەڵ دەدرێت و لەگەڵی خەریك دەبن، هـەر ڕۆژێـك دەتوانرێـت (٦-٨) کۆلە زەیتون بکوشرێت، ئەمـەش دەوەسـتێتە سـەر وەسـتایی و دەسـتگەرمی و ئازایـەتی کەسەکان لەزۆری و کەمی دەرهێنانی ڕۆنی زەیتون، ئیتر هـەموو ڕۆنەکـە دەخرایـە نـاو گۆزەی گەورە یان قابلەمەو مەنجەڵ بۆ چێـشت لێنـان بەکاردەهێنـدرا، جگـە لـەخواردن لەکلیساو ماڵانیش لەجیاتی نەوت بۆ ڕوناکی بـەکاریان هێنـاوەو دەکرایـە نـاو فنـدەك و چراو قەندیلەو شراتە، وەك دەرمانیش بـەکارهاتووە بـۆ چـەورکردن و شـێلانی شـوێنی بـەئازارو تەشـەنوجات، بۆخـواردنیش ڕۆنـی زەیتـون ڕۆنێکـی خۆشـەو یەکێکـە لـەو ڕۆنانەی پەیت نـابێ و نامـەیێت و بۆخـواردن سـەلامەت و بەسـودە، پاشمـاوەی زیتـونی کوشـراویش سـودی هەیـەو کـەڵکی لێـوەرگیراوەو بـەکارهاتوە وەك عەلـەف و ئالیـك بۆئـاژەڵ، بـۆ سـوتەمەنیش بـەکارهاتووە، بەتایبـەتیش نانیـان پێکـردوەو چێـشتیان پـێ لێنـاوە، چـونکە پاشـەڕۆی ئـەم زەیتونـە و ناوکەکـەی مـادەی چـەوری تێـدا دەمینێـت و وشکیش دەبێتەوە زۆر بەجوانی دەسوتێت، ئێستا لەهەرمۆتەو کۆیە ئـەم ڕۆنـە دروسـت ناکرێت.

## ت- گەزۆی زەیتون:

دارزەیتـون هەمیـشە سـەوزە، بـەڵام لـەوەرزی زسـتانانـدا گەشـەی کـەم دەبێتـەوە و لـە بەهارانیشدا وەك هەموو درەختێکی تر گەشەدەکاو گەڵاو چوزەرەی نوێ دەردەکات، لـە کۆتـایی مـانگی چـوار و سـەرەتایی مـانگی پێـنج بـەردەگرێت، بـەری زەیتـون سـەرەتا لەشێوەی هێشو دەنکە زەنگیانەی ورد دەچێت لە ناوەڕاستی مانگی پێـنج تـا ناوەڕاسـتی مـانگی (شـەش) جۆرەمادەیـەکی سـپی بەدەوروبـەری بـەری زەیتـون دەنووسـێت کەلـە شـێوەی تـۆزێکی سـپی یـان تاڵـە لۆکـەی نـەرم و سـپی دایـە؛ مادەیـەکی زۆر شـیرین و بەتامە چارۆگەیەك یان پارچـە نایلۆنێـك دەخرێتـە بـن ئـەو چڵەی ئـەم مـادە سپیەی پێوەیە کەبە( شۆکە ) ناو دەبرێت، لقەکە دادەتەکێنرێت و ئـەو مـادە سپییە وەك تاڵـە لۆکە دەکەوێتە سەر چارۆگەکە و دوای ئەوەی لەچەند بنەدار زەیتونێـك بـەم شـێوەیە بەشێکی زۆر کۆدەبێتەوە لەسەر چـارۆگەکە کەئێـستا بۆخـواردن دەسـت نـادات، چـونکە گەڵاو هەندێ لەبەری زەیتونەکـە وەریوەتـە نـاو گەزۆیەکـە پـەلك و بـەری زەیتـون زۆر تاڵـە بەپێـچەوانەی ئەمـەش گـەزۆی زەیتـون زۆر شـیرینە، دوای لـە هێڵـەگ دەدرێـت و توێکـڵ و پەلکـە زەیتـون و وردە زەیتونـەکان و شـتە زیادەکـان لەسـەرەوەی هێڵـەگ دەمێنێتەوە ئەوەی دێتە خوارێ ئەو مادە سپییەیە کەبە ( گەزۆ ) ناو دەبرێـت، لەسـەر یەك کۆ دەکرێتەوە تۆزێك بەدەستی دەشێلدرێت تاکو وەك ئەنگوتکە هـەویری لێـدێت، دەبێـت بەگـەزۆ و بـۆ خـواردن دەسـت دەدات و گەزۆیـەکی زۆر بـەتام و شـیرین و بەسوودی لێ دروست دەبێت، وەکو دەرمانیش بەکاردێت بۆ گیران، چونکە بڕێکی زۆر لەو گەزۆیە بخورێت دەبێتە هۆی سکچوون.

## ٢- چۆنییەتی دروستکردنی مەی ( عارەق):

مەی لەزۆر میوە دروست دەکرێت لە سێو و خورما و ترێ و... هتد.واتە هەر میوەیەك ڕێژەیەکی زۆری شەکری تێدابێت دەتوانرێت (مەی ) لێ دروست بکرێت، بەڵام ئەوەی من بیستومە و بینیومە لەگوندی هەرمۆتە ( مەی ) تەنها لەخورما دروست کراوە، لە کۆندا لەهەرمۆتە چەند دەزگایەکی بچووکی مەی دروستکردن هەبووە و چەند ماڵێك سەرقاڵی دروستکردنی مەی بووین.پێکهاتەی دەزگای مەی دروستکردن، مەنجەڵێکی گەورە لەسەر سێ پایەك دادەنرێت بۆئەوەی ئاگری بخرێتە بنی، سەرقەپاغی مەنجەڵەکە بەشێوەیەکی باش دادەخرێت، بەشێوەیەك نابێ هەوا بدات، تەنها دەبێ کونێکی تێدابێ ئەو کونەش قامیشێکی تێدەکرێت و ئەو قامیشە درێژ دەکرێتەوە بۆ نێو گومگومەیەك، گومگومەکەش لەنێو مەنجەڵێك دەبێت، کاتێ خورما دەخرێتە مەنجەڵی یەکەم ئاگری بەبن دەدەن ئەم خورمایە هەڵمێك دروست دەکات بەنێو قامیشەکەدا دێت، ئەو کات بۆڕی نەبووە بۆیە قامیشیان بەکارهێناوە، هەڵمەکە دێتە نێو گومگومەکە، گومگومەکە لەنێو مەنجەڵێك دایەو ئەو مەنجەڵەش پڕ دەکرێت لە ئاوی سارد بۆئەوەی هەڵمی خورماکە کەدێتە نێو گومگومەکە ڕاستەوخۆ ببێتە دڵۆپ و لەدۆخی گازییەوە ببێتە دۆخی شلی، لەوێ کۆ دەبێتەوەو دەبێت بەمەی، بەڵام بۆ ئەوەی مەیەکە خۆش بێت جاری واهەیە دووبارەو سێ بارە دەکرێتەوە ناو مەنجەڵەکەو دەکوڵێنرێت و دیسان هەڵمەکەی دەچێتەوە نێو گومگومەکە بۆ ئەوەی تام و بۆی خۆش بێت بنێشتی کوردی و ڕازیانە دەخرێتە نێو خورماکەو ئینجا دەکوڵێندرێت زۆر جاریش مریشکێکی خۆماڵی پاك کراوە دەخرێتە نێو مەنجەڵەکەوە بۆ ئەوەی هێندێك چەورایی بە ( مەی )یەکە ببەخشێت، لەکاتی نۆش کردنی عارەقەکە هەست بە هیندێ چەوری بکرێت لە ڕووی تامەوە لەڕووی

بۆنیشەوە ڕازیانە بۆنێکی تایبەتی پێ دەبەخشێت، لەکاتی قلپ هاتنەوەش هەست بە تام و بۆی بنێشتی کوردیەکە دەکرێت، زۆر جاریش پارچە قامیشەکە کونی تێدەبوو بەشێك لە مەیەکە دەبووە هەڵم و بەهەوادا دەڕۆیی، بەڵام هەوڵیان دەدا بەشەمێ و پەڕۆ بیگرن، بیگومان لەکارگە گەورەکان بەشێوەیەکی تایبەت و پێشکەوتو دروست دەکرێت، بەڵام لە نێو ماڵاندا بەم شێوەیە کراوە.

## ٣- چۆنییەتی دروستکردنی شەراب:

هەر لەکۆنەوە لە گوندی هەرمۆتە شەراب دروست کراوە، چونکە جگە لەوەی کە شەراب دەخورێتەوەو خەڵك حەزی لێ دەکەن، وەك سرووتی( تقص)ی ئاینیش لەنێو کلیسادا بەکاردەهێنرێت، شەراب لەزۆر میوە دەردەهێنرێت، بەڵام لەگوندی هەرمۆتە زیاتر لەترێی ڕەش دەرهێنراوە، چۆنییەتی دروستکردنی: پاییزان بەرلەوەی باران ببارێت پێویستە ترێیەکە لێ بکرێتەوە، جۆری ترێیەکە دەبێت ترێیەکی نمرەیەك بێت و دانەی قرپۆك و سووری تێدا نەبێت، لەسەر پارچە حەسیرێك یان پارچە جاجمێك ترێیەکە ڕادەخرێت و تیلماسك تیلماسك دەکرێت، نابێت ترێیەکە باران لێی دابێت، چونکە باران بەشێك لە شیللەی ترێیەکە دەشۆرێنێت، بۆماوەی هەفتەیەك یاخود زیاتر ئەم ترێیە دەهێڵدرێتەوە تاوەکو سیس دەبێت، لەبەینی ترێ و مێوژ دەبێت، هەر هەمووی بەدەستی دەگوشرێت و ترپەکەی وەك عەلەف بەئاژەڵان بەکاردەهێنرێت دەدرێت، ئاوەکەی دەپاڵێورێت و چی خڵتەو تلێپکی تیاماوە لێی جودا دەکرێتەوەو دەخرێتە ناو گۆزەو هەتا چل ڕۆژ سەری دادەپۆشرێت. کە دەخورێتەوە تامی شەربەتی مێوژە، بەڵام دوای چل ڕۆژ تەخەمور دەکات و دەبێت بەشەراب، هەتا زیاتر بمێنێتەوە ئەوا ڕەنگی شەرابەکە لە ڕەشییەوە بەرەو زەردی دەچێت و باشتر

دەبێت، چەند هۆکارێك وادەکات گوشراوی ترێیەکە نەبێت بەشەراب لەوانە: ئەگەر دانەی ترێی سووری زۆر تێدابێت دەبێت بەخەل و نابێت بەشەراب، ئەگەر پارچە زادێك یان چەند دەنکە برنجێك یاخود دەنکە گەنمی تێکەوتبێت یان ئاوی ڕژابێتە سەر ئەوا نابێت بەشەراب و تێکدەچێت، دەتوانرێت لەمێووژیش شەراب دروست بکرێت، چۆنییەتی دروستکردنی شەراب لە مێووژ بەم شێوەیە: مێووژەکە دەخرێتە نیو مەنجەڵێك و هەندێ ئاوی تێدەکرێت و چەند ڕۆژێك دەهێڵدرێتەوە تاوەکو مێووژەکان دەئاوسێن و بەشێکی ئاوەکە هەڵدەمژن دواتر مێووژە هەڵئاوساوەکە دەگوشرێت و تلێپەکەی لێوەردەگیرێت و ئاوەکەشی دەخرێتە ناو گۆزەیەك و عەمبار دەکرێت و دوای تێپەڕبوونی چل ڕۆژ دەبێت بەشەراب، لەهەرمۆتە زۆر بەکەمی شەرابیان لەترێی سپی دروستکردووە، زیاتر هەرلە ترێی ڕەش دروست کراوە.

## ٤- مۆمی شمعون ساوا:

قەرقەشان(مێش مۆم) دەخرایە ناو مەنجەڵێکەوە شەمعەکە بەئاگر هەمووی دەتوایەوە، ئینجا داوی ڕیشاڵی لۆکەیان دەهێنا ئەستوریەکەی هێندەی قەڵەمێك یان بچوکتر دەبوو، دولکەیەکیان دەهێنا سەری داوەکە کەسێك ڕایدەکێشێ ئەم دولکەیە لەناو مەنجەڵی شەمێیەکەیە و پەتەکە بەناویدا هاتۆتە دەرێ و بەناو ئەم دولکە ڕادەکێشرێ، کەزۆرجار نزیکەی دەمەتریش دەبێ، بۆجاری یەکەم کەڕادەکێشرێ هەندێکی پێوە دەنووسێ، دەیانگوت کراسێکی وەرگرت، هەر لەبەردەم هەوادا وشك دەبێتەوە، بەم شێوەیە چوار پێنج جار تاوەکو شەمعەکە ئەستور دەبێ بەقەد قامکی توتەی دەست، دواتر ئەم ڕستە دەمەترە دەچرندرێتەوە دەبێت بە دەسك، ئەوجا بەکاردێت بۆ کلیسا، یان بۆ ڕوناکی مالان یان بۆ دەرودەشت.هەندێکشیان بەپەڕۆی

ئەستور دروست دەکرد، کە لەوەکەی تر ئەستورتربوو زۆر جار شەوان بۆ ڕاوە چۆلەکە...بەکار دەهات، دروستکردنی ئەم جۆرە مۆمە تەنها لەنێو مەسیحییەکانی هەرمۆتە باوبووە.

## ٥- داودەرمانەکانی قەشە سلێمان شێخۆ:

قەشە سلێمان شێخۆ لەسالانی(١٩٥٠) بەرەوژوور قەشەبووە لەگوندی هەرمۆتە، داودەرمانی لەگژوگیا درووستکردووە[١١٧]، هەرچەندە خۆی نەینووسیونەتەوەو خەلکیش بەوردی لێیان نەپرسیووەو نەیانزانیووە چۆنی دروست دەکرد، تەنها هەندێك لەدەرمانەکان نەبێت لێیاندەدوێین: لەگلێخە[١١٨] دەرمانی چارەسەری برینی دەردەهێنا، چەند سەلکەگلێخەیەکی دەهێناو دەیتلوخاندەوەو لەگەل سیر تێکەلی دەکرد، کاتێ کەسێك بریندار‌دەبوو دەچووە لای هەندێك لەم گیراوەی بەسەر برینەکەدا ڕۆدەکردو تەعقیم دەبوو، ئینجا بە پەڕۆیەکی خاوێن بۆی دەپێچایەوە.[١١٩]پونگ و گولەحاجیلەی پێکەوە دەکولاندو دەیکردە دەرمان بۆئازاری

---

([١١٧])خۆی دەچووە دەشتێ ئەم گژو گیایانەی دەهێناو دەرمانی لێ دروستدەکرد، بەبێ بەرامبەریش بەنەخۆشەکانی دەدا.

([١١٨])گلێخە جۆرەگیایێکە لەبنەوە وەك پیاز سەلك دەکات، لەبەهاراندا زۆرەو لەزوورگ و گێلگەکاندا دەبینرێ، بەراز زۆر حەزی پێدەکاو زەوی بۆهەلدەدڕێت و دەیخوات، کاتی خۆی دەیانکولاندو ئاوەکەیان لەخوری دەدا لەکاتی ڕێستندا خورییەکە جیڕترو بەهێزتردەبوو.

([١١٩])زۆر کەسی ترهەبووین لەمەسیحییەکانی کۆیە- هەرمۆتە کاری بەیتارییان ئەنجام داوەو دەرمانشیان دروستکردووە، سارێ یەلدا وەستای ناوك هێنانەوەبوو، مام عەمان : وەستای پشت وەرگەڕابوو. سارێ یوسف: بۆئەژنانەی کەمنالیان نەدەبو یان کێشەی ژنانەیان هەبوو کای دەکولاندو ژنە نەخۆشەکەی لەسەر کایە گەرمەکە دادەنیشاند و هەلمی کایەکە کاریگەری هەبوو لەپاکبوونەوەو باش بوونی ژنەکە، هروەها کاتێ منال بەبۆن دەکەوتن ناولەپی منالەکەی بۆندەکرو

گـەدەو هـەناو وەك شـروب بەکەسـە نەخۆشـەکانیدەدا، زۆرجـاریش چـەند دڵـۆپێکی ڕۆدەکردەسەر ژێر پیاڵەیەك و هەنـدێك شـەکری لەگـەڵ تێکەڵدەکرد، بەنەخۆشـەکانی دەداو دەیاخوارد.

گـوڵی (لالـە)[120]ی وشـك دەکـردەوەو دەیکوتـاو وەك ئـاردی لێـدەکرد، ئەوکەسـانەی بالوکـەو نەخۆشـی تـری پێـستیان هەبوایـە، شـوێنەکەی تـەڕدەکردو هەنـدێکی لـەم هـاڕدراوەی لەسـەردادەناو پاشماوەیـەك شـوێنەکەی دەسـووتا.گوڵـەباغ و جەنـدان گـوڵی کێـوی دەهێنـاو تێکەڵیـدەکردن و دەیکوڵانـدن و بەشـێوازێکی تایبـەت بـۆنی لێ دروسـت دەکردن.چوزەرەی زەیتون و پەلکی هەناری پێکەوە دەکوڵاندو دەیخستنە ناوسـرکەو بـۆ نەخۆشی پوك و مەڵاشو بەکاری دەهێنا.جەفتەی دەکوڵانـدو ئاوەکـەی بـەو کەسانەدەدا کەئازاری گەدەیان هەیە.لەگوڵە هێرۆ مەلهەمی دروست دەکرد...گـەڵێ داودەرمـانی تـری دروسـت دەکـرد، بـەڵام خـەڵك نەیانـدەزانی چـۆنیان دروسـتدەکان.[121]چـگە لـەداو دەرمـانیش لەشـاتووی ڕەش مەرەکـەبی دروسـتکردووە، سـەرەتا دەچـووە نـاوڕەزی هەرمۆتـە هەنـدێ شـاتووی دەڕنـی دەیهێنایـەوە ماڵـەوەو دەیکوشـی و ترپەکـەی لێفرێـدەداو ئـاوی تووەکـەی لەبـەر هـەتاودادەنا تـاوەکو خەسـتدەبووەوە، ئینجـا لەشووشەی تایبەت هەڵیدەگرت و بۆنووسین بەکاری دەهێنا.

---

بەگوێرەی بۆنەکە دەیزانی کام گیراوەی دەرمانی بداتێ، لەهەڵبەستنی دەست وپێ شکانیش وەستابوو.

([120])لالە گوڵێکی سوورەو ناوەڕاستەکەی ڕەشەو پێنج پەلکی هەیە، لەمانگی نیسان دەردەکەوێت، بۆیە لەزۆر شوێن بەگوڵە نیسان ناودەبرێت.

([121])دیدەنی توێژەر لەگەڵ( صلیوە حەنا یوسف)، کۆیە- هەرمۆتە،٢٠١٣/٢/٢.

## ٦- مەشکە، کوندە، هیزە، هەنبانە:

کاتێ کە بزنێك یان گایەکیان سەردەبڕی بەشێوەیەکی زۆر شارەزایانە لەملیەوە گۆشتەکەیان دەردەهێناو نەیان دەهێشت برینداربێت، ئەم پێستەیان بەچەند دەرمانێك خۆش دەکرد کەوا لەوانە پێکهاتبوو( جەفت و سیسکە و پەلکەهەنار و خوێ و گروان و..... )دەیانگوتاو هاڕدراوەکەیان تێهەڵدەسوی و بۆ ماوەی دەدوازدە ڕۆژ تاوەکو پێستەکە دەباغ دەبوو، ئینجا مەشکەکە حازر دەبوو بۆ ژەنین، سێپێلکەیەکیان دروست دەکردوو ماستیان دەخستە ناو پێستەکەو دەیان دەژەنی و ئیتر کەرەو ڕۆن و دۆیی لێ دروست دەکرا، دۆیەکەیان بۆ خواردنەوەو بۆ دروستکردنی کەشك و داندۆك بەکار دەهێنا. کوندەش بەهەمان شێوە ئامادە دەکرێ، بەلاّم تایبەت دەکرا بۆ ئاو، بەتایبەتی ئاوەکەیان پێدەبردە سەر ئیش، هیزەش بەهەمان شێوە دروستدەکرا تەنها ڕۆنیان تێدەکرد و کاتێ کە ڕۆنیان تێ بکردایە پێیان دەگوت هیزە، زۆرجار دۆشاویشیان تێدەکرد.هەنبانە: پێستەکەیان بەخوێ و سیسکە خۆشدەکرد و لەسینگێکیان دەخشاند و توکەکەی لێدەبووەو دەخاراو وەك لاستیکی لێدەهات بۆ ئاردوو زەخیرە بەکاریان دەهێنا.

## ٧- چۆنیەتی دروستکردنی کورەوچفکە:

ئەمانە لەقوڕ دروست دەکرێن، خۆڵێکی سووردەهێندرێ، ئەو خۆڵەی کە قەسپۆکەو بۆ سواغکردنی سەربان بەکاردێت، نابێت خۆڵێکی مردە بێت، خۆڵەکە لەبێژنگ دەدرێت دارو پەلارەکانی لێ بژار دەکرێ، ئینجا کایەك دەهێدرێت و لەبێژینگ دەدرێ کایە وردەکە دێتە خوارەوەو پێی دەگوترێ ( کەکتە )، ئینجا کاو خۆڵەکە تێکەڵ

دەکـرێن و ئـاوی بەسـەردا دەکـرێ و بەخاکەناسـێك تێـك وەردەدرێ، ئـەم ڕۆژە لێـی دەگـەڕێن، بـۆ ڕۆژی دوای دیـسان قوڕەکـە سـەراوبن دەکرێـت و تـاوەکو سـێ چـوار ڕۆژ هەرقوڕەکـە سـەراوبن دەکرێـت و ئـاوی پێـدادەکرێت تـاوەکو وەك هـەویری لێـدێ، بـۆ دروسـتکردنی جفکـە، هێنـدێك قـوڕ پـان دەکرێتـەوە کـە هێنـدەی بنەمەنجـەڵێك بێـت، ئینجا لە سەربنە قوڕەکە شورەیەکی کەوانـەیی بـەقوڕ دروسـتدەکرێ، تـاوەکو دە دوازدە سانتیم بەرزدەبێتەوە سێ لای دەگیرێ، تەنها بەپەنجە کونی بـچوکی تێـدەکرێ، لایـەکی بـەکراوەی دەمێنێتـەوە لەسـەر شورەکەشـی واڕێکـدەخرێت کـە شـێوە سـێ پاییـەك وەردەگرێـت، تـاوەکو وشـك دەبێتـەوە، ئینجـا مەنجـەڵی لەسـەر دادەنرێـت و دەتوانرێـت پارچـە دار بخرێتـە بنـی، ئـەم جفکەیـە دەتوانرێـت لەژورێکـەوە بـۆ ژورێکـی تـر لەشوێنکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوازرێتەوە.

سـەبارەت بـە (کـورە)ش، ئـەوا شـێوەیەکی بـچکۆڵەی هەیـەو زیـاتر بـۆ چـا لێنـان بـەکاردێ، شـێوەی دروسـتکردنی سـەرەتا بنەگەکـەی دادەنـرێ قوڕەکـە لەشـێوەی ئەستوکێك دەبێت ئینجا شورەکەی لەدەورە دادەکرێ هەندێك کونی بـەدەوری دادەکـرێ دواتر قەپاغێکی بۆ دروست دەکرێ، قەپاغەکە بـەجودا دروسـت دەکـرێ و چـەند دانـە کـونێکی تێـدادەکرێ و تـاوەکو وشـك دەبێتـەوە، ئینجـا قەپاغەکـەی لەسـەر دادەنـرێ شورەیەکی تری بۆ دەکرێ و سێ سوچی بـۆ دروسـت دەکـرێ تـاوەکو قۆریەچـای لەسـەر ڕابوەستێ، دوو دەسکیشی بـۆ دەکـرێ لەشێوەی قولغـەی گۆزکـە دادەبێـت، ئـەم کورەیـە لـەدیوی سـەرێی چـاڵیی دەبێـت چـەند دانـە پـەنگرێکی دەخرێتـە نـاو خۆڵەمێـشەکەی بەنێو کونەکانی دێتە خـوارەوە، لەکونـەکانی دەوربەریـشی هـەوا دەکێـشێت و پـشکۆکان سـوردەبنەوە، ئـەم کورەیـە دەتوانرێـت بگوازرێتـەوە، زۆر سـوکەڵەیە وەختـی خـۆی، هاوینان دەیان بردە سەربان و چایان لەسەر لێدەنا.

## ٨- چۆنییەتی دروستکردنی زەمبیل:

زەمبیل لە شۆڕەبی دروست دەکرێت کەدرێژی هەرشورکێك نیومەتر بۆمەترو نیوێك دەبێت، دوای ئەوەی بۆماوەی دوو تا سێ ڕۆژ لەناو ئاو سەنگەبەرد دەکرێن، دوتر دارهەنارێك یان داربەڕوویەك کە درێژییەکەی مەترێك زیاتردەبێت ئەستورییەکەی ئینجێك ئینجونیوێك دەبێت.سەرێکی تیژ دەکرێ لەزەوی دەگوترێ بە شێوەیەکی بازنەیی لەشێوەی سۆبەیەکی عەلائەدین، چوار پێنج شوڕ لە زەوی دەچەقێنرێ، دواتر شورکەکان لەبەینی دارەکاندا دەیچیننەوە.سینگەکە گەورە دەبێت و تابەرەو سەرەوە بچێت شێوەیەکی کراوە وەردەگرێت، ئەو دیوەی لەزەوی چەقیوە تەسکە بەرەو سەرەوە فراوان دەبێت.دواتر سەر قەپاغی بۆ دروست دەکرێت بۆ دیوی پێشەوەو دواوەی، پێشەوەکچکەیە کونێکی بچوکی بۆ بەجێ دەهێلن، زەمبیلەکە دادەنرێ هەتا وشك دەبێتەوە، دواتر بەڕیخی مانگا یان بەقوڕێکی شێلدراو سواغ دەدرێ، ئامادە دەبێ بۆگرتنەوەی شەرغەی مێشەنگوین.

لەکۆندا لەگوندی هەرمۆتە ( یوسف تۆما شمعون ) و ( عیسا شابیل ) و ( ئەورەها مەتێ )...هتد  مێشیان پەروەردە دەکرد خۆشیان بەم شێوازە زەمبیلەکانیان دروست دەکرد.ئەوکات گوندی هەرمۆتە زۆر قەڵەباڵغ نەبوو، کاتێ لەمانگی نۆ هەنگوینەکایان دەبڕیووە، بۆ خزم کەسەکانیان دابەش دەکرد.[١٢٢]

---

([١٢٢])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (صلیوە حەنا یوسف)-لەدایکبووی ١٩٤٨، ١٩٤٨/١/٥.

## ٩- سۆبەی دار:

لەکۆنـدا لەگونـدی هەرمۆتـە و گونـدەکانی تـریش هـەموو ماڵێـك یـان ئـاگردان، یـان سۆبەی داریان هەبووە، ئاگردان ئـەوەبوو لەسوچی ژورێـك بـەقوڕ سێپاییێکیان دروست دەکـرد و دارو بـەلاریان تێـدەکردوئاگریان دەدا، بـەڵام چـڕە دوکـەڵی زۆر بـوو، هەرچی سۆبەی دار بوو پاك تربـوو، کـە بەدرێـژی قنینـە غازێـك بـوو پانییەکەشی دوو هەنـدە دەبـوو لـە دیـوی سـەرەوەی لولەیـەکی هـەبوو لەبەشـی خوارەوەشـی دەرگایـەکی هـەبوو کۆلکـەدار و دارو بـەلاریان تێـدەکرد و ئاگریـان تێبـەردەدا، دەرگاکـەی کـەلێنی هـەبوو هەوای دەکێشا دوکەڵەکەشی لە لولەکەدا چووە بـانی و بـڵاو دەبـووەوە، ئـەم سـۆبە دارە سـوردەبووەوە، زۆر جـار لەسوچـی سـەرەوەی سـۆبە دارەکـە کـتری و قۆرییـان دادەنـا یـاخوت گوڵـە بـەڕۆژەو بـەڕوویان لەسـەر دەبرژانـد، سۆبەی دار لـە پلێـت و لولەکەشـی لەتەنەکـە دروسـت دەکـرا، لەسـاڵی ( ١٩٩٢ )لـە هەرمۆتـە بـەهۆی بـوونی گرانـی و دەستنەکەوتنی نەوت و غاز و نەبوونی کارەبـا، دیـسان سـۆبەی دار دانرایـەوە، هەنـدێك ماڵ داریان دەست نەدەکەوت پارچە تایـەو بنـەپێڵاویان تێـدەکردو گڕیانـدەدا، لەکۆنـدا لەشـاری کۆیـە سـۆبەی داریـان دەکـڕی، بـەڵام لـەدوای سـاڵی ( ١٩٩٢ ) ( تـەها ئەحمـەد مەحمود ) کەرەستەو شتی هەبوو سۆبەی داری لەهەرمۆتە دروست دەکرد.

### ١٠- سارداو:

سارداو بریتی بوو لە هەڵکەندنی چاڵێك کەپری لەسەر دروست دەکرا، ئێواران بەجۆگەلە ئاوێك ئاویان بەردەدایەوە بۆ چاڵەکە تاوەکو پڕ ئاو دەبوو بەدرێژای شەو ئەم ئاوە شنەبای لێدەداو فێنك دەبووەوە، لەهەمان کاتیشدا ئەگەر ئاوەکە لێلیش بوایە تاوەکو بەیانی ڕوندەبووەوە و خڵتەو قوڕاوەکەی دەنیشتەوە، خەڵکیش ئاویان لێهەڵدەهێنجاو بۆ خواردنەوە بەکاریان دەهێنا، هەرچەندە، لە گوندی هەرمۆتە کارێز و کانی لێیە، بەڵام سارداوەشیان هەبوو، ئەم سارداوە لەماڵەکانەوە زۆر نزیکبووەو زووتر دەستیان بەسەر ڕاگەیشتووە.

### ١١- پێکۆز:

کاتێ کە مانگی ڕەشەمێ شتڵە تووتنیان دەچاند، بەکەرو بار یان بەگوڵی دەچوونە گردی چادری کە زۆرگو هەرتێکە لەنزیك هەرمۆتە ئەم پێکۆزەیان دەبڕییەوە، پێکۆز لە شێوەی خرنوك دایە وەك بنەبیستان تول فرێ دەدا ئەمەیان دەبڕییەوە، دەیانهێنا لەسەر گۆلە شتڵە تووتنەکان ڕایاندەخست، شتڵە توتنەکە زۆر بەجوانی لەبنی دەڕوا، چونکە ئەم پێکۆزە گەرم بوو، لەکاتی باران و تەرزەی بەخوڕ پارێزگاری لەشەتڵە تووتنەکە دەکرد لە دوای نەورۆز کە شتڵە تووتنەکان هەراش دەبوون ئیتر پێکۆزەکانیان لەسەر گۆلە تووتنەکان لادەداو بژاریان دەکردن، ئەم پێکۆزە جگە لەوەی بۆ سەر گۆلە تووتن بەکار دەهات، بۆ هۆرە مەڕو هۆری کار و بەرخان بەکاردەهات، ئەم پێکۆزەیان لە زەوییەکە ڕادەخست ئەم کارو کاوڕانە لەسەری دەنووستن، هەم گەرم بوو هەم ڕێگری لەوە دەکرد کە مەڕومالاتەکان تەڕببن.

## ١٢- چاڵە بەفر:

لەزەمانی دێریندا، مرۆڤەکان پشتیان بە داهاتەکانی سروشتی دەبەست، لەناوچە چیاییەکان چاڵیان لێدەدا کە بەقەد ژوری خانوێك یاخود زۆر گەورەتریش دەبوو، کایەکی زۆریان لەچینی بنەوەی چاڵە بەفرەکە ڕودەکرد، قەدەکەشیان کاڕێژ دەکرد، ئینجا بەخاکەناس و گوش و چارۆکان بەفریان ڕودەکردە ناو چاڵە بەفرەکە و چین چین دەیانپەستا، ئەو کارەش زۆر زەحمەت و قورس بوو لەوبارەیەوە حەنا سلێمان دەڵێت: (( ئێمە لەساڵی ( ١٩٥٠ ) کانەوە بەکرێ دەچوینە چاڵەبەفر ڕۆژانە بە دوو دەرهەم سێ دەرهەم بوو، کە ئێوارە دەهاتینەوە دەیان گوت هەرمۆتە یەك دیناریان هێناوەتەوە، ئێمە کۆمەڵێ گەنج بووین کرێکاریمان دەکرد، کارێکی زۆر ناخۆش بوو، کەس هەبوو لەنێو بەفر دەبورایەوە، ناو بەناو ئاگرمان دەکردەوەو نەختێك خۆمان گەرم دەکردەوەو دیسان کارمان دەکرد )) [١٢٣] کاتێ کە چاڵەکە پڕ دەبوو لە بەفر دیسان کاڕێژیان دەکردوو پەرتەکە چرویان[١٢٤] دەخستە سەری بۆ ئەوەی هەتاو کار لەبەفرەکە نەکات و پارێزگاری لێبکات لەزەبری باران، ئیتر هاوینان چاڵەبەفرەکەیان

---

[١٢٣] دیدەنی لەگەڵ ( حەنا سلێمان ) لەدایکبووی ١٩٢٨، گوندی هەرمۆتە ١٠ / ١٢ / ٢٠١٢.

[١٢٤] چرو: جگەلەوەی بۆچاڵە بەفر بەکارهاتووە، لەدوای مانگی شەشیش بەکەر و بار دەچوونە چیای باواجی کۆیە بارە چرویان دەهێنا، چرو پەرتەکە داری مازووە، زۆربەکەمی پەرتەکی دار بەڕویان دەهێنا، چونکە دار بەڕوو پەلکی کەم پێوەیە، بۆیە زیاتر پەرتەکە چرویان دەهێنا، لەو شوێنەی کە داوە تووتنیان بەگۆزەی تووتن هەڵدەواسی ئەوا چوار دەورەیان بەم چرووە دەتەناندەوە بۆ ئەوەی ڕەشەبا زەفەری پێنەبات.

دەشکاند، بەمشار پارچە پارچە بەفرەکەیان دەبڕییەوە و بەپشتی وڵاخ دەیانهێنایە شار و دەیانفرۆشت، دەیانکرد بەبەفراو دەیان خستە ناو دۆ و ماستاو.

## ١٣- توتن و زاخە:

لەساڵی ١٩٣٢ بۆیەکەم جار توتن لە گوندی هەرمۆتە چێندراوە، ئەوکات حکومەت دووکەسی مەسیحی ئەرمەنی کەلەتورکیاوە هێنرابوون بۆ گوندی هەرمۆتە، بەناوەکانی (ئارتین)، (ئۆنیك) بۆماوەی یەك ساڵ ماونەتەوە فێریان کردوون چۆن گۆلەکان هەڵدەنەوەو چۆنی بچێنن، پاشان کەبووە شتڵ چۆنی بگوازنەوەو چۆنی ئاوی بدەن و چۆنییەتی ڕنین و لەشیش دان و... هەموو قۆناغەکانیان فێر کردوون، ئەم تووتن چاندنەش یەکەم تەجروبەی لەدەڤەری کۆیە لەگوندی هەرمۆتە کراوە.[١٢٥]زاخەی تووتن: چاڵێکیان لێدەدا کە شێوەی ژورێکی ژێرزەمینی هەبوو دەرگایەکیان لەسەرەوە دەهێشتەوە، ناو زاخەکەیان تەردەکرد، ئینجا توتنە لەداو دراوەکەیان هەموو دەهێنایە ناو زاخەکە بۆ ماوەی دوو سێ ڕۆژ سەری زاخەکەیان دەگرت، دواتر سەریان دەکردەوە تووتنەکە لەژێرفشاری گەرمی و شێداری ناو زاخەکە زەرد و ئامادە دەبوو.لەگوندی هەرمۆتە تووتنێکی زۆر دەچێندرا ناوی توتنەکان: گرژە، ڤەرجینی دارڕەش، ڤەرجینی دارزەرد... هیتد ئەو توتنەی کە لەناو ڕەزی هەرمۆتە دەچێندرا زۆر جوانترو باشتر بوو لەو توتنانەی کە لەدەشتەکانی هەرمۆتە دەچێندرا بەشێکی زۆری جگەرەکێشەکان توتنی خۆماڵیان بەکاردەهێنا.

---

([١٢٥])پیازی فەوری لەساڵانی ١٩٦٠، فاسۆلیای تەڕیش لەساڵانی ١٩٧٠ لەگوندی هەرمۆتە چێندراون، لەم دوو شتەش ڕەنگە گوندی هەرمۆتە لەپێشەوەی گوندەکانی تربێت.

دوای ئــەوەی تووتنەکــە لێدەکرایــەوەو لــە بــەداوەوە دەکــرا وشــك دەبــوو چــەند سـوتلییەکیان لـەو توتنـەی کـەهی نـاو ڕەزییـە دەهێنـا کـە شـێوەیەکی زەردو جـوانی هەبوو، چاڵێکیان بۆ هەڵدەکەند کە نیـو مـەتر قـوڵ بـوو پانییەکەشی مـەترێك دەبـوو لەچینی بنـەوەی ڕیحـان و پـونگ و پـەلکی لیمۆیـان ڕادەخـست، ئینجـا تووتنەکـەیان دەخـستە سـەر، دواتـر جینێکیـان لەڕیحانـە و پـوونگی دێمـی و خونـچەی گوڵـەباغیان دەخـستە سـەری و بەخاکـەناس دایـان دەپۆشـی پاشـی دوو سـێ ڕۆژ دەریـان دەهێنـا تووتنەکە بۆنێکی خۆشی وەردەگرت، پاش ئەوەی هەندێکیان لەبەر هـەتاو دادەنـاو قـاڵ دەبووەوە لەفەی جگەریان لێدەپێچایەوە.

## ١٤- قاورمە:

زۆربەی ماڵەکانی هەرمۆتە هاوینان کارو کیسك و گاو گۆلیان ڕادەگـرت و لـەناو ڕەزان و دەرودەشـتەکان دەیانلەوەڕانـدن، تـاوەکو پـاییز دەهـات ئینجـا بـۆ مـاوەی مانگێـك کـاو ئالیکی باشیان دەدایێ و ڕۆژانەش برێك خوێیـان پێـدەدا بۆئـەوەی گۆشـتەکەیان خـۆش بێـت، لەسـەرەتاو ناوەڕاسـتی مـانگی دە، دابەسـتەکەیان سـەردەبڕی ئەگـەر کـاوڕ بوایـە ئەوا دونگی کاوڕەکەیان بەکار دەهێنـا ئەگـەر شـتێکی تربوایـە ئـەوا دونگیـان بـۆ پەیـدا دەکـرد، گۆشـتەکەیان پارچـە پارچـە دەکـرد و نـەدەبوو ئێـسقانی مۆخـداری گـەورەی تێـدابێ، بـەڵام وردە ئێـسك و بەتایبـەتی پەراسـوو ئاسـایی بـوو، سـەرەتا دونگەکـەیان دەتواندەوە پارچە پارچە لە دونگە تواوەکە دەبوو بـە چـزیلك هەنـدێك لـە چـزیلکەیان لێ دەگرتەوە بۆ کولێرە بەکاریان دەهێنا، ئینجا گۆشتەکە دەخرایە نـاو ڕۆنەکـەو خـوێی تێدەکراو لەسـەر ئـاگر دەمایـەوە نـاو بـەناو تێکـوەردەدرا تـاوەکو گۆشـتەکە تـەواو سـور دەبـووەوە، نابـێ دیـوی دەرەوەی سـوربێتەوەو دیـوی نـاوەوەی سـورنەبێتەوە، دەبـێ زۆر

بەجوانی سوربێتەوەو ڕێژەی خوێیەکەشی هەندێك زیادبێت، چونکە ئەگەر گۆشتەکە زۆر جوان سورنەبێتەوە یاخود پارچە ئێسکی گەورەی مۆخداری تێدابێت، ئەوا قاورمەکە پاش ماوەیەك کەڕو هەڵدێنێت، پاش ئەوەی تەواو سوردەبێتەوە دەکرێتە گۆزەوەو سەری دادەخرێت، ئامادە دەبێت بۆ خواردن، هەر جارەی حەزیان کرد هەندێکی لێدەردەهێندرێت و لەگەڵ هێلکەو ڕۆن تێکەڵ دەکرێت، یاخود هەندێکی لێدەخرێتە ناو شلە ساوار... ئەم قاورمەیە چەند مانگێك دەمایەوە نەدەگەیشتە هاوین خەلاس دەبوو.

### ١٥- سەرتاشین:

هەرچەندە سەرتاشخانە لەشاری کۆیە هەبووە، بەڵام زۆربەکەمی خەڵك دەچوونە سەتاشخانە، لەهەرمۆتە بە جۆرە گوێزانێکی تایبەت سەریان دەتاشی، ئەم گوێزانە فڕێ نەدەدرا، بەڵکو بە بەردەهەسان تیژدەکرایەوە، ( تۆما یوسف تۆما ) تا ساڵانی ( ١٩٨٠ )کانیش سەری بەساڵاچووەکانی دەتاشی، دواتر مەکینەی دەلاکی دەستی پەیدابوو، بەدەستی سەریانی پێدەتاشی ( قەرەداغ ئۆعز سلێمان ) سەری پێدەتاشی، لە گەڕەکەکانی هەرمۆتە هەر ئیختیارەی لەسەر پارچە بەردێك یان کۆلکە دارێك دادەنیشت و سەری دەتاشی دەچووە بن دیوارو ڕادەکشا دواتر کەسێکی تردەهات، ڕۆژانی زستان کاتێ کەڕۆژ بە دەرەوەبوایە، پیرەمێردەکان لەبن دیواران دەخەوتن، ئەو کات سەیارە زۆرکەم بوو، پێیان شتێکی ئاسایی بوو لەپەنا دیوارو شوێنە بەربەرۆچکەکان بخەون، جەمەدانیان دەخستە ژێر سەریان و دەنووستن.

## ١٦- چاڵە دەغڵ:

لەترسی دزی یان لەترسی هێرشی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان داگیردەکرد، خەڵك لەناو ژورێك یان لەدەرەوە چاڵیان لێدەداو بنی چاڵەکە و قەدی چاڵەکەیان کارێژ دەکرد و دەغڵ و دانەوێڵەکەیان ڕۆدەکردە ناوی، ئینجا سەریشیان دارەڕێ دەکردوو پەرتەکیان دەخستە سەری بەقوڕ سواغیاندەدا، ئەگەر زۆر لەنێو ئەم چاڵە بمابایەوە دەغڵەکە شێی بهێنایە کە دەیانکردە نان تام چاڵی دەدا، زۆرجار ئەسپێشی لێ دەدا، بەڵام هەر ناچاربوون لەهەندێك کاتدا دەغڵ و دانەوێڵەکەیان بەم شێوەیە بشارنەوە.

## ١٧- عەمباری دەغڵ:

زۆرجار لەژووری نووستن، یان هەر ژورێکی تر چارەگێکی ژورەکەیان بەکاردەهێنا هی جۆ بەجودا بوو هی گەنم و جۆرەکانی گەنمیش جودابوو، دیوارێکیان لەقوڕ دروست دەکرد بەرزی مەتر و نیوێك دەبوو، کونێکیشیان لەناوەڕاستی عەمبارەکە دەکرد کە ئەستوریەکەی شەش ئینج دەبوو لەوێوە دانەوێڵەکەیان دەهێنایە دەرێ و بەکاریان دەهێنا.

## بەشی دووەم: تەوەرەی چوارەم(( جەژن و بۆنەکان ))

### جەژنەکانی ئاینی مەسیحی و چۆنییەتی یادکرنەوەیان

### لە نێو مەسیحییەکانی هەرمۆتەدا:

هەڵبەتە جەژنی سەری ساڵ و جەژنی هەڵسانەوە، ئەم دوو جەژنە لەجەژنە سەرەکییەکانن، بەڵام جگە لەم جەژنانە چەندین جەژن و یادکردنەوەی تر هەیە کە تایبەتن بە کلیسا و هەندێکیان کلیساکانی هەموو جیهان یادیاندەکەنەوە، هەنێکیشیان تەنها کلیساکانی عێراق، ئەم جەژن و یادکردنەوانە لە هەرمۆتە سیمای خۆیان هەیە، جەژنی یاد کردنەوە، واتە جەژنێکی سەرەکی نییە زیاتر بۆ بیر هێنانەوەن، کلیساش تەقویمی خۆی هەیە، وەك چۆن ساڵ بە پێی مانگی کوردی بۆ دوازە مانگ دابەش کراوە، بەم شێوەیەش لە نێو کلیسادا هەر مانگە و ناوێکی هەیە، ئێمەش یەکە یەکە ئەم بۆنەو جەژنانە دەخەینە ڕوو.

## ا- جەژنی سەری ساڵ و چەند دیاردەیەك:


(وێنەی قوداسی جەژنی سەری ساڵ)

پێویستە بەدڵێکی خۆش پێشوازی لەساڵی نوێ بکەین، بۆئەوەی ساڵی نوێ بەم خۆشییەوە لەگەڵمان بەردەوام بێت، پێویستە مرۆڤ هەمیشە ڕوو لەلایەنی گەشبینی بکات و خۆی دوور بخاتەوە لەڕەشبینی و ئەم خەمە داینەگرێت و بڵێت من ساڵێکم لەتەمەن ڕۆیشتووەو بەچی دڵخۆش بم؟ مرۆڤ نابێ بەم شێوەیە بیربکاتەوە، دەبێ هەمیشە ئەو پرسیارە لەخۆی بکات لەساڵی ڕابردوو چ هەڵەیەکم کردووە، لەساڵی نوێ دووبارەی نەکەمەوە، لەساڵی ڕابوردوو چەندین پڕۆژەم هەبووە تەواو نەبووین و لەم ساڵەدا تەواویان بکەم، مرۆڤ پرسیار لەخۆی بکات لەساڵێکی تری نوێ بەرنامەم چی بێت بۆ ژیان و چۆن بیر بکەمەوە، پێویستە مرۆڤ بەوپەڕی گەشبینییەوە پێشوازی لە ساڵی نوێ بکات تاوەکو ساڵی نوێ بەگەشبینییەوە لەگەڵی بەردەوام بێت، زۆر جار دەبیستین هەندێ کەس دەڵێن جا ساڵی نوێ تایبەتە بەمەسیحییەکان پێوەندیی بەئێمەوە نییە، ئەمە لێکدانەوەیەکی زۆر هەڵەیە، کە ساڵ گۆڕا ساڵی هەموومان دەگۆڕێت، بۆیە ناکرێ هەستی پێنەکەین و خۆمانی لێ لاڕێ بکەین، ئایە پێشوازی

کردن لەساڵی نوێ ببێت بەنـەریت وەك ئـەوروپا چ زەرەرێـك بـە ئاسایـشی نەتـەوەیی و ئاینمان دەگەیێنێت، بۆئێمەش چەند مانگێك بەر لـەهاتنی سـاڵی نـوێ شـەقامەکان پـاك نەکەینـەوە، بـەدرەخت و گلـۆپی ڕەنگـاوڕەنگ بیڕازێنینـەوە، کلتـوورەی کـوردەواری زۆر شـتی جـوانی تێدایــە، لەوانــە وەك پێوەنــدیی بــەهێزی خزمایــەتی و هاوســێیەتی و خۆشەویستی و... بەڵام لـەناو کلتـووری کوردەواریـشدا زۆر شـتی ناشایـستە هەیـە، وەك دیاردەی گەورە بەگچکەو ژن بـەژنێ و تونـد و تیـژی و ژن کوشـتن و ...،بۆیـە پێویـستە دەست بەشتە جوانەکان بگرین و نـەیڵین لـەناو بـچن، لەهـەمان کاتیـشدا پێویـستە ئـەو شتە ناشایستانەو ئەو دیاردە خراپانـەی هەمانـە لـەناویان بـەرین، واتـە کلتوورەکـەمان موتوربـە بکـەین بەشـتە جوانـەکانی جیهـان، یـەك لەوشـتە جوانانـەش یـاد کردنـەوەی جـەژنی سـەری سـاڵە، کەپێویـستە زیـاتر گرنگـی پێبـدەین و بەوپـەڕی گەشـبینییەوە پێشوازی لێبکەین.

بۆئـەوەی منـاڵ و گـەورە هەسـت بەخۆشـی بکـەن، واتـە ئەگـەر جەنـدین بابانوئیـل لـەڕۆژی سـەری سـاڵ، بـچنە ماڵـە هـەژارەکان و کـەل و پـەلی یـاری کـردن خواردنیـان بۆببـەن، یـا لەکوچـەو کۆڵانـەکان و شـەقامەکاندا چـوکلێت و نوقـڵ ببەشـرێتەوە، ئـەوا ئەم مناڵانە دڵیـان خـۆش دەبێـت و هەسـت بەئاسـودەیی دەکـەن، ئەگـەر شـەقامەکانمان بەشــتی جــوان بڕازێنینــەوە، ســیمایەکی چــەند جــوان و خــاوێن بــە وڵاتەکــەمان و بەنیشتیمانەکەمان دەبەخشێت.

**١.ب- شەوی یەلدا:**

شەوی یەلدا یەکەمین شەوی زستانەو درێژترین شەویشە, واتە لەم شەوەدا پاییز کۆتایی دێت و زستان دەست پێدەکات, هەر لە کۆنەوە ئەم شەوە لە نێو ئارياييەکان ڕێزی لێگیراوە, لەو شەوەدا لە ئێران دۆست و خزم و دەرو جیران لە مالآن کۆدەبنەوە و تا درەنگانی شەو دادەنیشن و میوە دەخۆن بەتایبەتیش (شوتی), چونکە بەلایانەوە شوتی وەکو شەوی یەلدا تەمەنی مرۆڤ درێژ دەکاتەوە, بەلآم لە نێومیللەتی کورد بە تایبەتی لە ڕۆژهەلآتی کوردستان یادی ئەم شەوە دەکرێتەوە, چونکە جگە لەوەی شەوێکی پیرۆزە ئەم شەوەش لەدایکبوونی خوالێخۆش بوو ( د. عبدالرحمان قاسملوو)ە لەنێو حیزبی دیموکرات کاتێ کە یادی ئەم شەوە دەکرێتەوە, ئەم شەوە دەبێت بە شەوی دانیشتن و کۆڕی شیعر خوێندنەوە.

لەنێو شاعیراندا ئەم زاراوەیە زۆر بەکارهاتووە, بەتایبەتیش لە شیعری کلاسیکی بە شێوەیەکی بەربلآو بەکارهاتووە, لە دیوانی نالی کە مەلاعبدلکریمی مدرس و فاتح عەبدلکەریم لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەیان بۆ کردووە وا هاتووە: (( یەلدا: وشەیەکی سریانییە واتە لە دایکبوون, درێژترین شەوی ساڵە دواشەوی دوامانگی پاییزە. بۆیە واناونراوە, چونکە حەزرەتی عیسا لەو شەوە لەدایکبووە ))[١٢٦]بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی شەوی یەڵدا ساڵی(٢٠١٠ )لەدایکبوون بە ساڵی هەتاوی کەوتبووە شەوی ( ٣٠ / ٩ / ١٣٨٩) کە بۆ ڕۆژی دوایی یەکەم ڕۆژی زستان ( ١ / ١٠ /١٣٨٩ ) هەتاوی دەبێت. بە ساڵی

---

([١٢٦])نالی,( دیوان )لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم, چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد, بەغدا, ١٩٧٦, ل ٣٨٨

لەدایکبوون واتە ئەو شەوە دەکەوێتـە ڕۆژی سێ شـەم ( ٢١ /١٢/ ٢٠١٠ ) ئەمـەش لەگەڵ لـەدایکبوونی حـەزرەتی مەسـیح نزیکدەکەوێتـەوە، کـە ( ٢٥ /١٢ )یـە، هـەموو سـاڵێك مەسیحییەکان یادی ئەم جەژنە دەکەنەوە, بـەڵام ناکەوێتـە هـەمان شـەوی ( یەلـدا ) ی کوردو فارسـەکان, بـەڵکو چـەند شـەوێکیان لـە نێوانـدا هەیـە, عیـسا لـە ( ٢٥ / ١٢ ) لـە دایکبووە، بەڵام لە ( ١ / ١ ) خەتەنەکراوە, بۆیە ( ١ / ١ ) ساڵی نـوێ دەسـت پێـدەکا, لـە زمـانی سـریانی ( یەلـدا ) بـە واتـەی لـە دایکبـوون هـاتووە, لـە بنەچـەدا بـۆ ئـاژەڵ بەکاردەهێنرێت بۆنموونە؛ بە سریانی دەڵێن ( ئەیە تەورتە یلدلـە ) واتـە ئـەو مانگایـە زا, ( هوەیتـە ) بەواتـەی لـە دایکبـوون دێـت لـە زمـانی سـریانی، بۆنموونـە: بـەزمانی سریانی ئەگەر بڵێن (ئەو ژنە منداڵی بوو) دەڵێن( ئەیـە بەختـە مهوێلـە), بـەڵام ئێـستا مەسـیحییەکانی عێـڕاق زاراوەی ( ئێـد بیەلـدا ) و ( ئێـد هوەیتـە ) بـەکار دەهێـنن, بەساڵاچووەکان زیاتر بـۆ جـەژنی لەدایکبوونی مەسـیح ( ئێـد بیلـدا ) بـەکار دەهێـنن، بـەڵام خـەڵکانی تـر ( ئێـد هوەیتـە ) بـەکاردەهێنن, چـونکە وەك ئاماژەمـان پێکـرد ( یەلدا ) بەواتەی ( زایـن )دێـت, بـەڵام ( هوەیتـە ) بـە واتـەی لـە دایکبـوون دێـت, ئەمـە نەك لە زمانی سریانی بە هەڵە بـەکارهاتووە، لـە زمـانی کوردیـشدا سـاڵی زایـنی بـەکار دەهێنرێت کە ئەمـەش هەڵەیـە, چونکە ( زایـن ) بـۆ ئـاژەڵ بـەکاردێت؛ بەتایبـەتی بـۆ ئـاژەڵی شـیردەرو ئـەو ئاژەڵانـەی کـە گۆشـتیان دەخورێـت, لـەدایکبوون بـۆ مـرۆڤ بەکاردێت, هەرچەندە ئێستا زاراوەی ( ساڵی زاینی )یش بـەکاردەهێنرێت, بـەڵام کـەم و زۆر لە نووسراوەکاندا ساڵی لەدایکبوونیش بەکارهاتووە.

( یەلدا ) و ( میلاد ) لە نێو سـریانییەکان وەك نـاویش لـە کوڕان دەنرێـت ( یەلـدا ) نـاوێکی سـریانی یـەو ( مـیلاد ) یـش هـەمان مانـای لـەدایکبوون دەگـەیێنێت، بـەڵام عەرەبییە، ئاماژەشە بۆ لەدایکبوونی مەسیح, سـریانییەکان بـە ( یەلـدا ) گـۆی دەکـەن,

بەڵام لە زمانی کوردیدا لە هەندێ شوێن گۆڕانکارییەکی بەسەر داهاتووە بۆیە بە (یەڵدا ) گۆی دەکەن, واتە تەنها دەنگی (ل) گۆڕاوە بۆ (ڵ)، بەڵام نالی و گەلێ شاعیری تریش (یەلدا) یان بەکارهێناوە، واتە هەمان وشە سریانیەکەیان بەکارهێناوە.دیاردەیەکی تریش لەنێو شیعری کوردی بەدی دەکرێت ئەویش ئەوەیە زۆر جار وشەی ( یەلدا ) بەکارهاتووە, بەڵام زۆر جاریش پەیوەست کراوەتەوە بە وشەی تاریکی شەو و دەیجور.

نالی دەڵێت:-

شەوی یەلدایە یادەیجورە ئەمشەو

کە دیدەم دور لە تۆ بێ نورە ئەمشەو ؟![١٣٧]

نالی باسی ئەوە دەکات کە لە شەوێك دایە درێژترین شەوە, لە هەمان کات دەیجوریشە کە تاریکترین شەوە, لەم شەوە درێژو تاریك و نوتەکە چاوەکانی تروسکایی تیا نەماوە لەبەر دووری یارەکەی، واتە شاعیر بۆ دروستکردنی بارێکی دەرونی وەسفی شەوێك دەکا کە شەوی یەلدایە و درێژەو تاریکیشە.

هێمنی شاعیر دەڵێت:-

موغی بێ ئاگری شەوی یەلدام

چاوەڕێی چارەنووسێکی ناپەیدام [١٢٨]

---

([١٣٧])س.پ.ل ٣٨٧

هێمنی شاعیر باسی موغێك دەکا کە تروسکایی و ڕووناکی تیانییە شەوی (یەلدا)شە، واتە هێمن وەك نالی تاریکی شەوی بەدرێژی شەوی بەستاوەتەوە و بارێکی دەروونی دروستکردووە, کەواتە لە نێو شیعردا زیاتر بۆ ڕەشبینی و بێ ئومێدی باسی شەوی ( یەلدا ) کراوە, کەچی لە واقیعدا بەدەر لە شیعرلای ئێرانییەکان شەوی لەدایکبوونی وەرزێکی نوێیە، شەوی قسەی خۆش و نوکتەو شەوچەرەیە, بەلای کوردیشەوە شەوی لەدایکبوونی ( د.عبدلرحمان قاسم لوو)ە، بەلای مەسیحییەکانیش شەوی جەژنی لە دایکبوونی مەسیحەو شەوی خۆشی و شادییە, بەڵام بۆ شاعیران لایەنی خەمۆکی و ناخۆشی دەخاتەڕوو, چونکە شەوێکی درێژەو نابڕێتەوە و مژدەی هاتنی زستانە کە زستانیش لە چاو وەرزەکانی تر وەرزێکی سەرماو سۆڵەو تووشە، دانەپاڵی دەیجوریش, دروستکردنی بارێکی دەرونییە کە شەوێکی درێژەو تاریکەو نابڕێتەوە، بۆ شاعیری دوور لە یارو دوور لە وڵات زۆر ناخۆش و نەبڕاوەیە.

**ا.ت- قطلت یەلوودێ:**

مانا کوردییەکەی (کوشتنی منداڵان )ە ئەم یادەکردنەوەیەش دەکەوێتە (١٢/٢٧ )لەم ڕۆژەدا، قوداسێك لە کلیسا دەکرێ، خەڵکێکی زۆر بەشدار دەبن، ئەمەش لە ڕوداوێکەوە هاتووە، کاتێ کە حەزرەتی عیسا لە دایکدەبێت ئەستێرەیەکی گەش دەردەکەوێت، هیرۆدس کە پادشای ئۆرشەلیم بووە دەزانێت بە دەرکەوتنی ئەم ئەستێرە گەشە نیشانەی لە دایکبوونی مەلیکێکی نوێیە، بۆیە بڕیاریی دەرکرد کە هەرچی منداڵی کوڕە لەم شارەدا بکوژێت، بەڵام شەو مەلائیکەت هاتە خەونی یوسفی دەستگیرانی مەریەم و پێیگوت ئەو منداڵە دوور بخەنەوە، ئیتر یوسف هات و لەگەڵ (مەریەم ) منداڵەکەیان هەلگرت و بردیانە میسر، بەم شێوەیە حەزرەتی عیسا لە بن

---

([١٣٨])هێمن, نالەی جودایی, چاپخانەی علاء, بەغدا, ١٩٧٩, ل ٤٠

چـنگیان دەربـازی بـوو.(هـیرۆدس )فەلـەکناس و زانایـانی هێنـاو گـوتی دەرکـەوتنی ئەستێرەیەکی درەوشاوە مانای لەدایکبوونی مەلیکێك دەگەیەنێ، چوونە (بیـت لـەحم) بە پێی ئەستێرەکە چوونە شوێنەکە  لـە سـەر مغارەکـە وەسـتان و دڵیـان خـۆش بـوو، منداڵەکە و مەریەمیان بینی سوژدەیان بـۆ بـرد و دیارییـان پێـدا، شـەویش مەلائیکـەت هاتە خەونی زاناکان و پێیانی گوت نابێ بە هیرۆدس بڵێن کـە بینیومانـە، گەڕانـەوەبۆ شـوێنی خۆیـان و دواتـر مەلائیکـەت هاتـە خـەونی یوسـف پێـی وت بـڕۆ بـۆ میـسر مەگەڕێوە تـاوەکو خـۆم پێـت دەڵـێم، ئـەوانیش چـوونە میـسر و لـەوێ مانـەوە تـاوەکو هیرۆدس مرد.

(هیرۆدس) کە زانی زاناکان خیانەتیان لێکرد ئەمری کرد کە هـەموو منـداڵانی (بێـت لـەحم )بکوژێ، ئەومناڵانـەی کـە تەمـەنیان لـە دوو سـاڵ کـەمترە، لـەو کاتـەدا هـەموو دایکەکان دەگریان، کاتێکیش کە (هیرۆدس )مرد مەلائیکەت هاتە خەونی یوسـف، بـەڵام یوسف لەوە ترسا کە کوڕی (هـیرۆدس ) کـەناوی (ئـەرخلاوس ) بـوو بیـان کـوژێ، بۆیـە چونە ناوچەی (جەلیل) لە شاری (ناسرە )[١٢٩]

---

([١٢٩]) الَنجیل المقدس: ئایة (٦-٢٣ ).

**١.ث- (بابا نوئیل):**



(بابا نوئێلی ٢٠٠٧ لەهەرمۆتەوە بە ئەسپ و عەرەبانە بەرێکەوتوون بۆ بازاڕی کۆیە)

ئەوکەسایەتییەیە کە دیاریی دەبەشێتەوە بەسەر منالآن لەسەین و بەین و ڕۆژی سەری ساڵ، کاتی خۆی مەتران( نیکۆلاوس) لەشاری (مورا)لەئاسیای بچووک، لەڕۆژانی جەژی سەری ساڵ، دیاریی دەبەخشییەوە بەسەر مسکێن و هەژارەکان، بەبێ جیاوازی کردنی ئایینی. دواتر لەسەدەی چواردە لەئەڵمانیا کەسایەتی (بابانوئیل)سەری هەڵدایەوە، جلکی سوری لەبەر دەکرد، چونکە ئەم چلکە کاتی خۆی ( نیکۆلاۆس) لەبەری کردبوو سوربوو، لەبەر ئەوەی جلکی مەتران سورە، لەوکاتەوە ئیتر، وردە وردە بلاۆ بووەوەو هەموو جیهانی گرتەوە.

ا.ج- درەختی سەری ساڵ:



لەسەدەکانی کۆن لەئەڵمانیا، چەند هۆزو ترەیەك هەبوون کە چەند خواوەندێکیان هەبووە لەوانە (خواوەندی گا، خواوەندی درەخت....)ساڵانە هەڵدەستان بەجوانکردنی درەختێك منالێکیان پێوە هەڵدەواسی و دەیانکردە قوربانی، بەڵام لەساڵی (٧٢٧)کاتێ کە قەدیس (یونیفاسیوس)ئاینی مەسیحی بلاو دەکردەوە، ئەو مندالەی ڕفاندو تاوەکو نەیکوژن و نەیکەنە قوربانی.

ئەم قەدیسە بیرۆکەکەی گۆڕی، ئەوە بوو هەموو ساڵێك درەختیان دەڕازاندەوە، کە بووە هێمای لەدایکبوونی مەسیح، هەر لەنێو ئەم درەختەدا چەندین ڕەمزی ئاینی مەسیحی بۆ زیادکرا، لەوانە بوونی ئەستێرەیەك لەسەرووی درەختەکەوە، کەڕەمزە بۆ لەدایکبوونی عیسا، چونکە کاتی خۆی کە لەدایکبوو، ئەستێرەیەکی ڕادە بەدەر درەوشاوە بە ئاسمانەوە بەدەر کەوت، کە ڕەمز بوو بۆ لەدایکبوونی پێغەمبەرێك،

لەنێو ئەم درەختەدا چەندین دیاریی بچووك هەڵدەواسرێ کەرەمزی دیارییەکانی بابا نوئێلە، نەشرەو گلۆپە ڕەنگاوڕەنگەکانیش مانای گەشبینی و بەختەوەری دەبەخشێت.

**ا.ح- ئەشکەوتی بچووك:**



لەژێر درەختەکە مەغارەیەك دادەنرێت، کەلەشێوەی ئەشکەوتێکی بچووکە، نیشانەی ئەوەیە کە مەسیح لەشوێنێکی ئەوها لەنێو ئاژەڵاندا لەدایکبووە، بۆیەکەم جاریش ئەم ڕمزە ئاینییە لەساڵی(١٢٢٣)قەشە(فەرنسیس ئەسیزی)هێنایە کایەوە، لەوکاتەدا چووە دارستانێك و لەشاری ئەسیز لە (ئیتالیا)، کە ئەشکەوتێکی سرووشتی تێدابوو، ئەم قەشەیە پەیکەری منداڵێکی لەم ئەشکەوتەداناو لەگەڵ هەندێ ڕەموزو پەیکەری مەریەمەی پاکیزە... لەوکاتەدا زەنگی لێداو خەڵك لەخەو هەڵسان و ڕوویان لەو شوێنە کردوو پێکەوە قوداسێکیان کرد، لەو کاتەوە مەغارەشیان زیاد کردوو هەموو ساڵێك یادی دەکەنەوەو لەژێر درەختی سەری ساڵ دادەنرێت، هەموو هێماکانی نێو درەختەکە مانای لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح و لەدایکبوونی ساڵێکی نوێ دەبەخشن.

لـەنێو مەسـیحییەکانی هەرمۆتـەو کۆیـەش بۆیـادی ئـەم جەژنـە لەشـەوی (١٢/٢٥) و لەشەوی (١/١)قوداسـی تایبـەت دەکرێـت و خـەڵکێکی زۆر دەچـنە کلیـسا، لـەم قوداسـەدا جۆش و خرۆشێکی خۆش بەدی دەکرێت، چونکە هەموو خەڵکەکە لـەزۆر لەتـەراتیل و (تقــەس)ە ئاینیەکــە بــەدەنگ هــەڵبڕین بەشــدار دەبــن، دیمــەنی ڕازاوەی کلیــسا بەشەجەرەو شتی جوان خۆشییەکی ترە کـە بـەهۆی چاوەوە دەبینـرێـت، لـەم جەژنـەدا لەنێو کلیسادا بخورێکی زۆر دەسوتێنرێت دووکەلێکی زۆربۆنخۆش بـەنێو کلیـسادا بـڵاو دەبێتەوە، واتە هەستێکی تـریش بەشـدار دەبێـت لـەم جـۆش و خرۆشـەدا ئـەویش ئـەم بۆنە خۆشەیە، ئەم نوێژ و تەراتیلە نزیکەی دوو کاتژمێر بۆ سێ کاتـژمێر دەخایێنێـت، دواتـر لـە مەڕاسـیمی ئـاینی تـەواو دەبێـت، لەحەوشـەی کلیـسا خەڵکەکـە بیرۆزبـایی لەیەکتری دەکەن و بەرەو ماڵ دەبنەوە، ئینجا شەوەکەی یان ئاهـەنگ دەگێڕدرێـت، یـان هەرچـەند ماڵـە خزمێـك لـەماڵێك کۆدەبنـەوەو تادرەنگـانی شـەو دادەنیـشن، بـۆڕۆژی دوایـی وەك نـەریتێك لـە هۆڵێـك لـە هەرمۆتـە کۆدەبنـەوەو جەژنـەپیرۆزە لەیەکـدی دەکەن و لەم جەژنەو لەجەژنەکانی تریشدا ئەم دیاردەیە هەیە، دواتر خـەڵك بەگـشتی و مامۆسـتایانی ئـاینی ئیـسلام سـەردانیان دەکـەن و جەژنـە پیرۆزەیـان لێدەکـەن، پـاش نیوەڕۆکەش خەڵك سەردنی مـاڵی خـزم و کەسـی یـەکتر دەکـەن، زۆر جـاریش گروپێـك لەلایـەن قەشـەوە دروسـت دەکرێـت ئـەو کەسـانە ئاشـت دەکرێنـەوە کەلەگـەڵ یـەکتری دڕدۆنگن و پەیوەنییان باش نییە.

**١.خ- شمعون ساوا:**

ڕۆژی (١/٢) هەموو ساڵێ قوداسی (شمعون ساوا) دەکرێ، شەمعون ساوا پێغەمبەر بوو خودا پێی گوتبوو مردن نابینی هەتا عیسا نەبینی، کاتێ کە مەسیحیان برد بۆ لای، شمعون ساو ڕووی لە قاپی یەزدان کردو گوتی ئەی خودایە ئەمانەتەکەم لێوەرگرەو ڕوحم وەرگرەوە، چونکە مەسیحی ڕزگارکەرم بینی.

**ب- جەژن و یادکراوەکانی تر:**

**١-یادکردنەوەی تەعمیدکردنی عیسا:**

عیسای مەسیح لە تەمەنی گەورەیدا تەعمید کراوە، لە (١/٦) (مارێو حەنان )، لە ڕووباری ئوردن تەعمیدی کردوو و لە ئاوی هەڵکێشاوە، لەوکاتەدا ئاسمان کرایەوە و کۆترێکی سپی لە سەر شانی عیسادا نیشتەوە، ئەوکاتەش عیسا تەمەنی سی ساڵ بوو، لە دوای تەعمید کردن عیسا پەیامەکەی بڵاوکردەوە، ئەم یادکردنەوەیەش ساڵانە لە کلیسا قوداسی بۆ دەکرێ و خەڵکێکی زۆر تێدا بەشدار دەبن، (١٢/٢٥) تاوەکو (١/٦)، واتە ئەم (١١) ڕۆژە کەش و هەوای جەژن وەردەگرێت، بەڵام ڕۆژی (١٢/٢٥ ) و (١/١ ) تەواو گرنگی پێدەدرێت، ڕۆژەکانی تر تەنها یاد کردنەوەن، واتە (کوشتنی منداڵان )، (تەعمید کردنی عیسا ) تەنها یاد دەکرێنەوە و قوداسیان بۆ دەکرێ، بەسریانی (ئێد بدنخە ) ی پێدەڵێن، ناوی (دنحا ) ش ئەم ناوە بۆ ناولێنانی کوڕان بەکاری دەهێنن، لە شیعری فولکلۆری سریانی گوندی هەرمۆتەشدا واهاتووە:

بێنت ئێد هوەیتە و بدنخا

خەمندی گناخل موخ ملخا

واتە:( لە نێوان جەژنی لە دایکبوون و جەژنی تەعمید کردندا شتێکی وەك خوێ دەبارێ)، ئەم خوێیە خوازەیە بۆ بارینی بەفر. (١/٧) جەژنی (مەریوحەنان)ە، چونکە ئەو مەسیحی تەعمید کرد، واتە جگە لە (١/٦) (١/٧) یش یاددەکرێتەوە.هەر لە مانگی یەکدا یادکردنەوەی (ئیستیفانۆس)ی شەهید دەکرێتەوە، ئەوە تەنها لە ڕۆژهەلاّت یاددەکرێتەوە، ئەم یادکردنەوەیەش دەکەوێتە مانگی (١)، بەلاّم بە تەواویش جێگیرنییە، کەمێك پاش و پێش دەکات.

یادکردنەوەی (مارپەترۆس و مار پۆلس ) ئەوانە لە کەسە موبەشیرەکانن، هەردوکیشیان مەلیکی ڕۆما (نیرۆن ) لە سالانی (٦٧-٧٠ ) زاینی کوشتنی، تەنها لە نێو قوداسی کلیسا ناویان دەهێنرێت و یادیان دەکەنەوە، لە دوادوای مانگی یەك دادەبێت.ئەوکەسانەی کە ئینجیلیان نووسیوە ئەوانەن (مەتێ، مەرقۆز، لوقا، یۆحەنا)، لە کۆتایی مانگی یەك یادیان دەکرێتەوە و لەکلیسا قوداسیان بۆ دەکرێ.

**٢-باعوتا(باعوثا):**

ئەم یادکردنەوەیە دەکەوێتە مانگی ( ٢ ) ڕۆژانی (دوو شەم، سێ شەم، چوار شەم )، مێژووی ئەم ڕۆژووگرتنە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەم: دەلێن ناوچەی (موسلێ) بەر لە هاتنی مەسیح زۆر خراپەکار بوون، خودا پێغەمبەر (یەونان )ی نارد، بۆ ئەوەی تەوبە بکەن، چونکە خەلکەکە زۆر گوناهکار بوون، پێی گوتوبوون دوای سێ ڕۆژ (تەوبە ) نەکەن نەینەوا وەردەگەڕێ، ئەوانیش تەوبەیان کردوو سێ ڕۆژ و سێ شە و بەڕۆژو و بوون، هیچیان نەخوارد، گوایە خۆراکیان بە ئاژەلەکانیش نەداوە.دووەم: دەلێن لە موسلێ نەخۆشی تاعون بلاو بۆوە، دوای هاتنی مەسیحییەت پەترەکی ئەم ناوچەیە وتی سێ ڕۆژ بەڕۆژووبن بۆ ئەوەی نەخۆشی تاعون لە ناوچێت، وایان دەزانی ئەم نەخۆشییە لە هۆکاری گوناهەوە هاتووە، سێ رۆژ بەڕۆژوو بوون، واتە بۆماوەی (٧٢ ) کاتژمێر هیچیان نەخوارد، دوای بەڕۆژووبون دەردو

نەخۆشییەکە لە ناوچووە، لە گوندی هەرمۆتە خەڵك بە دوو جۆر بەڕۆژوو دەبن، هەن ئەم سێ ڕۆژە هیچ ناخوات، هەموو ڕۆژێکیش بۆ نوێژکردن دەچێتە کلیسا، تێشیان داهەیە هەرسێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبن، بەڵام عەسران دوای قوداسی ئاینی دەیشکێنن، خەڵك لەم ڕۆژانەدا خێر دەکەن و گۆشت یان نان بەسەر ماڵاندا دابەش دەکەن، بۆ عەسرەکانیش خواردن دەبەنە کلیسا بە تایبەتی یاپراخ، دوای تەواو بوونی قوداس خەڵك لێی دەخۆن.

**٣-یادکردنەوەی هەینی مردوان:**



ئەم یادکردنەوەیە دەکەوێتە کۆتایی مانگی (دوو)، واتە سێ ڕۆژ بەر لە هاتنی ڕۆژووی گەورە، ئەم یادکردنەوەیە ڕێزگرتنە لە ئەومردوان و قوداسی ئاینیان بۆ دەکرێت، ئەگەر ڕۆژەکە خۆشبێت و هەتاو بەدەرەوە بێ ئەوە لە بەیانیەوە خەڵك بەسەر قەبراندا وێڵ دەبن و هەرکەسێ دەچێتە سەر قەبری خزم و کەسی خۆی و دوعا دەکات و نوێژیان بۆ دەکات. دوای ئەوەی کە گەیشتە کاتژمێر(١٠- ١١ ) لە سەر گۆڕستان قوداسێك دەکرێت و خەڵکەکە پێکەوە نوێژێکی هەمەکی(جماعي) دەکەن و نوێژەکە کاتژمێرێك دەخایەنێ، دوای قوداسەکە زۆربەی خەڵکەکە خواردن لەگەڵ خۆیان دەهێنن لە سەرقەبران دابەشی دەکەن، جگە لە چێشت شیرنەمەنی و کولێرەو

میوەش دابەش دەکرێت، بەڵام ئەگەر ڕۆژەکە باران بوو ئەوا ئەو مەراسیمە لە کلیسا دەکرێت.

**٤-جەژنی هەڵسانەوە:**

**أ- (بەڕۆژوو بوون):**

دەکەوێتە مانگی (٢ ) کە پەنجا ڕۆژ دەخایەنێ و دوای تەوا بوونی ئەم پەنجا ڕۆژە جەژنی قیامە دێ، ئەم بەڕۆژو بوونەش بەم شێوەیە دەبێت، کەسی بەڕۆژوو بوو نابێ لە (١٢ ی شەوەوە تاوەکو ١٢ نیوەڕۆ ) هیچ شتێك بخوا، لە دوای ئەو دوازدەی نیوڕۆیە ڕۆژووی دەشکێنێت، چەند مەرجێك هەیە بۆ ڕۆژوو شکاندن، نابێ ئەوشتەی لە خوێن دروست دەبێ، واتە بەروبوومی ئاژەڵی لە گۆشت و ماست و شیرو هێلکە و ڕۆن....هتد بخورێ، کەسێك یەکێك لەم شتانەی خوارد ڕۆژووەکەی دەشکێت، بەلام لە دوای دوانزەی شەوەوە گۆشت یان هەر شتێکی تری خوارد ئەوە ڕۆژووەکەی ئەمرۆی بۆ قبولّ دەبێ و بەلام هی سبەینێی دەشکێت، ئەم ڕۆژووگرتنە بۆ تەندروستیی مرۆڤ زۆر باشە، چونکە ئەوکەسەی بەڕۆژوو دەبێ بۆ ماوەی پەنجا ڕۆژ دوردەکەوێتەوە لە هەمووشتێکی ئاژەڵی، ماوەی ئەم پەنجا ڕۆژە دەکەوێتە نێو بەهارەوە، واتە ئاژەڵ و پەلەوەر زاوزێ دەکەن و قریان تێناکەوێت.

ب- ئەقلات تەلیدیٚ (پێنج شەممەی فوسح ):



لە گوناهەوە پەڕینەوە بۆ نیعمەت و خۆشی، لای یەهودییەکان واعادەت بوو کاتیٚ کە میوانێکیان دەبوو پێیان دەشوشت بۆ ئەوەی ئەم میوانە پشوبدات خزمەت کارەکانیش پێی پیاوەکانیان دەشوشت، مەسیح پێی قوتابییەکانی شوشت، ئەم پیٚ شوشتنە مانایەکی نوێی بەخشی، مەسیح دەڵێت: (کەسانی ترتان خۆش بوێت وەك چۆن من ئێوەم خۆش دەوێت، ئەوەی گەورەبێت لە نێوانتا دەبیٚ خزمەتکارتان بێت)، قاچ شوشتنی قوتابییەکانی بۆ ئەوە نەبوو کەقاچیان پیسە، بەڵکو بۆ پیشاندانی سادەیی خۆی بوو لەو شەوەشدا چووە نێو باخچەی زەیتون و لەلایەن یەهودییەکانەوە گیرا، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە پێنج شەممەی مانگی چوار ئەم یادە دەکەنەوە، قوداسێکی ئاینی بۆ دەکەن و دوانزدە منداڵی کوڕ لە سەر کورسی دادەنیشن و لە ناو یەکێك لە برِگەکانی قوداسەکە لەلایەن قەشەوە پێی منالان دەشورێن و دیاریان پێدەدرێت، ئەم شتەش بۆ بیرهێنانەوەیە.

### ت-ئرۆت حەشە (هەینی خەمبار ):

ئەم هەینیە بوو کە مەسیحیان تیادا لە خاچدا، مەراسیمێکی گەورە دەکرێ و یادی ئەوە دەکرێتەوە، کە مەسیح چۆن ئازار دراوە و چۆن لە خاچ دراوە، دارەمەیتێکی بەتاڵ لەنێو کلیسادا دەگێڕن و کە بە قوماشێکی ڕەش ڕوپۆش کراوە، دارو دیوارەکان بە پەردەی ڕەش ڕوپۆش دەکرێن، خاچێکیش لە نێو تابووتەکەدا دادەنرێت، دواتر لە شوێنێکی کلیسا دادەنرێت و خەڵك سەردانی دەکەن و نوێژی بۆ دەکەن، ئەو ڕۆژەی کلیسا تا درەنگانی شەو دەکرێتەوەو دەستە دەستە خەڵك سەردانی دەکەن و شەونوێژ دەکەن.

### ث-شەمووی ڕووناکی (سبت النور ):

ڕاستەو خۆ لە دوای (هەینی خەمبار)ەوە دێت، شەممە لای جولەکەکان ڕۆژێکی پیرۆزە وەك چۆن لای مەسیحییەکان ڕۆژی یەکشەم و لای موسولمانان ڕۆژی هەینی پیرۆزە، کاتی خۆی یەهودییەکان چووبونە لای حاکمی ڕۆمانی (قەیسەری ڕۆمانی ) گوتبویان ئێمە گوێبیست بوین ئەو کەسەی کە لە خاچ دراوە گوتویەتی ڕۆژی سێیەم هەڵدەستمەوە، دەمانەوێ پاسەوان لە سەر قەبرەکەی دابنێن، کاتێك پاسەوان دادەنرێت مەسیح لە شەوی شەمو بۆ یەکشەم هەڵسایەوە، بەم بۆنەیەوە ئاهەنگ دەکێڕن، ڕۆژی سێیەم هەستایەوە لە گۆڕ، کاتێك کە عیسا لە گۆڕ هەستایەوە پاسەوانەکان لە ترسان کەوتن، بۆیە ڕۆژی یەکشەمیش قوداسێك دەکرێت لە کلیسا، واتە ڕۆژی یەکشەم دەبێت بە جەژن، ئەوشتانەی کەتایبەتن لە ڕۆژهەڵات بە تایبەتی لە گوندی هەرمۆتە بۆ ئەوجەژنەو جەژنی هەڵسانەوە هەمووماڵێك هێلکە ڕەنگ دەکەن (هێلکەی کەسك و سور)ی پێدەڵێن دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر هێلکە دەکوڵێنن، چەند قاپێك دادەنرێت لە ڕەنگەکانی (سور، شین، سەوز، نارنجی...هتد ) زیاتر ڕەنگە زەق و تۆخەکان، چونکە ڕەنگی زەق مانای خۆشی دەگەیەنێت، چونکە پیرۆزیەکەشی لەوەوە هاتووە دەڵێن وەك چۆن هێلکەیەك ژیانی تێدانییە پاشماوەیەك جوجەڵەیەکی لێ پەیدادەبێ، بەو مانایەی کە مەسیح مرد، بەڵام هەڵسایەوە، لە

هەرمۆتە عادەت وایە ئەوەی تەعزیەی هەبێت هێلکە ڕەنگ ناکات، بەڵام دەرو دراوسێ بۆیان دەبەن، بۆ ئەوەی لە سفرەی بەیانی جەژن دابنرێت و منداڵەکانیان دڵیان پێخۆشببێت.



(دوو ئافرەت هێلکە بۆجەژن ڕەنگ دەکەن)



(وێنەی درەختی هەستانەوە کەبەپەڕەموچو هێلکەی ڕەگاوڕەنگ ڕازاوەتەوە)

**٥-یادکردنەوەی (ماریوسف ) دەست گیرانی (مەریەمەی پاکیزە ):**

دەکەوێتە مانگی (٣) یەك مانگی بۆ دانراوە، واتە ئەو مانگە جا چ لە ڕۆژانی یەك شەم یا ڕۆژانی تر کاتێك کە قوداس دەکرێ ناوی دەهێنرێ، وەك تەقویمی کلیسا بە مانگی ماریوسف ناسراوە، لە نێو تەقویمی مانگی کوردی مانگی (٣) بە مانگی نەورۆز ناسراوە.یەکشەممەی (عوٚشانا)ش دەکەوێتە مانگی چوار.

**٦-پێنج شەممەی تێپەڕین ( عبور ) (پسحە ):**

دەکەوێتە مانگی چوار لەو ڕۆژەدا ڕۆنە موقەدەسەکانی کلیسا نوێ دەکرێنەوە، ڕۆنی تر دەهێنرێت و تەقدیس دەکرێن، لەوانە (ڕۆنی تەعمید، ڕۆنی میرۆن، ڕۆنی نەخۆشان )، ڕۆنی میرۆن کاتێ مندالّ تەعمید دەکرێ هەندێ ڕۆنی لە نێوچەوانی دەدرێ، ڕۆنی نەخۆشان کاتێ کەسێك لەسەرە مەرگ بێت، لە هەرمۆتە وا عادەتە قەشە سەردانی دەکات و دوعای بۆ دەکات و هەندێك ڕۆنی لەنێوچاوانی دەدات، ئەمە تەنها بۆ ئەم نەخۆشانەی کە لەسەر مەرگدان، لەکاتی تەعمیدکردنی مندلاّندا قەشە کەمێك لەم ڕۆنە لە نێوچەوانی منالّە تەعمیدکراوەکە دەسوێت. لە ڕۆژی گۆڕینی ئەم ڕۆنانە لە کلیسا قوداسێکی بۆدەکرێ.

**٧-سولاقە:( بەرز بونەوە)شەڕەئاو:**

جەژنی گەورە دەکەوێتە مانگی چوار، چل ڕۆژ دوای جەژنی گەورە، جەژنی سولاقە دێت، جەژنی بەرزبوونەوە کاتێ عیسا هەلّسایەوە چل ڕۆژ لە نیو خەلك ژیا دواتر بەرز بوەوە بۆ ئاسمان، خەلّك ئاویان ڕشت، چونکە ئاو خێر و بەرەکەتە، ئێستاش لە نێوکوردەواریدا ئەم عادەتە ماوەتەوە، چونکە بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام بەشێکی میللەتی کورد لەسەر ئاینی مەسیحییەت بوون، کاتێ کەسێکی خۆشەویست سەفەر دەکات جامەئاوێکی لەدوادا ڕوودەکەن کە نیشانەی خێرو بەرەکەتە، ئەم جەژنە دەکەوێتە ڕۆژی پێنج شەم، لە هەرمۆتە بەم شێوەیە یاددەکرێتەوە، جۆگە ئاوێك بە

ناو هەرمۆتەدا تێپەڕ دەبێت هەرکەسێك ستلێك یان جامێك دەهێنێ و خەڵك تەڕدەكات، ئەم جەژنە دەكەوێتە ناوەڕاستی مانگی پێنج كاتێ كەش و هەوا بەرەو گەرمی دەچێت، بۆ گەنجانیش جۆرە چێژێكی هەیە یەكتر ئاوپرژێن دەكەن، تا ئێوارە شەڕەئاو دەكرێ، زۆربەی خەڵكەكە بەشتێكی ئاسایی دادەنرێن و توڕەش نابن.بە تێپەڕبوونی (دە) ڕۆژ بە دوای جەژنی (سولاقا ) ڕوحی قودس بەسەر خوێندكارەكانی مەسیح دێتە خوارەوە، لە كاتی خۆی لە دوای دەڕۆژ تێپەڕبوون بەسەر جەژنی سولاقەدا مەسیحییەت دەستی كردووە بە تەبشیر ( بڵاو بوونەوە )، ئەم جەژنەش بەناوی هاتنی (ڕوحی قودس - حلول الروح القدس )ناوزەند دەكرێ[١٣٠].

**مانگی پێنج:**

ئەم مانگە بە مانگی مەریەمەی پاكیزە ناونراوە ئەم سی ڕۆژە بە بەردەوامی لە نێو كلیسادا نوێژ دەكرێت، بەتایبەتی هەموو عەسران نوێژكردن بە تەزبیح دەكرێت و تەراتیلی ئاینی دەگوترێ، خوتبەكانی قەشە لەم مانگەدا زیاتر جەخت لە سەر موعجیزەكانی مەریەمەی پاكیزەیە.

**مانگی شەش:**

دوو بۆنەی تێدایە بە مانگی (دڵی مەسیح ) ناو دەبرێت، لەم مانگەدا جەژنی ڕۆژی مەسیح و جەژنی (قوربانەو قەدیشە )یە، دڵی مەسیح زیاتر ئەو كەسانە دەگرێتەوە كە ئادیان كردووە، كە زۆر لە كلیسا نزیكببنەوە، لەهەرمۆتەدا كۆمەڵە خەڵكێك هەڵگری (دڵی مەسیح)ن، ئەمانە سندوقی تایبەتی خۆیان هەیەو پارەی تێدەكەن، لە ڕۆژی جەژنەكەدا كە قوداسی تایبەت دەكەن و بەپارەی ئەم سندوقە خواردن دەكرن و لە كلیسا دەیخۆن.

---

([١٣٠])دیدەنی توێژەر لەگەڵ (نائل حەنا)، هەولێر- عەنكاوە، ١٥-١١-٢٠١٢.

**مانگی حەوت:**

هیچ یادکردنەو و جەژنی تێدانییە، تەنها ڕۆژی یەکشەمووان قوداسی ئاینی هەیە.

**مانگی هەشت:**

کلیسا لە ڕۆژی ١٤/ ٨ یادی مەریەمەی پاکیزە دەکاتەوە، چونکە لەم ڕۆژەدا ڕوحی چوو بۆ ئاسمان، قوداسی بۆ ئەنجام دەدرێت.

**٨-جەژنی گەلاوێژ (گلیانە ):**

کاتێك کە عیسا لەگەڵ ( پەترۆس، یەعقوب، یوحەنا ) چوونە چیا بینیان کە عیسا سپی سپی بوو موسا و ئێلیا وەك شەبەح لە بەرامبەری دەرکەوتن، گلیانە بە سریانی واتەی کەشف یاخود دەرکەوتن دەگەیەنێ.

**٩- جەژنی سەلیب(ئاگری پاییز):**



ئەم جەژنە دەکەوێتە(٩/١٣) کاتی خۆی مەلیکە (هێلین ) ویستی ئەوە کەشفبکات کە ئەوسێ خاچەی عیساو دووکەسەکەی تریان پێ لە خاج درا تابزانێت کامیان هی عیسایە، مردویەکی هێنا لە سەر خاچەکان درێژی کرد لە سەر خاچەکەی عیسا زیندو بۆوە، ئەوکاتیش وەك ڕوداوەکەی نەورۆز هۆکاری ڕاگەیاندن نەبووە، بۆیە لە

شوێنەبەرزەکان ئاگریان کردەوە، لەناو کوردەواریشدا ئەم ئاگر کردنەوەیە بە ئاگری پاییز ناوی دەرکردووە، چونکە ئاگر ڕەمزی سەرماو سۆڵەیە (١٣ /٩) دەکەوێتە پاییز و نزیک بوونەوەیە لە سەرماو سۆڵە، چەند ڕۆژێکیش دوای ئەوە سەرتای وەرزی پاییزە لە مانگی کوردی. لەم ڕۆژەدا قوداسی ئاینی دەکرێت، لە گوندی هەرمۆتە ماوەیەك بەر لە هاتنی ئەم جەژنە خۆیان ئامادە دەکەن لەم ڕۆژەدا هەر ماڵە و ئاگرێك دەکاتەوە، ئێستا بەنەشرەی کارەبای سەلیب دروستدەکەن لە سەربانی ماڵەکانیان دایدەنێن و بۆماوەی چەند شەوێك دایدەگیرسێن، لەساڵی ٢٠١٢ واتە لە (٢٠١٢/٩/١٣ ) بە شێوەیەکی زۆر جوان لە سەر مەزاری (مەڕبێنە قەدیشە) یادی کرایەوە، بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشەنبیری و فەرهەنگخانەی کۆیە، دوای قەوداسی دینی ئاهەنگێکی خنجیلانە سازکرا، کە جۆرەها بڕگەی لە خۆ گرتبوو لەوانە وتاری قەشە (زەیا شابا بویا ) وتاری خەتیبی مزگەوتی گەورەی کۆیە (مەلا جەمال ) وتاری (وەزیری ڕۆشنبیری ) چەندین وتاری تر خوێندرایەوە، دواتر نمایشی جل و بەرگی کوردی و سریانی و ئاشوری کرا بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك ئاهەنگی گۆرانی بوو، ئەوەی جێی خۆشی بوو ئەم جەژنە برا موسڵمانەکانمان بەشداریان تێداکردو دواتر خەلاّتی ڕێزلێنان بە سەر چەند کەسایەتیەك و تێکۆشەرێکی مەسیحی و ئیسلام دابەش کرا، واتە لەساڵی ٢٠١٢ بۆیەکەم جارە ئەم مەراسیمە هاوبەشە لەکۆیە بەم شێوەیە بکرێتەوە.

**مانگی دە**: ڕۆژانی نوێژی عەسر لە کلیسا دەکرێت ئەم مانگەش تەرخان کراوە بۆ مەریەمەی پاکیزە.

**مانگی یازدە**: بەمانگی تەقدیسی کلیسا ناو دەبرێت، ئەوکەسانەی کە کاتی خۆی بوون بە مەسیحی عادەت و تەقالیدی خۆیان هەبوو هەموو ساڵێك نوێژێکی تایبەتی خۆیان دەکرد تەقدیسی ئەو خودایەیان دەکرد کە ئەوان دەیانپەرست، کاتێکیش کە بوونە

مەسیحی تەقدیسی کلیسایان کرد، لەو کاتەدا تەرتیلەیەکی بەناوبانگ پەیدابوو بەناوی (ئیمەرلی عێتە ) بەزمانی کوردی واتە ( پێم بڵێ ئەی کلیسا ) هەرچوار ڕۆژی یەك شەممەکان تایبەت دەکرێن بەم یادە.

**مانگی دوانزده:** مانگی تەبشیری مەریەمەیە، سێ یەکشەممەی ئەو مانگە قوداسی ئاینی بۆ دەکرێت.

**٢- تەناول(وەرگرتنی قوربان):**



تـەناول: ئـەو خولـە هاوینییـە بۆئـەو کەسـانەیە کەتەمـەنیان لـە(١٠-١٤)سـاڵان دەبێـت، کــەماوەی مانگێــك یــاخود زیــاتر دەخایێنێــت، ئــەم خولــەش لەلایــەن کلیــساوە بەڕێوەدەچێت و لەژێرچاودێری مـەتران دادەبێـت، ماسـێرەکان(ڕاهیبـەکان) بـەڕێوەی دەبەن، دوو سێ ماسێر دێن، یەك دوو کەسـی هەرمۆتـەش یارمـەتییان دەدەن، لـەماوەی خولەکەدا ڕۆژانە وانەیان پێدەڵێنەوەو تەراتیلی ئاینییان پێڵەبەردەکەن. بۆئـەوەی ئـەم تازەلاوانە بەتەواوی ڕاست وچەپی خۆیـان بناسـن، لەهەرمۆتـە نـەریت وایـە هـەرڕۆژەو ماڵێــك بانگهێــشتیان دەکــا، واتــە بــەنۆرەدەبێت پێکناســاندنێکی باشــیش دەبێــت بۆهەردوولا.

دوای تــەواوبوونی خولەکــەش ڕێ و ڕەسمیــان بۆرێکــدەخرێ و قوداســی تایبــەتییان بۆدەکرێ، لەم قوداسەشدا مەتران ئامادەدەبێت، بەشداربووەکانی ئەم خولـەش لەکۆنـدا

بەجلی ئاسایی ڕۆژانە دەهاتن، بەڵام ساڵانێکە جلی تایبەت لەبەردەکەن، بەشێکی بەرچاوی خزم و کەسی بەشداربووان ئامادەدەبن، (قوربانی موقەدەس)وەردەگرن، ئیتر لەدوای ئەم مەڕاسیمە دەبێ زیاتر پابەندی کلیساو نوێژ ڕۆژوگرتن بن.

### ٣- ڕێ و ڕەسمی بووک گواستنەوە لەنێو مەسیحییەکانی هەرمۆتەدا:



مەسیحییەکان کلتوورێکی هاوبەشمان هەیە لەگەڵ دەوروبەر، بەڵام لەهەندێ شتیش تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، سەبارەت بە ژن و ژنخوازی بەچەند قۆناغێك دادەڕوات:کچ و کوڕ پێشتر یەکتریان بینیووە و یان یەکتریان خۆش ویستووە، یاخود لەپڕ کوڕێك دەچێتە خوازبێنی کچێك، سەرەتا ژنێك بەماڵی کچەکە دەڵێت ئەگەر کچەکە پێی خۆش بێت ئەوا پاش چەند ڕۆژێك هەندێك ژن و پیاو دەچنە ماڵی کچەکەو یەك لەڕیش سپییەکان، یاخود باوکی کوڕەکە داوای ئەوە دەکات کچەکەتان بدەن بەکوڕکەمان، یاخود دەڵێت:من هاتووم گوڵێك لەباخەکەتان بچنمەوە، یاخود دەڵێت: هاتووین فلانە کەس بکەین بەکوڕتان، یاخود ببین بەخزم، یاخود خزمایەتیمان نوێ بکەینەوە، بەم شێوەیە بۆ ماوەی کاتژمێرێك یاخود زیاتر

دادەنیشن، دواتر دەڕۆن، لەو خوازبێنیەدا دەرگای ئەوە دەکرێتەوە کچەکە لەئاهەنگ و بۆنەکاندا لەگەڵ کوڕەکە شایی بکات و پیاسەبکەن و پێکەوە قسەبکەن.

دوای ماوەیەك (ختوبە) دەکرێت لەم ختوبەیەشدا هەندێ جار ئاهەنگی گەورە دەکرێت و هەندێ جاریش تایبەتی دەبێت و هەندێ ماڵی خزم بانگهێشت دەکرێن و کوڕو کچەکە ئەلقە دەخەنە پەنجەی یەکترو چی زێڕیشە کە بۆ کچەکە کراوە هەر لەوێ هەر خزمەو پارچەیەك زێڕی پێوە هەڵدەواسی، واتە ئەو ئاڵتوونانەی کەکراوە هەمووی لەسندوقێك دادەنرێت و دایك و باوکی کوڕەو هەندێ خزم وکەس پارچە پارچەی زێڕەکە بەدەم سەماکردن و گۆرانی وتن پێی هەڵدەواسن، دوای ماوەیەك ئاهەنگی گواستنەوە نزیکدەبێتەوە، هەفتەیەك بەرلەئاهەنگ، لەماڵی خزم و کەسەکان لەگەڵ بووك بانگهێشت دەکرێن، هەرماڵەو کچێك یان دوانیش دەعوەت دەکات و شایی و هەڵپەرکێی بۆ دەکەن بەمەش دەڵێن (سواتە)، واتە تایبەتە بەکچان، ئەو هەفتەیەش ماڵی زاوا خۆیان ڕێکدەخەن و ماڵ پاکدەکەنەوە ژمارەیەکی زۆر ژن کۆدەبنەوە، ئەو ژنانەی خزم و کەسی زاوان هەربە هەلهەلە لێدان و گۆرانی گوتن بۆماوەی چەند ڕۆژێك نانێکی زۆر دەکەن، یەك ڕۆژ بەر لەدەستپێکردنی ئاهەنگ ماڵی زاوا ئاهەنگێکی شەو سازدەکەن بەناوی (زاوا شۆرین) هەرچی گەنجی ئەم ئاواییە هەیە بانگهێشت دەکرێن، ئەو شەوەی مەشروبات دەخورێتەوە تا درەنگانی شەو گەنجەکان گۆرانی دەڵێن، ئەو کچانەی کەخزمی زاوان دەتوانن بێنە دەورو پشتی دانیشتنەکە، بۆ ڕۆژی دوایی دەبێتە شایی لە هەرمۆتە وەك دەهۆڵ و زوڕنا دەهێنرێ و تا ئێوارە درەنگان شایی دەکەن نیوەڕۆش ماڵی زاوا خواردن دروست دەکەن.

سـەبارەت بـە مـارەکردنیش ڕۆژی ئاهـەنگ گێـڕان کاتـژمێر (٩-١٠)ی بـەیانی قەشـە بووك و زاوا لە یەکتری مارەدەکات و لەبەرچاوی خـەڵك پرسـیاریان لێ دەکـات کـە ئایـا بەیەکتری ڕازین یان نا، دوو شایەت واژۆی دەکەن بـووك و زاواش واژۆی دەکـەن و مـارە دەکرێن، واتە لەو ماوەیەی کەپێکەوە بـووین و لـەڕۆژی خـوازبێنی تـا ڕۆژی ختووبـە و لەوێشەوە تارۆژی گواستنەوە کچ و کوڕ ئەگەر لەیەکدی ساردبوونەوە و زانیـان پێکـەوە ناگونجێن دەتوانن یەکتری بەجێ بهێلین، چونکە پێش تر مارەنەکراون.

## بگنونێ:

شـێوە خۆئامادەکردنێکـە، کـە تـەنها لـەنێو مەسـیحییەکانی هەرمۆتـە کـراوە، دە ڕۆژ یـاخود هەفتەیـەك بەرلـەوەی ژن بگوازرێتـەوە، مـاڵی زاوا ژورێکیـان بـۆ زاوا تـەرخان دەکــرد، لــە گۆشــەیەکی ئــەم ژوورەدا پەردەیــەکی ڕازاوەو ڕەنگاوڕەنگیــان لێــدەدا بەهــەردوو ڕووی دیوارەکــە دەلکێنــدرا، بەشــێوەیەك کەپــشتی پەردەکــە شــێوەیەکی سێگۆشــەیی وەردەگــرت، پــشتی پەردەکــە دوومــەتر تــا دوو مــەترونیو دەبــوو، ئــەو دیوارەسێگۆشـەییەی کەدەکەوتـە پـشت پەردەکـەوە بـەقوڕێکی سـوور زۆر جـوان سـواغ دەدرا، لەناو قوڕەسوورەکەش بەقوڕی سـپی یـاخود بەگـەچ سـەلیب و نـەخش و نیگـارو گوڵیان تیا دروست دەکرد. چەند ڕەفتەیەکیان بەقوڕ دروست دەکرد بـۆ دانـانی فـانۆس یان لالە و چرا ڕەشکەو هەرشتێکی تر، شەوێ جێیان لەپشتی ئەو پەردەیە بـۆ بـووك و زاوا ڕادەخــست، بــەم شــوێنەش گــوتراوە (بگنــونێ)، بۆمــاوەی یــەك مــانگ واتــە، تابەسەرچوونی هەیڤی هـەنگوینی بـووك زاوا لـە پـشت  ئـەو پەردەیـە دەنووسـتن، زۆر جـاریش بـۆ مـاوەی چـەند سـاڵێك ئـەم (بگنـونێ)یـەیان دەهێـشتەوە، جـاری وەهـاش هەبووە ئەوماڵە خێزاندار بوون و هەمووی لە ژورێك دەنووستن، بـەڵام ژن و مێردەکـە

لەپشتی ئەم پەردەیە دەنووستن، ڕۆژی دروستکردنی ئەم (بگنونێ)یە بەلای زاواوە زۆر خۆش بوو بەشەوق و ڕەوقەوە هەلهەلەیان لێ دەداو هەڵدەپەڕین، زۆر بەجوانی دروستیان دەکردو و دارو دیوارەکەیان دەڕازاندەوە.ئەمە تا ساڵی (١٩٦٠) کراوە، بەڵام ئێستا پشت کوێ خراوە.

## ٣- ڕێ و ڕەسمی تەعزییە لەنێو مەسیحییەکانی کۆیەو هەرمۆتەدا:



( دانشتنی تەعزیە)

کاتێ کەسێك دەمرێت جا چ لەمەسیحیەکانی کۆیە یان هەرمۆتە بێت، ژمارەیەکی زۆر پیاو دەچنە سەر قەبران، دوای ئەوەی مردووەکە دەشورێت و کفن دەکرێت، دەیبەنە کلیسا قوداسێکی ئاینی بۆ دەکرێت، دواتر دەیبەن بۆ گۆڕستان، لەنێو قەبرەکەدا لەسەر گازەرەی پشت درێژ دەکرێت ڕووی لەڕۆژهەڵات دەبێت، بەڵام هی برایانی موسڵمانەکانمان لەسەر تەنیشت درێژ دەکرێت، دوای ئەوەی قەشەو شەماشە پێکەوە ڕێوڕەسمی بەخاك سپاردنی بۆ دەکەن و تقوسی دینی ئەو نووسراوانەی بۆ ناشتنی مردوو هەیە دەیڵێن، قەشە چەنگە خۆڵێك هەڵدەگرێت و بەسەر تەرمەکەدا دەیپرژێنێ بەو مانایەی کە هەمووومان لەگڵ دروست بووین و

دەبینەوە بەگڵ، ئینجا بە خاکەناس گۆڕەکە دادەپۆشرێ، دواتر نوێژێکی جەماعی بۆ دەکەن و چەند ئایەتێك کە بەشێوەی جەماعی دەگوترێ، خاوەن مردووەکە لە گۆشەیەك ڕادەوەستێت و خەڵك تەوقەی لەگەڵدا دەکەن و خەمباری خۆیانیان نیشان دەدەن، دواتر پێکەوە دەگەڕێنەوە نێو گوند و لەهۆڵێکدا کە بۆ پرسە دروست کراوە دادەنیشن، بەتەنیشت ئەم هۆڵە هۆڵی ژنان هەیە ئەوانیش دادەنیشن، جاران بۆ ماوەی سێ ڕۆژ پرسە بوو، بەڵام ئێستا بووە بە دوو ڕۆژ، خەڵك و خزم و کەس دێنە پرسە، ڕۆژی یەکەمی پرسە ناودەبرێت بە ( وەلیتە ) لەم ڕۆژەدا بۆنیوەڕۆکەی خواردن لێدەنرێت و هەموو گوندی هەرمۆتە و بەشێکیش لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەموو ئەو کەسانەی کە لە شوێنەکانی تر هاتوون لەم خواردنە دەخۆن هەرکەسێك لەم خواردنە بخوات، بۆ مردووەکە خێرە.



(کۆمەڵێك ئافرەت لەکاتی ئامادەکردنی چێشتی وەلیتە)



(نان خواردنی پیاوان)



(نان خواردنی ژنان)

ڕۆژی دووەم تـەنها خـزم و کـەس خـواردن لـەم قاعەیـەدا دەخـۆن، سـەرەتا پیاوەکـان خـواردن دەخـۆن دواتـر ژنـەکان لەهـەمان هۆڵـدا خـواردن دەخـۆن[١٣١]، تێـچووی ڕۆژی یەکـەمی تەعزییـە دەکەوێتـە سـەر شـانی خـاوەن مردووەکـە، ڕۆژی دووەمـیش خـزم و کەسـی بـۆی پێکـدێنن، ئەگـەر خـاوەن مردووەکـە بـاری ئـابووری خـراپ بـوو ئـەواخزم وکــەس ئەرکەکــە دەگرنــە ئەســتۆی خۆیــان. لــەنێو هەنــدێك بنەماڵــەدا ســندوقیان دروســتکردووە، مانگانــە لەهــەرخێزانێکی بنەماڵەکــە برێــك پــارە وەردەگــرن و لای کەسێکی خۆیان دایدەنێن و هەمووی لە سجلێکدا تۆمـار دەکـرێ، هـەرکاتێك تاعزییـەك هـەبوو لـەم پارەیـە سـەرف دەکـەن، ڕۆژی دووەمـی پرسـە ئێوارەکـەی قەشـە بـەناوی خاوەن مردووەکەوە زۆر سوپاسی ئەو کەسانە دەکات کە بەشـدار بـوون لـەم پرسـەیەدا، دواتر پێکەوە دووعایەك دەکەن و دوو ئایەت دەڵێنـەوە و سـەرەتا قەشـە تەوقـە لەگـەڵ خاوەن مردووەکە دەکات، دواتر خەڵکەکەی تر ڕیزدەبەستن و تەوقەیان لەگـەڵ دەکـەن و دەڕۆن، بەڵام کەسە نزیکەکانی مردووەکە دەچنە بـەردەم هـۆڵی پرسـەی ژنـان و ئـەو کەسـانە بانگـدەکرێن کـە نـزیکن لەمردووەکـە سەرەخۆشـی خۆیانیـان لێدەکـەن.دوای تێپەڕبوونی چل ڕۆژ چلەی بۆ دەکەن و خزم و کـەس لـەماڵی مردووەکـە کۆدەبنـەوە و نیـوەڕۆ خواردنێـك پێکـەوە دەخـۆن دوای تێپـەڕ بـوونی سـاڵێك دیـسان بـەناوی ( سـاڵ بڕین ) خزم و کەسی لە ماڵی خاوەن مردوو کۆدەبنەوە.

ئەم دوو دیاردەیە واتە ( چلە ) و ( ساڵ بڕین ) کاڵ بۆتـەوە هەنـدێ کـەس دەیکـەن و هەندێکیش نایکەن، لەکۆنـدا دوای تێپەڕبوونی یەك ساڵ ئینجا خزم و کـەس دەچـوونە ئاهەنگ و بۆنەکان، ئێستا دوای تێپەڕبوونی چـل ڕۆژ دەچـن زۆر جـار پابەنـدیش نـابن

---

([١٣١])تاساڵی ٢٠٠٩ پرسە سێ ڕۆژبوو، دواتر کرا بە دووڕۆژ.


بـەم چـل ڕۆژەش، یـاخود کـوڕو کـچە گەنجـەکانی خۆیـان بـۆ ئاهـەنگ دەنێـرن، بـەڵام بەتەمەنەکان تا ماوەیەك ناچن بۆ ئاهەنگ و سەیران.

لەکۆنـدا خـاوەن مـردوو تاماوەیـەکی زۆر بنێـشتیان نـەدەجوویی و گوڵەبەڕۆژەشـیان نەدەقرتانـد، تەلەفزیۆنیـشیان پێنـەدەکردوو ژنـەکانیش جلـی ڕەشـیان دەپۆشـی، پـاش ماوەیـەك خزمێـك دەهـات تەلـەفزیۆنی بـۆ دەکردنـەوە، بـەڵام ئێـستا بـەهۆی بـوونی کۆمپیوتـەرو فـەیس بـووك گرنگـی بـەوە نـادەن و تەلـەفزیۆن دەکەنـەوە، تـەنها تاقـە دیاردەیـەك کـە مابێتـەوە ئەوەیـە ژنـەکان بـۆ ماوەیـەك جلکـی ڕەش دەپۆشـن و ماکیـاژ ناکەن تاکو چلەی مردوش هەموو ڕۆژانی هەینی دەچنە گۆڕستان.

# بەشی سێیەم

## تەوەرەی یەکەم( ( یارییە فۆلکلۆرییەکان ) )

### ١- یاری کۆسانێ:[١٣٢]



(وێنەی یاری کۆسانێ)

---

(١٣٢) بێگومان لە زەمانی کۆندا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و ئامێرەکانی تری بیستن و بینین نەبووە، هەروەها کارەباش بەم شێوەیە نەگەیشتبووە گوندەکان، شەوانی زستانی دوورو درێژ وا بەئاسانی نەڕۆیشتووە، بۆیە پەنایان بردۆتە بەر کۆبوونەوەو گردبوونەوەی خزم و دۆستان و بە بەزم و قسەکردن و حیکایەتی گوێ ئاگردان و قسەی نەستەق و سوعبەت و بەگەمە و یاریی و خۆش کاتیان بەسەر بردووە، لەگوندی هەرمۆتەش وەك هەموو گوندەکانی تر چەند کەسانێکی حیکایەت زان هەبوون، حکایەت خوان ڕووی بکردایە هەر ماڵێك پێشوازیان لێ دەکرد و خزم و کەس لەماڵێك کۆدەبوونەوە، لەتاریکی شەوی زستان بەدیار سۆبەی دار و قوتیلەی چرا دادەنیشتن، حیکایەت خوان حیکایەتی دەگێڕایەوە، بەدەم بیستنی حیکایەتدا شەوچەرەی مێووژ و گوێز و... هتد. دەخوراو جگە لەخواردنەوەی چا زۆرجار شەرابی تێری خۆماڵیشیان خواردۆتەوە، شەرت نییە ئەو هەموو خواردن و خواردنەوەیان لەیەك شەودا خواردبێ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی شەوچەرەی جاران ئەم شتانە بوون، زۆر جار لەدوای گێڕانەوەی حیکایەت، یان زۆر شەو هەبووە حیکایەتیان نەگێڕاوەتەوە، بەڵکو خۆیان بەیارییەك خەریك کردووە.

کۆسانێ یەکێکە لەو یارییە فۆلکلۆرییە کۆنانەی کەتائێستاش ماوەتەوە، هیچ کەس لەپیاوە بەساڵچووەکانیش نازانن و لەباوك و باپیرانیشیان نەبیستووە کە کەی ئەم یارییە پەیدابووەو کێ بیرۆکەی ئەم یارییەی داناوە، ئەم یارییە لەزۆربەی یارییەکانی تر چێژ بەخشترە، چونکە جگە لەوکەسانەی یارییەکە دەکەن کەسانی دەوروبەریش چێژی لێوەردەگرن، یارییەکی زۆر خۆشە لەتەوای جیهان ئەم جۆرە یارییە نییەو تایبەتە بەمەسیحی یەکانی گوندی هەرمۆتە، بەتایبەتی لەوەرزی هاوینان دەکرێت. یارییەکەش لەسێ بەش پێکهاتووە:- ( ١- تەختە ٢- سوار ٣- چار ) هەوڵدەدەین یەکەیەکە ڕونیان بکەینەوە:یەکەم:( تەختە ) لەزەمانی کۆندا بەم شێوەیە دروست دەکرا، لەبن سێبەری دارزەتوون و ناوڕەزان، یان لەهەرشوێنێکی تر کۆسپەیەکیان بە قوڕێکی پڕ لە (کا)ی جوان شێڵدراو دروست دەکرد، کەشێوەی لەخشتێکی بڕاوە دەچوو درێژی یەکەی (٢٥-٣٠) سم وپانییەکەی ( ٨-١٠) سم دەبوو خشتەکە لەسەر درێژی بەئەندازەی چاو دەکرا بەدووبەش هەربەشەی دوازدە چووت کونیان بەچیلکە دارێك تیادەکردو وازیان لێدەهێنا هەتا وشك دەبووەوە دواتر بیست و چوار چلکە داریان دەهێنا هەرچلکە دارەش لەشێوەی نیوە قەڵەمێکی ڕەساس دەبێ، دوازدە چیلکە داریان پاك دەکرایەوە ڕەنگی سپی دەنواند، بەڵام دوازدە چیلکەدارەکەی تریان بەتوێکڵەوە دەهێشتەوە تاوەکو لەیەکدی جودا بکرێنەوە، بەهەریەك لەم چیلکە دارانەش دەوترا سوار، دوازدە چیلکە داریان دەخستەلایەکی کۆسپە کونکراوەکە دەخرێتە ئەو کونانەی دەکەونەبەشی دەرەوەی، واتە دوای چەقاندنی دوازدە سوارەکە بەشێوەیەکی ڕیز بەند (دوازدە) کونی تر بەتەکیانەوە دەمایەوە، بۆلایەکەی تریش لەم دوازدە چووت کونە لایەکیان وەردەگیرێ لای دەرەوە دوازدە چیلکە دارەکە دەچەقێنن بەم شێوەیە دەردەچێت:لەسەر تاتە قووڕەکە چوارڕیزە کون هەیە

هەرڕیزەی (١٢) خانەی لەسەرە، هەر لایەی ( ١٢) سواری تیا دادەنێن، واتە (٢٤) خانە بۆسوارەكان و(٢٤) خانە بە بەتاڵی دەمێننەوە، بەڵام ئێستا پارچە لەوحەیەك بەو ئەندازەیەی وتمان یان بچوكتر ئامادە دەكرێت كونەكانیش بەهەمان شێوە بەدرێل دەكرێن. دوازدە سواری ڕەش بۆلایەكیان دەبێت (١٢) سواری سپیەكەش بۆلایەكەی تر، بەم شێوەیە لەسەر پارچە تەختەی خانەخانە كراو دەتوانرێت یاریەكە وەكو هەموو یاریەكانی تر بگوازرێتەوە بۆ هەموو شوێنێك.

جگە لە تەختەو سوار بەشێكی ترمان هەیە بەشی سێیەمی یاریەكەیە پێی دەڵێن (چار )چۆنییەتی دروستكردنی چار دوو دار دەهینرێت دریژیەكەیان ٢٠ -٢٤ سم بێت ئەستوریشیان بەقەد دەسكی خاكەناسێك یان كەمتر بێت، لە ناوەراستەوە لەسەر شیوەی دریژی هەریەك لە دارەكان دەقلێشێنرێن و دەیانكەن بە دوو لەت، هەر لەتەش دوو دیوی هەیە دیوی ( تەخت ) و دیوی (كەوانە ) دیوی تەخت یان (زگ) دیوێكی ڕاست و سپییە دیوی كەوانەیی یان (پشت )كەوانەیەو توێكڵی دارەكەی پێوە ماوەو مەیلەو ڕەشە. ئەمە جۆنیەتی دروستكردنی كەل و پەلی یاریەكەبوو، چۆنییەتی یاریكردن:دوای دانانی (تەختە)و دامەزراندنی (سوار)ەكان و (چار)ەكان كەسەكان ئەبن بە دوو گروپ، هەرلایەك یەك كەس تا سێ كەس دەبن، واتە یەك بەیەك، دوو بەدوو، یان سێ بەسێ، دەتوانن زیاتریش بن، بۆنموونە سێ كەس لەوبەر سێ كەسی تریش لەوبەر، كەسێك لە كروپی یەكەم دەبێت بە وەستا لە تەنیشت تەختە كون كراوەكە دادەنیشێت شریكەكانیشی لە تەكییەوە دادەنیشن و گروپەكەی تریش بەهەمان شێوە، واتە دانیشتنەكە شێوەی دانیشتنی سفرەی نان خواردن وەردەگرێت.

ئەو کەسەی وستایە لە گروپی یەکەم، ئەو کەسەی کە وستایە لە گروپی دووەم یەك لەم دارانە (چارانە ) وەردەگرێت و بە ئەندازەی یەك مەتر  بەرزی دەکاتەوە تەقڵەیەکی پێ لێدەدات و فڕێی دەدات، ئەگەر کەوتە سەر پشت واتە لای تویکڵەکەی لەسەر ڕووی زەوی بێت و ڕووە تەختەکەی بەڕووتەوە بڕوانێت ئەوە گەمەکە دەکەوێتە دەست ئەم گروپە، گروپەکەی تریش هەمان شت دەکەن ئەگەر هەر بەم شێوەیە دەرچوو دووبارەی دەکەنەوە، هەر گروپە هەمان کردار دەکەن تا یەکێکیان دەکەوێتە سەر پشت و ڕووە سپیەکەی بەدیار دەکەوێت، لە شێوەی خەت و شێرانێ وایە بۆئەوەی بزانی گەمەکە دەکەوێتە دەست کام لەم گروپانە. دوای ئەوەی کەوتە دەست یەك لەم گروپانە کۆتاکەس لە کروپەکە یاریی دەکات، دواتر ئەوەی تەنیشتی کۆتاکەسە کەوەستایە لێدەدات، بەڵام بۆ گروپەکەی تر لە دوای ئەوەی وەستای گروپی یەکەم لێیدا یەکسەر وەستای گروپی دووەم وەریدەگرێت.

چۆنییەتی یاریکردنیش چوار پەلەدارەکە وەردەگیرێن و هەردوو پارچەیەکیان پێکەوە بەدەستێك دەگیرێت و دوو پارچەکەی تریش بەدەستەکەی تر، لەشێوەی پەلیکانێ لە شوێنی خۆی لێکدەدرێ یەك لە مانەی لێ دەردەچێت:(کۆس)،(دوو)،(سێ)،(چوار)،(شەش).

کۆس:-لەئەنجامی لێکدانی هەرچوار پارچەدارەکان  ئەگەر سێ لەدارەکان کەوتنە سەر زگ واتە، کەوتنە سەر دیوە تەختەکە یەکێکیشیان کەوتە سەردیوە کەوانەیەکە واتە دیوی دەرەوەی کە تویکڵی پێوەیە ئەوادەبێت بەکۆس.دوو:- ئەگەر دوولەچارەکان یاخوت بڵێین لەشەپکەدارەکان کەوتنە سەرپشت دووەکەی تریش کەوتنە سەر زگ ئەوا پێی دەڵێن دوو، واتە دوو داریان  شێوەیەك وەردەگرن دووەکەی تریش

شـێوەیەك.سـێ:ـئەوەیەلـەم چـوار پەلـەدارە سـیانیان کەوتبنـە سەرپـشت، واتـە ڕووە تەختەکـە بەڕووتـەوەبوو، یـەکێکیان کەوتەسـەر زگ، واتـە ڕووە کەوانەیەکـە یـاخوت بڵـین ڕووە توێکڵدارەکـە بەڕووتـەوەبوو ئـەواپێی دەڵـێن سـێ.چـوار:- ئەوەیـە چـارەکان یـاخوت پەلـەدارەکان بکەونەسەرپـشت، واتـە هەچـوار ڕووە سـپی و تەختاییەکـە بەڕووتـەوە بـڕوانن پێـی دەڵـێین چوار.شـەش:- ئەوەیـە هەرچوار پەلەدارەکـە بکەونـە سەرزگ، واتە ڕووە کەوانەیەکە یاخووت بڵێین ڕووە توێکڵەکە بەڕووتەوەبێت.

گروپی یەکـەم هەریـەك لەکەسـەکان پەلـەدارەکان لێکدەدەن تانۆرەیـان تـەواودەبێت، ئینجا گرووپەکەی تـر لێدەدات، بـەڵام مـەرجێك هەیـە هەرکەسـە چ لـەگروپی یەکـەم، یان دووەمدا بێـت دبێـت کۆسـێك بهێنێـت دەنـا هەرچـەندە ( دوو، سـێ، چـوار، شـەش) بهێنێت بۆی ئەژمار ناکرێت ئەوکەسەی کۆسـی هێنابێـت  پێیـدەڵێن( زا) ئـەوەی کـۆس نەهێنێت پێی دەڵێن( قسر)ە هەرکۆسەو یەك لەتەڵـەدارەکان (سـوارەکان) ئـازاد دەکـات، بەمانایـەکی تـر ئـەودارەی سـەرەتا بـەکۆس نـەجوڵابێت ناتوانرێـت دەسـتی لێبـدرێت، بۆئـازادکردنی هـەر(دوازدە) سـوارەکان دەبێـت ئـەم گرووپـە (دوازدە) کۆسـی هێنابێـت. بەم شێوەیە بـەهاتنی  کـۆس و ژمارەکـانی تـر سـوارێك یـان چـەند سـوارێك دێنـەدەرێ بە(دوازدە) خانەکەی تەنیشت خۆی دەڕوات و بە(دوازدە) کونی دیوی گرووپەکـەی تـر هەنگاوبەهــەنگاو دادەڕوات و تادەگاتــە ڕیــزی خانــەکانی ئەوبــەروو بــەپێی هــاتنی ژمارەکـان دەتوانێـت ئـەو سـوارانە بکوژێـت کەهاتوونەتـە سـەرڕێی، سـوارەکانیان دەکوژێـت ئەگـەر پێڕانەگەیـشت گرووپەکـەی تـر دەیکـوژن، ئەگەردەرفـەتی بۆهـات دەچێتە نێو شاری گرووپەکەی ترو خۆی قایم دەکات و بەرلە بەر دەستدەکات بەسوار کوشـتن.بـەم شـێوەیە سوارسـوار دەکوژێـت تاتـەواو لایـەکیان هـیچ سـواری نـامێنێ و لایەکەی تر چەند سوارێك یان تەنانەت تاقەسوارێکیشیان بمێنێ براوەن.

لـەم یارییـەدا چـەند جۆرێـك قـسرکردن هەیـە:(یەکـەم):- ئەگـەر کەسـێك تاکۆتـایی یارییەکـە کۆسـی نـەهێنابێ ئـەو سـوارانەی کـە بـەکۆس دەجوڵێنـەوە هـەر هـەمووی

بکوژرێت دەبێ سەرلەنوێ ( کۆس) بهێنێت دەنا هەر چ ژمارەیەکی تر بهێنن بۆیان ئەژمار ناکرێت.

(دووەم):- ئەگەر گروپێك هەمووی کۆسی هێنابێت، ئەو سوارانەی بەکۆس جوڵابنەوە هەر هەمووی بکوژرێت، دەبێت سەرلەنوێ کۆس بهێننەوە، دەنا هەرچ ژمارەیەیەکی تر بهێنن بۆیان ئەژمار ناکرێت.

( سێهەم ):- ئەگەر ئەوسوارەی چووە شاری گرووپەکەی تر ئەوانیش هەموو سوارەکانی خۆیان هێنادەر ئەوسوارانە هەموو گیردەبن و دەچەقن و ناتوانن بێنەدەر ناتوانین بەکاریان بهێنین، تەنها دەتوانین لەو کاتەدا بەکاریان بهێنین کەهیچ سوارێکی تریان بەدەستەوەنەبێت، واتە وەك یەدەگ بوکاتی پێویست بەکاردێن، لەوکاتەش پێویستە کۆس بهێنن بۆدەرکردنی یەك سوار، واتە لێرەدا یەك لەشریکەکان کۆس بهێنێت بەسە نەك تەواوی شریکەکان، بەپێچەوانەی سەرەتای یارییەکەیە، واتە بۆت هەیە تەنهایەك سوار دەربهێنیت کەچی ئەکەر لەشاری خۆت بیت بەئارەزووی خۆت دەتوانیت ( سوار) دەربهێنیت، تێبینییەکی تر ئەگەر لەشارەکەی خۆت بیت دەبێت هەموویان کۆس بهێنن، واتە ئەوەی کۆسی نەهێنا خاڵەکانی بۆئەژمار ناکرێت، بەڵام لەمەیان یەك کۆس بەسە کەسوارەکە هاتەدەر خاڵەکانی هەموو گرووپەکە ئەژمار دەکرێن.

دوومێردە:- ئەوەیە سوارێکی خۆت لەسوارێکی خۆتی دەدەیت دەبێت بەدووسوار، واتە لەیەك چیلکەدارو یەك( سوار) کۆدەبێتەوە لەوکاتەشدا تەڵە دارێکی جیاواز دادەنرێت تاکو بناسرێتەوە، سوارەکەش لەشێوەی دولکی دارلاستیکێکی بچوك دەبێت و لەسەرەوەی دوولکی لێدەبێتەوە بۆئەوی لەناوسوارەکاندا بناسرێتەوە کەئەم سوارە

دوومێردەیە.سێ مێردە:- سێ سواری هەمان گروپ لێکدەدرێن.چوار مێردە: بەهەمان شێوە چوار سواری هەمان گرووپ لێکدەدرێن، پێنج مێردەو شەش مێردە....هتدبەهەمان شێوە. سودەکانی کردنی (سوار) بەدوومێردەو سێ مێردە..هتد ئەوەیە تاکو بەیەك کەڕەت دووسوار یاسێ سوار کەئاوێتەی سوارێك بووین ڕووبگەنە شاری گرووپەکەی ترو سوارەکانیان بگوژێت، ئەگەربمانەوێ لقێکی لێبکەینەوە، بۆنموونە ئەگەر سێ مێردە بوو بیکەینەدوومێردە، یان بیکەینەوەبەیەك مێردە، واتە هەڵیوەشێنینەوە ئەوادەبێ(کۆس) بهێنین، بەهاتنی ( کۆس)دەتوانین سوارێك (تەڵەدارێك) لەپێش ئەوسوارەی کەسێ مێردەیە بچەقێنین سێ مێردەکە دەبێت بە دوومێردە بەهاتنی یەك کۆسی تر دیسان سوارێکی تر لەپێش سوارە دوومێردەکە دەچەقێنین، بەم شێوەیە دەبێتە سێ سوارو سێ مێردەکەش هەڵدەوەشێتەوە، زۆرجار دوومێردە یان سێ مێردە...هتد دەکەوێتە بارێکی ترسناکەوە لەلایەن گرووپەکەی تر هێرشی بۆدەبرێت و دەکوژرێت، بەکوژرانی سێ مێردەش واتە سێ سوار لەم گرووپە کوژرا، ئەکەر هەل و دەرفەت لەبارنەبوو باش نییە دوومێردەو سیێ مێردە بکرێت، چونکە ئەم یارییە وەکوشەڕێك وایە لەنێوان دووهێز پێویستی بەهونەرو تەکتیك هەیە.

شێت بوونی سوارو هۆکارەکانی: یەکەم:(شێت بوونی سوار بەبێ مەبەست )، ئەگەرسواری گروپێکیان گەیشتە شاری گرووپەکەی تر هیچ سوارێکی ترنەبوو بیجوڵێننەوە بەهۆی نەبوونی (کۆس) سوارەکانی تر کۆت و بەند کرابوون، ئەوا ئەم سوارە شێت دەبێت، هەر ژمارەیەك بێت دەبێت تەنها هەر بەم سوارە بجوڵێتەوە، ئەگەر نەکوژرێت لەلایەن گرووپەکەی تر دووبارە دەچێتەوە ناوشارو دەست دەکات

بەکوشتن، یان دەتوانێت بێتەوە لایەکەی خۆی بەو دوازدە خانەیە دووبارە بخوولێتەوەو بچێتەوە لایەکەیتر.

دووەم:- (شێتبوونی سوار بەمەبەست): ئەم گرووپە خۆی ئەم سوارە شێت دەکات، چونکە وای لێکدەداتەوە کەئەم سوارە سوارێکی زۆر لەگرووپەکەی تر دەکوژێت، یان هەموو سوارەکان دەکوژێت کەبە(کۆس )جولاونەتەوە کەهەمووی کوشتن ئەوان قسر دەبن دەبێ دووبارەکۆس بهێنن دەنا ناتوانن دەست بدەنەگواستنەوەی هیچ سوارێك. ئاقڵکردنی سواری شێت: ئەگەربمانەوێ سوارە شێتەکە ئاقڵ بکەین دەبێت کۆسی تر بهێنین و ئەوسوارەی کەشێت بووە لەنێوان شاری گرووپەکەی تر چەند سوارێکی پەڕاندووە دەبێت سوارێکی تر بنێریت تابچێت ئەم سوارانە بکوژێت کەپشتی سوارەکەی تۆی گرتووە، بەکوژرانی ئەم سوارانەو نەمانی مەترسی لەسەر سوارە شێتەکە ئەوا ئاقڵ دەبێتەوە.

**سوودەکانی کۆس:**

١- بەهاتنی کۆس یەك خانە سوارەکە دێتەپێش.

٢- هەمووسوارێك لەکۆت وبەند ڕزگار دەکات.

٣- ڕێگا بەیارییەکەدەدات لەدوای هێنانی کۆس ژمارەکانی تری بۆحیساب بکرێت.

٤- ئەگەر دوومێردە یان سێ مێردە...هەبوو بەکۆس دەکرێنەوەبە یەك مێردە...

ئەوانی تر( دوو، سێ، چوار، شەش) هەریەکەیان ئەوەندەخانەیە دەبڕن دوو تەنها دووخانەدەبڕێت سێ تەنها سێ خانەدەبڕێت...هتد.

ئەوکەسەی کەچارەکانی(چوارەکان)ی لێکداو یەك لەمانەی هێنا ( کۆس )(چوار)(شەش) دووبارەلێدەداتەوە، بۆجاری دووەمیش هەریەك لەمانەی ئاماژەمان پێکرد هات دیسان سێ بارەدەبێتەوە بەم شێوەیە هەتا کۆس وچوارو شەش بێت هەمان کەس دەتوانێت هەرلێبداتەوە، بەڵام ئەگەر هەریەك لەمانەی هێنابوو (دوو) (سێ) واتە ئەگەر (دوو) هێنا دووخانەکەی بۆ ئەژمار دەکرێ سوارێك دووخانە دەچێتەپێشەوە، ئەگەر (سێ)ی هێنا سوارێك سێ خانەدەچێتەپێشەوە، بەڵام لەحاڵەتی هێنانی (دوو) و (سێ) ناتوانێت هەمان کەس دووبارە لێبداتەوە، دەبێت بیداتەکەسی تەنیشت خۆی.هەمووئەم ژمارانە پێویستن، چونکە جاری وەها هەیە هەریەك لەگرووپەکان یەکێ یەك سواریان ماوە دەکەونەڕاوەنانی یەکتر، چاری وەها هەیە پێویستی بە(دوو) هەیە، چونکە سوارەکەی گرووپەکەی تر دووخانە لەسواری گرووپی یەکەم دوورترە، بەهێنانی (دوو) سوارەکە دەچێتەشوێن سواری گرووپەکەی تر، هەڵیدەداتە دەرەوەو سواری خۆی شوێنی سواری گرووپەکەی تردەگرێتەوە، یارییەکە دەبەنەوە، یان جاری واهەیە یەك خانە لەسوارەکە دوور دەبێ( کۆس )بێت، بەم شێوەیە هەمووژمارەکان سوودیان هەیە، بەڵام کاتی دەستپێکردنی یارییەکە (کۆس) زۆر گرنگە، چونکە کلیلی کردنەوەی یارییەکەیە، (کۆس)و(شەش) لەهەموویان باشتر یارییەکە بەرەو پێش دەبات ( کۆس) بۆئازاد کردنی سوارەکان،(شەش)یش بۆبەرەوپێش بردنی سوارەکان زۆر خێرایە، ئەمەچوەتە ناو فۆلکلۆریشەوە کەدەڵێن ئەگەر ئەوشتەم بۆسەرکەوتبایە ( کۆس وشەش) بوو، واتە ئەم ( کۆس و شەشە ) لەم یارییەوە هاتووە، هەربۆنموونە عەزیزی مەلای ڕەش لەڕۆمانی (بۆرەی قەپلان)دا بەکاری هێناوە، لەکۆتایی دەڵێین پێویستە گرنگی بەم یارییە بدرێت و لەسنوری هەرمۆتە بچێتەدەرەوەو لەشارەکانی

تریش بکرێت، بۆئەمەش پێویستی بەکردنەوەی خول هەیە، چونکە ئەم یارییە زۆرخۆشە لەزۆر یارییەی تر چێژ بەخشترە.

## ٢- خوێی داخکراو:

ئەم یارییە تایبەت بووە بەگوندی هەرمۆتەو لەشەوانی زستانان کراوە، ئەوەیە کە لەناو قاپێکی گەورە یان مەقلییەك بڕێك خوێ دەخرێتە سەر ئاگر تا تەواو خوێیەکە داغ دەبێت، ئینجا قوتیلەو چراکان کز دەکرێن یان دەکوژێندرێنەوە، دواتر خوێیە گەرمەکە لەسەر ئاگر دادەگیرێت و نەختێك مەی (عارەق )ی دەکرێتەسەر، دووکەڵێکی شین و کەسك و مۆر لەم خوێ و مەیە پەیدادەبێ، تەواوی ژوورەکە دادەگرێت و لەهەموولایەك دەبێتە پێکەنین، چونکە ئەم دووکەڵە وادەکات کە کەسەکان بەنارێکی بێنە بەرچاو، چاوەکانیان دەبریقێتەوەو شێوەشیان زۆر سەیرو سەمەرەو پێکەنیناوی دەردەچێت، هەرکەسە کەسەیری ئەوانەی بەرانبەری بکات پێکەنینی دێت، ئاوێتەبوون و تێکەڵبوونی جۆرەها ڕەنگ لەنێو دووکەڵی خوێیە مەی بەسەر دارژاوەکە دەبینرێت و دەم و چاوی کەسەکان زۆر سەیروسەمەرە دێنە پێش چاو، ئیتر لەهەموو لایەك دەبێتە پێکەنین و ساتێکی خۆش بەم جۆرە بەزمە بەسەر دەبەن.

**٣- هێنانی مەیموون و ورچ بۆ نمایش کردن:**



**لەکۆندا تەلەفزیۆن نەبوو، تاوەکو لەڕێی ئەوەوە خەڵك جۆرەها ئاژەڵ ببینێ، بۆیە تاوەکو ساڵانی( ١٩٥٥ )یش قەرەج مەیمون و ورچیان دەهێنا لەمەیدانێك لەنێو گوندی هەرمۆتە کۆدەبوونەوە، هەرکەسەو بڕێك پارەی دەدا یان دوو کەس پارەیان دەدا، واتە دەبوایە شتێکیان پێبدرێ، بۆ ماوەیەك سەمایان بەورچەکە یان مەیمونەکە دەکرد و خەڵکیان دەهێنایە پێکەنین، پەتیان لەملی مەیمونەکە دەکرد، بەڵام ورچەکان هەلقەیان لە لوت دەکرا بۆ ئەوەی دەروەستیان بێن و لەدەستیان ڕانەکەن، ناوبەناو زنجیریان شۆڕدەکردەوە ورچەکە بەلای کەسێك دادەچو، ئیتر ئەو کەسە ڕایدەکردوو خەڵکەکەش هەمووی پێدەکەنین! بەم شێوەیە کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد، دواتر ورچەکە یان مەیمونەکەیان بۆ گوندێکی تر دەبرد [١٣٣]**

---

**[١٣٣] دیدەنی لەگەڵ ( صلیوە عیسا کەریم ) لەدایکبووی ١٩٤٣ خوێندەوار، کۆیە – هەرمۆتە، ٢٩ / ١٠ / ٢٠١٢.**

**٤- تەڵەو ڕێویانێ:**

گروپێك كۆدەبوونەوە كەسێك دەبووە تەڵە هەردووپێی و هەردوو دەستیان دەبەست، كەسێكیش دەبووە ڕێوی دەستیان دەهاویشتە نێوان پەتی دەستە بەستراوەكان، هەردوو قاچەكانیشیان دەهاویشتە نێوان هەردوو قاچە بەستراوەكان ئیتر بەیەك دوو كەس وەریان دەگیرا، كابرای تەڵە خۆی قایم دەكردو یەك دووكەسیش بەشوڕاكان لەڕێوییان دەداو كابرای ڕێوی هاواری لێ هەڵدەستا، هەموو لایەك پێدەكەنین و دەیانگوت سۆرە ڕێوی بەتەڵەوە بووە [١٣٤]

**٥- لاق بەستانێ:**

هەر دووكەس لەتەنیشت یەك ڕادەوەستان قاچی ڕاستی یەكێكیان بەقاچی چەپی ئەوەی تر دەبەسترایەوە، چەند كەسێكیان والێدەكرد ئینجا لەگەڵ گوتنی یەك دوو سێ یان لەگەڵ فیكە لێدانێك ڕایاندەكرد، دەبوایە ئەو دووكەسە لەئەندازەی ڕاكردنەكەیان بزانیبایەو هاوسەنگییەكیان ڕابگرتایە، دەنا دەكەوتن و لەیارییەكە دوادەكەوتن، چونكە هەتا هەڵدەستانەوەو ڕایان دەكردەوە ئاوانی تر چەند هەنگاوێك دەچوونە پێشەوە، بەم شێوەیە ئەو دووكەسە بەستراوەی بیانتوانیبایە بگەنە شوێنی دیاریكراو پێش ئەوانی تر بكەوتبوونایە ئەوا یەكەم دەبوون ئەوانی تر كە بەدواوەیان دەهاتن دووەم و سێیەم دەبوون.

---

[١٣٤] دیدەنی لەگەڵ ( هورمز عیسی كەریم )،خوێ، كۆیە-هەرمۆتە، ١٤ / ١ / ٢٠١٣، دووشەم.

### ٦- لینگە شەلە:

دووکەس یان زیاتر لەیەك شوێن دەوەستن و قاچێکیان بۆ پشتەوە دەنوشتێننەوە، لەسەر یەك قاچ هەمباز دەهاون، نابێت قاچەکەی تر بەرزەوی بکەوێت، ئەوەی زوو ماندوبێت و قاچی زوتر لەسەر زەوی دابنێت ئەوە یارییەکە دەدۆڕێنێ، یان ئەوەی دواکەوتبێت دواکەس کە قاچە نووشتاوەکەی لەزەوی دابنێت بەردەوام دەبێت لەم یارییە ئەوا ئەو دەیباتەوە.

### ٧- پەلیکانێ:

ئەم یارییە لەنێوان کوڕان و کچانیش دەکرێت، لەنێوان دووکەس دەبێت، دوو کوچکە بەرد دادەنێن پارچە دارێکی لەسەر دادەنێن کە (٣٠-٤٠)سانیمەتر دەبێت ئەستوریەکەشی هێندەی تیرۆکێك دەبێت، دارێکی تر بەکار دەهێنن کە مەترێك درێژ دەبێت لەدارەکەی تر ئەستورتردەبێت، دەیخەنە بن ئەو دارەی کەلەسەر دووکوچکە بەردەکە دانراوە، بنی بۆش دەبێت پێیدەڵێن پەلیك، بەدارەکەی تر دەڵێن داردەست، کاتێ کە لە چاڵەکە بەرزی دەکەنەوە، دارێکی بەخێرای لێدەدرێ، پەلیکەکە دەردەپەڕێ جاری وەهاش هەیە دارەکە بەپەلیکەکە ناکەوێت، کاتێ کە دار دەستەکە بەپەلیکەکە دەکەوێت و دەردەپەڕێ ئەوا بەپێ دەیپێون کەسی دووەمیش هەمان کرداری دووبارە دەکاتەوە ژمارەی پێیەکانی کامەیان زیاتر بوایە ئەوا ئەو یەکەم دەبوو یارییەکەی دەبردەوە.

**٨- قایە قایانێ:**

ئـەم یارییـە لـەنێوان دووکـەس تـاوەکو سـێ کـەس و چـوار کەسـیش دەکـرێ، هـەر کەسەی سێ قایەی پێ دەبێت، هەر قایەی لەسێ بـەرد پێکـدێت، هـەر بـەردەی هێنـدەی دەنکە ترێیەك دەبێت.بەردەکانی هەموو کەسـەکان تێکەڵ دەبـن، بـۆ نموونـە یارییەکـە لەسـێ کـەس پێکهاتبێـت، هەرکەسـەی سـێ قایـە دادەنێـت و هـەر قایـەی لەسـێ بـەرد پێکهـاتووە، واتـە ئەگـەر سـێ کـەس یـاریی بکـەن ئـەوا بیـست و حـەوت بـەرد لـەزەوی دادەنرێـت، کەسـی یەکـەم بـەردێکیان دەکاتـە دەسـت بـەردوو بـۆ سـەرەوەی هەڵـدەدات، چـنگ لەسـێ بـەردان دەدات و بـەو مەرجـەی ئـەو بـەردەی بـۆ سـەرەوە هەڵـدراوە نەکەوێتە سەر زەوی، واتە دوای ئەوەی کە چنگ لەسێ بـەردەکان دەدات، دەبـێ لـەکاتی هاتنـە خـوارەوەی بـەردە هەڵدراوەکـە چـنگ لـەویش بـدات و نەکەوێتـە خـوارەوە، بـەم شـێوەیە بەهەڵگرتنـەوەی هەرسـێ بـەرد دەگـوترێ قایـە، ئەوکەسـە بـەردەوام دەبێـت تـاوەکو بەردەکـەی لەدەسـت دەکـەوێت، قایـەکانی دەژمێـرن، بـۆ نموونـە توانیوویـەتی پـازدە قایـە هەڵگرێتـەوە، چـونکە ئەگـەر هـەموو بـەردەکان هەڵبگرێتـەوە ئـەوا دیـسان بـەردەکان دادەنرێتـەوە تـاوەکو دەسـوتێت، ئینجـا کەسـی دووەم و سـێیەم هـەمان شـت دەکەنـەوە، ئـەوەی قایـەی لەهـەموویان زیـاتر هەڵبگرێتـەوە گەمەکـە دەباتـەوەو گـوپ لەکەسەکانی تر دەدات.

**٩- هەچارەکەم:**

ئەم یارییە بەچوار بەرد دەکرێ، سێبەرد لەزەوی دادەنرێ یەکێکش بەدەستی دەبێت، ئەو بەردەی بەدەستییەوەتە بەرەو سەرەوە هەڵیدەدات، ئینجا چنگ لەوسێ بەردە دەدات کە لەسەر زەویەو هەڵیان دەگرێ. بەمە دەڵێن هەچارەکەم ئەوەیەك، ئینجا ئەو چوار بەردەی لەنێو مستی دایە سیانیان دایدەنێت و بەردێکیان بەرزدەکاتەوە دیسان چنگ لەبەردەکان دەدات دەڵێت هەچارەکەم ئەمە دوو، بەم شێوەیە هەچارەکەم ئەمە سێ و هەچارەکەم ئەمە چاریش دەکات.

هەمان شت پات دەکاتەوە بەردێك بۆ سەرەوە هەڵدەدات و چنگ لەسێ بەردەکەی تر دەدات و دەڵێت:

حەلامەقۆ دەستم چەقۆ

( بۆ جاری دووەم دەڵێن)

حەلامیار دەستم چیار

لەباتی یەك هەڕوە سێ جار

مەریەم عەذرا بمکە قوتار

ئەی خودایە بمکە ڕزگار

دواتر هەموو بەردەکان لەزەوی دادەنرێن و بەدەستی لە زەوییەوە یەك یەك بەردەکان فرێ دەدرێن بۆ چینگ و دەڵێت:

هێولا هێولا

دواتر هەریەك لەبەردەکان فڕێ دەدرێ بۆ سەرەوە دەڵێ:

هەرمەشی کلك تەشی،

چەتیمۆکەی لەبەر نەقشی،

دابنیشی.

هەتاوەکو هەر پێنج بەردەکە دەکەوێتە نێو چینگ دواتر هەموو بەردەکان یەك یەك بۆ سەرەوە هەڵدەدرێ و بەدەستێك هەموویان هەڵدەگرێتەوە دەڵێ:

مام ئۆمەرە، کازۆخ کمەرە، شوپلەئەرە.

ئەمە گوتەیەکی سریانییە، واتە ((مام ئۆمەرە، زگت دێشێ، لەزەوی بیخشێنە)).

ئینجا هەریەك لە بەردەکان بۆسەرەوە هەڵدەدرێ و یەکێك لەبەردەکان دەگرێتەوە بەردێك بە بەردەوامی لە نێوچینگدا دەمێنێنەوە لەکاتی یاریکردنەکەشدا دەگوترێ

بتەقە، بتەقە، بتەقە

دوای وی دەگوترێ: مەتەقە، مەتەقە، مەتەقە.

هەریەك لەبەردەكان بۆ سەرەوە فڕێدەدرێ و دانەیەك هەڵدەگیرێتەوە بەمەرجێك لەناو چینگدا هەرپێنج بەردەكە كۆدەبنەوە، نابێت بەیەك بكەون و تەقەیانبێت، ئەگەر بەریەك بكەون ئەوا ئەو كەسە دەدۆڕێنێت و سرەی وەڵاشەكەی دێت، دوای ئەویش دیسان بەردێك بۆ سەرەوە هەڵدەدرێ و بەردێك لەچەنگیەوە فڕێ دەدرێ هەتاوەكو هەموو بەردەكان ئاڵ و گۆڕی پێ دەكرێ و دەگوترێ: هێلكم یەك، هێكم چوو، ئەوەش لەبەر خاتری توو، دوای ئەوە قۆناغی قوبە دێت ئەویش ئەویە كەچەنگ لەعاردی دادەنرێ بەو مەرجەی لەنێوان هەر پەنجەیەكدا بەردێك دادەنرێ، دەگوترێ ( كامە مەلا )یە، بەرامبەرەكەشی دەڵێ: ( ئەوە مەلا ) بەردێك دەستنیشان دەكات. بەردەكە بۆ سەرەوە هەڵدەدرێ و بە پەنجەیەك لە یەكێك لەبەردەكان دەدرێ و بۆ ئەوەی لەنێو پەنجەكەدا بۆ ناوەوەی چەنگ ڕەوانە بكرێ، لەحاڵەتی ئەوەی كە پەنجە لەو بەردە دەدرێ بۆ ئەوەی بۆ نێو چەنگ ڕەوانە بكرێ ئەوا پێویستە بەردەكەی نێو دەست لەئاسمان بێت و نەشهێڵێ بكەوێتە خوارەوە، یارییەكە كۆتای دێت، ئەم یارییە زیاتر لەسەر گوپ لێدان دەكرێ كامەی كە زوو بردییەوەو نەكەوت، ئەوا گوپ لەكەسەكەی تر دەدات.

### ١٠-پێنجوكانێ(پێنج بەردوكانێ) ( تەق مەنجانێ ):

ئەم یارییە بەپێنج بەرد دەكرێ، هەربەردەی دەنكە ترێیەك دەبێت، بەم شێوەیە دەكرێ ئەم یارییە لەنێوان دووكەس یان سێ كەس دادەكرێ، هەر دوو پشتی دەستی لێكدەدات و هەر پێنج بەردەكە دەخاتە سەریان بەرەو سەرەوە هەڵیاندەدات و ئینجا هەردوو لەپی دەست پێكەوە دەنووسێندرێن و بەردەكان دەگرێتەوە، ئینجا سەرجەم بەردەكان لە زەوی دادەنرێ یەكێك لەبەردەكان دەبێت بەدەست بەرد بۆ سەرەوە

هەڵدەدرێ و تاودەدا بـەردێك هەڵبگرێتـەوە و بـەو مەرجـەی ئـەو بـەردەی بـۆ سـەرەوە هەڵـدراوە نابێـت بکەوێتـە خـوارەوە، بـەڵکو دەبـێ ئـەویش هەڵبگیرێتـەوە، یـەك یـەك بـەردەکان هەڵدەگیرێتـەوە، ئینجـا بەهـەمان شـێوە ئـەم جارەیـان دوو بـەرد دووبـەرد پێکەوە هەڵدەگیرێتەوە.

دواتـر سـێ بـەرد بەیەکـەوە هەڵدەگیرێتـەوە، ئینجـا تـاك بەردەکـە، لـەدوای ئـەویش هەرچوار بەردەکە بەیەك چنگ لێدان هەڵدەگیرێتەوە. دواتـر قۆنـاغی ( زیـزی ) دێـت، ئەمەیان ئەوەیە تاك تاکەی بەردەکان لەزەوی هەڵدەگیرێتەوە بەمەرجێك دوا بـەرد کـە هەڵگیرایـەوە هـەموو بـەردەکان لـەنێو چـەنگی دابـن. دوا دواقۆنـاغ کـەپێی دەڵـێن ( دەروازە ) پەنجە گـەورەی دەسـت لەگـەڵ پەنجـە دۆشـاو مـژەی دەسـت لێکدەکرێنـەوە و بـەردەکان ڕودەکـرێن، بەکەسـی بەرانبـەر دەگـوترێ کامـەت مـەلا ئـەویش بـەردێکی وا دەکاتە مەلا کەزۆر نزیك بێـت لـە دەروازەکـەوە، چـونکە لـەکاتی ئـەوەی کەبـەردێك بـۆ سـەرەوە هەڵـدەدرێت و بەدەسـتی بـەردێك بـۆ دەروازەکـە ڕادەماڵرێـت دەبێـت ئـەو بـەردەی ئاسمـان بگرێتـەوەو ئـەو بـەردەی کـە دەچـێتە نێـو دەروازەکـەوە بـەو بـەردە نەکـەوێت کـە بـە ( مـەلا ) نـاوبراوە، ئینجا جـاری وەهـا هەیـە بـەپێنج شـەش کـەڕەت تاوەکو بەردێك دەچێتە نێو دەروازەکەوە، دوابـەرد دەبـێ ( مـەلا ) بـچێتە دەروازەکـەوە ئەگەر لەوکاتەیدا کە بەردێك بەر مەلا بکەوێت ئەوا ئەم کەسـە( دەسـوتێت ) و نـۆرەی کەسەکەی تر دێت، مەلا ئەرکی گۆڵچییەك دەبینێت هەرکاتەی بەردەکـەی بەربکـەوێت یارییەکە ڕادەگرێت ئەم یارییەش زیاتر لەسەر گوپ کراوە.

**١١- نانناناني:**

لەتوکی مانگا تۆپیان دروست دەکرد، بەهاران کەمانگا توکی درێژدەبێت و لە نێرینەی بەهاردا توکەکەی دێتە ئەوەی هەڵبوەرێت بەدەستی لەسەرپشتی مانگاکان دەیانکرانەوەو لەزەویان دەخشاند، دواتر بە ناولەپی دەستیان دەیان کردە تۆپ، ئەم موانە نەرم و وردن دەچنەناویەك و دەبێت بەتۆپێك کە هێندەی پرتەقاڵێك دەبوو، یاریی نان نانێ یان پێدەکرد، دەبوونە دوو گروپ هەر گروپەی لە دووکەس یان زیاتر دەبوون سەرەتا تۆپەکە بەدەست گروپێك دەبوو ئەم گروپە بۆ کەسەکانی خۆیانیان هەڵدەدا، گروپەکەی تر هەوڵیاندەدا بکەوێتە دەستیان، ئەگەر لەئاسمانەوە بیان ڕفاندبوایە دەکەوتە دەست گروپەکەی تر ئەوانیش هەمان شتیاندەکرد.

**١٢- ساپ ساپانێ:**

ئەم یارییە بەشێوەی گروپ دەکرێت، بەردێکی شێوە گۆیی خڕ دادەنێن هێندەی پەتاتەیەك لەدووری سێ چوار مەترەوە هەرکەسەو بەنۆرە ساپی خۆیی تێدەگری، ساپ ئەو بەردە پانەیە کەلە شێوەی بەردی یاپراغ دەبێت، جاری وا هەیە پێی ناکەوێت، کە پێشی بکەوێت ئەوا ئەو بەردە چەند دووربکەوێتەوە بەپێ دەیژمێرن، کەسی دووەم و سێیەم و هەموویان ساپی خۆیان دەهاویشت، ئەوکەسەی بیتوانیبوایە بەردە شێوە گۆیەکە زۆرتر ڕابماڵێت ئەوا ئەو کەسە دەیبردەوە بۆ جاری دووەم کەیارییەکە دادەمەزرا یەکەم کەس ئەو ساپی خۆی دەهاویشت دوا بەگ و سێ بەگ و... ئەوا بەگوێرەی ڕێژەی پێوانەکەی خۆی ڕێز دەبوونەوە.

**١٣- مۆریانێ:**

ئـــەم يارييـــە زيـــاتر تايبەتـــە بەكـــچان، يارييەكـــەش بـــەم شـــێوەيە لەســـەر زەوی بەئەندازەی يەك مـەتری چوارگۆشـە زەويەكـە پـاك دەكرێتـەوە بەدەسـتی ڕايـدەماڵن و پارچە بەردەكانی لێبـژار دەكرێـت، قۆڵتێـك لەناوەڕاسـتی زەوييەكـە لێـدەدرێ هێنـدەی فنجانـە قاوەيـەك، بـەدووری چـارەگە مـەترێك يـان نيومـەتر هەركەسـەو مـۆری خـۆی دادەنێ زۆرجار لەنێوان دووكەس ئەم يارييە دەكرێ، جاری وەهاش هەيـە لـەنێوان سـێ كـەس دەكـرێ، سـەرەتا كەسـێكيان بەپەنجـە گـەورەی مۆريەكـەی ڕادەدا بـەو مەرامـەی بچێتە ناو قۆڵتەكە، كەسی دووەميش بەهەمان شێوە بەم شێوەيە بـەنۆرە يـەك لـەدوای يەك هەوڵدەدا تاوەكو كۆتـا مـۆری دەمێنێتـەوە هـەر كەسـە بتـوانێ ئـەم مۆرييـە بخاتـە ناو قۆڵتەكە، ئەوا سەرجەم مۆرييەكان دەباتـەوە، لەگونـدی هەرمۆتـە جگـە لـەوەی كـە بە مۆری ئەم يارييەيان دەكرد، دەنكە زەيتونيشيان دەكردە مـۆری، دوای ئـەوەی دەنكـە زەيتووتـەكانيان كـۆدەكردەوە، بـە كـارتيخ، يـان بەپارچـە بـەردێكی زوور، يـان پارچـە شـاخێك ئـەو ديـوو ئـەو ديـوی دەنكـە زەيتونەكـەيان دەتاشـی دواتـر بەدەرزييـەك يـان بەسـنجاقێك كونيـان دەكـرد، دەبـووە مـۆری و لـەياريی مۆريانـێ بـەكاريان دەهێنـا، زۆرجاريش لە مۆريە زەيتونەكان ملوانكەيان پێ دروست دەكرد.(١٣٥)

---

(١٣٥)لەگوندی هەرمۆتە تەزبيحيش بەدەنكە زەيتون دروست دەكرا، ( مەربێن حەنا كەريم، كامل حەنا)لە ساڵی١٩٨٠ ئەم جۆرە تەزبيحانەيان دروستكردووە.

### ١٤- کەلایانێ:

### چۆنییەتی دروستکردنی کەلا بەرد:

کـەلا بــەرد بــە پارچەئاســنی وەلفــی ئۆتۆمۆبیــل دروس تــدەکرێت، کــە لەشــێوەی چەکوش دایـە، دوای هێنـانی پارچـە بـەردێك و شـکاندنی وردە وردە لەڕێگـەی چـەکوچ کاری خرِدەکرێت تا دەگاتە ئەو ئاستەی زۆر خـرِ دەبێـت و هێنـدەی هێلکـە کـەوێکی لێ دەمێنێتەوە ئینجا لەناو لەپی دەست بەسـەرە چەکوشـەکە لێـی دەدرێ بەشێوەیەك کـە لـەناو لـەپی دەسـت دەسـوڕێتەوە، بـەم چـەکوش لێدانـە دەگـوترێ ( چـەق چـەق )ە، تـا تەواو کەلایەکە خرِ دەبێت، ئینجا پارچە شاخێك دەهێنرێ بەدەست کەلاکـەی لەسـەری دەسوڕندرێ تاوەکو شاخەکە کون دەبێ کەلایەکـە لـەکونی شـاخەکە وەردەچـەرخێنرێت و ئەو دیو و ئەو دیوی پێدەکرێ تا تەواو کەلایەکـە لـوس دەبـێ، ئینجـا هێنـدێك ڕۆنـی لێ دەدرێ کەلایەکـە دەبریقێتـەوە، لـەم دواییانــە سـیمپارەیان بـەکار دەهێنـا دووپارچـە سۆندەیان دەبڕییـەوە کـە هـەر پارچـە سـۆندەیەك پێـنج سـانتیم درێـژ دەبـوو، پارچـە سـیمپارەیەکیان دەخـستە کـونی یـەکێك لـە سـۆندەبڕاوەکان و پارچـەیەکی تریـشیان دەخستە سۆندەکەی تر کەلایەکە دەخرایە نێوان هـەر دوو سـۆندەکەوەو بەپێـچەوانەی یـەك سـۆندەکە دەسـوڕێندرێت کەلاکـەش لـەنێوان هــەردوو سـۆندەکە زبرییەکـەی نامێنێت و تەواو لوس و جوان دەبێت.

١- كەلایانێ بەشێوەی پت:

یارییەكی فۆلكلۆری كوردییە لەزۆربەی گوندو شارو شارۆچكەكان كراوە یارییەكە لەنێوان دووكەس تا شەش كەس دەبێت، ئەگەر كەسەكان دوو، سێ، پێنج كەس بوون، ئەوا هەر كەسەو یارییەكە بۆ خۆی دەكات، بەڵام ئەگەر چوار كەس یان شەش كەس بن، ئەوا هەردوو كەس دەبنە شریك، چۆنییەتی هەڵبژاردنی شریك، هەموو كەلابەردەكان دەخرێنە باغەڵی كەسێكەوە یەك لەئامادەبوان دەست لەباغەڵی دەنێت و دوو دوو كەلاكان دەردەهێنێ، ئەو دوو كەلایەی كە پێكەوە دەرهێنراون دەبن بەشریك، كەلایانێ بەچەند جۆرێك دەكرێ، كەلایانێ ( پت )، واتە: پەنجەی دۆشاو مژە دەخرێتە سەر پەنجەی باڵا بەرزە و كەلاكە دەخرێتە نێوانیان و ڕادەماڵدرێت، كەلابەرد یان كەلا شوشە بەكار دەهات،

دوای ئەوەی شریكەكان دیاریدەكرێن ئینجا هەركەسەو موش دادەخات ئەوكات لەساڵانی ( ١٩٨٠ ) درهەم، یان دیناری ئاسنیان دادەخست، هەر كەسەو پارەی دادەخست بەهەریەك لەپارەكان دەڵێن ( موش )، كە دووری نێوان هەر موشێك مەترێك یان زیاتر دەبێت، بەشێوەیەكی ڕێز لەسەریەك هێڵێ موشەكان دادەخرێن لە دووری سێ چوار مەترێك لەموشەكان شوێنێك دیاریی دەكرێ پێی دەڵێن ( شار )، بۆ دیاریی كردنی بەگ و دوابەگ و سێبەگ و...قڕە قۆقیلە لێ دەدرێ، قۆقیلە ئەوەیە هەموو كەلاكانیان دەدا بەكەسێك ئەویش هەردوو دەستی دەهێنایەوە یەك و كەلاكانی دەخستە ناولەپی دەستی و هەڵبەز و دابەزی پێ دەكردن و لەپڕ فڕێی دەدانە سەر یەكێك لە موشەكان، ئەوكەلایەی كە زۆر لەموشەكە نزیك بێت دەبووە بەگ، ئەوانی

تـرش بـەپێی نزیکـی لەموشـەکە پلـەی دوابـەگ و سـێ بـەگ و چـواربەگ و... قـڕەی وەردەگرێت.

بەگ تیلی خۆی دەهاوێ، ئەگەر موش بخوات یـان نـەنا، ئـەوانی تـریش یـەك لـەدوای یەك تیلی خۆیان هەڵدەدەن، بەرلەوەی قڕە بێت ئەو کەسەی کە کەوتۆتە پـێش قـڕەوە دەتوانێت بڵێت من سەرشارم و لێرە دەمێنمەوە، دواتـر قـڕە دێـت تیـل دەهـاوێ تـاوەکو بەر موشەو کەلایەك بکەوێت، تیل دەهاوێ ئەگـەر بـەریان نەکـەوت، سـرەی بـەگ دێـت ئەویش تیلی خۆی دەهاوێ و گەر بەرموش یـا کـەلا بکـەوێت بـەردەوام دەبێـت، لـەدوای ئـەویش کەسـەکانی تـر بەرلـەوەی قـڕە تیلـی خـۆی لێ بـدا سـەر شـار ئەوکەسـەی کـە کەلایەکەی لەنێو باخەڵدایە تیلی خۆی دەهاوێ، کەر بـەرموش یـان کـەلا بکـەوێت ئـەوا بەردەوام دەبێت، بـەم شـێوەیە هەرکەسـەو نـۆرەی خـۆی دەکـات تـاوەکو موشـەکان کـەم دەبنـەوەو کـەلاکان دەکـوژرێن، دواکـەلای کەمایـەوە پارەکـان بـۆ ئـەو دەمێننـەوە، بـەڵام ئەگەر هەموو کەسەکان یان چەند کەسێك مابنـەوەو موشـەکان هـەمووی خـورابن ئـەوا دواموش کە خورا ئەو دەبێت بـە بـەگ بەمـەرجێك ئەگـەر نـەکوژرێت، چـونکە هـەموو کــەلاکان: جگــە لەشــەریکەکەی ئەگــەر شــەریکانێ بێــت دەتــوانن تیلــی خۆیــان هەڵبدەن.تیـل هەڵدانیش دوو جـۆری هەیـە خـشکە:- ئـەم جـۆرە تیـل هەڵدانەیـە کـە کەلاکـە بەشـێوەیەکی خـشۆك بـەرەو گۆڕەپـانی یارییەکـە یـاخود بەموشـە یـان کـەلا دەکەوێت، واتە شێوەیەکی خشۆکی دەبێت. هەلگرتنە(هەرگتنە):- ئەمـەیان ئەوەیـە کـە کەلایەکــە بەشــێوەیەکی کەوانــەیی بــەرەو ڕووی کــەلای تــر یــان موشــە دەبێتــەوە، هەلگرتنە بەواتەی هەلگرتن دێت، واتـە ڕاسـتەوخۆ بـەر کـەلا یـان موشـەکە دەکـەوێت. هەڵبەتە بەگ بەواتەی ئەوە دێ کە خۆی سەرپارەیەو یەکـەم کـەس دەسـت بەیارییەکـە دەکات، چونکە بەگ ئاغایـە، قـڕەش ئـەو کاتـە دێـت کـە ڕەنگـە زۆرینـەی لـە موشـەکان

خورابن و هەندێ لەکەلاکانیش کوژرابن، دەیەوێت ئەویش چی ماوە بیبا و قڕانی پێبهێنێت، زۆرجار هەیە کەلایەك زۆردوور دەکەوێتەوە ئەو کەسە دەتوانێت بەدەست کەلاکە بهێنێتەوە بەمەرجێك تۆزیك لەموشەکان دووربێت ئینجا بەپت لێ بدات گەر کەلایانێکە لەنێوان پێنج کەس بوو، کەسێك چوار موشی خواردبوو سێ کەس مابنەوە ئەوا دەتوانن دووکەسیان تەکبیربکەن و بڵێن ئێمە موشەکە ناخۆین ئەوکاتە یەکێك لەکەسەکان هەڵدەستێت و دەیدات بە کەسەکەی تر ئەویش هەوڵدەدات ئەو کەسە بکوژێت جاری وەها هەیە دەیکوژێت و هەرپێنج موشەکە وەردەگرێت سێ موش بۆ ئەوکەسە دەبێت کە کەلاکەی کوشتووە دووموش و بەگیش بۆ ئەو شەریکەی دەبێت کە هەستاوە و مەیدانەکەی بۆ چۆڵکردووە.ئەم یارییە شێوازێکی سەربازی لەخۆی دەگرێ مەسەلەی بەگ و دوابەگ قڕە و سەرشارو کوشتن و یەکتر ڕاونانی تێدایە.

١- تیل تیلانێ:- ئەمەشیان زیاتر لەنێوان دووکەسدا دەکرێت، لەمەیدانێکدا هەر کەسەو کەلای خۆی دادەنێ تیل بۆیەکتر دەهاون بەم شێوەیە لەگۆڕەپانەکە دەسوڕێنەوە ئەوەی کەلاکەی تر بکوژێت بڕێك پارە وەردەگرێت.

٢- تیل تیلانێی جۆری دووەم ئەوەیە کاتێ لەماڵەوە بەتایبەتی لەشەوانی زستانانداو لەژورێك دادەنیشن جێی ئەوە نییە کەلایانێ بکرێ، بەڵکو هەردوو کەس بەدووری دووسێ مەترێك بەرانبەر یەك دادەنیشن و جارێك کەسی یەکەم تیل بۆ کەلای کەسی دووەم دەهاوێ جارێکیش کەسی دووەم تیل بۆ کەلای کەسی یەکەم دەهاوێ، هەرکاتەی کەلایەك بەرکەلاکەی تر بکەوێت ئەوا دەتوانێت دووبارە لێ بداتەوە، زۆرجار ئەم یارییە لەسەر گوپ دەکرێت، یان هەر وا دەکرێت بۆ خۆشی و جۆرێکیشە لەپرۆڤەکردن، زۆرجار تەنها بەهەلگرتنە ئەم یارییە دەکرێ، چونکە کاتێ کەلاکە

بەرکـەلای تـر دەکـەوێت دەنگـی لێـوە دێـت و زۆرجـاریش لەشـوێنی ئـەو کەلایـەدا دەچـەقێت و جفـت دەبێـت.کـەلایانێ یارییـەکی خۆشـەو نـەك تـەنها ئـەو کەسـانەی کەیارییەکـە دەکـەن چـێژی لێ وەردەگـرن، بـەڵکو دەوروبـەرش جێـژی لێ وەردەگـرن، چـونکە یارییەکـە لەبەرچـاویان دەبێـت، جگـە لەمـەش یارییێکـە پـڕ جمووجـۆڵی و هەستان و دانیشتن و ڕۆیشتنی تێدایەو وەرزشێکی زۆرباشە.

٢- کەلایانێ بەشێوەی ڕادان:- ئـەم جۆرە کەلایانێیـە وەك کـەلایانێی پـت وایـەو هـەمان یاساو دەسـتور پـەیڕەو دەکرێـت جیاوازییەکـەی تـەنها ئەوەیـە کـەلایانێی پیـت لەسـەر چیـچکان هەڵـدەتووتێن و پتـی خۆیـان لێ دەدەن، کەچـی کـەلایانێی ڕادان ئەوەیەکـە بەپێوە ڕادەوەستن و هەردووقاچیان لێکدەکەنـەوەو کەلاکـە هەڵـدەدەن، کـەلایانێی پـت کەلاکـەیان لەبـەرد دروسـت کـراوە، کـەلایانێ ڕادان بەکـەلامز دەکرێـت، ئـەم کـەلایانێی ڕادانـە لەکۆنـدا لەهەرمۆتـە نـەکراوە، لـەدوای سـاڵی ١٩٩١ هـەرزەکارو گەنجـەکان ئـەم یارییەیان کردووە.

٣- کـەلایانێی نیگڕانـێ:- ئـەم جـۆرە کەلایانێیـە لەهەرمۆتـە کـراوە، وای بـۆ دەچـم لەگوندەکانی تری کوردستان کەمترکرابێ، لەنێوان چەند کەسێك دەکرا شوێنێك دەکـرا بەشار لەدووری دووسێ مـەتر قۆڵتێکیـان لێ دەدا هێنـدەی فنجانـە قاوەیـەك یـان زیـاتر دەبوو کەبەشی سەرەوەی تۆزێك پـەلتر دەبـوو، ئـەم یارییـە بەکەلاشوشـەی بـچووك یـان بـە کەلابـەردی زۆر بـچووك دەکـرا، ناولـەپی هـەردوو دەسـت پێکـەوە دەنووسـێندرێن پەنجە تووتەی دەستە چـەپ بـەزەوی دەلکێنـدرێت، کەلاکە بەپەنجـە گـەورەو پەنجـەی دۆشاو مـژە دەگیرێـت، واتـە کەلاکـە دەکەوێتـە نێـوان پەنجـەی گـەورەو پەنجـەی دۆشـاو مـژە، دواتـر پەنجـەی دۆشـاومژەی دەسـتە ڕاسـت دەخرێتـە بـن پەنجـە گـەورەی هـەمان

دەست و پتێك لەکەلاکە دەدرێت و دەردەپەڕێت، مەرامی ئەو کەسەی کەلاکە تێدەگرێت ئەوەیە، بەرەو ڕووی ئەم قۆڵتە ئاراستەی بکات و دەیەوێت بچێتە ناوییەوە، ئەوانی تریش هەموویان بەهەمان شێوە تیلی خۆیان دەهاون، ئەگەر بەر کەلای تریش بکەوێت حیساب نییە، هەموو کەلایەك دەبێ جارێك چووبێتە نێو ئەم قۆڵتەوە ئینجا دەستوری هەیە تیل بۆ کەلای تر بهاوێت و بیان کوژێت، هەر کەلایەك کوژرا یەکسەر پارەی لێ وەردەگیرێت، جاری وەها هەیە کەلایەك خۆی لەنێو قۆڵتەکە مەلاس دەدات کەسێکیش هەوڵدەدات کەلای خۆی فڕێبداتە نێو قۆڵتەکە، هەرکاتێ بوون بەدوو کەلا ئەوا ناتوانێت لەنێو قۆڵتەکە بیکوژێت، بەڵکو دەبێت بەم شێوازەی کەلەسەرەتا باسمان کرد پتی لێ بدات، جاری وەها هەیە خاوەن کەلاکە دەڵێت دەمەوێ بەیەك جار دەری بهێنی جاری وەهاش هەیە دەڵێت بەسێ جار... ئەگەر پێی دەرهات ئەوا پەنجەی لەلێواری قۆڵتەکە دادەنێ و هەوڵدەدات بەتیلێك بیکوژێت، خۆ ئەگەر پێی دەرنەهات ئەوا نۆرەی کەسەکەی تر دێت و ئەویش هەوڵدەدات، واتە هەموویان لەدەوری ئەم قۆڵتەدا دەسوڕێنەوە، ئەم یارییەش بە هەڵتووتان لەسەر چیچکان دەکرێت، دوا کەسیش کەمایەوە دەبێت بە بەگ و یارییەکە دووبارە دەکرێتەوە.

**١٥- گۆلك گۆلكانێ:**

ئەم یارییە تایبەتە بە کوڕان و زیاتریش لەدەشت و لەشوێنە مەیدانەکاندا دەکرێت، کەسێك لەزەویدا دادەنیشێت، سەری پشتێندی بەدەستەوە دەبێت و بەو کەسە دەگوترێ ( مێخزنجیر )، سەری پشتێندەکەی تر بەدەستی کەسێکی تر دەبێت، بەو کەسەش دەگوترێ ( گۆلك )، دووری نێوان میخزنجیر و گۆلك بەگوێرەی درێژی پشتێنەکە دەبێت، واتە چوار مەتر بۆ شەش مەتر... ( میخزنجیر ) لەشوێنی خۆی

دادەنیشێت، گۆلکیش بەشێوەیەکی کەوانەیی دەسوڕێتەوە، سێ چوار کەس هێرش دەهێنن و دەیانەوێ شەق لە ( مێخزنجیر ) یان گۆلك بدەن، بەتایبەتیش هێرشەکە ( بۆ مێخزنجیر )دەبێت، گۆلك ناهێلێت و شەقیان لێ دەدات، ئەگەر دەرفەت بوو شەقیان لەو کەسەدا کە لەزەوی دانیشتووە، بە ( مێخزنجیر ) ناوبراوە ئەوا ئەو کەسە دێتە ناویارییەکەو دەبێتە گۆلك و کەسێکیش دەبێت ( بەمێخزنجیر ) بەم شێوەیە یارییەکە بەردەوامی دەبێت، ئەم یارییە پڕپڕە لەجم و جۆڵ و ڕاکردن و پێکەنین.

**١٦- خۆڵخۆڵانێ:**

ئەم یارییە زیاتر تایبەتە بەژنان، لەپەنا دیوار گۆڕەپانەکان، یان زستانان لەژوورەوەش دەکرێ، گروپێك دروست دەکرێت کە لە دووکەس بۆ شەش کەس بێت، هەر کەسە فلسێك یان دەرهەمێك دادەنێت، کەسێك دەبێتە وەستاو پارەکان دەخاتە ناو خۆڵەکەو تێکەڵیان دەکات، لەتەنیشت وەستاوە بەدەستە ڕاست یارییەکە دەست پێدەکا، هەرکەسەو یەك لەکۆمەڵە خۆرەکانی وەردەگرێت و کەشفی دەکات، جاری وەها هەیە هیچی تێدانابێت هەیە دووسێ فلسی تێدادەبێت تاوەکو دەگاتە وەستا، کە دووبەشی هەیە، واتە ئەگەر یارییەکە لەنێوان پێنج کەس بێت، ئەوا شەش کۆمەڵ خۆڵ دادەنرێ، دوو کۆمەڵ بۆ وەستا دەمێنێتەوە، جا خۆشانسی خۆی تێیدا بێ یان تێیدانەبێ، بۆ جاری دووەم کەسی دەستەڕاستی وەستا دەبێتە وەستاو یارییەکە هەڵدەسوڕێنێت و بەم شێویە بەردەوام دەبوو.

**١٧- مەزراح و خولخولۆکە:**

جاران زۆربەی شتەکان بەگۆڕینەوە بوو، کەمتر شت بەپارە دەکڕدرا، ئەوکات هەورامی و هەجیجی و دۆم و قەرەج دەچوونە گوندەکان، دەهاتنە گوندی هەرمۆتەش، بچوبوونایەتە هەر شوێنێك چەند ڕۆژێك دەمانەوە، بەباری گەورەوە دەهاتن و لەنزیك ئاوایی ڕەشماڵیان هەڵدەدایەوە، نمایشی شتی خۆیان دەکرد بۆ فرۆشتن، یاخود خۆیان دەیانگێڕا، تیرۆگ و ناوبرێشك و شەنەو تەشی و خولخولۆکە، مزاق ( مەزراح )یان دەهێنا، زیاتر شتەکان بەگۆڕینەوەبوو، بەکاو بەنان و بەداربوو، یان بەپێستەی ئاژەڵ، ئەوانیش ئەم پێستەیان دەکردە سیرمەو بێژینگ و سەرەدو و قەفەزی کەو و سوێسکەو...پێدروست دەکرد.

**خول خولۆکە:** لەشێوەی پولییەك بوو لە دار دروستیان دەکردوو دارۆچکەیەکی تێدابوو منداڵان دەیانکرد، کە بەپەنجە بادەدێ و دەخولێتەوە، مەزراحیشیان بەدار دروست دەکرد لە شێوەی هێلکەیەك دابوو پەتێکی پێوە بوو لێیان وەردەپێچاو لە گۆڕەپانێك بەزەوی دادەراو دەخولایەوە، لەنێو مناڵاندا پێشبڕکێیان پێدەکرد، بزانن مەزراحی کامیان زیاتر دەسوڕێتەوە، جاری وەها هەبوو گونێکیان لەمەزراحەکە دەکرد، لەکاتی سوڕانەوەدا دەنگی جیاواز تری لێ دەهات، مەزراحەکانیش ڕەنگاو ڕەنگ بوو، ئەم گەڕۆکانە تاوەکو ساڵانی( ١٩٦٠ )تەکانیش دەهاتن، ئەوکات بۆریش دەهاتن ئەوان سنعەتکار نەبوون، بەڵکو شتیان دەفرۆشت ژاژو پەنیرو هەنگوین و بنێشتی

کوردی و... هەنار و ترێ و... دەهێنا زیاتر بەساوار و گەنمە کوتاو نیسك و زەخیرە دەیان گۆڕییەوە، ئەوانە بەسواری بارگیل و گوێ درێژ دەهاتن [١٣٦]

**١٨-دەق دەقانێ:**

ئەم یارییە بەهێلکە دەکرا بەتایبەتی ڕۆژانی جەژنی هەڵسانەوە هەر کەسەو سەبەتە هێلکەیەکی دەهێناو دەچوونە حەوشەی کلیسای هەرمۆتە، هێلکەکانیش کەسك و سور و مۆر و...کرابوون، ئینجا هەردوو کەس یان زیاتر دادەنیشێ، کەسێك هێلکەیەکی لەناو مشتی دادەگرێ و بەئەندازەیەك کە دووبەشی هێلکەکە لەناومشتی دەبوو بەشێکی لەدەرەوە، کەسەکەی تر هێلکەی خۆی لە هێلکەکەی ئەو دەدا ئەگەر هەر یەکێك لەهێلکەکان بشکێن ئەوا دەیدا بەو کەسەی هێلکەکەی نەشکاوە؛ ئەگەر هێلکەی هیچیان نەشکابوایە ئەوا کەسەکەی تر هێلکە لەمشتی خۆی دەگرێ و کەسێکی تر هێلکەکەی لە هێلکەکەی ئەو دەدا تاوەکو یەکێك لەهێلەکان دەشکێ، بەم شێوەیە هێلکەی تریان لە سەبەتەکان دەردێنن، پێش یاریکردنەکەش هەوڵ دەدرێت هێلکەیەك بکەنە( دەست هێلکە ) کە توێکڵی بەهێزبێت، خەڵك تابەیانی نەدەچوونەوەماڵەوە، چونکە کاتێ وەختی نوێژ دەهات مەڕاسیمی ئاینی دەکراو نوێژیان دەکرد. دەڵێن ساڵێك ( یوسف ) ناوێك هێلکەیەکی لەبەرد دروستکردبوو جوان بەشاخ لوسی کردبوو، هێلکەیەکی زۆری پێ بردبووەوە ئەوەی هێلکەبوو شکاندبووی دواتر لێی ئاشکرا ببوو.

---

[١٣٦] دیدەنی لەگەڵ ( صلیوە عیسا کەریم ) لەدایکبووی ١٩٤٣، گوندی هەرمۆتە – کۆیە، پینج شەم، ڕێکەوتی ١٧ / ١ / ٢٠١٣.



(وێنەی هێلکەیەکی لەبەرد دروستکراو)

## ١٩-کارەمستانێ (کڵاو کڵاوێن):

ئەم یارییە بەتایبەتی لەشەوی زستاناندا دەکراو تایبەت بوو بەپیاوان، لەعەسرەوە تەگبیریان دەکرد دەچوونە ماڵێك دەبوون بەدوو گروپ، پێشتر ئەوەیان دەبڕاندەوە ئەم یارییە لەسەر چییە زۆرجار لەسەر گۆشتی قەل و خواردنی تر ئەم یارییە دەکرا، بەرانبەر یەك دادەنیشتن و دەبوون بەدووگروپ، کەسێك هەردوو مشتی دەنووقاند و ئەنگوستیلەکە لە یەکێك لەمشتەکانی دەکرد گروپێك دەیگوت لەم دەستەیە ئەوەی تر شتێکی تریان دەگوت کامەی بیزانیبا ئەنگوستیلەکە دەکەوتە دەست ئەم گروپەوە. حەوت کڵاو لەناوەڕاستی هەردوو گرووپەکە دادەنرێ، کەسێك لەم گروپەی ئەنگوستیلەکەی کەوتۆتەدەست دەستی دەخاتە بن هەموو کڵاوەکان و ئەنگوستیلەکەی لەبن یەکێك لە کڵاوەکان بەجێ دەهێڵێ، دوای ئەوەی گروپەکەی تر چەندو چون لەسەر ئەوە دەکەن دەبێ لەبن کام لەم کڵاوانەبێت، یەکێك لەکەسەکان

دەستنیشان دەکرێ ئەگەر بڵێ دەستەگوڵ یەکسەر بزانێ لەبن کام کڵاو دایە، ئەوا یەکسەر جارێك دەیباتەوە، ئەگەر بڵێ دەستەگوڵ و لەبن کڵاوەکە نەبێت ئەوا دەدۆڕێن، زۆرجار بەکڵاوێك دەڵێت فت، واتە لەبن ئەم کڵاوە نییە، دواتر دوو سێ کڵاو دەمێنێت و چەندو چوون دەکەوێتە نێوانیانەوە، دەوروبەریش جێژیان لێ وەردەگرت، ئینجا ئەگەر بزانن لەبن کام کڵاوە ئەم کەڕەتە دەیبەنەوە، ئەگەر نەزانن ئەوا دەدۆڕێن، بەم شێوەیە پێش تر ئەوە یەکلادەکەنەوە، کەلەسەردەجار یان پازدە جار یارییەکە دەکەن ئەوەی زۆرتر خاڵ کۆبکەنەوە ئەوا دەیباتەوە.

**٢٠- کۆسە(بوکە بەبارانێ):**

کاتێ کەپاییزان باران نەدەباری خەڵکی ئاوایی کۆسەیان دەکرد، کەسێك دەبووە کۆسە و قاپووتێکی لەبەردەکردوو کەسێکیش دەبووە بووك و کراس و کەوای ژنانی لەبەر دەکرد زەنگوڵەو خڕیلەی لەمل دەکردو بەئاوایدا دەسوڕایەوە، کۆمەڵێ کەسیان بەگەڵدەکەوت دەیانگوت:

**هەیاران و مەیاران**

**یاخوا بیکاتەباران**

**بۆ فەقیرو هەژاران**

ئەومالە دەهاتنە دەرەوە پارە یان نوقل یان کولیچە شتێکی پێدەدات، ستڵە ئاوێکیان بەسەری کۆسە ڕۆدەکرد، جاری وەها هەبوو جەماعەتەکە بووکەکەیان دەدزی و کۆسەش بەکوتەکەوە بەدوایان دەکەوت و لێی دەدان، ئیتر دەبووە پێکەنین ئەوکەسەی ئاگای لێ نەبوایە یان درەنگ دەرگای بکردابوایەوە کۆسە بەکوتەك لەدەرگای دەدا، زۆر

جاریش هەبوو کۆسەی گوندێکی تر دەهاتە هەرمۆتە یان هی هەرمۆتە دەچووە گوندێکی تر، بەزم و ڕەزمی خۆیان دەکردو تادرەنگانی شەو کەیف و سەفایان دەکرد.

**٢١- کێل و بەردانێ:**

ئەم یارییە تایبەتە بەپیاوان، لە نێوان دوو گروپدا دەکرێ زیاتریش لەدەرودەشت دەکرێ، گروپی یەکەم سێ بەردی پان لە زەوی دادەخەن هەربەردەو (٢٥-٣٠)سانتیم درێژو پانیەکەشی (١٠) سنتیم دەبێت، دووری نێوان بەردەکان دوومەتر یان زیاتر دەبێ، لەخوار ئەوانیشەوە گروپێکی تر بەهەمان شێوە و ئەندازە سێ بەرد دادەخەن، گروپی یەکەم دەچنە لای ئەو بەردانەی گروپی دووەم دایانخستبوو هەریەکە بەردێك لەکێلێك دەکرێت بەردێکی خڕی دەستە شێوەی تێگرتنی بەرد لە شتێك، کاتێ هەرسێ کەسەکە بەردەکانیان تێدەگرت ئەگەر هەرسێ کێلەکانیان بەربدابوایەوە، ئەوا دەیانبردەوە، بەڵام ئەگەر کێلێك بەپێوە بوایە ئەوا گروپەکەی تر دەهات ئەو سێ بەردەی کە بۆ یان داخرابوو بەهەمان شێوە بەردیان تێدەگرێ و تاوایلێدەهات کێلی یەکێك لە گروپەکان دەکەوتن، ئەوکات ئەو گروپەی سەرجەم کێلەکانیان بکەوتابوایە ئەوا دەدۆڕان، زۆرجار لە دەرودەشت لەنێوان شوان و گاوانەکاندا ئەم یارییە دەکرا.

**٢٢- (حێلانێ)هێلانێ:**

ئەم یارییە پڕ لەجموجۆڵی وخۆشییە، کۆمەڵێ کەس بەپێوە دەستیان دەخەنە سەرشانی یەکترو ئەلقەدەبەستن، بەنەزم و جۆرە هەڵپەڕکێیەك دەخولێنەوە، نیوەکەوانەیەك بەدەستی ڕاست و نیووە کەوانەیەك بەدەستی چەپ، کەسێك بڕگەبڕگە گۆرانییەك دەڵێت و ئەوانیتر دەیگێڕنەوە، گۆرانییەکەش ئەمەیە:

کەسێك: بوکم حەڵاڵم بوو

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك:هەی مەکە مەکە مەگری

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك: پێکەوە بچینە قەبری

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك: قەبری تەنگ و تارە

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك:پڕلە مشك ومارە

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك:مشك ومار حەزیایە

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك:خۆی لەڕمبێ دایە

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك:ڕمبێ هوکە هوکە

کۆڕس: حێلانێ

کەسێك:بردیان جۆتە بووکە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:جوتە بوکی میری

کۆڕس:حێلانێ

دوو دەسرۆکەم بداتێ

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:دەسرۆکی هەورییە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:لە برینم پێچییە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك: شێری هەورەمانی

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:کەردەن بەقەرێتە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:هەمشکە، مشکە، مشکە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك: ئەمساڵ ساڵەکەی وشکە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:مشك نییەو مەزنە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:سمێڵ پێچکە بزنە

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:سبەینێکی بەیانی

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك:قرژار هاتە سەرکونێ

کۆڕس:حێلانێ

کەسێك: خۆی لەشەتاوێ وەردا

کۆڕس:حێلانێ...[١٣٧]

---

([١٣٧])دیدەنی توێژەر لەگەڵ( سخەریا عیسا کەریم)،مامۆستا، لەدایکبووی١٩٤٨، کۆیە-هەرمۆتە، ٢٠١٢/١٠/٢٥

**٢٣- تەندورە سوورە:**

**ئـــەم یارییـــە کـــوڕان و کـــچانیش بـــەجودا کردوویانـــە، یارییەکـــە لـــە دوو گـــرووپ پێکهـاتووە، هـەر گرووپـەی لـەپێنج کـەس تادەکـەس پێکـدێت، ئـەو گروپـە بـەپێوەن باسکیان دەخەنـە سەرشـانی یـەکتر و ڕادەوەسـتان ئـەم گروپـە سـەرکردەیەکی هـەبوو پێیـان دەگـوت وەسـتا، گروپەکـەی تـر هێـرش دەهێـنن خۆیـان دەهاونـە سەرشـانووملی ئەگەر خۆی لەسەر شانی بگرتایەو قاچی لەزەوی نەبوایە ئەوا وەستا هیـچی نـەدەکرد، بـەڵام ئەگـەر قاچـی ئـەو کەسانەی کـەخۆیان هەڵدەدەنـە سەرشـانی کەسـەکان لـەزەوی بوایـە ئـەوا وەسـتا شـەقێکی لێ دەداو ئـیتر سـرەی گروپەکـەی تـر دەهـات، بـەم شـێوەیە گروپەکەی تر دەهاتن، ناوەکەشی لەوەوەهاتووە لەشـێوەی تەنـدور هەڵقـەیان دەبەسـت، سەرەتای یارییەکـەش بـەوە دەسـتی پێـدەکرد بـەردێکی پانیـان دەهێنـاو هەنـدی تفیـان لەلایەکیدەدا، گروپێك دەیگوت تـەڕم دەوێ گـروپێکیش دەیگـوت وشـکم دەوێ، هـەڵیان دەدایە ئاسمان هەرکامیان ئەگەر وشك بوایە ئەوا ئـەو گروپـەی گوتوویـەتی وشـك ئـەوا یارییەکە دەکەوتە لای ئەوان بەپێچەوانەشەوە.**

**٢٤- گورزە فیتفیتە:**

ئـەم یارییـە بەیـەك گـروپ دەكرێـت، بـۆ نموونـە پێـنج كـەس دادەنیـشن، یـەكێكیان لەچكێك یان پشتێندێك دەهێنێت كەسێك دەبـێ بـە وەسـتا بـەم پـشتێنە بـەم شـێوەیە وەسفی باڵندەیەك دەكات:

كەس: قاچەكەی ئەمەنەیە

گروپ: بەجانێ من

كەس: قاچی تریش

گروپ: بەجێ نانێ من

كەس: باڵەكەی ئەمەنەیە

گروپ: بەجانێ من

كەس: باڵی تریش

گروپ: بەجانێ من

كەس: دەنوكەكەی ئەمەنەیە

گروپ: بەجانێ من

كەس: كلكەكەی ئەمەنەیە

گروپ: بەجانێ من

کەس: سەرەکەی ئەمەنەیە

گروپ: بەجانێ من

کەس: سەرو پۆپنەکەی ئەمەنەیە

گروپ: بەجانێ من

دووای ئەوەی بەدەست بەولەچکەی دەستی ئەندازەی سەرو باڵ و کلك و سەرجەم ئەندامەکانی ئەم باڵندەیەی دەکرد، ئینجا دەبوو بەفیکەش ناوی پەلەوەرەکەی بگوتبایە، ئەگەر کەسێك لەپێش هەموویان [١٣٨] بیزانییایە چ جۆرە پەرەوەرێکە، ئەوا پشتدێن یان لەچکەکەی لە وەستا وەردەگرن و لەوانی تری دەدا و هەرکەسەو بەلایەکدا ڕادەپەڕی، بەم شێوەیە هەموو پێدەکەنین و دواتر کۆدەبوونەوەو نۆبەی ئەو کەسەبوو کەزانیبووی کام جۆرەباڵندەیە ئەویش هەمان شتی دووبارە دەکردەوەو خاسییەتی جۆرە پەلەوەڕێکی تری دەگوت.

٢٥- حوحانێ:

کۆمەڵێ کەس جا کچ بن یان کوڕ لەسەر چیچکان هەبباسکەیان لێ دەدا گۆرانیان لەگەڵدەگوت، شوێنەکەیان دیاریکردبوو؛ بۆنموونە تاوەکو بن ئەم دارە، یەکێکیان دەیبردەوە چەپڵەیان بۆ لێ دەداو دووەم و سێیەمیشی هەبوو لەم یارییەدا ئەم گۆرانییەیان دەگوت کە هەندێك لە گۆرانییەکە کوردی بوو هەندێکیشی سریانی بوو بەم شێوەیە:-

---

[١٣٨] دیدەنی لەگەڵ ( بەفرین عەزیز پەترۆس )، شەممە، ڕێکەوتی ١٢ / ١ / ٢٠١٣.

حوحانێ داکەوە

جاجمی دەفرۆشەوە

خەبسکت حەلەبییە

خەت کنشەو خەت گەورییە

گەورییەر گۆڕە ڕابا

تاتڕێ مەرخۆشابا

حوحانێ داکەوە

جاجمی دەفرۆشەوە

دیارە لەم چوار دێرەدا دێڕی یەکەم و دێڕی چوارەمیش کە دووبارەی دێڕی یەکەمە بەکوردی گوتراوە، مانای دێڕی دووەم و سێیەمیش کە بەزمانی سریانی گوتراون ئەمەیە (( برسکێکی هی حەلەبییە، یەکێکیان هی خەڵکەو هی گەوری ناوێکە، ئەم گەوری ناوە پیاوێکی مەزنە، یەکشەمەی پیرۆز بیپارێزێ )).

## ٢٦- نانی گاوانی کۆدەکەینەوە:[١٣٩]

لەکۆڕ و مەجلیسێکدا کەسێك دەبوو بەگاوان، کەسێکیش دەبووە کۆڵ، لەکۆلیشی دەکرد، بەهەر یەك لە کەسەکانی دەگوت نانی گاوانی کۆدەکەینەوە، ئەویش دەیگوت نایدەن گاوانیش دەیگوت دەیدەی نایدەی چاوت دەرێ مەبەستی چاوی ئەوکەسەبوو کەلەشانییەتی، لەکاتی کەدەگەڕاو دەسوڕا یەك دووکەس هەوڵیاندەدا بەپەتێك یان بەگۆچان بەرپێی بدەن و بەری بدەنەوە کاتێك کە گاوان بەردەبووەوە کەسەکەی سەرشانیشی بەردەبووەو ئیتر هەمووی پێی پێدەکەنین.

---

([١٣٩])زانیارییەك لەسەری گاوانی گوندی: تاسالآنی( ١٩٦٠ ) پارەیان بەگاوانی گوندی نەدەدا، بەڵکو لەزستانان ژنی گاوان ماڵ بەماڵ دەگەڕا لەبری هەر مانگایەك یەك نانیان بەژنی گاوان دەدا، بەڵام بۆ هەر گوێدرێژێك نیو نانیان دەدا، چونکە گوێدرێژەکان ناوبەناو ئیشیان پێدەکردن، زیاتر زستانان دەخرانە گاڕانەوە، هاوینان نانیان بەژنی گاوان نەدەدا، بەڵکو هەموو ورزی هاوین گاوانی گوندی بۆی هەبوو لەبری هەرسەرە وڵاغێك یەك تەنەکە مزاش، واتە گەنم و جۆ و دانەوێڵەی تێکەڵ وەربگرێت.تادوای سالآنی( ١٩٧٠ )بەدواوە بووە پارە، گاوان مانگێ جارێك ماڵ بەماڵ دەگەڕاو پارەی کۆدەکردەوە.

## بەشی سێیەم: تەوەرەی دووەم:

### أ- هێزو پاڵەوانییەتی:

مرۆڤی کۆن هەمیشە لەجم و جۆڵی دابووەو پشتی بەتواناو هێزی ماسولکەی خۆی بەستووە، ئەم جموجۆڵییە بەردەوامییەش پێکهاتەی ماسولکەی بەهێزکردووە، ئێمەش لەچەند حنەرییەك دەدوێین و چەند بەسەرهاتێك وپاڵەوانییەك دەخەینە ڕوو:لەساڵانی ١٩٠٠ تەکان جەند مەسیحییەك جەرەبی حەیوان بۆ موسڵ دەبەن عەودیش ناوێك هەندێ سەپان دەبینی حەزی دەچێتە دروێنەو دەست دەداتە داس و هێد خێرا دروێنەدەکات پێیان سەیردەبێ، دوای ماوەیەك (عەودیش)دەچێتە دەشتی دزەیی دروێنەدەکا هێند ئازادەبێ بەند بێژەکە پێی هەڵدەڵێت:

عەودیشۆ بەرازۆ فەلەیە خۆش فەلەیە

عەودیشۆ بەرازۆ ماکانەی بەتلەیە

لەسالانی (١٩٤٠)ەکان، دوو برا لە گوندی هەرمۆتە بە ناوەکانی عیسا کەریم تۆما و یەلدا کەریم تۆما زۆر ئازاو بەکاردەبن لە کاتی دوروێنەکدندا دائیمەن دەبوونە سەرپارەو[١٤٠] ئیشەکەیان ڕادەپەڕاند، جارێك بەدەستەوایی دەچنەگوندێکی تر کەسێك سەرپارەکە لەیەلدا کەریم وەردەگرێت و لێیان دەبێتە ململانێ، یەلداو عیسا زۆر

---

([١٤٠])سەرپارە: ئەوکەسەیە لەکاتی دوروێنەکردندا دەکەوێتەدەستەڕاست و کارەکە بەڕێوەدەبات و دروێنە دەکات.

دڵتەنگ دەبن، دەڵێن مادام واتکرد، بادەست بکەین بەدروێنە بەمەرجێك ئەوکەسەی زووتر پیشت ڕاستبکاتەوە ئەوا دەدۆڕێت، مل لێدەنێن و هیچیان پشت ڕاستناکەنەوە، دواتر سەیر دەکەن یەلدە و عیسا زۆر پێشکەوتوون و ئەوانی تر بەدواکەوتوون، هەتا وایان لێدێت سەپانەکانی تر دەکەون، تێیانداهەبوو لوتی داڕساوە، دەڵێن بابە گرەو لە گەڵ ئێوەناکرێ وابڕوا هەتا ئێوارە دەمانپسێنن و دەمرین، بەم شێوەیە گرەوەکە دەبەنەوە[141] لەسالآنی (١٩٥٠)کان، عیساکەریم تۆما لەکاتی درویێنەکردندا گرەو لەگەڵ سەپانەکاندا دەکات و دەڵێت ئەوا من درویێنەدەکەم پیشت ڕاست ناکەمەوەو خێزانەکەم باچەند مەلۆیەك لەو گەنمەی کەدروێنەم کردووە بباتەوە ماڵەوەو بیهاڕێت و بۆمان بکاتە ئاردو بیکات بەنان و لەگەڵ خۆی بیهێنێت ئینجا پشت ڕاست دەکەمەوە! خێزانەکەی ناوی(ساریّ یەلدا)بوو، چەند باوەشێك لەگەنمە دووروواوەکە هەڵدەگرێت دەیخاتە نێو چارۆگەکەی و بەکۆڵی دادەداو لەدەشتەوە دەیهێنێتە هەرمۆتە، دەیکوتێت و بەبای دەکاو گەنم و کایەکە لەیەکدی جودادەکاتەوەو بەدەستار چەند جارێك دەیهاڕێت بۆئەوەی وردبێت و لەئارد نزیك بێتەوە، چونکە دەستاڕ بۆساوار هاڕین بەکاردێت، بەڵام ئەگەر گەنمەکە چەند جارێك تێیدا بهاڕدرێت ئەوە تائاستێك ورد دەبێت، ئینجا ئاردەکە دەکاتە چوار پێنچ کولێرەو بەخێرایی دەیباتەوە دەشتێ، سەیر دەکا مێردەکەی هێشتا پشتی ڕاستنەکردۆتەوەو هەردروێنەدەکات، ئەم کارەش نزیکەی سێ کاتژمێری خایاندووە.[142] مەربێن عیسا حەنا مرۆڤێکی زۆر بەهێز بووە، توانیوویەتی دوو کیلە گەنم[143] بەتەنیا بخاتە سەر

---

([141])دیدەنی توێژەر لەگەڵ( هورمز عیسا کەریم)، ٢٠١٣/٣/١٩.

([142])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(عیسا کەریم تۆما)، لەدایکبووی ساڵی ١٩١٥، کۆیە_هەرمۆتە، ٢٠٠٨/٨/٥.

([143])کیلە: چوارتەنەکە گەنمە.

پشتی گوێدرێژ، لەساڵی (١٩٦٥) بینیویانە کە بەرمیلە نـەوتی بەتـەنها بـارکردووە، واتـە باوەشی تێهەڵهێناوەو خستوویەتییە ناو پیکابەوە.[١٤٤]هەروەها ئێلیـا فەرەنـسی و دانیـال میخـا دانیـال کـە لەسـالانی (١٩٤٠) لـە هـەرەتی لاوی بـووین دووکەسـی زۆر بەتاقـەتت بوون، شتی زۆر قورسیان هەڵگرتووە.

سـەخەریا عیـسا کـەریم کەسـێکی زۆر بـەهێز بـووە، لەسـاڵی (١٩٦٩)کـەکاری کوشـتوکاڵییەوە خـەریك بـووە، ڕۆژێکیـا سـەرقاڵی شـەنەباکردن بـووە، کوێدرێژەکـەیان هاتۆتە سەرخەرمانی گـەنم و چـەند جارێـك دەریکـردووەو هەرهاتۆتـەوە، ئـەویش زۆر خەفـەتی لێخـواردووە، ملـی لەبـەرملی گوێدرێژەکـە نـاوەو ملـی شـکاندووەو تۆپاندوویەتی.[١٤٥]لەساڵی (١٩٧٣) ناوبراو هـەرەتی لاوی دەبێـت لـەئاوایی لـەبن دیوارێـك لەگـەڵ کۆمەڵەکەسـێك دادەنیـشێت لـەپڕ دەبینێـت نێرەکـەرێك بـەزەرەزەر بـەوێ تێدەپـەڕێت هەڵدەسـتێت و پێـشی لێـدەگرێت و مـل لەبـەر ملـی نێرەکـەر دەنێـت و نێرەکەریش کۆڵەگەی لەگەڵ دەگرێ، ملی نێرەکەر بـادەدات و بـەزەوی دادەدات و یـەك پێلەقەی لەلاقەپرغەی دەدات[١٤٦] دەڵێت ئەوها پشتت دەشکێنم.[١٤٧]

---

([١٤٤])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(یەعقوب موسا حەنا)، لەدایکبووی ١٩٣٣،کۆیە – هەرمۆتە، ٢٠١٣/٣/١٨.

([١٤٥])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(صلیوە عیسا کەریم)، لەدایکبووی١٩٤٥،کۆیە-هەرمۆتە، ١١/٣/ ٢٠١٣.

([١٤٦])هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەوەنین ئازاری هیچ بوونەوەرو ئاژەڵێك بدرێ، بەڵام لەگەڵ باسکردنی ئەم بابەتە پێویست بوو ئەمەش بخەمە ڕوو.

([١٤٧])دیدەنی توێژەر لەگەڵ(صلیوە حەنا یوسف)،کۆیە-هەرمۆتە،٢٠١٣/٣/١٠.

## ب- کڕین و گۆڕینەوەی شت بەشت:-

لەکۆندا پارە کەم بەکار هاتووە زیاتر بەگۆڕینەوە بووە، گەنم و جۆیان بەترێ و بە فەریکەسێو و سماق گۆڕیوەتەوە، تا ساڵانی( ١٩٥٠ )کانیش عەرەب بارە خوێ و خورماو.. بەحوشتر دەهێنا بەگەنم و جۆ و تووتن دەیانگۆڕییەوە ))[١٤٨]هەروەها کوردەکانی خەڵکی هەورامان دەهاتن ناوبرێشك و تیرۆگ و تەشی و بنێشت- یان دەهێنا، هەروەها سەرەد و بێژنگ و...دەهێنا[١٤٩] هەبوو سەربەسەر بوو، واتە پێتەرازوێك گەنم بە پێتەرازوێك ترێ بوو، زۆر جاریش بەتەرازووی بەن کە لە دارو بەن و دووقاپ دروست دەکرا، گەنمەکەیان دەخستە لایەك و میوەکەش لەلایەکەی تر تا هاوسەنگ دەبوو، جاری واش هەبوو دووسەر بەیەك سەر بوو، واتە دوو هێندە گەنمیان دەدا تاوەکو هەنار یان ترێ...هتد وەربگرن، کابرای ترێ دەیگوت: دەوەرنە ترێ، سەر بەسەر بەگەنم، یەك و نیو بەجۆ، خەڵك دەیان گوت ساحێب ترێ بمرێ سەر قەڵتارەی بەمن بېڕێ، چونکە سەر قەڵتارە دیوی سەرەوەی ترێکە بوو کە زۆرباش بوو، ڕەنگە دیوی بنەوەی ئەوها باش نەبێت، قەڵتارەکانیش هەموو لەشوڕەبی دروست کرابوون.

---

[١٤٨] دیدەنی لەگەڵ صلیوە عیسا کەریم، خوێندەوار لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٣، کۆیە هەرمۆتە ٢٩ / ١٠ / ٢٠١٢.

[١٤٩] دیدەنی لەگەڵ ( بەفرین عەزیز ) لەدایکبووی ١٩٥٢، خوێندەوار،کۆیە - هەرمۆتە، ١ / ١١ / ٢٠١٢ .

## ت- شەوین:

لەکۆندا مەڕومالآت لەدەشت دەمایەوە، هاوینـان لـەنێو پـەرێز و پاوانەکانـدا مـەڕو و بزنیـان دەلەوەڕانـد، شـەوانیش لـەنێو پـەرێز یـان لـەنێو وەردێـك ڕادیانـدەگرتن، بـەم شوێنەی کە تێدا ڕادەگیرا دەگوترێ هـەوێز، بـەڵام کاتـێ کـە پـاییزان شـەو درێـژ دەبـێ مـەڕومالآت برسـی بـن پێویـستی بەشـەوین دەبێـت، شـیوە خـواریش ئەوەیـە دوای مەغریب کاتێ مەڕومالآتـەکان بـەرەو هـەوێزەکانیان ئاراسـتە دەکـرێن لـەڕێگادا تۆزێـك دەیانهێڵنـەوە تـاوەکو هەنـدێکی تـر بلـەوەڕێن، سـەبارەت بـە شـەوینش ئـەوا لـەدوای دوازدەی شـەو مـەڕو بزنـەکان برسـیان دەبێـت شـوانە ڕایـان دەداتـە نێـو پاوانێـك بـۆ ئەوەی بلـەوەڕێن تـاوەکو مێگەلەکـە تێـردەبن و ڕەپ ڕادەوسـتن، ئینجا شـوانەکە مـەڕو مالآتەکانی ڕادەدات و لـە شـوێنێك بـۆ ئـەوەی بخـەون و پـشوو بـدەن، ئـەم شـەوینە زۆر پێویستە بۆ ئەم مەڕو مالآتانە، چونکە شـەو درێـژ دەبێـت و برسـی دەبـن لـەم مانگـەدا ئاوسـیش دەبـن ئەگـەر شـەوینیان پێنـەکرێت زۆرجـار کـارو بەرخـەکانیان دەمـرن، یـان زۆر لەڕووڵاوازدەبن، لە دەوروپشتی مەڕەکان شوانەکە تاتە شـوان دروسـت دەکـات، تاتـە شوان: بریتییە لەچەند بەردێکی پان و درێژ لە لەسەر زەوی ڕادەخرێن، هەنـدێ گـەڵاو پەلکی پێکۆزی بەسەر وەردەکرێ شوانەش لـەکاتی بـاران و سـەرما و سۆڵە لەسـەر ئـەم تاتــە بەردانــە درێــژدەبێ و پێڵاوەکـانی دەکاتــە سـەرین و خــۆی دەخاتــە دیوێکـەوە قاچەکانی گرمۆڵە دەکاتەوەو لەژێر فەرەنجییەکـە خـۆی ماتـدەکات، هـەر چـەندە بـاران ببارێـت ئـەم فەرەنجییـە ئـاو دانـادات و هـەر گـەرم دەبێـت، زۆرجـار شـوانە مـەڕێکی بەپەتێکی درێژ بەخۆی دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی شەو مێگـەل ڕەوییـەوە یـاخود ڕایانـدا ئـەوا مـەڕە بەسـتراوەکەش بجوڵێتـەوە، بـەڵام لەمکاتـەدا شـوانەکە بەخەبـەر دێتـەوە،

هەرچەندە لەم حاڵەتانەشدا سەگەکانیش پاسەوانی دەکەن و چ لەکاتی هاتنی گورگ یان ڕەوینەوەی مەڕەکاندا، دەوەڕن و شوانە خەبەردار دەکەنەوە، ئەو کەسانەی کەکاتی خۆی شوان بوین و لە دەشتدا خەوتوون و ئێستا کە لە ماڵەوە دەخەون خۆیان گرمۆڵە دەکەنەوە، چونکە واڕاهاتوون ئەو کاتیش زۆربەی شوانەکان شمشاڵیان هەبوو لەوکاتەی کە مەڕوماڵاتەکان دادەمۆراند و زۆر جم و جۆڵییان نەدەکرد، کاکی شوان شمشاڵ یا بلوێرەکەی دەردەهێنا و تێیدەتوڕاند، ئاوازێکی خۆشی دەبوو ئەم ئاوازە لەگەڵ شنەی باو هاژەی چەم و دەنگی مەڕو ماڵات و دەنگی باڵندان تێکەڵ دەبوو ئاوازێکی زۆر خۆش دەبوو، شوانە کڵۆکۆی دڵێ خۆی دادەمرکاندەوەو ماندوبوونی دەحەسایەوە.

# بەشی سێیەم: تەوەرەی سێیەم:

## لەجوتکردنەوە تا ساوار هاڕین:



کاتێ پاییزان پەڵەدەکەوت لەنێوان مانگی ( ١٠- ١١ )دا، جووت دەکرا، جووتکردنی ئەم کاتەش بە کوێدرێژ و گا و ئێستر بوو، هەرماڵەو یەك دووەکی لەمانە هەبوو، جاری وەها هەبوو هەرکەسەو بۆ خۆی جووتی پێدەکردن و زەوییەکانی دادەچاند، یاخود بە زبارە کۆمەڵێ کەس دەغڵ ودانی ماڵێکیان دەچاند دواتر بۆ ماڵەکەی تر دەچوون، ئەو ماڵەی کە هەژاربوو یاخود هەتیویان هەبوو، خەڵکەکە یارمەتییان دەدان و جوتیان بۆ دەکردن و دەغڵ و دانەکانیان بۆ دەچاندن. ئەو کات سەمادی کیمیاوی نەبوو، بەڵکو هەندێ لەزەوییەکانیان بەزبڵی ئاژەڵ بارێژدەکران، یاخود هاوینان مەڕوماڵاتیان لەزەوییەکان ڕادەگرت کە پێیان دەگوت هەوێز، زەوییەکە بەپیت دەبوو، دەغڵ و دانەکە دەهات و لەگەڵ باران بارینددا گەشەی دەکرد.

لەناوەڕاستی مانگی (پێنج ) جۆ تەواو زەرد دەبوو وشك دەبوو گەنم ماوەیەکی تری دەویست، ڕۆژێك پێش چوونیان بۆ دروێنە قەیناغەکانیان چەوردەکرد، داسەکانیان دەبردە شارو دەمە زەریان دەکردن، پێداویستی و کەرەستەکانی تریان ئامادە دەکرد، بۆ ڕۆژی دوایی دەچوونە دروێنە، ئەم ڕۆژە چەند کاتژمێرێك دروێنەیان دەکرد، واتە تا ئێوارە دروێنەیان نەدەکرد بۆ ئەوەی ماسولکەکانیان تووشی تەشەنووجات نەبن، دەگەڕانەوە ماڵەوەو بۆ ڕۆژەکانی تر دروێنەیان دەکرد. پیاوەکان دروێنە دەکەن پێیان دەڵێن سەپان ژنەکانیش مەلۆ کۆدەکردەوە و پێیان دەڵێن تێلەکێش، ئەم مەلۆیانەش بە شێوە داسێك کۆیان دەکردەوە، یان یەکسەر دەیانکردە شەغرەو بە گوێدرێژو ئێستر دەگوێزرایەوە شوێنێك و ڕوودەکرا بەم شوێنەش دەڵێن خەرمان، (گەلەخەرمان)یش: بەکۆمەڵە خەرمانێکی نزیك یەك دەگوترێ ئەگەر خەرمانەکانیان نزیك بوایە زیاتر ژنەکان بەپشت دەیانگواستەوە سەر خەرمانەکان، شەغرە شێوەی قادرمەیەکی دووپارچەی هەبوو بۆ ئەوەی چین چین گەنمە درواوەکەی لەسەر دابنرێت تاوەکو تەواو پڕدەبێت و بە گوریس دەبەسترێ، زۆرجاریش لەڕێگادا شەغرەکە دەکرایەوە ئیتر هەمووی بە گۆڕێ وەردەبوو دەیانگوت شەغرە زا، ئینجا سەرلەنوێ دایاندەناوەو دەیانگواستەوە، ئەمەش لەکەم تەرخەمی نەبەستنی توند ڕوویدەدا. لەکاتی دروێنە کردندا کەسێك مەقامی دەگوت و ئەوانی تر لەدوویان دەگێڕایەوە بەم حاڵەتەشیان دەگوت گاز لێدان، هەمووی پێکەوە دروێنەیان دەکردو هەرکەسە هەندێك گەنم دەداتە پێشی خۆی پێی دەڵێن بەر، سەپانەکان چلی ئەستوریان لەبەر دەکرد، کورەباریان لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی هەتاو نەیانسوتێنێ، ژنەکان پوزەوانەیان لەبەر دەکردو خۆیان گورج دەکرد بۆ کۆکردنەوەی مەلۆیەکان. کاتێ کە دەبووە کاتژمێر دەیی بەیانی نانی جێشتەنگاویان دەخوارد، بۆماوەی نیوکاتژمێر دادەنیشتن، زۆرجار هەر نان و دۆیان

دەخـواردو داسەکانیـشیان تیـژ دەکـردەوە، ئـاوی گونـدەکانیان دەخـواردەوە کـەمێك ماندوبونیان دەحەسایەوە، نیورانیش زیاتر هەرنانو دۆ، یان ماست بـوو، بـەڵام چاشیان دەخـواردەوە، ئەگـەر نزیکـی شـاخ بـواین یـان تاوڵـەیان هەبوایـە دەچـوونە بنـی، دوای ئـەوەی پـشوویان دەدا و داسـەکانیان تیـژ دەکـردەوە هەنـدێك ڕۆنیـان لەکەڵـە شـاخەکە دەردەهێنـا، کـە قۆچـی کـامێش یـان مانگایـان هەڵـدەکۆڵی و پڕیـان دەکـرد لـەڕۆن کەمێکیان لەم ڕۆنە دەخستە سەر هەسان داسەکانیان پێ دەسووی.

تا ئێوارە بـەم شـێوەیە مـەقامیان دەگـوت و ڕەنجیـان لەگـەڵ دەدا، ئێـواران بـەرەوماڵ دەهاتنـەوەو کوندەیـەك ئاویـان دەبـردە سـەربان و شلەسـاوار یـان هـەر خـواردنێکی تـر هەبوایـە دەیـانخوارد، بـەم شـێوەیە ڕۆژبـەڕۆژ بـەردەوام دەبـوون تاتـەواوی گـەنم و جۆیـەکانیان دەدوریيـەوە و دەیانگواسـتەوە سـەرخەرمان. دوو کوێدرێـژ، یـان دوو هێستر دەهێنن و جەنجەڕێکیان پێوەگیرۆدە دەکرێ هێسترەکان بـە دارێکـەوە دەخـرێن کە لەناوەڕاستی خەرمانەکە دەچەقێنرێت دارەکەش هەلقەیێکی پێوەیە کـە پێـی دەڵێن بۆسـە، بـۆ ئـەوەی هێـسترەکان لـە خولکـەی خۆیـان زیـاتر بـەولاو بەولادانـەڕۆن، زۆرجـاریش کەسێك سـواری جەنجەڕەکـە دەبـوو بـۆ ئـەوەی قورسـتربێت، بـۆ هـاڕینیش بەگوێرەی خەرمانەکە بوو خەرمان هەبوو بە پێنج ڕۆژتـەواو دەبـوو، هـی واش هـەبوو دەڕۆژی دەخایاند، بۆ جاری یەکەم کە دەکوترا پێی دەڵێن قڕشە گوت، دیسان جارێکی تـر بـە جەنجـەڕ دەگوترێتـەوە بـەم حاڵەتـەش دەگـوترێ وردەکـوت، ئینجـا هـەمووی کۆدەکرێتەوە پێی دەگوترێ تارمە، دواتر چەند سەپانێك بەئاراستەی بـا بەشـەنەی دار شـەنەبایان دەکـرد، تـا تـەواو گەنمەکـە لەکایەکـە جـودا دەبـووەوە، دواتـر سـەرەدێکی گـەورەیان دەهێنـاو کەسێك سـەرەکەی دەشـەقاند بـۆ ئـەوەی گـوزرو پارچـە بـەردەکانی لێجـودا بکاتـەوە، ئینجـا بەشـی سـەپانەکانیان لێ دەردەکـرد کـە لەشـەش تەنەکـە

تەنەکەیەك هی سەپان بوو، ئەگەر زەوییەکە هی ئاغا یان هەر کەسێکی تر بووایە ئەوا لەو شەش یەکە تەنەکەیەکیشیان بۆ ئاغا یان خاوەن زەوییەکە دەردەهێنا.ئینجا سەپانەکانیش بەشی خۆیان بەشێوەیەکی یەکسان بەش دەکرد. دواتر زۆرجار خەرمان لۆغەش ئەوەبوو کەسێك هەژارێك دەهاتە سەر ڕەوسەی گەنمەکە یان جۆیەکە هەندێکیان دەدایێ.

ساحێب مالیش گەنم و کایەکەی دەگواستەوە، سەرەتا گەنمەکەی دەگواستەوە، چۆنییەتی گواستنەوەی گەنمەکەش بەم شێوەیەبوو: بەجۆرە خرارێك دەگواسترایەوە، کە پێیان دەگوت ( خرارە کەرەکەی ) هێندەی دوو گونییە دەبوو، هەموو خرارەکانیان پڕدەکرد لەگەنم، بەخرێنە سەری خرارەکانیان دەدروی، خرێنە ئەو بەنەی کە لەمووی بزن دروست دەکرێ بە شوژن دەیاندەدروی، زۆر جاریش شوژنەکە لەدارمازی یان دار بەڕوو دروست دەکرا.دواتر بەدەسبارلە ولاغیان باردەکرد، دەستبار ئەوەیە دووکەس بەرانبەر یەك ڕادەوەستن دەستی ڕاستی هەردوکیان دەخەنە ناویەك خرارەکە دەنووشتێننەوە سەردەستیان کەبەسەر باسکی هەردوکیان دادێتەوە بەرزدەکرێتەوە هەڵدەدرێتە سەر پشتی ولاغەکە، کەسێکیش لە دیوەکەی تر ولاغەکە ڕادەکێشێ بەم کەسەش دەگوترێ پشتبار.

بەم شێوەیە تەواوی گەنم و جۆیەکە دەگوازرێتەوەو لە کۆگایەك دادەنرێ.کایەکەش بە جۆرە خرارێك دەگوازرێتەوە کە زۆر لەهی خراری گەنم گواستنەوە گەورەترە بەم خرارەش دەڵێن( خرارە بەغدایی ) کە لەمووی بزن دروست کرابوو، دەیانگواستەوە ناو کادین، سەرەتا لەدەرگای کادینەکەوە کایەکەیان دەبردە ژورەوە تاوەکو کادینەکە پڕ دەبوو، دواتر لەسەربانی کادینەکەدا کونێکیان دروست دەکرد، پێیان دەگوت

کونەکادین لەوێوە کایەکەیان ڕۆدەکردو چین چین دەپەستڕایەوە تاوەکو کای زیاتر بگرێت، ئینجا ئەم گەنمەی ماڵەوە هەندێکیان دەدا بەبێوەژن و هەژارەکان، واتە زەکاتیان لێدەردەکرد، هەندێکیان لەگەنمەکە دەگێڕایەوە بۆ چاندن، بای باراش و ساوار... دادەناو گەنم و جۆیە زیادەکەشیان دەفرۆشت، بەکەرو ئێستر دەیانبردە ئاشی دەیان کردە بەئارد، لەگوندی هەرمۆتە ئاشی ئاوی هەبوو لەئاشی خۆیان دەیانهاڕی، لەدوایی کە ئاشەکانی هەرمۆتە نەماون بردویانەتە شاری کۆیە لەئاشی مام خدر لێیان دەکرد.

ئینجا لەسەرەتای پاییزدا هەرماڵەو لەمەنجەڵی زۆرگەورە ساواری دەکوڵاند زۆرجاریش لەبۆنەکاندا شیویان پێ لێدەنرا، لەوکاتەی کە ساوارکە دەکوڵا هەر منداڵەی قاپێك یان جامولکەیان بەدەستەوە دەگرت و دانولەیان پێدەدان.دوای ئەوەی ساوارەکە قاڵ دەبووەوەو وشك دەبووەوە، ئامادە دەبوو بۆ کوتان، لەسەر زەوی چاڵێکیان لێدەدا نزیکەی پازدە سانتیم قوڵ دەبوو هەندێکیان تیا ڕۆدەکردو هەندێکیان تەڕدەکرد، ئینجا یان تاکە کەسێك ساوارەکەی دەکوتایەوە کوتکی یەك کەسی پێکهاتبوو لەدارێکی نیومەتری سەرە کوتکێکی پێوەبوو سەری کوتکەکە هەمووی بەبزماری ناڵ بزمار ڕێژ کرابوو، بەڵام ئەگەر بەهەرەوەزی بوایە ئەوا دووکەس یان چوار کەس بەدەوری دەسوڕانەوەو بەئەندازەیەك کەسێك کوتکی لەساوارەکە دەدا کەسەکەی تر کوتکەکەی بەرز دەکردەوە، لەکاتی ساوارکوتینیشدا بەند و گۆرانیان دەگوت کەیەکێك گۆرانی دەگوت ئەوانی تر دەیانگێڕایەوە، زۆرجاریش بەپێوە ساوارەکەیان دەکوتا.دواتر ساوارە کوتراوەکە ڕادەخراو تاوەکو وشك دەبووەوە، ئینجا بەبێژنگ بەبا دەکرا کەپەکەکەیان بۆ چەند شتێك بەکار دەهێنا یان دەیاندایە مەڕو ماڵات، یان بالیفیان پێدروست دەکرد، ئینجا ساوارەکە

بەرلەبەر لەسەر سینییەك بەردو خاشاك و زیوان و گلێرەو... لێپاكدەكردەوە و ئامادە دەكرا بۆ هاڕین. هاڕینی ئەوكات بەدەستاڕبوو ساوار كوتان ئیشی پیاوان بوو، بەڵام ساوار هاڕین تایبەتبوو بەئافرەتان، بەهەرەوەزی كارەكانیان دەكرد، دەستاڕەكە لەلایەن دوو ژنەوە دەسكەكەیان دەگرت و دەیان سوڕاند، ئافرەتێكیش بە بەردەوامی ساواری دەخستە ناو دەستاڕەكە كاتێ كە ئەو سێ ژنە ماندوو دەبوون ژنانی تر بەردەوامیان بەكارەكە دەدا، زۆرجاریش تاكە ژنێك ساواری دەهاڕی دوای ئەوەی كە هەموو ساوارەكەیان دەهاڕی لەبێژینكیاندەدا ساوارە هاڕدراوەكە دەكەوتە خوارەوە، بەڵام درشتەكە لەسەر بێژینگەكە دەمایەوە، بەجودا دادەنراو دووبارە دەیان هاڕییەوە، بەم شێوەیە تاوەكو هەموو ساوارەكە تا ئەندازەی خۆی ورد دەبوو.



دوارتر لە بێژنگێكی ورد دەدرێ ئینجا دەبێت بەدوو جۆرە ساوار، كاكڵ : ئەو ساوارە درشتەیە كە بۆ لێنان و خواردن دەستدەدات، پیرخەنی: ئەو ساوارە زۆر وردەیە كە بۆ كفتە و داندۆك بەكاردەهێنرێت، ناوی پیرخەنیش لەوەوە هاتووە كەساوارێكی زۆروردە كاتێ كە دەكرێت بەشلەساوار وەك سوپێك یان شۆربای لێدێت ئەو كەسانەی كەپیربن و ددانیان نەبێت دەتوانن بیخۆن.لە(كاكڵ) و (پیرخەنی)دا ئاردی ساوار دروست دەبێت، ئەو پارچە ساوارانەی كە لەشێوەی ئارددا وردبووین، ئەم ئاردەساوارە

دەشــورێت و دەشــێڵدرێت و بیبــەری تیــژ و پیــاز و کــەرەوزو  خمــیرە و خــوێ و...
تێـدەکرێت لـە شـێوەی کـولێرە لەسـەر پـشتی سـاج دەبرژێنـدرێ.سـەبارەت بـە( سـەپکە
)ش: ئەوا ئەو ئاردەی کـە لەبێـژنگیان دەدا کەپەکەکـەی لەسـەرەوە دەمـاوە ئـەوا دەیـان
شـێلاو هەنـدێك خوێیـان پێـدا دەکـرد لـە شـێوەی کـولێرەی خـر بـە سـاج دەیانبرژانـدو
دەدارا بەسەگ، هەر سەگەی ڕۆژانە دووجار سەپکەی پێدەدرا، بەیانیان و ئێواران.

# بەشی سێیەم: تەوەرەی چوارەم:

## شتە یەکەمینەکانی گوندی هەرمۆتە:

لێرەدا هەموو ئەو شتانە دەخەینە ڕوو کە بۆ یەکەم جار پەیدابووین چا چ تەکنەلۆجیاو پێشکەوتنی ئامێرەکان بێت یان کەسێك بۆ یەکەم جار بەپلەیەك گەیشتبێت.لەساڵی ( ١٩٥٦ ) بۆیەکەم جار لەلایەن ( حەنا کەریم ئیسحاق ) ڕادیۆ هاتە گوندی هەرمۆتە، کە ئەوکات ڕادیۆی بەگۆلکیان پێدەگوت، ڕادیۆکە دوو پارچە بوو پارچە گەورەکە ڕادیۆ بوو پارچە بچوکەکە پاتری ڕادیۆکە بوو.لەساڵی ( ١٩٦٥ ) ( مەربێن حەنا کەریم ) یەکەم کەس بوو تراکتۆری کڕیووە.یەکەم بیرە ئاو کە بەستڵ و گوریس ئاویان لێدەردەهێنا لەساڵی ١٩٦٠ لەلایەن ( عەمان حەنا سلێمان ) لێدراوە. ( ئەمیر حەنا سلێمان ) یەکەم مودەریس بووە لە بواری جوگرافیا لەساڵی ١/١٦/ ١٩٦٧. یەکەم ماتۆرسکیل لەساڵی ( ١٩٧٠ ) لەلایەن ( صلیوە عیسا کەریم ) هاتۆتە گوندی هەرمۆتە.دەڕاسە لەساڵی ١٩٧٥ بۆیەکەم جار هاتۆتە گوندی هەرمۆتەو گەنم و جۆی دوریوەتەوە. لەساڵی ١٩٧٠ یەکەم سەلاجە لەلایەن ( گەوریل یوسف پەترۆس ) هاتۆتە گوندی هەرمۆتە. لەساڵی ١٩٧٦ لەلایەن ( عەمان حەنا سلێمان ) یەکەم تەلەفزیۆنی ڕەش و سپی هێنراوەتە گوندی هەرمۆتە.لەساڵی ١٩٧٦ (شمعون گورگیس نیسان) یەکەم ئاشی کارەبایی هێناوەتە گوندی هەرمۆتە، ئاشێکی بچووك بوو ساواریان پێدەهاڕی، عەلەفیان پێ لێدەکرد، ئەم ئاشەلەشاری موسڵ بەسێسەد دینا کڕدرابوو.لەساڵی ١٩٧٩ یەکەم سەیارە لەلایەن ( لەتیف مەتێ موسا ) کەجۆری دادسۆن پیکاب بوو هێنرایە هەرمۆتە. لە ساڵی ١٩٧٥ فایز حەنا سلێمان یەکەم کەس بووە کە بووە بەئەندازیار.

لەساڵی ١٩٦٧ ( صلیوە عیسا کەریم ) یەکەم کەس بووە کە پایسکلی کڕیووە. لەساڵی ١٩٦٩ لەلایەن ( مەربێن عیسا حەنا ) بۆیەکەم جار بوو چایخانەی لە هەرمۆتە داناوە. وەردییە حەنا سلێمان لەساڵی ١٩٧٢ یەکەم کچ بووە کە بووە بەمامۆستا. لەساڵی ١٩٧٤ نەسرین یەلدا پەترۆس یەکەم کچ بووە بووە بەسستەر.

لەساڵی ١٩٧٦ کارەبا بۆ گوندی هەرمۆتە هێنرا.لەساڵی ١٩٨٠ (عەمان حەنا سلێمان) غەسالەی کڕیوە.  لەساڵی ١٩٨٥ یەکەم تۆمارکردنی شایی بەڤیدیۆ کراوە کەشایی ( فەرەج عەزیز پەترۆس ) بوو. لەساڵی ١٩٨٨ سەمیر لۆقا حەنا یەکەم کەسە بڕوانامەی پزیشکی جەراحی بەدەستهێناوە. لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن دلێر شەمعون گۆرگیس سەتەلایت جۆری ئەنەلۆك هێنرایە گوندی هەرمۆتە کە بە چوارسەدوپەنجا دۆلار کڕدرابوو. لەساڵی ١٩٩٩ لەلایەن ( صلیوە عیسا کەریم ) سەتەلایتی دیجیتەڵ بەپۆزشنەری کۆنترۆڵ هێنرایە گوندی هەرمۆتە کە بەشەش هەزار دینار کڕدرابوو، کە پێشتر چەند ماڵێك جۆری ئەنەلۆکیان هەبوو. لەساڵی ٢٠٠٢ چەند موبایلێك هاتوونەتە گوندی هەرمۆتە لەوانە ( کەمال تۆما )، ( مەرقۆس عەوریش ) (صلیوە عیسا کەریم )، ( یوسف گۆریل ).



**(٢٠٠٢ یەکەم موبایل کەهاتۆتە هەرمۆتە)**

**لـە سـاڵی ٢٠٠٧ یەکـەم بـیری ئیرتیـوازی لـە گونـدی هەرمۆتـە لێـدرا. لەسـاڵی ٢٠١٢ ( هـاوژین صـلیوە عیـسا ) یەکـەم کەسـی گونـدی هەرمۆتەیـە کـە دوکتـۆرای بەدەسـت هێنابێت؛ دکتۆراکەشی لەئەدەبی کوردییە.**

# ئەنجام:

**لەئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئە نجامێك:**

**١**-ناوی هەرمۆتە لەبنەچەدا (ئەرمۆتە)یە، بەڵام بەهۆی دیاردەی زمانەوانی گۆڕانکاری بەسەرهاتووە، لەزمانی کوردی بووە بە(هەرمۆتە)، وەك لەناوەکانی (ئەسپ)کەدەگۆڕێت بۆ(ئەسپ) (ئاوارە)دەبێ بە (هاوارە)،...دەبینرێت، لێکدانەوەی زۆرکراوە بۆناوی هەرمۆتە، بەڵام ئێمە ئەمڕایەمان پێپەسندە کەلە (أرض الموت)هاتووە، دواتر بووە بە(أرموتە)ئینجا لەزمانی کوردی بووە بەهەرمۆتە.

**٢**-مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لەشەش بنەماڵە پێکهاتوون، تاڕۆژی ١٧-١٠-٢٠١٢، ٩٩ماڵی مەسیحی و ٢٧ ماڵی ئیسلام لەم گوندە دەژین، ژمارەی مەسیحییەکان ٤٣٧ کەسە، ژمارەی موسڵمانەکانیش١٢٧ کەسە، تێکڕای گوندی هەرمۆتە لە ١٢٦ ماڵ پێکهاتووە، ژمارەی دانیشتوانەکەی ٥٦٤کەسە شاری کۆیە ٥٧ خێزانی مەسیحی تیادەژی، مەسیحییەکانی کۆیە ٢٢٦کەسن، تێکڕای مەسیحییەکانی کۆیەوهەرمۆتە، ١٥٦ خێزانن، تێکڕا ژمارەی مەسیحییەکانی کۆیەوهەرمۆتە ٧٠٣ کەسن.

**٣**-یاریی کۆسانێ یەکێکە لەیارییە فۆلکلۆریانەی گوندی هەرمۆتە، مێژوویێکی کۆنی هەیەو لەتەواوی جیهاندا ئەم یارییەناکرێت تەنها لەهەرمۆتەدا نەبێت.

**٤**-بەشێکی زۆری جەژنەکانی گوندی هەرمۆتە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، لەوانەش: جەژنی سولاقا-شەڕەئاو، چەژنی خاچ-ئاگری پاییزی، ...

**٥**-سجلی تەعمیدی کلیسای هەرمۆتە، لە٧-١٠- ١٩١٩ تا ١-٤- ٢٠١٣ ناوی تیاتۆمارکراوە، واتە لەماوەی نەوەتو چوارساڵدا (١٥٩٧) هەزارو پێنج سەدو نەوەتو حەوت منداڵ لەدایکبووین.

٦-ژمارەی شەهیدە مەسیحییەکانی کۆیە-هەرمۆتە لەساڵی ١٩٥٨ تا ١٢-١٢-٢٠٠٧ بیست و دوو شەهیدە.

٧-بەشێکی ئەویارییانەی کەباسمان کردوون تەنها لەگوندی هەرمۆتە دەکرێن، بەشێکیشیان لەکوندەکانی تری کوردستان دەکرێن، بەتایبەتی ئەو یاریانەی گۆرانییان تێدایە، ئەوا لەپاڵ کۆرانییە کوردییەکە بەهەمان ڕیتم و ئاواز کۆرانی سریانی لەگەڵ ئاوێتەکراوە.

## سەرچاوەکان:

* الأنجيل المقدس

### أ- سەرچاوە کوردییەکان:

#### ا- کتێب:

١- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، مطبعة نمیر، بغداد، ١٩٨٤.

٢- تاهیر ئەحمەد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی کاروان،٢٠٠٧.

٣- جەمال فەتحوڵڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨ لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چ٢، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٨.

٤- حوسێن حاجی قادر(ئاری)، کوردستان خاڵێکی گەرمە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢.

٥- ڕۆستەم سەلام عەیز، دابەشبوونی جوگرافی نشینگە گوندییەکانی قەزای کۆیەو گاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨.

٦- عەبدڵڵاغەفور(د.)، فەرهەنگی جوگرافیی کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٧- کامەران تاهیر سەعید، قەزای کۆیە، لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای هەرێمی، چاپخانەی تیشك، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٨- کەریم شارەزا، مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کورد لەتەرازووی ڕەسەنایەتیدا، أمانة عامة، بغداد، ١٩٨٢.

٩- محمد ئەمین زەکی، خولاسەیەکی تأریخی کوردو کوردستان، ب٢، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٠- مەلارەئوف سەلیم حەوێزی، کوردستان و ئاینی ئیسلام، هاتنی سوپای عمری کوڕی خەتاب و گرتنی کوردستان، چاپخانەی جامعة، بغداد، ١٩٧٠.
١١- نالی، ( دیوان )لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی مەلا عبدلکەریمی مدرس و فاتح عبدلکەریم, چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد, بەغدا, ١٩٧٦.
١٢- هێمن, نالەی جودایی, چاپخانەی علاء, بەغدا, ١٩٧٩.

٢- **رۆژنامە:**

- ڕزگار جەمال، سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئاینی مەسیحی لەکوردستان، ڕ.کاکێشان ژ(٢)، بلاوکراوەیەکی پاشکۆی کوردستانی نوێیە، ساڵی نۆزدەهەم، ژ( ٥٢٧١ )، چوارشەم، ١ / ٩ ٢٠١٠.

**٣- گۆڤار:**

١- ئەکرەم عەبدولواحێد مستەفا، یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لەناوسەنگەری شاربوون، گۆڤاری کەکۆن، ژ(١٠)، ٢٠١٢.
٢- کەریم زەند، دیانێکی کۆیە وەزیری دارایی حکومەتی شێخ مەحمودی نەمر بوو، گۆڤاری کەکۆن، ژ (١)، ٢٠٠٨.

٤- **دیدەنییەکان:**

١-ئەمیر حەنا سلێمان- مامۆستا، کۆیە-هەرمۆتە، ئەیلولی ٢٠٠٩.جاری دووەم ٦-٧-٢٠١٣.

٢-ئەندراوس خەمۆ (باکوری)، لەدایکبووی ١٩٢٨، هەولێر ٤ / ١١ / ٢٠١٢.

٣-ئەندراوس مەتێ موسا- نەخوێندەوار، لەدایکبووی ساڵی ١٩٢٧، کۆیە-هەرمۆتە، ٢٠٠٤.

٤-بەشدار یونس عبدولعەزیز- دەرچووی بەشی مێژوو، لەدایکبووی ١٩٧٥، هەولێر، ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/١٧.

٥-بەفرین عەزیز پەترۆس، خوێندەوار، لەدایکبووی١٩٥٢، کۆیە - هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٨.جاری دووەم ڕێکەوتی ١/ ١١/ ٢٠١٢. جاری سێیەم ڕێکەوتی٢٠١٣/١/١٢. جاری چوارەم ١٨-٣-٢٠١٣.

٦- برایم قادر سەعید (برایمی گەراج)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩١٨، کۆیە، ١٢-٧-٢٠١٣.

٧-پیرداود قادر- نووسەر، هەولێر، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١١/٥/١١.

٨- جەواد حەمەدبەگ-مامۆستا، کۆیە، ٢٠-٤-٢٠١٣.

٩- جان تۆماس جانۆ، هەولێر- عەنکاوە، ٢٠١٢.

١٠-حەنا سلێمان- نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢٨، کۆیە- هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/١٠.

١١- خدر مەعسوم هەورامی(د.)، کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/١٠.

١٢- خوری بنیامێن بیث یدکار، ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئورمیە، پێنج شەم، ڕێکەوتی ١٥-٨- ٢٠١٣.

١٣- ڕوفائیل موسا حەنا- نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢٨، کۆیە - هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٨.

١٤- سخەریا عیسا کەریم- مامۆستا، لەدایکبووی١٩٤٨، کۆیە-هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/٢٥.

١٥- صلیوە حەنا یوسف، لەدایکبووی ١٩٤٨، کۆیە- هەرمۆتە، هەینی، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٧/٦.جاری دووەم ڕێکەوتی ٢٠١٣/١/٥. جاری سێیەم ڕێکەوتی ٢٠١٣/٢/٢. جاری چوارەم ڕێکەوتی٢٠١٣/٣/١٠.

١٦- صلیوە عیسا کەریم، لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٣، کۆیە- هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٩ / ٢٠١٢/١٠.جاری دووەم پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٧ / ١ / ٢٠١٣.جاری سێیەم ڕێکەوتی ٢٠١٣ /٣/١١.

١٧- صلیوە فەرەنسی ئێلیا، مامۆستای خانەنشین، کۆیە، ١١-٧-٢٠١١.

١٨- عەباس ئەحمەد مەحموود، نەخوێندەوار، کۆیە،٢٠٠٧.

١٩- عەمانئوئێل مەربێن عەمان، لەدایکبووی ١٩٤٨، کۆیە- هەرمۆتە، ٨/ ٩/ ٢٠٠٩.

٢٠- عەبدولمەسیح سەلمان یەلدا، نووسەر، هەولێر- عەنکاوە، ٢٠١٢.

٢١- عزەدین مستەفا ڕەسووڵ(د.)، سلێمانی، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/١.جاری دووەم، ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/١٥.

٢٢- عیسا کەریم تۆما- خوێندەوار، لەدایکبووی ١٩١٥، کۆیە-هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٦/٢٣/ ٢٠٠٨.جاری دووەم ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٨/٥.

٢٣- فەیمە سلێمان یەلدا- نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢٩، کۆیە، ڕێکەوتی ٧/٦/ ٢٠٠٨.جاری دووەم ٢٠١١/٩/٢٠.

٢٤- قاسم حوسین عەبدوڵلا- مامۆستا، لەدایکبووی ١٩٦٢، مامۆستا، کۆیە-گوندی هەرمۆتە، ڕۆژی دووشەم، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٣٠.

٢٥- کاکل سلێمان مەتێ- نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢٢، هەرمۆتە-کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٢.

٢٦- کەریم مستەفا شارەزا، لێکۆڵەر، هەولێر، ڕێکەوتی ١٠ / ٨ / ٢٠١٢.

٢٧- لوئەی مەتێ کۆیی دەرمان، کاریکاتێریست، هەولێر، ٢٧-٢-٢٠١٢.

٢٨- مامز حەسەن میکائیل- نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٠٩، کۆیە، هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٧.

٢٩- مەربێن صلیوە، هەولێر- عەنکاوە، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٥.

٣٠- مەرقۆس عەودیش سلێمان- مامۆستا، شەممە، ڕێکەوتی ٢٠١١/٤/٢٣.

٣١- محەمەد ئەحمەد عەبدولقادر، لەدایکبووی ١٨٩١، نەخوێندەوار- خەڵکی گوندی تاڵەبانی گەورە، کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/١٥.

٣٢- مەریەم ئێلیا عەمان(مسکە سۆرێ)، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٣٤، کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٧/٩.

٣٣- مستەفا محەمەد عەبدوڵڵا، کوڕی مەلای گەورەی کۆیە، لەدایکبووی ١٩٣٣،کۆیە-هەرمۆتە، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/١٠.

٣٤- نائل حەنا، شەماسی کلیسای عەنکاوە، هەولێر، ڕێکەوتی ١٥-١١-٢٠١٢.

جاری دووەم ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٠/١.

٣٥- نەهرۆ سەلیم حەنا، کۆیە- هەرمۆتە، ٣-٢-٢٠١٢.

٣٦- هورمز عیسا کەریم، کۆیە- هەرمۆتە، دووشەم، ڕێکەوتی ١٤ / ١ / ٢٠١٣.جاری دووەم ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/١٩.

٣٧- هوشیار زەکی حەسەن(د.)، لەدایکبووی ١٩٧٤، مامۆستای زانکۆی کۆیە، کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠١٢/١٢/٢٠.

٣٨- وارینە کەریم تۆما، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٢١، هەرمۆتە- کۆیە، ڕێکەوتی ٢٠٠٨/٦/٢٣.

٣٩- یەعقوب موسا حەنا، نەخوێندەوار، لەدایکبووی ١٩٣٣، کۆیە - هەرمۆتە، ڕۆژی سێشەم، ڕێکەوتی ٢٠١١/٨/١٧.جاری دووەم ڕێکەوتی ٢٠١٣/٣/١٨.جاری سێیەم ڕێکەوتی ٥-٤-٢٠١٣.

٤٠- یوسف شمعون- مامۆستا، چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٠/٩/٢٢.

٥- **نامەی زانكۆ:**

- محەمەد زاهیر سدیق، شیكردنەوەیەكی جوگرافی ڕێگاوبانی ئۆتۆمبیل لەقەزای كۆیە، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆیە، ٢٠٠٨.

٦- **هێڵكاری و نەخشە:**

١- ڕیاز عەزیز پەترۆس (بێدار)، لە ٢٠١٢/٩/١ درەختی هەرشەش بنەماڵەكەی بەهێڵكاری كێشاوەو ناوەكانی لەسەرداناون و لەهۆڵی هەرمۆتە لە ساڵی ٢٠١٢ هەڵیواسیوون، منیش پێداچوونەوەم بۆكردون و كۆمەڵێ ناوم بۆ زیادكردون.

٢- وەزارەتی شارەوانی، سەرۆكایەتی شارەوانی كۆیە، بەشی هونەری، نەخشەی شاری كۆیە، ساڵ١٩٩٢، بەپێوەری ٢٥٠٠٠/١ (بلاونەكراوەتەوە).

٣- وەزارەتی شارەوانی، سەرۆكایەتی شارەوانی كۆیە، بەشی هونەری، وێنەی ئاسمانی شاری كۆیە ساڵی (٢٠٠٦)، (بلاونەكراوەتەوە).

ب- **سەرچاوە عەرەبییەكان**

١- المطران لويس ساكو، المسيحية في كركوك تأريخ وبقاء، كركوك، ٢٠١٠.

٢- بطرس نصري، ذخيرة الذهات، ق ١، ١٩٠٥.

٣- مجموعة من المؤلفين، المنجد في اللغة والإعلام، دار مشرق، بيروت، ١٩٨٦.

٤- جمهورية العراق، مديرية المساحة العامة، خاريطة رقم(٦٧٠/٧٨)لقضاء كويسنجق، مقايس ٢٠٠٠٠/١، بغداد، ١٩٥٦.

پ- **سەرچاوەی ئینگلیزی:**

Prof.M.K.Omar,Mr.Rostam.S.A.Housing Decay Cause in the old residential neigh borhood in koya town,search author in Planning conference inIraq,October, ٢٠١٠, Scal.١:٥٠٠

## سوپاس و پێزانین:

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەم بەڕێزانە دەکەم، کەهەریەکەیان بەشێوەیەك هاوکارییان کردووم، بەڕێزان: ((ئارام سالّح، نائل حەنا، یوسف تۆما، محەمەد زاهیر، هۆشمەند نامق، ئەمین قادر، ڕێکارکاکەحەمە...))

((ئەم کتێبە بەهاوکاری ئەوبڕە یارمەتییەی پڕۆژەی داهێنان چاپکراوە.))

(مافی چاپکردنەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە)